# دیالۆگ

ژمارە (١) تەممووزی ٢٠٢١

گۆڤارێکی ئەدەبی-فکریی وەرزییە،

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری دیالۆگ دەریدەکات

سەرنووسەر:

زاهیر شکور

٠٧٧٠١٥٨١٤٤٠

بەڕێوەبەری نووسین:

موعتەسەم ساڵەیی

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
- گوزارشت لە بۆچوونی نوسەرەکانیان دەکەن.
- مافی گۆڤارەکەیان بەسەرەوەیەو دەتوانێت
بەکاریانبهێنێتەوە.

**دیزاین:** ئومێد محەمەد

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**نرخ:** ٢٠٠٠ دینار

**چاپ:** چاپخانەی تاران

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


١– چاوپێکەوتن لەگەڵ پیرۆت تاڵەبانی.....................سازدانی زاهیر شکور...............٦

٢– خیانەت لە مێژووی کورد دا...........................گۆران سەلام.........................٣٤

٣– گۆڤاری رزگاریی.......................................موعتەسەم نەجمەدین...............٤٧

٤– سەرەتاکانی ژیان......................................موعتەسەم ساڵەیی.................٨٠

٥– بیتکۆین..................................................نەوزاد عومەر.......................٨٧

٦– پاراستنی پایەکانی ژینگە...............................مەدیحە سۆفی.....................١٠٢

٧– رەوتی مێژووگەرایی.....................................نزار محەمەد سابیر...............١٠٦

٨– رۆڵی رۆشنبیر لە کۆمەڵگا...............................موعتەسەم محەمەد...............١٢١

٩– یادی ٧٨ ساڵەی هەقەکان...............................سیروان سەرگەڵویی.............١٢٩

١٠– فرە رەهەندی...........................................عەدنان ساڵەیی...................١٣٦

١١– کورتیلە چیرۆک........................................فەیسەڵ هەمەوەندی.............١٤٣

١٢– گەمەی زمان لە هەڵبەستی..............................هەڤاڵ دارا.......................١٥٦

١٣– نوقڵە چیرۆک..........................................حەمە سەعید زەنگەنە.............١٦١

١٤– دوو نوسەری جیهانی...................................ئەردەلان..........................١٦٤

١٥– تۆ لە پیاوەکان مەچۆ(شیعر)............................حەمەی شانۆ.......................١٦٨

هوالنامه‌ی کتیّب

# سەروتار

## ١- دیالۆگ و د. تەها ڕەسووڵ

کاتێک لە کەرکوک بیرمان لە دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزی دەکرد، گەورەترین ئاستەنگی بەردەممان نەبوونی توانایی دارایی بوو. لە زۆر دەرگامان دا کەس بە دەنگمانەوە نەهات، تەنها هیوایەکمان ماڵە گەورەکەی د. تەها ڕەسووڵ بوو، کە جوامێرانە هاتە دەنگمانەوە و پێی ڕاگەیاندین کە ئامادەیە سپۆنسەری (٨) هەشت ژمارەی گۆڤاری دیالۆگ بکات.

## ٢- بۆچی دیالۆگ؟

بە درێژایی مێژووی کەرکوک، دوژمنان لە ڕێگەی دروستکردنی کێشە و ململانێی نێوان پێکهاتەکانی کەرکوکەوە، توانیویانە سەروەت و سامانی ئەم دەڤەرە بە تاڵان بەرن. ئەمە لەلایەک!
لە لایەکی تریشەوە، توندوتیژیی و ململانێ نەیتوانیوە کەرکوک بۆ تەنها پێکهاتەیەک یەکلابکاتەوە. لێرەوە دیارە کە قووڵکردنەوەی چەمکی پێکەوە ژیان بۆ کەرکوک و دەوروبەری دەبێتە زەروورەتێک بۆ ئارامی و پێشکەوتن.

سەرنوسەر

# کەرکوک لە ڕوانگەی هاوچەرخانەوە

## چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز شێخ پیرۆت تاڵەبانی:



سازدانی : زاهیر شوکر

شێخ پیرۆت شێخ فازڵ شێخ محەمەد ڕەئوف تاڵەبانی، یەکێکە لە کەسایەتییە ڕووناکبیر و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شاری کەرکوک. لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە تا ئەم چرکەساتە، ماڵ و دیوەخانی ئەم بنەماڵەیە ڕۆڵی کاریگەرییان بەسەر ڕووداوەکانی کەرکوکەوە هەبووە. شێخ محەمەد ڕەئوفی باپیری شێخ پیرۆت لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، سەرۆک شارەوانی کەرکوک بووە. شێخ فازڵی باوکی شێخ پیرۆت پارێزەر و دواتر قائیمقامی قەڵادزێ بووە. شێخ پیرۆت سیاسی و پارێزەر و لە دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای سۆڵاف و یانەی سۆڵاف بووە. کەرکوک و بەرتەکییە و تەکییەی تاڵەبانی، بەدرێژای زیاتر لە (١٥٠)ساڵ لەناو دیوەخان

و کۆڕ و مەجلیسی ئەم بنەماڵەیەوە گوزەر دەکات. تەلارو بیناسازی مۆدێرن و سیمای شارستانییەتی کەرکوک جێپەنجەی ئەم بنەماڵەیەی پێوە دیارە.

شێخ پیرۆت پارێزەر، سیاسی، وەرزشەوان، دۆستی مۆسیقا و مەقامی کوردی، زاکیرەی زیاتر لە (٥٠) ساڵی رووداوە گرنگەکانی کەرکوک لە کەسایەتی شێخ پیرۆتدا کۆبووەتەوە، پەنجا ساڵ زیاترە شێخ پیرۆت لەناو ڕووداوەکانی کەرکوکدا دەژی و لە بەشێکی زۆری ڕووداوەکانیشدا کارەکتەری سەرەکی بووە. بۆ مێژوو دەبێ قەت ئەوە لەبیر نەکەین، کە یەکەم حکومەتی لۆکاڵی (ناوخۆیی) لە کەرکوکدا دوای پرۆسەی ڕزگاریی عیراق لە ساڵی (٢٠٠٣) لە ماڵی شێخ پیرۆت پێکهێنرا.

هەڵدانەوەی لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی شێخ پیرۆت، هەڵدانەوەی هاتنی ساڵح جەبر و کێبڕکێی نێوان حیزبی (ئومە) و (دەستوور) و ڕۆڵی شێخ حەبیب و هاتنی شێخ مەحمود و حەپسە خانی نەقیب و دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سۆلاف و یانەی سۆلاف و سەرەتاکانی سینەما لە کەرکوک، پەیدابوونی تەلیفۆن و دایرەی تەلیفۆنات و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عیراق نزیکی لە موکەڕەم تاڵەبانی و شارەزا لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا و کۆمەککردنی شۆڕشی نوێ و بەندیخانە و ژووری ئیعدام و دیوەخان و کۆڕ و مەجلیسی شەکرخانی خێزانی شێخ حەبیب و نووسینگەی پارێزەری موکەڕەم تاڵەبانی لە نووسینگەکەی باوکی شێخ پیرۆت شەرە گەڕەک وقەڵماسنگ وچەتوونی و شەڕ نانەوەی ناو قوتابخانە، کەبابە بەتام ولەزەتەکەی عوسمان کەبابچی و ڕەزاکەبابچی و دەنگخۆش ومەقامبێژانی تەکییەی تاڵەبانی بەشێکن لە بیرەوەرییەکانی شێخ پیرۆت.

باوکی شێخ پیرۆت تاڵەبانی، (شێخ فازڵ) قایمقامی قەڵادزێ بوو. هەر لە (٩) ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٣) شێخ پیرۆت لە قەڵادزێ لەدایک بووە. لە قوتابخانەی ئیمام قاسم نراوەتە مەکتەب. قوتابخانەی ئیمام قاسم بە تەنیشتی ماڵی عیزەت ئاغاوە بوو. ئەم قوتابخانەیە دوای ساڵێک دەکرێتە قوتابخانەی ئیمام قاسمی کچان، کە زیاتر بەقوتابخانەی ئیمام قاسمی یەکەم ناوی دەرکردوە. شێخ پیرۆت و هاوڕێکانی دەچنە قوتابخانەی ئیمام قاسمی کوڕان، کە ئەمیش بە قوتابخانەی ئیمام قاسمی دووەم ناوی دەرکرد و تائێستاش قوتابخانەی ئیمام قاسم ماوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مامۆستا شەفیق ئەفەنی بوو. مامۆستاکان بریتیبوون لە: سدیق ئەفەنی مامۆستاو لە هەمان کاتیشدا شێوەکار بوو، حەمید ئەفەنی ناسراو بە مامۆستا حەمید خەیات، ئیبراهیم ئەفەنی باوکی کاک یەلمازی جێگری داواکاری گشتی خانەی دادی کەرکوک، مامۆستای ئایین ناوی ئەحمەد ئەفەنی بوو، مامۆستا ئیستیفان مامۆستای ئینگلیزی بوو، مامۆستا عومەر خەڵکی سلێمانی بوو. مامۆستاکان بەهەموو پێوەرێک باوک بوون، برا بوون، مامۆستا بوون، پەروەردەیی بوون، خەمخۆر و دڵسۆز بوون. هاوڕێکانی شێخ پیرۆت لە

# کەرکوک



جادەی کەرکوک - سلێمانی بە ناو گەڕەکی ئیمام قاسم وبەردەم چایخانەی عاشوردا تێدەپەڕی. دواتر لە شەستەکان ڕێڕەوی جادەی کەرکوک - سلێمانی گۆڕا و بە بناری قەڵا و بازاڕی حەسیرەکە و بناری بەرتەکیە وکڵێسەی سوردا دەڕۆیشت. ئەو ڕۆژگارە نەفەرێک کەباب لای عوسمان کەبابچی بە (٧٠) فلس بوو

قوتابخانە ئەمانە بوون: فەوزی ناڵبەند کە دواتر مامۆستا بوو، ئەسکەندەر سەعید دواتر بووە جێگری بەڕێوەبەری تاپۆ. ئەسکەندەر لە کۆلێژی یاساش هەر هاوڕێی بوو. شێخ پیرۆت خۆی ناسیوەتەوە ئۆتومبیلیان هەبووە، یەکێک لە سەیارەکانیان جۆری (فۆرد) بوو، مۆدێل (١٩٤٩) ژمارە (٤٩) کەرکوک.

ساڵی (١٩٥٥-١٩٥٦) شێخ پیرۆت قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات. خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو. لە (٨٠٪) قوتابییەکان کورد بوون، (٢ بۆ ٣ ) قوتابی عەرەب بوون. یەکێک لەوانە ماڵی محەمەد عەلوان بوو، کە لە بەغداوە هاتبوون. ئەوانیتر تورکمان بوون، پەیوەندیەکانی نێو قوتابیان، پەیوەندی برایەتی وتەبایی وخۆشەویستی بوو.

شێخ پیرۆت قۆناغی خوێندنی سەرەتایی دەبڕێت، بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندیی دەچێتە ناوەندی (غەربیە). لە ناوەندیی (غەربیە) ئاشنایەتی لەگەڵ (عەبدوڵلا سەڕاج، سەلاح نەجم سەڕاج، ئازاد خانەقا، ئازاد فەتاح میران، عەلی شێخ عوبید خانەقا، عادل عیزەت) پەیدا دەکات. ئەمەی دوایی، یەکێکە لە کەسایەتییە تێکۆشەرەکانی بزوتنەوی ڕزگاریخوازی کورد. یەکێکە لەو هەشت پێشمەرگەی چەمی ڕێزان، کە لەگەڵ مام جەلال بوون. عەبدوڵلا سەراجیش یەکێکە لە چیرۆک نووس ورۆمانووسەکانی کورد.

قوتابییەکانی ناوەندی (غەربیە) لە ڕووی پێکهاتەییەوە کورد و تورکمان بوون. ئەو عەیامە، ڕۆژانەی مناڵە دەوڵەمەندەکان (١٠ بۆ ٢٠) فلس بوو. شێخ پیرۆت لەبەر چەتوونی خۆی ناو بەناویش شەڕی لە نێوان قوتابیانی کورد وتورکمان دەنایەوە. زۆربەی شەڕەگەڕەک و شەڕە قەڵماسنگ لەنێوان گەڕەکی بەرتەکییە وگەڕەکەکانی بولاخ و ئیمام قاسم و ئاخورحوسێن و تەنانەت موسەلاش بوون. شێخ پیرۆت قاید وسەرکردەی شەڕەکان بووە. شەڕە گەڕەک تا سەرەتای شەستەکانیش باوی بوو. قەڵماسنگ (قۆچەقانی وسەپانیشی) پێدەوترێت. قەڵماسنگ چەکی کاریگەری شەڕە گەڕەک بوو، لەشەڕە گەڕەک وقەڵماسنگ

شێخ پیرۆت دەستی زۆر ڕاستبووە. عەزیز ئەلحاجی سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق (قیادەی مەرکەزی) لە بەشێک لە بیرەوەریەکانی، بەجوانی باسی شەڕەگەڕەک و شەڕە قەڵماسنگ لەنێوان گەڕەکەکانی بەغدادا دەکات .

قۆناغی ناوەندیی بۆ شێخ پیرۆت، کە دەورووبەری (١٩٥٧) بوو، قۆناغ وسەردەمی پەرەسەندنی بیروباوەڕی کوردایەتی وحیزبایەتی بوو. لەم قۆناغەدا وەک شێخ پیرۆت دەیگێڕێتەوە، تێکەڵ بە دونیای سیاسەت وحیزبایەتی وکوردایەتی دەبێت. جۆش و خرۆشی کوردایەتی لەناو نەوەکانی ئەوان زۆر بەهێز بووە، کە دواتر دێینە سەری.

**شێخ پیرۆت دێتە سەر باسی سەردەمی لاوێتی وگەنجێتی و باس وخواسی بازاڕ ودەڵێ :**

جادەی کەرکوک – سلێمانی بە ناو گەڕەکی ئیمام قاسم وبەردەم چایخانەی عاشوردا تێدەپەڕی. دواتر لە شەستەکان ڕێڕەوی جادەی کەرکوک – سلیمانی گۆڕا و بە بناری قەڵا و بازاڕی حەسیرەکە و بناری بەرتەکیە وکڵێسەی سوردا دەرۆیشت. ئەو ڕۆژگارە نەفەرێک کەباب لای عوسمان کەبابچی بە (٧٠) فلس بوو. کەبابخانەکەی عوسمان ناو و شوهرەتی هەبوو، کەوتبووە شەقامی مەجیدیەوە. هەر لەو شەقامەدا، چێشتخانەی سەرکیس و چێشتخانەی خەیام و مەلهای کەرکوک هەبوو. لە شەڕێکدا لە مەلهاکە فەخری ناوێک کوژرا و بووە مایەی داخستنی مەلهاکە. جگە لە مانەیش، نانەواخانەی قەرە لەوێ بوو. نانەواخانەیکی بەناو بانگ بوو. تەنانەت ماڵی موتەسەڕیفیش نانیان لە فڕنەکەی قەرە دەکڕی .

ئەو عەیامە لە ماڵەوە تەلیفونمان هەبوو. ژمارەی تەلیفونەکەمان (٢٥٢) بوو. دەبوایە لە ڕێگەی دایەرەی تەلیفوناتەوە ماڵانت وەربگرتبایە. ماڵە نـاودار و دەوڵەمەندەکان بە تەلیفون داوایان لە عوسمان کەبابچی دەکرد کەبابیان بۆ بنێرێت. عوسمان کەبابچی بە سینی و پاسکیل کەبابی دەنارد بۆ ماڵان و نووسینگەکانی پارێزەران وشوێنانی تر .

ساڵی (١٩٥٥ – ١٩٥٦) موکەڕەم تاڵەبانی لەبەندیخانە ئازاد کرا، هاتە نووسینگەکەی شێخ فازڵ باوکی شێخ پیرۆت کە نوسینگەیەکی گەورە بوو. باوکی شێخ پیرۆت ژوورێک دەدات بە موکەڕەم تاڵەبانی بۆ ئەوەی نووسینگەی پارێزەری بکاتەوە. ماوەیەک موکەڕەم تاڵەبانی کاری پارێزەری لە کەرکوک دەکرد .

لە پەنجاکان ئەم سینەمایانە لە کەرکوک هەبوون: (سینەما غازی، عەلەمێن هاوینە وزستانە، حەمرا هاوینە و زستانە، خەیام هاوینە و زستانە، ئەتڵەس هاوینە و زستانە، سیندیباد هاوینە، سینەما نجومیش لە شوێن ماسی فرۆشەکانی ئێستای ئەحمەد ئاغا بوو). جارێکیان فرۆکەیەک کەوتە خوارەوە کەوتە سەربانی سینەما نجوم .

خێزانە دەوڵەمەند ودەسرۆیشتووەکانی ئەو ڕۆژگارە، لۆجی تایبەت بە خۆیان لە سینەماکاندا هەبوو، ماڵی شێخ پیرۆتیش لۆجی تایبەتی خۆیان هەبوو لەسینەماکاندا،

مانگانە باوکی پارەی لۆجەکانی خۆیانی دەدا. نرخی بلیتی سینەماکان (٤٠) فلس و (٧٠) فلس، لۆجەکان (١٥٠) فلس بوو. ساڵی (١٩٥١–١٩٥٢) ساڵح جەبر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن سەردانی کەرکوک دەکات و دەبێتە میوانی شێخ حەبیب تاڵەبانی. ساڵح جەبر سەرۆکی حیزبی (ئومە) بوو، لە کەرکوکیش شێخ حەبیب نوێنەریان بوو. حیزبی (ئومە) ی ساڵح جەبر وحیزبی (دەستوری) نوری سەعید، ڕکابەری سەرسەختی یەکتر بوون.

شێخ حەبیب شێخ عەلی شێخ عەبدولڕەحمان خالیس، کەسایەتیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی ومیحوەریی کەرکوک بوو. ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندن ( مجلیسی تاسیسی) عیراق بوو. لە زۆربەی هەرە زۆری خولەکانی پەرلەمانی عیراق وەک نوێنەری کەرکوک ئەندام پەرلەمانی عیراق بووە. هەرچەندە نوێنەری ساڵح جەبر بووە، نوری سەعیدیش دۆست ونزیکی بووە. تەنانەت یەکەم بەری دەرچوونی بامیە لەبەغدا، نوری سەعید لەو سەردەمەدا بامییەی دەنارد بۆ شێخ حەبیب .

لە سەردانەکەی ساڵح جەبر بۆ کەرکوک، شێخ حەبیب



هەواڵنامەی کتێب

بۆ ساڵح جەبرو وەفدە هاورێکەی (١٠٠) سەر حەیوان دەکاتە چێشت و زیاتر لە (٧٠٠) کەس نان دەخۆن. دیوەخانەکەی شێخ حەبیب بەتەنیشتی ماڵی شێخ پیرۆت و تەکیەی تاڵەبانییەوە بوو. بنەماڵە گەورە و ناودارەکانی کەرکوک نموونەی (بنەماڵەی سەید ئەحمەد خانەقا، هورمزییەکان، یەعقوبییەکان، نەوتچییەکان، گاورەکانی قەڵا، لە هونەرمەندانیش سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) هەموو ئەمانە بە میوانی دەهاتنە دیوەخانەکەی شێخ حەبیب، بۆ پرسە گرنگەکان پرسیان بە شێخ حەبیب دەکرد .

شێخ پیرۆت تاڵەبانی لە بیرەوەرییەکانیدا، باسی سەردەمی خەباتی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان و نەوەی ئەو ڕۆژگارە دەکات. باسی لایەنێکی ژیانی حیزبایەتی و ژنانی ئەندام لەناو حیزبەکە دەکات، هەروەها باسی کەسایەتی شەکرخانی خێزانی شێخ حەبیب تاڵەبانی دەکات، کە دەورێکی ئێجگار گەورە و کاریگەری هەبووە لە بەمەدەنیکردن و پەرەسەندنی بوارە کۆمەڵایەتی وپەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە و خێزانە کەرکوکییەکاندا، شێخ پیرۆت دەڵێ: لە هاویندا و لە



زۆربەی ئێوارەکاندا ژنانی بنەماڵەکانی کەرکوک دەبوونە میوانی شەکرخانی حاجی عومەر ئەفەنی یاقووبی، کە خێزانی شێخ حەبیب بوو. شەکر خان خاوەن مەقام و دیوەخان بوو، کەسایەتییەکی بەهێزی هەردوو بنەماڵەی تاڵەبانی ویاقووبیەکان بوو، قسە زان وژیر وبەویقار بوو. میوانە ناودارەکانی شێخ حەبیب (تۆفیق وەهبی و شێخ لەتیف شێخ مەحمود و کاکە حوسێن) و پیاوە موعتەبەرەکانی دەوڵەت، کە میوانداری شێخ حەبیبیان دەکرد، بۆ مەرحەبا وسڵاو وڕێزگرتن سەردانی شەکر خانیان دەکرد ولەمەجلیسەکەیدا دادەنیشتن. شێخ پیرۆت لەدرێژەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا بە هەمان شێوە باسی نەجابەت و کەسایەتی مریەم خانی سەید ئەحمەدی خانەقا دەکات.

شەکرخان خوشکی مەجید یاقووبی بوو، شێخ پیرۆت دەڵێ :

شەکرخان ڕۆڵێکی گرنگ وهەستیار وکاریگەری هەبوو لە پەرەسەندنی مەدەنیەت و ئەتەکێتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆ ئەومەبەستە جۆرەها بۆنە و موناسەبەی دروستدەکرد و ژنانی بنەماڵەکانی دەعوەت دەکرد. ئەو جۆرە دەعوەتانە پێی دەوترا (قبوول) بۆ خواردنی کێک وتەلاش کەبابی و شەکرلەمە و گیالن بودی و ڕان بوک و کولیچە،. شەکرخان لەبنەماڵەی یاقووبییەکانە، لەوبارییەوە شێخ ڕەزا دەڵێ:

شێخ حەمیدا گەرچی قەبیلەی ئێمەیە
ئەحمەد ئاغای یەعقووب ئۆغڵی ئێمەیە

ئەدمۆنز حاکم عەسکەری ئینگلیز لەکەرکوک ساڵی ١٩١٨، لەکتێبی کورد، تورک، عەرەب، باسی ئەوە دەکات، کە قسە وباسی ئەوە هەیە بنەماڵەی یاقووبییەکان کوردی زەنگەنەن .

شەکرخان، ئەوەندە پایەدار ودەستڕۆیشتوو بوو، خەڵکێکی زۆر بۆچارەسەر کردن و ڕاییکردنی ئیش و کارەکانیان لەدایرەکانی حکومەت ڕوویان لە شەکر خان دەکرد و ئەویش بەتەلیفۆن نەک لەڕێگەی داواکردنەوە، بگرە لەڕێگەی ئەمر وفەرمانکردنەوە کێشەکانی چارەسەر دەکرد. لەهەموو هاتنەکانی حەپسە خانی نەقیبدا بۆ کەرکوک، ڕۆژ و دوو ڕۆژ حەپسەخان لای شەکرخان دەمایەوە، تەنانەت حەپسەخان بەشەکرخانی دەوت شێخ شەکر. لەپاڵ شەکر خاندا چەندین ژنی ڕێزدار و خانەدان هەبوون و بەشێک بوون لە ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارە، لەوانە: (سەید ڕەحمە، مامزخان دایکی عەباس ئەفەنی ئەندام کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی، میم نەجمەی دایک حاجی تەها خێزانی محەمەد خەلیفەی کوڕی حەمەی وەستا فەتاح بوو). لەسەردەمی شێخ عەلی گەورەدا، حەمەی وەستا فەتاح خەزنەداری تەکییەی تاڵەبانی بوو. شێخ ڕەزا بۆ بێزارکردنی شێخ عەلی کاکی، کە حەمەی وەستا فەتاحی زۆر خۆشویستووە، هەجووی حەمەی وەستا فەتاح دەکات، میم دورسن دایکی

کاک عوسمانی بەڕێوەبەری کشتوکاڵی چەمچەماڵ، میم نەعیم خێزانی حەمەی تۆفیق، ئەوسەردەمەی مام جەلال هاتە کەرکوک ماڵەکەی لە کۆڵانی ماڵی میم نەعیم بوو. میم نەعیم خزمەتی مام جەلالی دەکرد. ڕۆژانە خواردنی بۆ مام جەلال دەبرد. پوورە ئامین (ئامە دەگەر) پوورە شووشە، مەلا شەوکەت و هەیبەت، ئەمانە وزۆرێک لە ژنانی بنەماڵە تورکمانەکانیش بە بەردەوامی میوانداری شەکرخانیان دەکرد، تەنانەت چەند ڕۆژێک پێش هاتنی جەژنەکان بەشێکی زۆری ژنانی کەرکوک دەبوونە شانەی هەنگ و یارمەتی شەکرخانیان دەدا لە درووستکردنی کولیچەی جەژن. لەکەرکوکدا و لە هەموو سەردەمەکاندا لەناو خێزانە ناودارەکانی کورد لە کەرکوک، ژنی لێهاتوو و بەتوانا و ژیر و عاقڵ هەر هەبووە وهەردەبێت .

**شێخ پیرۆت لەبەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانیدا باس لە کۆمەڵێک ڕووداو و ڕۆژگارەکانی (٥٠) ساڵی پێش ئێستا دەکات ودەڵێ :**

لەدوای (١٤) ی تەموزی ساڵی (١٩٥٨) شێخ ئەحمەد بارزانی کە لە بەندیخانە ئازاد کرا، نامەیەکی بۆ شێخ حەبیب تاڵەبانی ناردبوو، کە بۆ کەرکوک دێت، ئەمانیش لەکەرکوکەوە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پێشوازی کردنی و لەوانەیش شێخ پیرۆت وباوکی، عەباس ئەفەنی، عومەر دەبابە، کاکە حوسێن وکاکە حەمەی برای. لەبنەماڵەی یاقووبیەکان دوو کەس و خەڵکێکی زۆر لە خورماتوو پێشوازیان لە شێخ ئەحمەد بارزانی کرد. تۆفیق وەهبی وشێخ لەتیف شێخ مەحمود حەفید، هاوڕێی سەفەری شێخ ئەحمەد بوون. نازم تەبەقچەلی فەرماندەی تیپی دووی پیادەی سوپای عیراق بوو لەکەرکوک. وەک ڕێزلێنان لەشێخ ئەحمەد، جگە لەوەی یەکێک بوو لەپێشوازیکەرانی شێخ ئەحمەد، کەژاوەکەی شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی برد بۆ میوانخانەی تیپی دووی پیادەی سوپای عیراق وڕێزێکی زۆری لێگرتن. نازم تەبەقچەلی لە کودەتاکەی عەبدولوەهاب شەواف بەشداریکرد و دواتریش عەبدولکەریم قاسم ئیعدامی کرد. دوای میوانداری تەبەقچەلی، شێخ ئەحمەد هاتە ماڵی سەید ئەحمەدی خانەقا، دواتریش هاتە ماڵ شێخ حەبیب .

پێش ساڵی (١٩٥٨)، سنووری کەرکوک بەم شێوەیە بوو: (نەخۆشخانەی مەلەکی کەرکوک - جمهوری سنووری باشووری کەرکوک بوو، بازگەی کەرکوک- بەغدا لە تەنیشت باڵەخانەی ئێستای پارێزگای کەرکوک بوو، گەڕەکی موسەڵا و گەڕەکی شۆڕیجە ڕۆژهەڵاتی کەرکوک بوون. نێوان شۆڕیجە و گەڕەکی بەرتەکیە دەبەخانەی کەرکوک بوو. گەڕەکی پریادی بەشێک بوو لە بازاڕی جووت قاوە. باکوری کەرکوک گەڕەکی ئیمام قاسم وزێویە بوو. بازگەی کەرکوک - سلێمانی لە گەڕەکی ئیمام قاسم نزیک چایخانەی عاشور وشوێن ئێستای نەخۆشخانەی ڤێتەرنەری ئێستا بوو. بازگەی کەرکوک -هەولێر نزیک فولکەی ئیخوان بوو). ساڵی (١٩٥٨) و دوای (١٤) ی تەمموز، پارتی مۆڵەتی کاری

ڕێکخراوەیی ئاشکرای وەرگرت و بارەگای خەبات لە تەنیشت مزگەوتی شێخ باقی کرایەوە، کە دەکەوێتە بەرامبەر ئێستای کەباب عەبدوڵڵا و سەرەتای شەقامی جمهوری. کەسایەتیە دیارەکانی پارتی ئەو ڕۆژگارە بریتی بوون لە: (عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، جەلال عەبدولڕەحمان، عادل عیزەت، عەباس ئەفەنی، ڕەوف عارف، مەنسور تایر، مستەفا کرێکار، نەوزاد سدیق ئەفەنی، نەجیب ساڵح، بەکر عەلی، جەعفەر عەبدولواحید، سلێمان فەخری برای کاکەمەم، عەبدوڵڵا سەراج، جەمیل مستەفا موفتی برای پەخشان خانی خێزانی فاروق مەلا مستەفا، شەفیق ئەمین هەمەوەندی، جەوهەر عەودل خەتاب، شاعیر وهونەرمەند خالید دلێر). ئەو سەردەمە شێخ پیرۆت لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا شەرەفی ئەندامێتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نازناوی (سامان) وەردەگرێت. ئەو ژنانەی لە ناو ڕێکخراوەکانی پارتیدا کاریان دەکرد ئەمانە بوون: (زێباخانی خوشکی خالید دلێر، لەنجەی شێخ ڕەوف خانەقا، نازەنین بەکر ئاغا، نەسرین خوشکی مستەفا کرێکار، لە ناو حیزبی شیوعیش پەخشان خان هەبوو).

بیری کوردایەتی و چالاکی سیاسی و حیزبی لە پەرەسەندن وگەشەکردنێکی گەورەدا بوو. شێخ پیرۆت دەڵی موناقشەی سیاسی وهاتووچۆکردنی بارەگای خەبات کاری ڕۆژانەمان بوو. ئەو عەیامە لە کەرکوک ئەو حیزبانەی بە ئاشکرا کاریان دەکرد و خەڵک لە دەوریان کۆببوونەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی بوو. بڵاوکراوەکانی حیزب دەستا و دەستی دەکرد و بەریدی حیزب بەدەست دەهات، یەکێک لەو کەسانەی بڵاوکرەوەکانی حیزبی دەهێنا ناوی ساڵح بوو، لەم چەند ساڵەی دوایدا لە (بانکی ڕافدین) فەرمانبەربوو، جگە لەم ساڵح ناوە یەکێکی تر هەبوو ناوی مەلا عەزیز دار بەسەرە بوو، ئیش وکارە قورسەکانی حیزب ئەو دەیکرد، گوند بە گوند بڵاوکراوە وتەبلیغاتی حیزبی دەبرد، هەڤاڵان و کادرانی حیزب ناویان نابوو (پاسکیلەکەی حیزب) چونکە قەت وەستانی نەبوو. لەو ڕۆژگارەدا دوو کتێبخانە هەبوون، کتێبخانەی عەباس حیلمی (سەید عەباس) وعومەر بێکەس هەردوکیان لە شەقامی مەجیدیە بوو.

مامۆستا حەسیب حەمەبەگ سیامەنسووری، پانتاییەکی زۆری لەبیرەوەرییەکانی شێخ پیرۆتدا هەیە، دوای ئاڵۆزییەکانی کەرکوک، کە لە دوای ڕووداوە تاڵەکانی (١٤) ی تەمووزی (١٩٥٩) دروستبوو، مامۆستا حەسیب تا هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول قارەمان وئاڵاهەڵگری مەیدانی کوردلییەتی بوو لەکەرکوک، لەو قوتابخانانەی تیایدا مامۆستا بوو، خوێندکار وتەلەبەکانی بەبیری نەتەوەیی و خۆشەویستی کوردستان پەروەردە دەکرد، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی کرد بە شۆڕشەوە ویەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی چەمی ڕێزان وسنووری ناوچەی قەڵاسێوکە .

مام جەلال ساڵی (١٩٩٥) لە چاوپیکەوتنێکیدا لەگەڵ مامۆستا جوامێر و فاتیح حەمەبەگ برای مامۆستا حەسیب، باسی ئازایەتی و قارەمانێتی و شەهید بوونی مامۆستا (حەسیب)ی بۆ کردبوون، کە چۆن لە شەڕێکدا مام جەلال سەرکردایەتی کردبوو و لە کاتی دەسپێکردنی شەڕەکەدا مام جەلال شوێن و سەنگەرەکەی (حەسیب)ی بەباش نەزانیووە ولە پارچە وەرەقەیەکدا بۆ مامۆستا حەسیب دەنووسی جێگاکەی بگۆڕێت، بەڵام پێش ئەوەی وەرەقەکەی مام جەلال بگاتە دەستی، مامۆستا حەسیب حەمە بەگ سیامەنسوری شەهید دەبێت، شێخ پیرۆت باسی وەفا و دڵسۆزی و ئازایەتی و ژیری مامۆستا حەسیب دەکات و دەڵێ: قوتابییانی کورد لە قوتابخانەکان زۆر پشت ئەستووربوون بەبوونی مامۆستا حەسیب، بەتایبەتی لە قوتابخانەی ئیمام قاسمی (١)، چونکە مامۆستا حەسیب لە هەر جێگایەکدا بوایە، ئەو جێگایە ئارام و مایەی دڵخۆشی بوو .

ئەو سەردەمە لە پاڵ مامۆستا حەسیبدا، فەتاح برای ڕەزا کەبابچی کە لە ساڵی (١٩٦٣) ئیعدام کرا، (قادر تۆفیق برای حەمەی تۆفیق) ئەمانە کەسایەتی دیار و ناسراوی ڕۆژگارێک بوون خەمی کوردایەتیان دابو بە کۆڵیانەوە، حەمەی تۆفیق پیاوێکی ئازا و ڕێک وپێک و ڕاستگۆی ئیمام قاسم و بلاغ و بەرتەکیەی شاری کەرکوک بوو، جێی بڕوای خەڵکی بوو، پیاوی ڕۆژی تەنگانە بوون.

لە ساڵانی (١٩٥٩–١٩٦٠)، شێخ پیرۆت قۆناغی ناوەندی دەبڕێت و دەچێتە ئامادەی موسەڵا، لە ئامادەیی موسەڵڵا، پەیوەندییەکانی زیاتر فراوان دەبێتەوە و هاوڕێیەتی لە گەڵ هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک پەیدا دەکات، قۆناغی ئامادەیی قۆناغی هۆشیاری و کامڵ بوونی عەقڵە، لەم قۆناغەدا، مرۆڤ دەچێتە ناو وێستگەیەکی دیکەی ژیانەوە،

مام جەلال ساڵی (١٩٩٥) لە چاوپیکەوتنێکیدا لەگەڵ مامۆستا جوامێر و فاتیح حەمەبەگ برای مامۆستا حەسیب، باسی ئازایەتی و قارەمانێتی و شەهید بوونی مامۆستا (حەسیب)ی بۆ کردبوون، کە چۆن لە شەڕێکدا مام جەلال سەرکردایەتی کردبوو و لە کاتی دەسپێکردنی شەڕەکەدا مام جەلال شوێن و سەنگەرەکەی (حەسیب)ی بەباش نەزانیووە



کەرکوک

لێرەوە قۆناغێکی تری شێخ پیرۆت دەستپێدەکات ئەویش بەنزیکبوونەوە و ئاشنایەتی لەگەڵ تورکمان و عەرەب و ئاشوری و چین و توێژەکانی تر، ئەم تێکەڵاوبوونە کاریگەری سایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتی بە سەر شێخ پیرۆتەوە جێدێڵێ و کەسایەتییەک لە شێخ دروست دەکات، دوور لە توندڕەویی نەتەوەیی ومەزهەبی، بیروبۆچوونەکانی دیدی بۆکێشەی کورد و مافی نەتەوەکانی تری کەرکوک زیاتر دەخەملێ و لەو قۆناغە بە دواوە هاوڕێکانی شێخ پیرۆت بریتیبوون لە کورد و تورکمان و عەرەب و ئاشووری و ئەرمەنی و کاکەیی و (سووبی) و ئەوانی تر.

لە ساڵەکانی (١٩٦٢–١٩٦٣)، شێخ پیرۆت قۆناغی ناوەندی دەبڕێت و دەچێتە کۆلێژی ماف لە بەغدا، لە بەغدا و لە کۆلێژ دەبێتە هاوڕێی موحسین دزەیی، نوری برای دکتۆر عومەر دزەیی، کانەبی خدر پاشا، ئارام ئەدهەم، تەها محەمەد نەجیب، تایر خەلیل دەلـۆ، دوو کچی کوردیش، کە خەڵکی هەولێر دەبن بەناوەکانی دەلارام و پەیمان خاڵس قازی لە قۆناغەکەی ئەماندا قوتابی دەبن، ئەمانە هاوڕێی خۆی بوون لەزانکۆ، باوکیشی شێخ فازڵ پێکەوە و لەیەک خولدا لە کۆلێژی ماف لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد محاماتی تەواوکرد، کە ئەوعەیامە پێیان دەووت ئەوقاتی، تەنانەت یەکێک زیرەک و زۆرزان بوایە پێیان دەوت چەند ئەوقاتە .

لە دووەم ساڵی خوێندن لە کۆلێژی ماف شێخ پیرۆت دەڵێ کوڕی یەکێک لە بنەماڵەکانی کەرکوک هاتە کۆلێژی ماف ئەویش بورهانەدین نافع خادم سوجادە بوو، باوکی بورهان لە زەمانی خۆی ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندن (مجلس التاسيس)ی دەوڵەتی عیراق بوو، کاک بورهان دوای تەواو کردنی خوێندن و دەرچوونی لە کۆلێژی ماف چەندین پلەی ئیداری بڕی، لەوانە بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو، بەڕێوەبەری ناحیەی زەڕایەن، سووورداش، دواتر گواسترایەوە بۆ خوارووی عیراق و بووە قایمقامی قەزای عەفەک و قەزای ناوەندی ناسریە و قەزای کوت، دوایی پرۆسەی ڕزگاریی عیراق کرایە بەڕێوەبەری کاروباری هاوڵاتییان و لە ساڵی (٢٠١١) بە نەخۆشی شێر پەنچە کۆچی دوایی کرد.

شێخ پیرۆت دوای تەواوکردنی خوێندن و تەواو کردنی خولێکی تایبەت بۆ ڕاهێنان، کە ئامادەکردن بوو بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری ناحیە، مام جەلال دەیکات بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو .

لە بەشێکی بیرەوەرییەکانی شێخ پیرۆت باسی ڕۆڵی بنەماڵەی تاڵەبانیەکان لە عیراق دەکات لە پەرلەمان، لە دام ودەزگا باڵاکانی دەوڵەت، بە جۆرێک باسی ڕۆڵی کەسایەتییە دیارەکانی تاڵەبانی و بنەماڵەی خانەقا و دارابـەگ و فەتاح سەید خەلیل کاکەیی دەکـات، کە سەردەمی پاشایەتیی لە کەرکوک، سەردەمی تاڵەبانی و خانەقا و داویە و کاکەیی بووە، دەوڵەت نەیتوانیوە بەسەر ئەم کەسایەتی و بنەماڵانەدا بازبدات، چونکە لە جومگە سەرەکیەکانی دەوڵەت بوون لەلایەکەوە و لەناو

خەڵکی کەرکوکیش خاوەن ڕێز وکەساییەتی پایە بەرز بوون لەلایەکی ترەوە، بۆیە دەبینیین لە پەرلەمان و ئەنجومەنی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق (شێخ حەبیب) ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عیراق و دواتر لە چەندین خولی پەرلەماندا بە نوێنەرایەتی کەرکوک هەڵبژێردراون. شێخ فایق شێخ محەمەد ڕەئوف لە دوو دەورەی پەرلەمانیدا ئەندام پەرلەمان بووە، شێخ فایق کەسایەتی بە هێز و دەستڕۆیشتووی بنەماڵەی شێخ پیرۆت بووە، بنەماڵەی شێخ پیرۆت بۆ هەموو کار وتەکبیر و تەدارەککرنی ئیش و کارەکانی بنەماڵەکەیان پرسییان بە شێخ فایق کردووە، شێخ فایق ئۆتومبێلی شۆفرلێت ژمارە (٦٨) هەبوو، شێخ فایق ئامۆزای شێخ تەحسین بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی و باوکی ئالا تاڵەبانی بوو، لە ئەندام پەرلەمانەکانی تر شێخ وەهاب شێخ حەمید، شێخ قادر سیامەنسور، شێخ حەبیب شێخ قادر سیامەنسور، شێخ فازڵ، لەناو ئەمانەشدا شێخ قادر سیامەنسور یەکێکە لە کەسایەتیە بە توانا و لێهاتووەکانی زەمانی خۆی، پیاوێکی هۆشیار و ژیر بووە و دۆستی نزیکی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو، جارێکیان بە میوانی لە جێگایەک دەبێت، پێنج دیناری لێ دەدزن، شێخ قادر دەزانێ کێ پێنج دینارەکەی دزیوە، دەنگی لێ ناکات و کاتێک هەڵدەسێت بڕوات پێش ئەوەی سواری عەرەبانەکەی بێت بەو کابرایەی پارەکەی دزیوە دەڵێ: ئاگاداربە ئەوەی پێتە پێنج دیناریە، هەڵت نەخەڵەتێنن بە نیو دیناری لێتبسێنن، چونکە نیو دیناریش وەک پێنج دیناری سوور بوو، جگە لەو کەسایەتییانەی بنەماڵەی تاڵەبانییەکان و بنەماڵەی شێخ پیرۆت، شێخ حەسەنیش موتەسەڕیفی باقووبە بوو و یەکێکیش بوو لە دامەزرێنەرانی (نادی علویە) ی بەغدا، کە سا یە تییە کی گرنگی دیکەی بنەماڵەی شێخ پیرۆت، ڕەشادەت خانی کچی شەکر خانە، کە تا



ئێستاش ماوە و خێزانی شێخ بابا عەلی شێخ مەحمودی حەفید بوو، ئێستا لە عەمانی پایتەختی ئوردن دوا ساڵەکانی تەمەنی بەسەر دەبات .

**کاتێک هاتینە سەر سنووری موڵکایەتی کورد لە باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای باشوری کەرکوک، شێخ پیرۆت باسی ئەو سنور و موڵکایەتییەی بەم جۆرە کرد:**

کوڕەکانی شێخ قادر شێخ عەبدولڕەحمان خاڵس (شێخ فەیزوڵڵا و شێخ عەزەددین و شێخ محەمەد نوری) سنووری موڵکایەتیان لە تازەخورماتووەوە دەستی پێدەکرد بۆ گوندەکانی (جەدیدە، تەل مووغاز، کڵێسە، عەتشانە، یەنگیجە سنوور. عەبدوڵلاغانم، عەنانە، سنوری موڵکایەتی نەوەی شێخ عەبدولڕحمان خاڵس، کە تەواو دەبوو، سنور و موڵکایەتی داویە و دارا بەگ دەستی پێدەکرد، سنور و موڵکایەتی داویە تا خورماتوو دەڕۆیشت، بناری گل موڵکایەتی شێخ ڕەشید مامشە بوو، جگە لە بنەماڵەی تاڵەبانییەکان و بنەماڵەی دارا بەگ و داویە، کاکەییەکان و فەتاح سەید خەلیل موڵکایەتییەکی زۆریان هەیە، بە واتایەکی تر بەشێک لە باشور و ڕۆژهەڵاتی باشور موڵکی کورد بوون، بەشەکەی تری باشوری کەرکوک و ڕۆژهەڵاتی باشوری کەرکوک بە حەویجەشەوە موڵکی سەید ئەحمەد خانەقا و بورهان بەگ و مستەفا بەگ بوو، کە هەر هەموویان کورد بوون .

شێخ پیرۆت لەبیرەوەرییەکانیدا، باسی سەردانێکی سەعید قەزاز دەکات بۆ ماڵیان و بۆ دیدەنی شێخ فازڵی باوکی شێخ پیرۆت، کە بە ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازییان لە سەعید قەزاز کردووە و خلەی بارام چاوش و خلەی ئۆمەر لەدیوەخانەکەی شێخ فازڵ ئاهەنگی گۆرانی و مەقامیان بۆ گێڕاوە، سەعید قەزاز کەسایەتییەکی گرنگی سەردەمی پاشایەتی بوو، لە ئیدارەی دەوڵەت بەتایبەتی لە پۆستی موتەسەڕیفی وزارەتی ناوخۆی عیراقدا، کەسێکی شارەزا وسەرکەوتوو بوو، لە بۆنە وموناسەباتی جۆراوجۆردا سەعید قەزاز سەردانی کەرکوکی کردووە و بووەتە موتەسەڕیفی کەرکوک .

شێخ پیرۆت تائێستاش لە بیرەوەرییەکانیدا ماوە، کە شا فەیسەڵی دووەم دوای (تەتویج) کردنی و دانیشتنی لەسەرتەختی پاشایەتی عیراق بە ماوەیەک سەردانی کەرکوکی کردووە، لە یانەی فەرمانبەران خوانی بۆ دروستکراوە و هونەرمەندانی کەرکوک ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە، بنەماڵەی مەلیک لەلای خەڵک خۆشەویست بوون، لە شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی (١٩٥٨) بنەماڵەی مەلیک بە ژن و مناڵەوە زۆر دڕندانە کوژران، قەتڵوعامکردنی بنەماڵەی مەلەکی پەڵەیەکی ڕەشی نێوچەوانی سەرکردەکانی شۆڕشی (١٤)ی تەموزی ساڵی (١٩٥٨) بوو، سەرەڕای کوشتارەکەی قەسر ڕیحاب، بەڵام شۆڕشی (١٤)ی تەمموز گۆڕانگاری گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، بارودۆخی کەرکوک بە جارێ گۆڕا. عەبدولکەریم قاسم وەک دانپێنان و ڕاکێشانی کورد بەلای خۆیدا، هاوبەشی و شەریکایەتی کورد و عەرەبی لە عیرقدا ڕاگەیاند، دانپێنان

بە شەریکایەتیکردنی کورد و عەرەب لەعیراقدا، خاڵی وەرچەرخان و وێستگەیەکی گرنگ بوو لە مێژووی نوێی عیراقدا، بۆ یەکەم جار کورد وەک هاوڵاتی پلە یەک و پێکهاتەیەکی سەرەکی عیراق ناوهێنرا، عەبدولکەریم قاسم ئەوەشی ڕاگەیاند کە لە دەستوری عیراقدا ئەوە دەچەسپێنێ کە عیراق، عیراقی کورد و عەرەبە، بە داخێکی زۆرەوە فرسەت و شانسی پێویست نەدرایە عەبدولکەریم قاسم، بۆ ئەوەی بەڵێنەکانی جێبەجێبکات، سەرەنجام لەکودەتاکەی بەعسییەکان ساڵی ١٩٦٣، عەبدولکەریم قاسمیش بێ دادگایی لەوێستگەی ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا گولەبارانکرا و تەرمەکەشی فڕێدرایە ڕووباری دیجلەوە و بووە خۆراکی ماسییەکانی ڕووبارەکە و لە زەوییە پان و بەرینەکەی عیراقدا دوو مەتر زەوی بەرنەکەوت ببێتە ئارامگای .

بەشێکی زۆر لەو کەسایەتیانەی لەسەر سەردەمی پاشایەتی حیساب دەکران، کەوتنە بەر تانەلێدان و ڕەخنەی خەڵک، نموونەی (دەرەبەگ و نیمچە دەرەبەگ و شێخی دێیەکان) لە بەرامبەردا نەوەیەکی نوێ سەریهەڵدا، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسییەوە، ڕێکخراوی جۆراوجۆری لاوان، قوتابیان، ئافرەتان دروستبوو. چەند مانگێک دوای شۆڕشی (١٤)ی تەموز ساڵی (١٩٥٨) عەبدولسەلام عارف سەردانی کەرکوکی کرد، عەبدولسەلام نەتەوە پەرستێکی عەرەب بوو، لە هاتنەکەیدا لە گۆڕەپانی نەوت (ساحەی شەریکە)، بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر، کە ڕێژە هەرە زۆرەکەی کورد بوون، عەبدولسەلام ناڕاستەوخۆ بە خراپی ناو کوردی هێنا .

هەر لەو چەند ساڵەی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسمدا چەندین تیپی جۆراوجۆر دروستبوون، لەوانە (تیپی مۆسیقا، تیپی هەڵپەڕکێ، تیپی وەرزش) لە مۆسیقادا شەوکەت ڕەشید و قادر مەردان کەسی دیار و میحوریی بوون. لە بواری شانۆدا، ئەو عەیامە حاجی مەکی (عەلی ئەفەنی) لە کەرکوک بوو، هەر ئەویش سەرپەرشتی جوڵانەوەی شانۆی دەکرد لە شارەکەدا، لە پاڵ حاجی مەکیدا، تیماتیوز دەرهێنەری شانۆیی بوو، لە ئەکتەرەکانیش کەمال حەسەن کەڵەمێرد، لەتیف گلی، سوبحی عەبدولواحید، جەوهەر عەودل، لە ژنانیش، زیبا خان، نەسرین خان، نازەنین بەکر عەبدولکەریم، تیپی هەڵپەڕکێش بریتی بوون: لە شێخ پیرۆت، جەمیل مستەفا موفتی، جەعفەر عەبدولواحید، نەوزاد سدیق ئەفەنی، بەکر عەلی، ژنانیش هەمان ئەو کچ و ژنانەی تیپی شانۆیی بوون، لە تیپی هەڵپڕکێشدا ئەندام بوون .

قۆناغی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم، بۆ کورد بەگشتی و بۆ کورد لە کەرکوک بەتایبەتی قۆناغی سەرهەڵدان و دەرکەوتن و گەشەکردنی هەموو بوارەکانی ژیان بوو، هونەر، ئەدەب، وەرزش، چالاکی سیاسی، گەشەکردنی بیروباوەڕی نەتەوەیی، هەموو ئەو بوار و کایانە، شێخ پیرۆت لە نزیکەوە ئاگاداری بەشێکی و ڕۆڵ و دەوریشی

له بەشێکی تریدا هەبووە و تەنانەت ڕۆڵی سەرەکیشی هەبووە .

شێخ پیرۆت کاتێک باسی وەرزش دەکات، ساڵی (١٩٦٠) بە وێستگەیەکی گرنگ دادەنێ، چونکە لەو ساڵەدا تیپی وەرزشـی خەبات دامـەزرا. دامەزرێنەرانی تیپی وەرزشی خەبات بریتیبوون له: شێخ جەبار شێخ تایر سەرپەشتیار بوو، یاریزانەکان (محەمەد قوربانی، حەمە سێوە، جەودەت خانەقا، مامۆستا فاتیح نەقشبەندی، شێخ پیرۆت، سەلاح محەمەد و چەند یاریزانێکی تر).
یەکەم یاری له سلێمانی لەگەڵ یانەی سیروان کرا، ئەنجامەکە، هـەردوو تیپ یەکسان بـوون. له یارییە میللیەکانی جەژنەکان شێخ پیرۆت باسی سێ یارێزان و کەسایەتی جەژنەکان دەکات و دەڵێ: یەکێک لەو کەسانەی له جەژنەکاندا و له سەیرانگاکاندا حزوری بەردەوامی هەبوو، عیسا پاڵەوان بوو، عیسا پاڵەوان ورچێکی هەبوو، له شێوەی سێرک زۆران بازیی له گەڵ ورچەکەدا دەکـرد، جگە له عیسا پاڵەوان و ورچەکەی. حەمید چکچکە و دونیای سیحر و سیحربازی، حەمید چکچکە تا ئەم دواییەش مابوو، یەکێک بوو له سیحربازەکانی کەرکوک و له جەژنەکان زیاتر له یانەی (سـەورە) سیحرەکانی نمایش دەکرد. شوکر پاڵەوان جگە لەوەی وەستایەکی بیناکاری کارامە و دەست ڕەنگین بوو، یاری میلبازیشی دەکرد، یاری میلبازی له شێوەی یارییەکانی زۆرخانەکانی زەمانی زوو بوو، میلبازییەکەی شوکر پاڵەوان بریتی بوو له یاریکردن بە (دارێکی) تایبەت و لەکێشدا قورس و له شێوەی کوتەک بەتایبەت بۆ ئەو یارییە دروست دەکرا، ئەو میلە بە هەوادا هەڵدەدرا و دەبوایە پاڵەوانەکە بیگرێتەوە. شوکر پاڵەوان ئەو یارییەی دەکرد و له بواری بیناکاریدا بەتایبەتی ئەو خانوو و باڵەخانانەیش بە بەرد و گەچ دروستدەکرا. هیچ وەستایەک شانی له شان شوکر پاڵەوان نەدەدا، تەنانەت شێخ پیرۆت ئەوەشی بۆمان گێڕایەوە، کە دوو کرێکار پیا نەدەگەیشتن بەرد بگەیەننە دەست وەستا شوکر، کاتێک خانوی بۆ خۆی دروستکرد خەڵکی بۆ تەماشاکردن دەچوونە سەر خانووەکەی.

ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی گەڕەکی بەرتەکیە و دەوروبەری، بەشێک بوون له دیوی ناوەوەی قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکانی کەرکوک. هەر له تەکیەی تاڵەبانی و ڕێبازی قادرییەوە تا دەگاتە کەسایەتی و قوتابخانە و تیپە وەرزشییەکان و گەورەترین و کۆنترین گۆڕستانی شارەکە، کە دەیان تێکۆشەر و زانا و ئەدیب و هونەرمەند و کەسایەتی کەرکوکی له ئامێز گرتووە. گەڕەکی بەرتەکیە بەخۆی و تەکیەی تاڵەبانی و چایخانەکانیەوە ناوەندگەلێک بـوون. له مـاوەی (٢٠٠) ساڵی ڕابـردوودا زۆربەی ڕووداوەکانی کەرکوک پیایدا گوزەریان کردووە. ڕووداوی کۆمەڵایەتی، سیاسی، تەنانەت ناوەندی ڕێبازی قادریش بووە، کە گەورەترین ڕێبازی ئاینییە لەکەرکوک و ناوچەکە، تەنانەت لق وتەکییەی ئەم ناوەندە لەچەندین

شاری تریش هەبوو وەک بەغدا و کۆیە و پاوە وشوێنانی تر .

چایخانەکەی نوری فەقێ، ناوەندێکی دیکەی گەڕەکی بەرتەکیە و دەوروبەری بوو، نوری فەقێ کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی و ناوداری کەرکوک و حیزبی شیوعی بوو. پیاوێکی زیرەک و شارەزاو و ئاگادار لە ڕووداوەکانی کەرکوک، کەسایەتی و بنەماڵەکانی کەرکوکی دەناسی، لە بەر شارەزایی و لێهاتوویی پێیاندەگوت (موختار)، چونکە بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی بەرتەکیە و (ئیمام قاسم)ی دەکرد، نوری فەقێ ناوێکی دیار و ناسراوی کەرکوکە و بە نیشتمانپەروەر و خۆشەویستی خەڵک ناسراوە .

نوری فەقێ لە گۆشەیەکی ئێستای گەراجی کەرکوک – سلێمانی، چایخانەی هەبوو، جگە لەوەی زۆربەی شیوعیەکانی کەرکوک و کەسایەتیەکانی ئیمام قاسم و بەرتەکیە لە چایخانەکەی دادەنیشتن، بەشێک لە چایخانەکەی تەرخان کردبوو بۆ وەرزشی لەشجوانی و شەوانی ڕەمەزانیش یاری سینی و زەرفی تێدا دەکرا. زۆر جار لە هەولێرەوە (مشکۆ و ئەحمەد ئەربیلی و حەیدەر کەچەڵ) لەگەڵ یاریزانانی هەولێر دەهاتن و لە چایخانەکەی نوری فەقێ تا درەنگانی شەو بە گۆرانی و قۆریات یاری سینی و زەرفیان دەکرد. شێخ پیرۆت ناوی چەندین یاریزان و وەستای سینی وزەرفی ئەو سەردەمەی لەیاد ماوە لە وانە: (فەتاح برای ڕەزا کەبابچی، حەمە درێژی مەقام بێژ، سەید جەبار، حەمە سەعید وەستا قالە درێژ)، گۆرانیبێژەکان ومەقامبێژەکانیش بریتی بوون لە حەمە تۆپاڵ، مەلا سدیق، قادر نەجار، سدیق بەنا غەفور، فازڵ سەمەد، وەستا عەدنان، نوری فەقێ لە پاڵ چایخانەکەشدا وەکیلی ماڵی شێخ پیرۆت بوو، سەرپەرشتی دوکانەکانیانی دەکرد، چایخانەکەی نوری فەقێ وشەوانی سینی وزەرەفی مانگی ڕەمەزان وبیرەوەرییەکانی شێخ پیرۆت دەمانبات بۆ چایخانەیەکی دیکەی نێوان بەرتەکیە و بلاغ و پریادی، ئەویش چایخانەکەی خەلیفە بوو، چایخانەکەی خەلیفە لە ناو یەکێک لە باخەکانی نێوان گەڕەکەکانی پریادی وبلاغ وبەرتەکیە لە گڵ دروستکرا بوو، خەلیفە کوڕی حەمەی وەستا فەتاحە، حەمەی وەستا فەتاح لە زۆر شوێنی ترو لە زنجیرەی جارانی کەرکوک ناوی هاتووە، چونکە کەسایەتیەکی سەرنج ڕاکێشەو خەزنەداری تەکیەی تاڵەبانی بووە لە سەردەمی شێخ عەلی گەورەدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە وسەرەتایی سەدەی بیست، زیاتریش لەدوو هەجووی بەناو بانگی شێخ ڕەزاوە ناوی دەرکرد کە دەڵێت:

**(شێخ عەلی ) خۆتۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر**
**چاکە هەجوویەکت بکەم ئەمما موفید و موختەسەر**
**بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە کرد**
**ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بە کێری نێرەکەر**

شێخ ڕەزا لە هەجوویەکی تری حەمەی وەستا فەتاحدا دەڵێ :

هەزار ئەفسوون وجادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببێ یا گووزە یا گوێرانە ئەم ڕیشە
بە تەحریکی تەڵێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتن دا
ڕەئیسی حیلەکاران، شای قوماربازانە ئەم ڕیشە
بەبای سەرسەرِ لە شوێن خۆی ناجمێ ڕیشی ئەمەند سەختە
بەبێ حیکمەت نییە گەر جار بەجار لەرزانە ئەم ڕیشە
بە زاهیر سافە وەک زیوی سپی، ئەمما لە باگیندا
ڕەش وپیس ومولەووس، وەک بنی قازانە ئەم ڕیشە
بەمەکرێ ئەمرەتێنێ حەز بکا هەر لێرە تا (موکری)
پەناهم دەی خوایا خاوەنی زۆرزانە ئەم ڕیشە
کە سەیرم کرد، دەزانم شێخ لە من مەسروورە یا عاجز
حەمەی وەستا فەتاح، بۆ حاڵی من میزانە ئەم ڕیشە
هەزار هەوسارو دەسبەند وگوریسی لێ دروست ئەکرێ
بە سەد باتمان خوری گەر دەس کەوێ هەرزانە ئەم ڕیشە

خەلیفەی حەمەی وەستا فەتاح کوڕێکی هەبوو ناوی (حاجی تەها) بوو، حاجی تەها کەسایەتیەکی گەڕەکی بەرتەکیە بوو، پیاوێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بوو، ڕێکخەری ئیش وکارەکانی ماڵی شێخ پیرۆت بوو، کاتێک شێخ پیرۆت لە ساڵی (١٩٨٧) لە سلێمانی دەستگیر کرا، حاجی تەها گەیشتەسەر هەموو بڵاوکراوە و نامە نهێنیەکانی (ی.ن.ک) ومۆری ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) لە ماڵەکەی شێخ پیرۆت، پێش ئـەوەی ئەمنی بەعس بگاتە سەریان، حاجی تەها خۆی گەیاندە ماڵ شێخ پیرۆت وهەموو نامە وبەڵگەکانی دەربازکرد و لەشوێن وجێگایەکی تر شاردنیەوە، جێی متمانە وباوەڕی ماڵ شێخ پیرۆت بوو، ڕۆژانی هەینی شێخ پیرۆت و کاک خەسرەو وخوشکەکانی دەبرد بۆ سینەما، چایخانەکەی حاجی تەها جێگای زۆربەی گردبوونەوە وکۆبوونەوەکانی شێخ پیرۆت و هاوڕێکانی بوو .

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستا حەسیب حەمەبەگ سیامەنسووری، پانتاییەکی زۆری لەبیرەوەرییەکانی شێخ پیرۆتدا هەیە، دوای ئاڵۆزییەکانی کەرکوك، کە لە دوای ڕووداوە تاڵەکانی (١٤) ی تەمووزی (١٩٥٩) دروستبوو، مامۆستا حەسیب تا هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول قارەمان وئاڵاهەڵگری مەیدانی کوردایەتی بوو لەکەرکوك



کەرکوک

قوتابخانەی (نەجاح)ی سەرەتایی کوڕان یەکێکە لە قوتابخانە کۆنەکانی نێوان گەڕەکی بەرتەکیە وگەڕەکی بلاغ، دەڵێ لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردووخۆم پۆلی پێنجی سەرەتایم لەوێ تەواو کرد، هونەرمەند حەمە ڕەئوف کەرکوکی وفەلاح بازرگان ویاریزان حەسەن تەقڵە وشاهین برای دکتۆر ئیبراهیم تەها لەگەڵمان بوون، شێخ تەحسین تاڵەبانی باوکی ئالا تاڵەبانی پێش ئەوەی بکرێتە بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی کەرکوک یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی نەجاح بوو .

شێخ پیرۆت لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیدا جاربەجار دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی دەسپێکردنی شۆڕش، باسی ئەو کۆمەک و یارمەتیانە دەکات کە لە کەرکوکەوە دەیاننارد بۆ شۆڕش، باوکی شێخ پیرۆت ساڵانە دە تەغار گەنمی دەنارد بۆ شۆڕش، جگە لە شێخ پیرۆت و باوکی وهەر لە ناو بنەماڵەکەیان (شێخ عەبدولقادر برای شێخ سوعاد و شێخ تەحسین وشێخ فازڵ) بە پارە یارمەتی شۆڕشیان دەدا .

**جگە لە مانەیش باسی ڕۆڵ و کەسایەتی دکتۆر عومەر دەزیی دەکات و دەڵێ:** لە شەستەکان دکتۆر عومەر دەزیی هاتە کەرکوک، خزمەتێکی زۆری کوردی دەکرد، بە تایبەتی ئەندام وکادرەکانی حیزب ویاریزانەکانی یانەی سۆلافی بە خۆڕایی چارەسەر دەکرد، کاکەی حاجی مەحمود یەکێک بوو لە کەسایەتییەکانی دیکەی کەرکوک، کە هاوکاری زۆری شۆڕشی دەکرد، پیاوێکی دڵسۆز وکورد پەروەر بوو، دەرگای ماڵەکەی والابوو، خاوەنی دیوەخان ومەجلیس بوو، زۆربەی شەوان کەسایەتیەکانی کەرکوک تا درەنگانی شەو میوانی ئەوبوون، هەروەها ئەحمەد حاجی جەبار وخێزانەکەی مامۆستا سوهام لەو کەسایەتیە گرنگانەی ئەو ڕۆژگارە بوون، کە بۆ کورد و شۆڕشی کورد درێغیان نەدەکرد و لەکەسایەتییە نزیکەکانی جوڵانەوەی گەلەکەمان بوو.

شێخ پیرۆت تاڵەبانی دوور لە سیاسەت و قوتابخانە وخوێندن و ئیش وکاری بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو تەنگ وچەڵەمەی ڕۆژانە، بەشێکی زۆری ژیانی ڕۆژانەی تەرخانکرد بوو بۆ وەرزش ودونیای وەرزش، لە سەردەمی قۆناغی ناوەندی ودواتر ئامادەیی بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی وەرزشی و یانەی وەرزشی خولیای شێخ پیرۆت بوون، کاتێک لە ئامادەیی موسەڵلا خوێندکار بوو، خۆی و محێدین مەحمود جەباری هاوڕێی، دوو خۆیندکاری کورد بوون لە تیپی تۆپی پێ قوتابخانەی موسەڵلا یاریان دەکرد، ئەو ڕۆژگارە کاپتنی تیپی ئامادەیی موسەلا (قاسم دێو) بوو، شێخ پیرۆت لە درێژەی گیرانەوەی بیرەوەرییەکانی باسی ئەوە دەکات، کە قاسم دێو، زۆر هاندەریان بوو بۆ دامەزراندنی یانەیەکی وەرزشی، هاندانی قاسم دێو و تیپە میللیەکانی گەڕەکەکانی بەرتەکیە وئیمام قاسم وزێویە وئاخوڕ حوسێن وبلاغ و شوریجە، شێخ پیرۆتی خستوەتە سەر بیرۆکەی دامەزراندنی یانەیەکی وەرزشی ولەو چوار چێوەدا ولە دەوروبەری ساڵی (١٩٦٥) ، کە شێخ

پیرۆت لە قۆناغی کۆتایی خوێندنی کۆلێژی یاسابوو، بە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و دانیشتن لەگەڵ چەندین کەسایەتی و وەرزشوان ودۆستانی بواری وەرزش، تیپی تۆپی پێی چوارباخیان دامەزراند، ئەوانەی بەشداریان دەکرد لەوت و وێژەکانی دامەزراندنی تیپەکە بریتی بوون: لە قۆڵی شۆریجەوە (مامۆستا محێدین، مامۆستا ئەحمەد، کاک کەریم ڕەحیم، فاتیح خەیات)، لە قۆڵی ئیمام قاسم (فازڵ ئەسوەد، نەجیب ساڵح، شێخ پیرۆت، خورشید حاجی عەبدوڵڵا، حەمە زەکی، عەبدولڕەحمان دنیی، ستار کوردی)، ستار کوردی دواتر بووە یەکێک لە یاریزانە دیارەکانی کەرکوک و لەبەر لێهاتوویی گەیشتە تیپی هەڵبژاردەی عیراق، یەکێک بوو لە یاریزانە هەرە بە تواناکی تیپی هەڵبژاردەی عیراق، جگە لەستار کوردی لەسەردەمی جیاجیادا یاریزانانی لێهاتووی کەرکوک گەیشتوونەتە تیپی هەڵبژاردەی عیراق، نمونەی کەریم ئەفەنی و عادل عەبدوڵڵا .

دانیشتنەکان لە چایخانەکەی نوری فەقێ بوو، کە لەهاندەرانی وەرزش بوو، تەنانەت بەشێک لە چایخانەکەی تەرخانکردبوو بۆ یاری ئاسن و لەشجوانی، جگە لە چایخانەکەی نوری فەقێ، چایخانەی خورشید عوسمان ڕابی لە ئیمام قاسم شوێنی دانیشتن وکۆبوونەوە وقسەو باسی دامەزراندنی تیپب ویانەی وەرزشی بوو .

ئەنوەر سلێمان، فازڵ ئەسوەد، ستار محەمەد ڕەسوڵ، عەزیز تایر، عەلی ئەفەنی بەلەدیە، عەدنان سابیر، سابە بچووک، ئیسماعیل تەها، نەجیب ساڵح، شێخ ستار سەید عەبدوڵڵا، ئەنیس شاکر، مامۆستا فاتیح نەقشەبەندی، مەجید کەریم،



شێخ پیرۆت، ئەمانە ئەو نوخبەیە بوون، کە بەردەوام باسی دامەزراندنی یانەیەکی وەرزشی کوردییان دەکرد، شێخ پیرۆت لە درێژەی باسەکانی و هەڵدانەوەی لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارەی، بەتام وچێژو پڕجۆش وخرۆشەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: دامەزراندنی یانەیەکی کوردی نەک لە بیرکردنەوەماندا ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبوو، بەڵکو بووە خەمێکی قووڵ ولە بچوکترین هەل ودەرفەت دەگەڕاین تاوەکو یانەیەکی کوردی دامەزرێنین، تەنانەت ناوێکی کوردیش بۆ یانەکە قسەو وباسی زۆری لەسەر کرا وهەموو دانیشتنێک کۆمەڵێک ناو پێشنیار دەکرا .

شێخ پیرۆت دەڵێ: دوای تەواو کردنی کۆلێژی یاسا، لە ساڵی (١٩٦٦) ئەندابوونم لە سەندیکای پارێزەران ودواخستنمان لە کۆلێژی سەربازی (ئیحتیات)، خولێک بۆ ئامادەکردنی بەڕێوەبەرەکانی ناحیەکان لە بەغدا کرایەوە، لەو خولەدا بە شداریم کرد، یەکێک لەوانەی کە وانەی دەوتەوە، بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ بوو، لەماوەی خولەکەدا ئاشنایەتی ونزیکبوونە لە نێوانماندا درووستبوو وبووینە هاوڕێی یەکتری، ڕۆژێک پێم وت حەز دەکەین یانەیەک دامەزرێنین، ئەویش مەردانە هاتە پێشەوە و پێی وتم ئێوە دەستبکەن بە دانانی دەستەی یانەکە وداوایەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزبکەنەوە منیش لە بەغدا تەواوی دەکەم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دامەزراندنی یانەیەکی وەرزشی لەکەرکوک نزیکدەبووەوە دوای ئەوەی شێخ پیرۆت لە ساڵی (١٩٦٨) دەبێتە بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو، بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکانی ناحییەکەی، ناو بە ناو هاتوچۆی وەزارەتی ناوخۆ دەکات، لەسەردانەکانیدا لەناو وەزارەتی ناوخۆ دۆست وبرادەر پەیدا دەکات، کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی یانەکەیان ڕۆڵی گەورەی هەبوو .

لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٦٨)، دوای چەند کۆبوونەوەیەک بڕیار دەدەن یانەیەکی وەرزشی کوردی دامەزرێنن، بەشداربووانی کۆبونەوەکان ئەمانە بوون (شێخ پیرۆت، ستار محەمەد ڕەسوڵ، عەزیز تایر، نەجیب ساڵح، مامۆستا فاتیح نەقشەبەندی، مامۆستا سەلاح ساڵح، عەلی ئەفەنی بەلەدیە، ئیسماعیل تەها، مەجید کەریم، خورشید عوسمان، شێخ ستار سەید عەبدوڵلا، ئەنوەر سلێمان، عەدنان سابیر، خێروڵلا پیرداود، ئەنوەر عارف، ستار حەسەن کوردی) ئەمانە بڕیاریاندا دەستەی دامەزرێنەر دابنێن وبە ئیمزای دەستەی دامەزرێنەر نووسراوێک کرا بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ داوا کردنی مۆڵەت، ئەوانەی ئیمزایان لە سەر نوسراوەکە کرد ئەمانە بوون (شێخ پیرۆت، ستار محەمەد ڕەسوڵ، شێخ ستار سەید عەبدوڵلا، مەجید کەریم، عەلی ئەفەنی، ئیسماعیل تەها، مامۆستا فاتیح، سەلاح سالم، خورشید عوسمان، عەزیز تایر، نەجیب ساڵح، خەلیل عەبدوڵلا، ئەو کاتە عەبدولجەبار سەعدی موتەسەڕیفی کەرکوک بوو، موتەسەڕیفی کەرکوکیش لای خۆیەوە وئەوەی پەیوەندی بەوەوە بوو بۆیانی ئەنجامدا، شێخ پیرۆت دەڵێ:

چەند ناویکیان بۆ یانەکە پێشنیار کرد وەک (بابە گورگور، خاڵخاڵان، نەوت، سۆلاف) لەناو ئەو ناوانەدا ناوی سۆلاف لە هەمووی گونجاوتر بوو، شێخ پیرۆت نوسراوەکە دەبات بۆ وەزارەتی ناوخۆو ڕەزامەندی وەزارەت بۆ دامەزراندنی یانەی سۆلاف دێنێتەوە. پێش پێکهێنانی دەستەی ئیداری یانەکە، یەکێک لە دوکانەکانی مام قادر حەمامچی لە سەر خاسە دەگرن، دواتر بە ئامادەبوونی دادوەر ئەحمەد زرنگ کە ئەو کاتە حاکمی بەدائەی کەرکوک بوو لە بارەگای یانەکە دەستەی ئیداری هەڵدەبژێرن، کە بەم شێوەیە بوو:

شێخ پیرۆت شێخ فازڵ تاڵەبانی – سەرۆک. شێخ ستار سەید عەبدوڵڵا – جێگری سەرۆک. سەلاح ساڵح – سکرتێر. خەلیل عەبدولکەریم – ئەمین سەندوق. خورشید عوسمان ڕابی – ئەندام. مەجید کەریم – ئەندام. مامۆستا فاتیح نەقشەبەندی – ئەندام.

عەبدولخالق عەبدولڕەحمان – ئەندام ستار محەمەد ڕەسوڵ – ئەندام .

دوای هەوڵ وکۆششێکی زۆری شێخ پیرۆت وهاوڕێکانی کورد بوونە خاوەنی یانەیەکی وەرزشی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش یانەکە گەشەی دەکردو بووە یانەیەکی ناوداری کەرکوک و مێژووییەکی پڕ لە سەروەری بۆ کورد وکەرکوک تۆمار کرد .

هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی یانەی سۆلاف، لە هەموو لایەکەوە خەڵک وناوەندو یانەکان، سەردانی یانەی سۆلاف دەستی پێکرد و خەڵکێکی زۆر داوایان پێشکەشکرد بۆ ئەندام بوون لە یانەکە، یانەی (سەورە) بە سەرۆکایەتی (عەزەدین قۆجە وئەندامێتی قادر قۆز و قاسم دێوو محەمەد بەلا) بۆ پیرۆزبایی سەردانی یانەی سۆلافیان کرد ودیاری دەستیان بریتی بوو لە مێزێکی ئاسن و چەند کورسیەک، بۆ ئەو ڕۆژگارە دیارییەکی گەورەو زۆر بوو، شێخ پیرۆت دەڵێ: پارەمان کەمبوو، ئەوەی هەمان بوو تەنها (١٢) دینار بوو، ئەو (١٢) دینارەش لە نێو خۆماندا کۆمانکردبووەوە، پێشتر لەکاتی هاتوچۆکردنی بەغداد بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، خۆم ئەو خەرجییانمان دەدا .

**شێخ پیرۆت دەڵێ:**

لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی ئەندامانی یانەی سۆلاف گەیشتە (٧٠٠) ئەندام، یانەکە بەئابوونەی ئەندامان بەڕێوەدەچوو، ئابوونەی ئەندامان مانگانە لە (١٠٠) فلس بۆ سەرەوە بوو. یانەی سۆلاف لە سەرەتاوە بەتیپی تۆپی پێ دەستیپێکرد، لەو چوارچێوەیەدا تیپی پلە یەک و پلە دوو وپلە سێمان دامەزراند، تیپی پلە یەک بریتی بوون لە (نوری حەسەن کوردی ڕاهێنەری تیپ بوو، یاریزانەکان، جەبار کوردی، ستار کوردی، غەنی کوردی، حەسەن محەمەد ئەمین، ئەنوەر عارف، بەکر شوکر، عەدنان عەبدولقادر، تاریق عەبدولقادر)، تاریق کاپتن بوو، هەر بە کاپتن بانگدەکرا، تاریق یەکێک بوو لە یاریزانە باشەکان و خاوەن هەڵوێستی جوامێرانە بوو، هەروەها مالیک میرزا،

سەرگۆن، عەبدولوەهاب، یاسین هیلال، فەخرەدین سەراج گوڵچی بوو) یەکێک لە کەسایەتی ویاریزانەکان عومەر خەتاب بوو، کە تائێستا بواری وەرزشی جێنەهێشتووە وناوێکی دیاری دونیای وەرزشی کەرکوک وکوردستانە. لە پاڵ تیپەکانی یانەی سۆلافدا، تیپە میللیەکان بوونیان لە گەڕەکەکان هەبوو، لە ئیمام قاسم، شۆڕیجە، ڕەحیماوا، دووبز، یەکێک لە تیپە میللیە ناودارەکانی کەرکوک، تیپی بەرزان بوو، کە ناوەندێک بوو بۆ پێگەیاندنی یاریزانان، تیپی ئاسۆش لە ڕەحیماوا یەکێک بوو لە تیپە گرنگەکانی ڕەحیماوا وکەرکوک .

شێخ پیرۆت لە درێژەی بیرەوەریەکانیدا سەبارەت بە یانەی سۆلاف باسی چەندین یاری دەکات لە گەڵ تیپ و یانەکانی عیراقو دەڵێ: یاریکردن لە گەڵ هەڵبژاردەی حەبانیە کە سێ یاریزانی هەڵبژاردەی عیراقی تێدا بوو شەدراک یوسف، گلبرت ئەویقەم، گۆرگیس ئیسماعیل، لەم یاریەدا یانەی سۆلاف دوو بەرانبەر بەسفر، یانەی سۆلاف براوەبوو، یانەی ئاشوری بەغدا، یەکێک لە یانە گرنگەکانی بەغدا بوو، بەرپرسی ئەم یانەیە (ئارام ئەکرەم) بوو، ئەنجامی ئەم یارییەش دوو بە یەک بە قازانجی یانەی سۆلاف یارییەکە کۆتایی هات، جگە لەو یانانە سۆلاف لە گەڵ تەندروستی موسڵ ویانەی هەولێر وسلێمانی، براوە بوو.

لە یاریەکدا بەرامبەر تیپی فیرقەی سێی عیراق کە ئەنجامەکەی یەکسان بوو، یەکێک لە یاریزانە ناودارەکانی عیراق یاری بۆ فیرقەی سێ دەکرد، ئەویش جەبار ڕەشەک بوو.

دوای بەیاننامەی (١١)ی ئازار، دەستوەردانی سیاسی کەوتە ناو یانەکەوە، هەوڵێکی زۆر درا شێخ پیرۆت لە یانەکە دوور بخرێتەوە، چ بە دژایەتیکردن و چ بە پێشنیار کردنی خەڵکی تر بۆ جێگاکەی، لە ئەنجامی ئەو دژایەتیکردن و دەستێوەردانانەدا، هەڵبژاردن بۆ دەستەیەکی ئیداری نوێ کرا، جارێکی تر شێخ پیرۆت بەزۆرینەی دەنگ بووەوە بە سەرۆکی یانەی سۆلاف، بەڵام دەستیوەردان ودژایەتیکردن کۆتایی نەهات، سەرەڕای ئەو دژایەتیەش، یانەی سۆلاف هەڵوێستی کوردانەی خۆی لەدەستنەدا وتا دوارۆژی داخستنی یانەکە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە شێخ پیرۆت سەرۆکی یانەی سۆلاف بوو، ئەوەی شێخ ستار سەید عەبدوڵڵا لەو کتێبەکەی کە لە سەر یانەی سۆلاف نووسیوێتی باسی ئەوە دەکات، کە ئەحمەد حاجی جەبار و فاتیح حەمەبەگ سەرۆکی یانەی سۆلاف بوون، لە ڕاستیدا ئەو دوو بەڕێزە پاڵێوراوی پارتی بوون بۆ سەرۆکی یانەی سۆلاف دوای بەیاننامەی (١١) ئازار، بەڵام ئەو دوو بەڕێزە بەشداری هەڵبژاردنیان نەکرد وهیچ ڕۆژێکیش سەرۆکی یانەی سۆلاف نەبوونە، خوالێخۆشبوو ئەحمەد حاجی جەبار لەهەڵبژاردنەکەدا کشایەوە، فاتیح حەمە بەگیش ئامادەی هەڵبژاردنەکە نەبوو، بۆیە پێم باشە بۆ مێژوو ئەو هەڵەیەی کە شێخ ستار سەید عەبدوڵڵا تێکەوتووە ڕاستبکەمەوە .

لە ڤیستیڤاڵێکی پارێزگای کەرکوکدا، یانەی سۆلاف لە بەشداریکردنی خۆپیشاندانێکدا ڕازی نەبوو وێنەی سەدام بەرز بکاتەوە، ئەم هەڵوێستەی سۆلاف بووە مایەی دەستخۆشی لێکردن و بارزانی ڕەحمەتیش بە دیاری (کاسێکی) بۆ ناردین کە تا ئێستا لای شێخ پیرۆت پارێزراوە.

دوای ئەو دەستێوەردانانە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ یانەکە بەرەو لاوازی دەڕۆیشت تا ساڵی (١٩٧٨) بە بڕیارێکی پارێزکاری کەرکوک (محەمەد حەمزە ئەلزوبەیدی) یانەی سۆلاف هەڵوشێنرایەوە، بەشێک لە کەل وپەلی یانەکە گواسترانەوە بۆ یانەی (سەورە). پێش هەڵوەشانەوەی یانەکە چەند بەعسیەک کرابوونە ئەندامی یانەکە .

**جگە لە تیپی تۆپی پێ چەندین تیپیی جۆراو جۆر دامەزران لەوانە :**

١- پاسکیل سواری. یەکێک لە وەرزشەوانانی پاسکیل سواری کە دواتریش بووە ئەندامی دەستەی ئیداری یانەی سۆلاف مامۆستا بەکر ساڵح شۆڕاوی بوو، مامۆستا بەکر جگە لە وەرزشوانی پیاوێکی دڵسوز ونیشتمان پەروەر وکورد پەروەر بوو، لە ڕاپەرینی (١٩٩١) کوڕێکی شەهید بوو .

٢- یاریەکانی ئاسن و لەش جوانی .

٣- تێنس وباله وچەندین تیپی جۆراو جۆر، جگە لەو تیپانە تیپی بالەی کچانیش هەبوو، لە یاریزانە دیارەکانی یانەی سۆلاف عالیە محەمەد ئەمین بوو، کچێکی ئازا وسەربەست و وەرزشوان بوو.

ئەو کەسایەتیانەی کە بە بەردەوامی هاوکاری مادی یانەی سۆلافیان دەکرد، چەند کەسایەتیەکی دیاری کەرکوک بوون، لەوانە (کاکەی حاجی مەحمود، کوردە قەساب، شێخ فازڵ تاڵەبانی، شەهید غازی تاڵەبانی، کۆگای فاروق)

دکتۆر عومەر دزەی، یاریزانەکانی بە خۆڕایی چارەسەر دەکرد وبەردەوام نۆڕینگەکەی خستبووە خزمەتی یاریزانانی یانەی سۆلافەوە.

یانەی وەرزشی سۆلاف، ناو وێستگەیەکی گرنکی وەرزشە لە کەرکوک، دامەزراندنی یانەی وەرزشی سۆلاف، خاڵی وەرچەرخانی وەرزش بوو لە کەرکوک، سۆلاف بوو بەناوەندێک دەیان وەرزشوان وشارەزای لە بوارەکانی وەرزش پێگەیاند، جگە لە وەرزش وچالاکی وەرزشی سۆلاف بووە ناوێک بۆ هەڵوێستی کوردایەتی و نیشتمانی، سۆلاف بە جۆرێک گەشەی کرد وخۆی سەپاند، کەسایەتی ولایەنە سیاسیەکانیش بە شێوازی جۆراو جۆر هەوڵیاندەدا خۆیان لە یانەکە نزیکبکەنەوە. جگە لە مانەش کەسانێکی زۆر بۆ خۆشەویستی یانەی سۆلاف ناوی سۆلافیان لە کچەکانیان نا.

یەکێک لە کەسایەتییەکانی دیکەی بنەماڵەی شێخ پیرۆت، (غالیە خانی کچی شێخ محەمەد حەبیب)ی ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقە، غالیە خان لە دایکەوە کچی ڕازیە خانی کچی شاعیری گەورەی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانیە، غالیە خان دایکی کاک خەسرەو

هەواڵنامەی کێتب

و نەسرین خان و شێخ پیرۆت وئەندازیار هەوری خان وپزیشکی ددان پەریخانە، غالیە خان ژنێکی خوێندەوار ودونیا دیدەو پێگەدار بوو، حەپسەخانی نەقیب ومریەم خانی سەید ئەحمەدی خانەقا وحەلاوە خانی شێخ مەحمود ومەلیحەخانی شێخ رەوف شێخ مەحمود وخێزانی سەعید قەزاز وتۆفیق قەزاز وشەکر خان دەبوونە میوانی غالیە خان و لەمەجلیسەکەیدا دادەنیشتن، ژنانی بنەماڵەی یاقووبیەکان و خێزانی ڕوشدی پاشا بەردەوام سەردانی غالیە خانیان دەکرد ولە دیوەخانەکەی غالیە خان دادەنیشتن .

(ڕوشدی پاشا) ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای عیراق بوو لە هەمان ئەو خولە سەربازیەدابوو کە نوری سەعیدی تیا بوو، پێکەوە لەگەڵ نوری سەعید لە حیجازەوە لە گەڵ مەلیک فەیسەڵ گەڕایەوە بۆ عیراق، ڕوشدی پاشا لە کەسایەتیە سەربازیکانی عیراق بوو، کە دۆستایەتی لە گەڵ ماڵ شێخ پیرۆت هەبوو، بەزۆری خێزانەکەی سەردانی غالیە خانی دەکرد .

لە ساڵی (١٩٦٢) دا کە باوکی شێخ پیرۆت کۆچی دوایی کرد، غالیە خان ئازایانە وسەر بەرزانە، جگە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان وڕاپەڕاندن وسەر پەرشتیکردنی زەوی وزارو بەرژەوەندی بنەماڵەکەیانی دەکرد، خوێندن بە خەسرەو و نەسرین خان وشێخ پیرۆت و هەوری خان وپەری خان تەواو دەکات، لە ناو ئەم بنەماڵەیە جگە لە شێخ پیرۆت هەوری خان شوێن پەنجەی بە تەلارو وخانووە جوانەکانی کەرکوکەوە دیارە، سەنتەری ڕۆشنبیری کەرکوک لە گەڕەکی ئیسکان یەکێکە لە داهێنانە جوانەکانی هەوری خان وهێمایەکی جوانی عەقڵ ودەست پەنجەی کچە کوردێکی کەرکوکە.

کەرکوک



(ڕوشدی پاشا) ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای عیراق بوو لە هەمان ئەو خولە سەربازیەدابوو کە نوری سەعیدی تیا بوو، پێکەوە لەگەڵ نوری سەعید لە حیجازەوە لە گەڵ مەلیك فەیسەڵ گەڕایەوە بۆ عیراق، ڕوشدی پاشا لە کەسایەتیە سەربازیکانی عیراق بوو، کە دۆستایەتی لە گەڵ ماڵ شێخ پیرۆت هەبوو، بەزۆری خێزانەکەی سەردانی غالیە خانی دەکرد

**شێخ پیرۆت لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەرشیف وبەڵگەنامە وزیاتر لە یەک ملیۆن وێنەی ڕەش وسپی ڕووداو وکەسایەتی ویانە ودیمەنەکانی کەرکوک دەکات، کە لە ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) دا، بەعس تاڵانی کردن وسوتاندنی، شێخ پیرۆت دەربارەی ئەرشیفەکەیان دەڵێ :**

یەکێک لەو دەستنووسە دەگمەنانەی لە ناوچوو، دەستنووسێکی دەگمەن وپڕ بایەخی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بوو، ئەو دەستنووسە دوو بەش بوو، بەشێکیان (٣٦) لاپەڕە بوو، شێخ ڕەزا بە زەعفەران بە دەست وخەتی خۆی نووسیبووی، بەشەکەی تر سێ دەفتەر شیعر بوو، کە بە خەتی کاکە حوسێن سەید ئەحمەد خانەقا نووسرابوو، سەید ئەحمەدی خانەقا و کاکە حوسێن گرنگی زۆریان بە شیعرەکانی شێخ ڕەزا دەدا، سەید ئەحمەدی خانەقا هەموو شیعرەکانی شێخ ڕەزای لە بەر بوو، وەک دەگێڕنەوە، سەید ئەحمەدی خانەقا یەکجار لە بەردەمیدا شێخ ڕەزا شیعرێکی بۆ خوێندبێتەوە لە بەری کردووە، شێخ پیرۆت لە باو باپیریەوە بیستوویەتی کە جارێک لە خانەقا سەید ئەحمەد لە ناو قسەکانیدا شیعرێکی شێخ ڕەزا دەخوێنێتەوە، شێخ قادر سیامەنسوری لە مەجلیسەکە دەبێ، داوا لە سەید ئەحمەدی خانەقا دەکات جارێکی تر شیعرەکە بخوێنێتەوە، چونکە شێخ قادری سیامەنسوریش بەوە بەناو بانگ بوو کە بەجارێک و دوو جار شیعری لە بەر کردووە، سەید ئەحمەد ڕازی نابێت شیعرەکە دووبارە بکاتەوە ودەڵێ من شێخ ڕەزا یەکجار بۆمی خوێندوەتەوە .

مام جەلال ئاگاداری ئەم دەستنووسانە بوو، هەر دوای ڕاپەڕین کە چاوی بە شێخ پیرۆت کەوتبوو، پرسیاری ئەو دەستنووسانەی کردبوو، جگە لەو دەسنووسانە دەیان بەڵگە و دەسنووسی تر سوتێنران، یان تاڵان کران، لە وانە (٨٠٢) لاپەڕەی بیرەوەری خودی شێخ پیرۆت لە بەندیخانە و زیاتر لە یەک ملیۆن وێنەی سەردەمە جیاجیاکانی کەرکوک، کە بەشێک بوون لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرزشی وڕووناکبیری کەرکوک، بە پێی قسەی هەندێک لە شایەتحاڵەکان تا زیاتر لە نۆ ڕۆژ تاڵانکردن لە ماڵی شێخ پیرۆت کۆتایی نەهاتووە، لە ناو کەل وپەلە تاڵانکراوەکاندا دوو (دەوری فەخفوری) کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی (١١٧٢)ی زایینی، کە قەت لە بیر شێخ پیرۆت ناچێتەوە .

بەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانی شێخ پیرۆت بریتیە لە گرتن وڕاوەدونان و تەنگ وچەڵەمەکانی ژیان، کە لە نەورۆزی (١٩٥٧)وە دەستپێدەکات، لەو ساڵەدا هێشتا سەردەمی حوکمڕانی پاشەیەتی بوو، بەشیر حەدید موتەسەڕیفی کەرکوک بوو، شەهید عەلی عەسکەری لە کەرکوک بوو، لە قۆناغی ئامادەیی بوو، بڕیاریدا بە سەرپەرشتی خۆی ئاهەنگیک بۆ نەورۆز ڕێکبخەن، بۆ شوێنی ئاهەنگەکە پارچە زەویەکی ماڵی شێخ پیرۆت لە گەڕەکی ئیسکان دەسنیشان دەکەن، شێخ پیرۆت وکۆمەڵێک قوتابی دیاری دەکەن بۆ ڕێکخستنی شوێنی ئاهەنگەکە، قوتابییەکان جگە لە شێخ پیرۆت ئەمانەشی تیا بوو (کاک

هەواڵنامەی کێلێ

خەسرەو، چالاک شاکیر، جیهان سدیق، نەوزاد کاکەی حاجی مەحمود، شێخ یوسف شێخ عەزیز، دارای حاکم مەجید یاوەر، ئەوەی زۆر هاوکاری قوتابیانی دەکرد لە گواستنەوە و هێنانی ئاوخەدیجە خانی خوشکی د. نوری تاڵەبانی بوو، خەدیجە خان دواتر بووە هاوسەری د. نیهاد فازڵ .

شەهید عەلی عەسکەری شێخ عەبدوڵڵای کەوەڵەی ڕاسپارد بوو، ڕەزامەندی موتەسەڕیفی کەرکوک بەشیر حەدید وەربگرێت. بنکەی پۆلیسی ئیمام قاسم مەفرەزەیەکی پۆلیس دەنێرن و شێخ پیرۆت و هاوڕێکانی دەگرن، شێخ پیرۆت و شێخ یوسف عەزیز تاپۆ ونەوزاد و کاکەی حاجی مەحمود جیادەکەنەوە وڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس دەکرێن، ئەم ڕووداو وگرتنە، کاریگەری زۆری دەبێت لە سەر شێخ پیرۆت، لەو ڕۆژە بەدواوە، بیر کردنەوە و هەڵسوکەوتی شێخ پیرۆت دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، هەر لە هەستی نیشتمانیەوە بگرە تا دەگاتە هەڵسوکەوتی کوردانەو خۆشەویستی کورد وکوردستان، کە شێخ پیرۆت تا ئێستایش دەستبەرداری خۆشەویستی کوردستان وکەرکوک نەبووە، کە ئەم گرتنە بەسەر شێخ پیرۆتدا هات باوکی لە بەغدا بوو، کە گەڕایەوە (شێخ پیرۆت وخەسرەوی برای و خاڵۆزاکانی سەردارو سالار) دەبات بۆ لای حەسیب ساڵح خەیات لە سەرەتایی بازاڕی جووت قاوە، سەرو قات جلی کوردیان بۆ دەدورێت .

شۆڕشی (١٤)ی تەموزی ساڵی (١٩٥٨) جگە لەوەی گۆڕانکارییەکی گەورەی چەندایەتی وچۆنایەتی بوو لە تێکڕای بوارەکانی ژیان، بە دیوەکەی تریدا ڕووداوی تاڵو کارەساتی گەورەی لێکەوتەوە، کە تا ئێستاش کاریگەری سلبیان هەرماوە .

**لە یەکەم ساڵیادی شۆڕشدا، لە (١٤)ی تەموزی ساڵی (١٩٥٩) بە بۆنەی یادی شۆڕشەوە، ڕێپێوانێکی گەورە لە کەرکوکدا ئەنجامدرا، چەند ڕۆژ بوو، چین وتوێژە جیاجیاکانی کەرکوک لە خۆ ئامادە کردندا بوون بۆ یادکردنەوەی شۆڕش، شێخ پیرۆت باسی ئەو ڕۆژە دەکات، کە خۆی لە ناو ڕێپێوانەکەدا بووەو دەڵێ :**

گەڕەکی ئیمام قاسم یەکێک بوو لەو گەڕەکانەی، چەند ڕۆژێک بوو لەئامادەکاریدا بوو بۆ یادکردنەوەی یەکەم ساڵیادی شۆڕش، ڕێپێوانەکە لەبەردەم چایخانەی سیروانەوە دەستی پێدەکرد، لە ڕۆژی یادەکەدا هەموو لای چایخانەی سیروان گردبوونیەوەو ڕێپێوان دستی پێکرد، ڕێڕەوەکەمان لە ئیمام قاسمەوە بە ئاراستەی شەقامی ئەتڵەس بوو، شێخ پیرۆت دەڵی ئێمە لە ڕیزی پێشەوە بووین بە شایی وهەڵپەڕکێ وسرودەوە ڕێمان دەکرد، ئەوانەی کە تا ئێستا لە بیرم مابن و لە ڕیزی ئێمە و پشتی ئێمەوە بوون بریتی بوون لە (جەلال عەبدولڕەحمان، عەباس ئەفەنی، عادل عیزەت، مستەفا کرێکار، جەبار پیرۆزخان، نوری سەید وەلی، نافع یونس)، هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەش کە لە کەرکوک هەبوون، جەماعەتی حیزبی شیوعی و جەماعەتی کامیل چادرچی ونیقابە و

سەندیکاکان بوون، ڕیزی پێشەوەش کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرم بووین (شێخ پیرۆت، نەوزاد سدیق ئەفەنی، نەجیب ساڵح، سەردار ساڵح، بەکر عەلی، جەلال حاجی مستەفا)، کاتێک ڕێپێوانەکە گەیشتە شەقامی ئەتڵەس، لە سەر بینای بانقی (ڕافدین) لقی شەقامی ئەتڵەس، کە هێشتا بیناکە تەواو نەکرا بوو، ژنێکی زۆری تورکمان لە سەر بیناکە بوون، لەسەر بیناکەوە بەرد باران کراین، لەو بەرد بارانەوە ناخۆشترین ڕووداو لە کەرکوکدا ڕوویدا تا ئێستایش ئاسەواری هەرماوە بەتایبەتی لەلای هەندێک لایەنی سیاسی توندڕەو سالآنە هەست وعاتیفەی خەڵک دەوروژێنن، ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٥٩) وئاسەوارەکانی بوونە مایەی (شەهید بوونی زیاتر لە (١٠٠) کەس لە کورد و تورکمان.

دوای ئەو ڕووداوە بارودۆخی کەرکوک تێکچوو، بە تایبەتی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو تورکمان. بەعسیش لە یەکەم حوکمڕانی خوێدا لە ساڵی (١٩٦٣) بۆ مەبەستە گلاوەکانی ئەو ڕووداوەی ناو بەناو دەکردە بیانوو بۆ هاندانی لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە وتەنانەت لە دوای کودەتاکەی ساڵی (١٩٦٨)ی بەعسیش ودوای تێکچوونی نێوان سەرکردایەتی کوردو بەعس، عەلی حەسەن مەجید هەوڵی زۆریدا، جارێکیتر وەرەقەی تەموزی ساڵی (١٩٥٩) بە شێوازی جۆراجۆر بە کاربهێنێ بۆ دروستکردنی کێشە وئاژاوە لە نێوان کوردو تورکمان .

**شێخ پیرۆت لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیدا، باسی بڕیاری دەستگیرکردنی دەکات، کاتێک لە قۆناغی یەکی کۆلێژی یاسا دەبێت لە بەغدا ودەڵێ :**

پێش کودەتاکەی ساڵی (١٩٦٣) دژی سیاسەتەکانی عەبدولکەریم قاسم مانگرتنێکی گەورە لە بەغدا ڕوویدا، ئێمە لە مانگرتنەکەدا بەشداریمان کـرد، تەنانەت بەشداریشمان نەکرد لە تاقیکردنەوەکاندا، ئەوانەی ئەو ڕۆژگارە لە بەغدا بووین ومانمانگرت بریتی بووین لە: ڕەووف ڕەشید، کە دواتـر بـووە حاکم و (سـەدام)ی دادگایکرد وحوکمی لە سێدارەدانی دا بە سەریا، ئەسکەندەر سەعید عەباس، دواتـر بووە بەڕێوەبەری تاپۆی دهۆک وماوەیەکیش بەڕێوەبەری تاپۆی هەولێر بوو، تاهیر خەلیل دەلۆ، موحسین عەلی دزەیی، نوری ئیسماعیل دزەیی برای دکتور عومەر دزەیی، کانەبی خدر پاشا، پەیمان خاڵس قازی، پەری تاڵەبانی خوشکی شێخ پیرۆت، شلێر ڕەفعەت مستەفا، نەوزاد ساڵح ڕەفعەت کە لە حکومەتی هەرێم بوو بەوەزیر، د. باقی دەباغ، دوا بە دوای مانگرتنەکە، کودەتاکەی بەعس لە (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) ڕوویداو دواتر تاقیکردنەوەکان بۆ مانگرتووەکان دەستپێکرد، چونکە لەناو مانگەرتووەکان جگە لە کورد، حیزبە قەومیەکان و بەعسیش بەشداریان کرد، تەنها حیزبی شیوعی بەشداری نەکرد .

لە سەروبەندی مانگرتنەکەدا و پێش کودەتاکەی

هەواڵنامەی کتێب

بەعس شێخ پیرۆت و سەرداری خاڵوزای بڕیاری گرتنیان دەردەچێت، ئەمانیش خۆیان دەشارنەوە، ئەو ڕۆژگارە ماڵی مامەی عارف لە بەغدا دەبێت، لەوێ لە ماڵەکەی ئەو خۆیان دەشارنەوە، دواتر دەچێتە شوقەکەی خەسرەوی برای، کە ئەو وەختە ئەندازیار بوو لە بەغدا لە نووسینگەی د. ئیحسان شێرزاد .

شێخ پیرۆت دەڵی دوای سێ هەفتە ڕەفعەت یاقووبی هات بۆ بەغدا وپێی ڕاگەیاندین، کە شێخ فازڵ تاڵەبانی ناردوویەتی بۆ ئەوەی بیانباتەوە بۆ کەرکوک، ئەمانیش لەگەڵی دێنەوە بۆ کەرکوک، ماوەیەک لە ماڵی شێخ فازڵ وهەفتەیەکیش لە ماڵی شێخ تالیب خۆیان دەشارنەوە، شۆڕشی کوردیش دەستی پێکردبوو .

لەناو شار بە نهێنی ئیش وکارەکانی ڕێکخستن وپێشمەرگایەتی دەکرا، ئەوانەی لە ناو شار مابوون، ڕەووف عارف لێپرسراوی ناوچەی کەرکوک بوو، کادرە ناسراوەکانی حیزب خۆیان شاردبووەوە و بەنهێنی ئیشیان دەکرد، کە ئەمانە بوون: (عەباس ئەفەنی، مەنسور تایر، جەلال عەبدولڕەحمان، مستەفا کرێکار، عادل عیزەت، کە دواتر بووە پێشمەرگە ویەکێک بوو لە هەشت پێشمەرگەکەی چەمی ڕێزان) ، ئەو سەردەمە لە ناو کادرو ئەندامانی حیزب تەنها شێخ پیرۆت ئۆتۆمبێلی هەبوو، بە ئۆتۆمبێلەکەی شێخ پیرۆت کادرەکانی حیزب دەگوازرانەوە وئەم ماڵ وئەو ماڵیان دەکرد، ئۆتۆمبێلەکەی شێخ پیرۆت مۆدیل (١٩٥٦) شۆڤرلێت ڕەنگی ڕەش ژمارە (٣٢) کەرکوک بوو، جگە لە گواستنەوەی کادرەکانی ناو شار، شێخ پیرۆت چەک وتەقەمەنیشی بۆ شۆڕش دەکڕی ودەیبرد بۆ لقی (٣) کە ئەو سەردەمە لە گوندی خاڵوبازیانی بوو، لێپرسراوی لقی (٣) مامۆستا عولەما بوو، شێخ پیرۆت بە گلابەکەی (حەمیدە زلە) چەک وتەقەمەنیەکانی دەگواستەوە، حەمیدە مەعدەنی بەردو کورەی گەچی لە بەرزاییەکانی جەبەڵ بۆر هەبوو لە دەرەوەی کەرکوک، بەعس لە جوڵانەوەکەی عەبدولسەڵام لە (١٨) تشرین ڕووخا.

لە دوای ڕووخانی بەعس، شێخ پیرۆت گەڕایەوە بۆ بەغداو خوێندنی دەست پێکردەوە ولە قۆناغی کۆتایی خوێندنیش جگە لە ئەرکە نیشتمانیەکەی خولیای دامەزراندنی تیپ ویانەی وەرزشی وەرزشەوانی بوو، شێخ پیرۆت تەمەنێکی پر لە سەروەری ونیشتمان پەروەری بۆ خۆی و بنەماڵەکەی تۆمارکرد تا ئێستایش لە چالاکی سیاسی خۆی بەردەوامە وخاوەنی کەسایەتیەکەی گرنگی کۆمەڵایەتی کەرکوکە ودیوەخانەکەی بەردەوام کراوەیە، پەیوەندی بەزۆرربەی کەسایەتیە ناودارەکانی کەرکوک وکوردستانەوە هەیە .



# خیانەت لە مێژووی کورددا

گۆران سەلام

لە بەرخودانی بەدرخان پاشای بۆتان لە ساڵی ١٨٤٧ (عەبداڵ خانی موکیس و نورولڵا بەگی هەکاری بە نمونە)

بێگومان سەردەمی خەباتی بەدرخان پاشا یەکێکە لە قۆناغە دیار و کاریگەر و هەستیارەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد, چونکە لەسەروبەندی سەپاندنی سیستەمی بە مەرکەزیکردنی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو هەروەها دوا قۆناغی جوڵانەوەی میرنشینی بوو لە کوردستاندا، جگەلەمانەش هەژمون و دەسەڵاتی ئەوروپی

لە ئارادا میرنشینی بۆتان خاوەنی مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و بنەماڵەی(عەزیزی) کە میری جەزیرە بوون، وەک لە شەرەفنامەدا ئاماژەی پێکراوە خۆیان بەنەوەی(خالیدی کوری وەلید)زانیوە بۆیە لە ناو کوردا نازناوی خالیدی بەو میرانە دراوە.(١) ئەم میرنشینە لەساڵی(١٥١٥)زایینی لەلایەن سوڵتان سەلیمەوە دانی پێدانرا,بەناوبانگترین میری ئەم میرنشینە(بەدرخانی کوڕی عبدالخالق)بوو لەساڵی(١٨٢١)لەدوای باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست, هەندێ لە نوسەران پێیان وایە ئەم شۆڕشە یەکەم شۆڕشە کە دەتوانرێت پێی بگوترێت شۆڕشی نەتەوایەتی, چونکە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو جگەلە بەستنی (پەیمانی پیرۆز)(*) کەبۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی کوردا بتوانرێت زۆربەی سەرۆک خێڵ و میرەکان کۆبکرێتەوە.(٢) میر دەستی بەبڵاوکردنەوەی پروپاگەندەیەکی خەستکردبوو داوای لە هەمووان دەکرد ڕیزەکانیان یەکبخەن لە پێناو ڕزگاری نیشتیماندا کەوتنە کار بۆ ئەم مەبەستە تێکرای پیاوانی و هەموو ڕابەران و سەرۆک خێڵەکانی کورد و بەشێکی زۆری خەڵکی (وان,هەکاری,مووش,خێزان,قارس,موسڵ,میر نشینی ئەردەڵان)بەدەم داواکەیەوە هاتن و چوونە ڕیزی پەیمانەکەوە. (٣)

هەرچەندە هۆکارە ناوخۆییەکان یارمەتی بەدرخانی نەداوە و جگەلەوەی هێزە دەرەکیەکانی دیکەش پشتیوانی عوسمانیان کردووە.(٤) ئەمەش وایکرد سەدەی نۆزدەهەم ببێتە سەدەیەکی گرنگ و قۆناغی خەباتی کورد دژی عوسمانیەکان.(٥) لەم هەلومەرجەدا بەدرخان پاشا توانی گەورەترین شۆڕش لە باکوری کوردستان هەڵبگیرسێنێ.(٦)

بەم شێوەیە ئەرکی بەدرخان پاشا بەهۆی بەستنی پەیمانی ئەرزرۆمی دووەمی ساڵی ١٨٤٧ قورسترببوو, چونکە هۆزە کوردیەکانی دابەشکرد بەسەر هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانیدا.(٧) بەڵام پەیمانی پیرۆز گڕوتینێکی دا بە شۆڕش,چونکە نورولڵا بەگ لە دەڤەری هەکاری, دەرویش بەگ,خالید بەگی خجان,شەرەف بەگی مووش و کوڕی حسەین بەگ کە سەرۆکی ناوچەی قارس بوو دواتریش میری ئەردەڵان هاتنە ڕیزی پەیمانەکەوە. (٨)

دەبینین یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم جوڵانەوەیە هەر لەسەرەتاوە سروشتی پەرچە کرداری هەبوو, چونکە سوڵتان هەوڵیدا ڕیفۆرم بکات و دەسەڵاتی مەرکەزی بەهێز بکات ئەمەش نارەزایی لێکەوتەوە.(٩) هەروەها بەردەوامبونی تەنگەژەی نێوان عوسمانی و ئێرانی هاتنە ناوەوەی هەژموونی ڕووس و ئینگلیز بوونی هەبوو بۆ ئەم دوو دەوڵەتە ئەمەش هەلێکی وای ڕەخساند بۆ میر بەدرخان کە خۆی بەهێز بکات, (١٠) بەڵام هەندێ لە توێژەران سەدەی نۆزدەهەم بە سەدەی بە ئاگا هاتنەوە و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی دادەنێن لەڕوانگەی شۆڕشەکانی بەدرخان و شێخ عوبەیدوڵلاوە کە بۆ



دەوڵەتی سەربەخۆ تێکۆشاون. (١١) خەباتی بەدرخان پاشا لە ساڵی(١٨٤٧)گەیشتە لوتکە و دوا قۆناغی خەباتیشی بوو پێشتر لەگەڵ نورولا بەگدا لە سیەکانی سەدەی نۆزدەدا لە خەباتدا بوون، هەروەها شۆڕشەکەی محەمەد پاشای ڕەواندز دەکرا وانەی گرنگی لێوەربگیرێ, چونکە زۆر نەبوو کۆتایی هاتبوو. (١٢) بەڵام ئایا ئەم نمونەیە لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانیدا یەکدەگرێتەوە یان نا؟,چونکە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی برتییە لە بزاڤێکی شۆڕشگێری کە ئامانجی لەناوبردنی دەسەڵات و ستەمکاری بیانیە لەلایەنەکانی ڕامیاری و ئابوری و ئایدۆلۆژی لەپێناو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریدا.(١٣) هەروەها پەیوەندی لەگەڵ مەحمود خاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەدوای بەرخۆدانەکانی کوردا لەساڵی(١٨٤٧)دواتر سەرجەم ناوچەکانی کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتیدا بوو باجی کۆئەکردەوە خرانە سەر والی موسڵ.(١٤) دوای ئەوەی بەدرخان پاشا توانی کێشەکەی (نورولا بەگ)چارەسەر بکات ویستی کێشەی(عەبدولا)خانی حاکمی(مکیس) بکات کە نەیئەویست دژی تورک بجولێتەوە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ بەدرخان پاشا, چونکە عەبدولا خان شەش برای هەبوو هەریەکە ناوچەیەکی(وان)ی لەژێر دەستدا بوو, بەڵام سەرەنجام ڕازی بوو, هاتە پەیمانی پیرۆزەوە.(١٥) دەبینین ئامانجە نەتەوەیەکانی بەدرخان پاشا ڕوونە کەچی میرێکی وەکو(عەبدال خانی موکس)هاوپەیمانی بەدرخان پاشای قبوڵنەکردو دواتر بەدرخان هێرشی کردە سەری و شکاندی. (١٦)

بەرلە دەستپێکی شۆڕشەکە دەبینین نەخشەکەی بەدرخان پتەو نەبووە لەچوارچێوەی شێوەیەکی عەشایەری و خێڵەکی تێنەپەریوە و دەزگایەکی ڕێکوپێکی دانەمەزراندوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوخۆ وەک سوپا, بێگومان کە شۆڕش دەستپێکرد هێزە هەرەمەکییەکەی بەدرخان ڕووبەری سوپای مەشق پێکراوی چەکداری حکومەت بوونەوە سەرۆک عەشیرەتەکانیش بەشێوەی لێک پچڕاو ڕووبەڕووی سوپای تورک بوونەوە، هەر لەسەرەتای پەیمانی پیرۆزەوە سەرۆک عەشیرەتەکان(داوای بەشی خۆیان کردبوو,کردبوویان بەمەرج لەدوای شۆڕش )

بێگومان جوڵانەوە گەورەکەی بەدرخان پاشاش وەکو زۆربەی جوڵانەوەکانی دیکە لە(خیانەت)بەدەر نەبوو. هەر لەسەرەتاوە کاربەدەستانی عوسمانی کەوتنە فریودان و کڕینی سەرکردە کوردەکان یەکەم کار کە کردیان بریتی بوو لە بەخشینی پلە بە شەریف بەگی قایمقامی موش و بەکارهێنانی لەو کارەدا.(١٧) چونکە هێز و ناوبانگی شەرەف بەگ لەو دەڤەرە ئاشکرایە هەروەها یەکێکە لە دۆستەکانی بەدرخان بەگ و لەگەڵ نورولڵا بەگی میری هەکاری و مەحمود خان و کەسانی تردا پەیوەندی هەیە، بۆیە بیرکرایەوە ئەگەر ئەم ڕازی بێت سودی دەبێت بۆ دەستخستنی ناوبراوان و میرەکانی دیکە ئیرەیی پێدەبەن.

(١٨) بۆیە لە ڕێگەی تەماح و بەرتیلەوە زۆربەی لایەنگرانی بەدرخان پاشا کڕدرابون.(١٩) پێکدادانەکەی ناوچەی وان و گەواش تورکەکانی توشی شکست کرد و زیانی گەورەیان بەرکەوت، بەڵام ئەبداڵ خانی ناوچەی وان بەبێ بەرگری کردن خۆی تەسلیمی تورکەکان کرد.(٢٠)

پاشان(بەهلول بەگ)ی قایمقامی بایەزیدیش کەهەر لە کۆنەوە بەنەریتی مولکداری میراتگری دەسەڵاتی بایەزیدی ڕبەیوە دەبرد، لەدوای شەریف خان ئەمیش لەلایەن تورکەوە بەدەستخرا لە ڕاپۆرتی(٩-٤-١٨٤٧)دا هاتووە کە مۆری ئەرزرۆمی پێوەیە، بەهلول بەگ لەبەرئەوەی بەر لەمیرەکانی دیکە گوێڕایەڵی خۆی ڕاگەیاندووە پلەی لە نزیک سوڵتان پێدەدرێ, چونکە تەنزیماتی خەیریەی پەسەندکردووە پاشان خەڵاتکراو پلەکەی لە میر لیواوە کرا بە (میری میران).(٢١)

میرە کوردەکان تەنیا بەوەوە نەوەستاون کە ملکەچی خۆیان ڕاگەیاندووە، بەڵکو هەوڵی بەردەوامیان داوە میرەکانی دیکەش ڕازی بکەن ملکەچی سوڵتان بن بۆنمونە (عوسمان پاشا)ی تورک(شەریف پاشا)ی خۆفرۆش ئەنێرێت تا قەناعەت بە نورولا بەگ و مەحمود خان بکات, پێیان دەڵێت (هەر کەسێک لە ئایین و دەوڵەتی عوسمانی هەڵهاتبێت لە ئاکامدا چارەنوسی هەر تیاچوون بووە، لەبەرئەوە لەلایەن سوڵتانەوە فەرمانم پێدراوە بەرپرسیارێتی هەڵدەگرم کە هیچ زیانێک بە سامان و شکۆ و گیان و ناموستان ناگات) دواتریش بروبیانوی لە جۆری ترسام یان بە قسەی فلان فریودرام نایخوات، لە کاتێکدا دەرگاکانی لێبوردن ئامادە و میهرەبانی و پایە بەرزی کراوەن بۆئەوەی سبەینێ لە ڕۆژی حەشردا هیچ قسەیەکتان نەبێت بەرامبەر بە من بە هیچ شێوەیەک ڕێگاتان پیشان ئەدەم (٢٢) شایەنی باسە لێرەدا خیانەت پێگەیەکی ئایینی وەها وەردەگرێت، کە بڕیار لەسەر ڕۆژی دوایی و قیامەت ئەدات و ئەبێتە شەفاعەتکاری ئەو کەسانەی کە لە دەرباری ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵناگەڕێتەوە.

بۆیە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی گەلەکەماندا بە دەیان بەڵگە و سەدان جاریش کورد پێش سوپای دوژمن و داگیرکەر کەوتوە و دەسەڵاتی کوردیان پێ لەناو بردووە. (٢٣) قسەکانی عوسمان پاشا و شەریف پاشا هیچ کار لە مەحمود خان ناکات، بەڵام نورولا بەگ فریو ئەدەن و چیدی لەشەڕەکاندا بەشداری ناکات و ملکەچی عوسمان پاشا دەبێت لە پای ئەمەشدا خەڵات دەکرێت و پلەی(سەرگەورەی دەرگاوانی دەرگای عالی) پێبەخشرا دواتر وەک بەڕێوبەری هەکاری دامەزرا دوای بەرخۆدانەکە دەسەڵاتی مسۆگەر کرا و ئیبراهیم خانی کوڕیشی لە سوپادا وەرگیرا.(٢٤) بەوجۆرە شەریف بەگ ویستی دووبەرەکی لە نێوان مەحمود خان و بەدرخاندا دروست بکات, بەڵام مەحمود خان بە خوێنساردی و بێبایەخانە پێشوازی لە شەریف بەگ کرد دواجار بە شریف بەگی وت (سوێندم خواردووە لەگەڵ بەدرخان پاشادا لە خیلافدا نەبم) ڕاوێژ بەو دەکەم و بەپێی قسەی



ئەو ڕەفتار دەکەم.(٢٥) بەپێچەوانەی گەلان و نەتەوەکانی تەواوی ئەم سەر زەوییە خیانەت کردن لای بەشێک لە گەلیی کورد کارێکی ئاساییە، هەرگیز سڵی لێ نەکراوەتەوە کەچی بەپێچەوانەوە خیانەتکردن لای گەل و نەتەوەکانی تر کارێکی زۆر سەخت و تاوانێکی گەورەیە.(٢٦)

هەوڵەکانی عوسمانی بۆ پوچەڵکردنەوەی هاوپەیمانی میرە کوردەکان ئەنجامێکیان دەستگیر بوو کە هەرگیز چاوەڕێی نەبوون, چونکە توانیان عەبداڵ خانی برای مەحمود خان بەلای دەوڵەتدا ڕابکێشن هەروەها هەوڵی میرەکانی کورد لەپاڵ لێپسراوانی عوسمانیدا ڕۆڵی هەبوو لەو سەرکەوتنەی عوسمانیەکاندا میرانی هاوپەیمانی پەیمانی پیرۆز. بڕیاریاندا بەدرخان بچێتە قەڵای(خۆشاب) و مەحمود خانیش بچێتە قەڵای وان بەرگری بکات، ئەم حیسابەی میرە کوردەکان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بوو، لەلایەن عەبداڵ خانی برای مەحمود خانەوە شێوێنراو هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو لەساڵی(١٨٣٨)کاتێک مەحمود خان لە دژی عوسمانیەکان وەستاو دواتر لەلایەن میرەکانی بۆتان و هەکاریەوە بەزێنران و مەحمود خان و براکانی دوورخانەوە. بۆیە ئەبداڵ خان ئەمەی لەبیر نەچووبوو هەردەم لەگەڵ بەدرخاندا سارد بوو کاتێکیش مەحمود خان ئەچێتە پاڵ بەدرخان ساردی ئەکەوێتە نێوان هەردوو براوە. لەبەرئەوە پەنای بردەبەر عوسمانیەکان چونکە لە قەلای خوشاب بوو، پێش ئەوەی بەدرخان بچێتە ئەم قەڵایە هەڵهات لەبەرئەوە لەکاتێکی زۆر هەستیاردا ناپاکی کردو هەروەها یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوە بوو لەسەرەتاوە(مەحمود خان و بەدرخان پاشا)عەبداڵ خانیان پشتگوێ خستبوو. (٢٧) پاشان عەبداڵ خان ڕووبەڕووی مەحمود خان و بەدرخان پاشا دەبێتەوە و ڕایگەیاند قەڵای

هەواڵنامەی کتێب

خۆشاب دەپارێزێت, مەحمود خان بەم ناپاکییەی عەبداڵ خان شڵەژا و نامەی بۆ نارد تاوەکو قایلی بکات و دەست هەڵبگرێت. هێزەکانی عەبداڵ خان بەرەیەکیان دژی مەحمود خان و بەدرخان دروستکردبوو کە ڕووبەڕوو بوونەوەیان مەحاڵ بوو، پاشان مەحمود خان لە نامەیەکدا پێی دەڵێت ئەگەر ناوچەت دەوێ بابتدەینێ لـەوەودوا نابێت دەست بخەیتە بەرژەوەندی هەژارانەوە, ئەگەر گوندیشت دەوێت با بتدەینێ و نیشتەجێبیت ئەگەر متمانەشمان پێناکەیت یا کارێکی وابکەین قایل بییت وەرە لە لەلای من بمێنەوە و بخۆ و بخۆرەوە و نۆشی گیانت بێت، ئەگەر لەمەودوا پارە لە هەژاران وەربگریت لێت قبوڵ ناکەم, جگە لەوەش مەحمود خان نامەیەکی یەکێک لە پیاوەکانی عەبداڵ خانی نارد بەناوی حاجی عەبدی ئەفەندی. دوای لێکرد لە عەبداڵ خان بخوازێت دەست نەخاتە کاروباری وڵاتی کوردانەوە.(٢٨)

ئیدی خیانەتە ناوخۆیەکان گەورەترین ڕۆڵیان هەبوو لە شکست هێنانەکاندا.(٢٩) پاشان عەبداڵ خان وەڵامی نەرێنی عەبداڵ خانی دایـەوە، دواتـر بـەدرخـان پاشا لەرێگەی عەلی ئاغاوە نامەی بۆ عەبداڵ نارد لە(٧-٥-١٨٤٧)تێیدا نوسرابوو:

(معراجی شەریفتان و سەلامەتی زاتی خۆتان دەپرسین ئاشکرایە لای جەنابتان ماوەیەک لەمەوبەر لەچەند کەسایەتیەکمان بیست دەستان بەسەر قەڵای خۆشابدا گرتووە، زەوتتان کردوە نەمانتوانی بزانین لەبەر چی هۆیەک بووە)عەلی ئاغا بالای ئێوە بێت. تکات لێدەکەم وەرە و با قسە بکەین و پێکبێین تاوەکو تۆش ئەچیتەوە با عەلی ئاغا لەوێ بمێنێتەوە, بەڵام ئەم هەوڵانە بێسود بـوون. شایەنی باسە ئەم قەڵایە شوێنێکی ستراتیژی گرنگە دراوسێی هەکاری و خاکی ئێرانە بۆئەوەی لەدوایین ساتدا پەنای بۆ ببرێت لەوێوە درێـژە بە بەرخۆدان بدرێت, بەڵام عەبداڵ خان گوێی لێیان نەگرت و وتی (جگە لە خزمەتکردنی سوڵتان هیچ ئومێدێکی ترم نیە). جگە لەمانەش عەبداڵ خان بۆ تەیمور زادەکانیش ناردووە و پێیانی وتوە قەڵای وانیش ڕادەست نەکەن. بەم جۆرە پلەی (میری میران)ی پێدەدرێ. لەئاکامدا نەخشەی مەحمود خان و بەدرخان پاشا لە ناوچەکانی قەڵای خۆشاب و وان بەتەواوەتی پوچەڵ بۆیەوە.(٣٠) لەسەروبەندی ئەم ڕووداوانەدا عەشیرەتی هەلاجی کە چەندین ساڵ بوو دانیان بە دەسەڵاتی مەحمود خاندا نەدەنا، لەدژی مەحمود خان کەوتنە شەڕەوە و ئەگەرچی لەسەرەتادا بەرگریان کرد بەڵام دواتر پاکدەستی خانیان پەسەند کرد. (٣١)

دواتر شەڕەکانی عوسمانی و کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەرمتر دەبوون، سەنگەر گۆڕینی عەبداڵ خان و شەریف بەگی مووشی و زیاد بوونی گوشارەکانی عوسمانی بوە هۆی خێرا دابچڕان لەناو لایەنی کوردیدا.(٣٢) لەگەڵ ناپاکی عەبداڵ خاندا ئەگەری پەنابردنی خۆشاب لە ئارادا نەما و ئەمەش ناچاریکرد پەیوەندی بە ئێرانەوە بکات.



(٣٣) هەروەها ڕەسول پاشای برای میر محەمەدی پێشووی میری ڕەواندوز هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی نەبوو بەرامبەر بەدرخان .

یەکێک لە ئەنجامە دیارەکانی ڕووداوەکەی یەزدان شێر دانانی کاریگەری هەبوو بەسەر نورولا بەگی خەزوریەوە, دواتر نامە بۆ نورولا بەگ و هەندێک سەرۆک عەشرەتی تر نوسرا، هەرچەندە پێشتر نورولا بەگ لەگەڵ شەریف بەگی موشدا لە پەیوەندیدا بوو, بەڵام جیابوونەوەی یەزدان شێر وایکرد بەتەواوەتی نورولا بەگیش جیابێتەوە هەروەها لەگەڵ ئەم ڕووداوەشدا(میر محەمەد و زوبێر ئاغا) ی پیاوانی بەدرخان هەڵهاتن و چوونە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیەوە.(٣٤) لەهەمان کاتدا مەحمود خان ویستی بەهانای هێزەکەی بەدرخانەوە بێت, بەڵام هێزەکەی مەحمود خانیش بەهۆی ناپاکی عەبداڵ خانی برایەوە تووشی هەڵوەشانەوە هاتبوو لەبەرئەوە لەگەڵ مەحمود خاندا کارێکی ئاسان نەبوو. عەشیرەتەکانی(شکاک) هاوبیری عەوداڵ خان بوون هەروەها ئەم عەشیرەتانە کاریگەریان کردە سەر(ڕەزوان ئاغا)ی حەسانلی کە ئەم لایەنگری مەحمود خان بوو.(٣٥)

دواتر ڕەزوان ئاغا و عەباس ئاغای ئامۆزای بە(٢٠٠) ئەسپ سوارەوە ملکەچی دەوڵەت بوون، ئەمە لە کاتێکدا بوو مەحمود خان بەڕێوە بوو بەرەو جەزیرە، دواتر مستەفا ئاغای برازای ئیبراهیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی حەیدەران و مەستەفا بەگ ئەحمەد پاشا زادە گوێڕایەڵی خۆیان بۆ سوڵتان دەربڕی، پاشان ئیبرهیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی حەیدەرانیش کەوتە ڕێ بۆلای براکەی لە ئێران.(٣٦) دواتر بەدرخان بەگ لە جەزیرە بەزێندرا لەوێوە چوو بۆ(دەرگول)کە کەوتیش خۆی پێڕانەگیرا ویستی بۆ شوێنێک بڕوات کە سەلامەت بێت.(٣٧) لیرەوە زیانی گەورە بەر خواست و ئاواتەکانی بەدرخان پاشا کەوت.(٣٨) جگە لەمانە بەدرخان نەیتوانی بوو مەرج و پێداویستیەکانی شۆڕش بە دەستبێهێنێت ئەمانە یەکێک بوون لە هۆکارەکانی ڕووخانی ، یاخود وڵاتانی ئەوروپیش کاریگەریان لەسەر لاوازکردنی بەدرخان پاشا هەبوو کە بەئاشکرا بوون بەلایەنگری کریستیانەکان.(٣٩) کەچی ئاسوریەکانیش لە بنەڕەتەوە کوردستانین هەندێکیان لەدێر زەمانەوە لەو شوێنانەی ئێستا لێی نیشتەجێن و ژیاون و دەژین.(٤٠) بەم شێوەیە سەرکردەکان یەک لەدوای یەک ملکەچ بوون و سەرکەوتنەکانی تورکیش یەک لەدوای یەک مسۆگەر بوون. پاشان بەدرخان بەهێزێکی(٥ بۆ ٦) هەزار کەسیەوە بۆ قەڵای(ئاروخ) (*) کشایەوە لەوێش بەپێی هەندێک سەرچاوە گەمارۆ دران توانیان سێ ڕۆژ بەرگری لە خۆیان بکەن کاتێک هێزەکانی تورک بەڵێنیان پێدان کە ئازاری خەڵکی قەڵا نادەن ناوبراویش خۆی بەدەستەوەدا، بەپێی هەندێک سەرچاوەی تر لەکاتی شەڕدا لەدەرەوەی قەڵا بەدیل گیرا سەرەتا خۆیی و

هەواڵنامەی کتێب

خاوخێزانی هێنرانە ئەستەمبوڵ لەوێشەوە بۆ کرێت دورخرایەوە، دواتریش نێردرا بۆ(دیمەشق) و ساڵی (١٨٦٨ یاخود١٨٦٩) کۆچی دوایی کرد. هێزەکانی تورکیش دواتر ڕوویان لەدەڤەری وانکرد کە مەحمود خان لەوێ بوو پەنای بۆ چیاکان بردبوو پاشان تورکەکان ڕاسپاردەیەکیان نارده لای و بەڵێنی لێبوردنیان پێدا کاتێک گرتیان زۆر بەناحەزی لەگەڵیدا جوڵانەوە بۆ شارۆچکەی (سیلیسۆ) لە وڵاتی بولگاریایان نارد.(٤١) پاشان مەحمود خان بەتەنیا مایەوە دوای ئەوەی لــەڕۆژی(٢٩-٦-١٨٤٧) یان ڕۆژی دواتر کە بەدرخان گیرا ئیدی مەحمود خان بێ پشت و پەنا مایەوە. ناپاکی عەبداڵ خان و نوروڵابەگ و فازڵ بەگی وانی و خیانەتی یەزدان شێر وایکرد مەحمود خان لە ڕەوشێکی دژواردا بمێنێتەوە.(٤٢) لەبەرئەوە مەحمود پاشا بە بیستنی هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی بەدرخان نەیتوانی بەردەوام بێت، بۆیە خۆی و ئەوانەی کەلەگەڵیدا بوون لە (٤-٧-١٨٤٧) خۆیاندا بەدەستەوە.(٤٤) پاشان ئەوانەی کەلەجەنگدا بوون و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لەلایەن عوسمانیەکانەوە(مەدالیای شەڕی کوردستان)یان پێبەخشرا.(٤٥)

پاشان دەوڵەتی تورک بەڕێوەبردنی میرنشینی بۆتانی بە یەزدان شێر سپارد.(٤٦)

مانەوەی بەدرخان لە قەڵای(ئاروخ) , چونکە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە بۆنمونە (سێ ڕۆژ, هەشت مانگ ) بەڵام ڕوون نیە چەندێک ماوەتەوە.(٤٧) جگەلەمەش مەحمود خان لەکاتی خۆبەدەستەوەدانیدا بەدارێکەوە بەسترابوو ئەوە و هەنگوینیان کرد بە دەموچاویدا بۆئەوەی هەنگ پێوەی بدات و ئازاری زۆر بکێشێت.(٤٨)

ئەوەی جێگەی سەرنجە نەوەکانی بەدرخان بەشداری

خیانەت



شەڕەکانی عوسمانی و کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەرمتر دەبوون، سەنگەر گۆڕینی عەبداڵ خان و شەریف بەگی مووشی و زیاد بوونی گوشارەکانی عوسمانی بوە هۆی خێرا دابچڕان لەناو لایەنی کوردیدا

دەسەڵاتی عوسمانی دەکەن و ئەبن بە والی (ئەرزرۆم و بەتلیس) . (کامیل عبدالرزاق) دانرا و هەروەها (خەلیل) کرا بە والی (مەلاتییە).(٤٩) هەروەها پێشتریش بەدرخان بەگ ڕازیبوو ئەگەر ناوچەی جەزیرەی بدەنەوە ئەوا لە جەزیرە ئەمێنێتەوە و لە خزمەتکردن بەردەوام ئەبێت بۆ عوسمانیەکان.(٥٠) ئەو کوردانەی کە پەنایان بردۆتە بەر دوژمن سور ئەیانزانی کە دوای شکستی شۆڕشەکان ئەمانیش لەناو ئەبەن, چونکە ئەگەر کەسێک وەفای بۆ شۆڕش و میللەتەکەی خۆی نەبێت وەفای بۆ داگیرکەریش نابێت.(٥١) هەرچەندە هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێک میر و سەرۆک خێڵ لەبەدرخان هەڵگەرانەوە بەڵام لەهەمان کاتدا بەدرخان لەناو خەڵکدا بڕوایەکی پتەوی بوە هەبوو کە خاوەنی توانایەکی ناوازەیە و کەسایەتی و ئاکاریشی بە ڕوپۆشێکی کاریزمای جەماوەردا پۆشرابوو لەبەر ئەمە زۆربەی ئەو هەڵسوکەوتانەی وادەردەکەون کە لێکدانەوەیان بۆ ئەکرێت دەبێتە شتێکی ڕوون و ئاشکرا, توندوتیژی و ئایین گەڕاییەکەی, پشتگوێ خستنی شێوازی پەسەندکراو ، بەهەند وەرنەگرتنی مەترسیەکان دەتوانرێت وەک بەشێک لە کەسایەتیە کاریزماییەکەی لێی بڕوانرێت.(٥٢) هەر لەسەرەتاوە هاوپەیمانیەکەی نوروڵا بەگ و بەدرخان لەگەڵ مەحمود خاندا بە هاوپەیمانی سێ قۆڵی ناسراو تەنانەت میر بەدرخان پێی باش نەبوو ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی عوسمانیەکان ببێتەوە.(٥٣) دواتر هاوپەیمانیە مەزنەکە بوو بەناوی بەدرخان بەگ و مەحمود خانەوە.(٥٤) هەروەها بەدرخان پاشا نەیتوانی هێزەکانی گەل و هێزە چەکدارەکان بە شێوەیەکی باشتر ڕێکبخات و هیواو ئاواتی خۆی و گەلەکەی بەدیبهێنێت.(٥٥) نوروڵا بەگ نەیتوانی مەسەلەی (نەستوری) چارەسەر بکات و حەواڵەی بەدرخانی کرد پێویستی ئەو بە بەدرخان بەگ وایکرد لە هاوپەیمانیەکەدا ببینرێت. جگە لەمەش پشت بەستنی مەحمود خان بە بەدرخانەوە لە ئەنجامی کێشەی مەحمود خانەوە بوو لەگەڵ عەبداڵ خانی برای .(٥٦) بەدرخان بەگ لەسەرەتای شۆڕشدا داوای گفتوگۆی لە عوسمانی کرد لەڕێگەی (ئیسماعیل نازم ئەفەندی)دا و وتویەتی بۆ مەرجەکانی پێشوو داوای لێبوردن ئەکەم نوسیویەتی (( هەزار گیانیشم هەبێت )) ئاشکرایە بۆ گیانی سوڵتان بەختی دەکەم, بەڵام عوسمانیەکان بڕوایان پێنەکرد.(٥٧)

زۆربەی ئەو میرانەی لەگەڵ بەدرخاندا ناپاکیان کردووە لەڕێگەی ژن و ژنخوازیەوە خزمی یەکدی بوون، نوروڵابەگ و شای ئێران زاوای یەحیا خانی فەرمانڕەوای ئورمیە بوون. بەو جۆرە ڕایەڵەی خزمایەتی لە نێوان شا و یەحیا خان و نوروڵا بەگدا هاتۆتە ئاراوە. هاوسەرێکی دیکەی نوروڵا بەگ کچی قایمقامی پێشووتری وان بوو کە ناوی (تەیمور پاشا)بوو، هەروەها یەزدان شێر زاوای نوروڵا بەگ بوو، بەم جۆرە ئەم تێکەڵیە کاریگەری هەبووە لەوەرگرتنی هەڵوێستی هاوبەشدا.(٥٨) سەرئەنجام

## خیانەت



هەموو ئەمانە بە زیانی کورد شکانەوە کەلە ساڵی(١٨٣٤) تا جەنگی قرم بەردەوام بوو ئەم شکانە بەردەوامەی کورد وایکرد ڕوو لە دوژمنێکی تازەی بەرژەوەندی خواز بکەن، ئەویش ڕووسیا بوو دواتر ئەحمەد ئاغای زیلان و قاسم خانی فارس دایانە پاڵ ڕووسیا.(٥٩)

هەر لەسەرەتای شۆرشی بەردخانەوە جگەلە کوردانی باشور, کوردانی زازا لە دەرسیم, یەزیدیەکان و ژمارەیەک لە عەشیرەتەکانی دیکە بەشداریان نەکرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی گشتگیر لەسەدەی نۆزدەهەم هێشتا کاتی نەهاتبوو.(٦٠) هەمیشە میرەکانی کورد تکایان لە سوڵتان کردووە بۆ لێبوردن و پاڕانەوە. میرەکانی کورد هەرچەندە بەرخۆدانیان بەرپا کردبوو, بەڵام لەبەرئەوەی لە سیستەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون هاوکات وەک بەندەی سوڵتان وابوون، هەڵبەت ئەمە لەکاتی خۆبەدەستەوەدانی مەحمود خان و بەدرخان پاشادا پێش هەموو کەس قسەکانیان کراون بە ڕاپۆرت، بەدرخان وتویەتی (گەر بمزانیایە پێنج ساڵ لەمەوبەر دەهاتم بۆ دەرسەعادەت) هەر مرۆڤێک نەیەت بۆ دەرسەعات لە ڕەگەزی مرۆڤ نیە من بایەخ پێدان و خێری سوڵتانم دی ئێوە پلەی(میر ئالا) تان بە من بەخشی قەتلوعامی عەشرەتەکانم کرد، بۆیە ئەوان منیان پێ قبوڵ نەکرا نەمزانی ئەستەمبول بەم جۆرەیە زوو بمزانیایە بەخێرانەوە دەهاتم.(٦١)



هەروەها بەدرخان لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت من کۆیلەی سوڵتانم و ڕازی نابم ئازادم بکات و خێزانم کەنیزەی سوڵتانە و کورەکانیشم کۆیلەزادەی ئەون دەڵێت (ئەگەر پیاوی بچوک کاری نابەجێ بکات, کاری پیاوی گەورە لێبوردنە) من تاوانم گەلێک زۆرە واتە بەئەندازەی چیایەک تاوانم هەیە لەبەرئەوەی لێبوردنی سوڵتانمان زۆر گەورەیە هەرتاوانێکی من لەچاو لێبوردنی سوڵتاندا هێندەی گەردیلەیەکیش نابێت، من تەنزیماتی خەیریەم نەدەزانی بۆیە ئینجا تێگەیشتم هەموو جۆرە تاوانێک گوناهی منە، من پیاوی بچوک و ڕەشۆکیم و سوڵتان چەند شوانی وەکو منی هەیە لەهیچ چاخ و سەردەمێکدا سوڵتانی وا میهرەبان نەهاتووە. مەحمود خانیش هەموو ئەستۆکە دەخاتە سەرخۆی و براکانی تاوانبار ناکات کە سەنگەریان چۆڵکردووە، وتویەتی من یاخی نەبووم پێشتریش هاتووم بۆ بابی عالی خۆم بەدەستەوە دەدا و جلی سەربازیم لەبەرکرد کوڕەکانم لەسوپادا ناونوس کرد کوڕەکانی دیکەم هەموو کۆیلەی سوڵتانن لەبەر سوڵتانی خاوەن نیعمەتی جیهانمان بۆ لێبوردن دەپاڕێمەوە.(٦٢)

دوای ئەوەی تێبینی سیاسەتی عوسمانی و وڵاتانی ئەوروپیمان کرد دەبینین ئەوەی لە شەڕەکانی عوسمانی ڕوویدا، کورد بەشداری شەڕەکان دەکات و تیپی سەربازی لە کورد دروست دەکرێت وەک دەبینین (جەعفەر ئاغا و (٥٠٠) سەرباز دەکرێن بە تیپی یەریڤان بەرامبەر ئەوە عوسمانیەکان هێزێکی زۆریان لەهەمان کوردانی بایەزید دروستکرد لەژێر سەرکردایەتی سەلیم پاشادا.(٦٣) دوای ئـەوەی لە بەدرخان بەگ خۆش دەبن بۆ زێدی خۆی نەگەڕاوەتەوە، وتویەتی ئاواتی ئەوەیە لە دورگەی

هەواڵنامەی کتێب



خیانەت

سیاسەتی عوسمانی و وڵاتانی ئەوروپیمان کرد دەبینین ئەوەی لە شەڕەکانی عوسمانی ڕوویدا، کورد بەشداری شەڕەکان دەکات و تیپی سەربازی لە کورد دروست دەکرێت وەك دەبینین (جەعفەر ئاغا) و (٥٠٠) سەرباز دەکرێن بە تیپی یەریڤان بەرامبەر ئەوە عوسمانیەکان هێزێکی زۆریان لەهەمان کوردانی بایەزید دروستکرد

(کریت) نیشتەجێ بێت. نورولا بەگیش دەنوسێت لەدژی دەوڵەت بەرخۆدانی نەکردووە، بەردەوام خزمەتیکردووە بە نارەوایی دوور خراوەتەوە و زۆر دڵگرانە بەخەڵاتکردنی بەدرخان بەگی(( چەتە )).(٦٤) پاشان نورولا بەگ قسە دەباتەوە سەر بەدرخان بەگ و بەبیری دەهێنێتەوە ئەو ماوەیەک لەمەوبەر بەخشراوە و موچەکەشی (١٤٠٠٠) قروشی بۆ بڕاوەتەوە و پلەی میری میرانی پێدراوە لەهەر شوێنێک ئارەزوو بکات ئەتوانێت نیشتەجێ بێت، ناوبانگی لە بەدرخانیش زیاترە لەڕووی دارایی و سەربازیشەوە لەسەروی ئەوەوەیە خۆیی و باوباپیرانی هیچ کات (ئەهلی خیانەت) نەبوون و بەرامبەر دەوڵەت بەرخودانیان نەکردووە. دەڵێت بەدرخان ناپاکی بەرامبەر (دەوڵەتی عەلییە) کردووە هەروەها دەپاڕێتەوە ئەمیش وەک بەدرخان بەگ خێری پێبکرێت و خەڵات بکرێت. ئەم قسانەی نورولڵا بەگ لەکاتێکدایە کە بەدرخان بەخشراوەو خەڵاتیش کراوە(٦٥) شایەنی باسە میرەکان هەمیشە بەو دەستکەوتانە دڵخۆش بوون کە دوای نەمانی شۆڕش پێیان دەبەخشرا.

شایانی باسە دوای جوڵانەوەکەی بەدرخان و خۆ بەدەستەوەدانی میرەکان و لەناوبردنیان لە ناوچەکانی خۆیاندا، بارودۆخی کوردستان شڵەقا و نائاسایش بوو کێشە و هەڵڵای عەشایەرەکان سەریان هەڵدا.(٦٦) بەم شێوەیە لەدوای نەمانی بەدرخان دووەم زنجیرەی شۆڕش لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بەو تایبەتمەندیانەی کە هەیبوو کۆتایی هات.(٦٧)

دیارە لێرەدا مەبەست ئەوەیە لەدوای جوڵانەوەی میر محەمەدی ڕەواندوز دووەم شۆڕشی کوردییە کە ئامانجی ڕزگاریخوازی نەتەوەییە, وەک توێژەران ئاماژەیان بۆ کردووە هەرچەندە بە بڕوای ئێمە جوڵانەوەکانی پێش و پاشتری بەدرخانیش تایبەتمەندی شۆڕشیان نەبووە.

پەراوێزەکان :

١- سینان هاکان:کوردو بەرخودانەکانی(١٨١٧_١٨٦٧) لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا و: بەکر شوانی,چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر,٢٠١٢, , ل ٩٣

٢ ـ عەبدوڵا عەلیاوەلی (دکتۆر), کوردستان لە سەردەمی دەوڵتی عوسمانیدا, چاپی سێیەم , چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر,٢٠١٣: ل ٣٠

٣ ـ عەزیز شەمزینی(دکتۆر):جوڵانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان,و: فەرید ئەسەسەرد,چاپی چوارەم سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان,سلێمانی,٢٠٠٦, ل ١٠٨ ـ مارتین ڤان برونەسن:ئاغاو شێخ و دەوڵەت,بەرگی دووەم,و:د. کوردۆ عەلی, دەزگای چاپ و

٤ ـ فوئادی تاهیر سادق: هۆشیاریمان,چاپخانەی ئەژین, سلێمانی, ٢٠٠١,ل ٥٤

٥ پەخشی حەمدی, سلێمانی, ٢٠١٠, ل ١٦١
٦ـ محەمەد ڕەسول هاوار:کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە تا شەڕی دووەمی جیهانی, بەرگی یەکەم, چاپی دووەم, چاپخانەی کارۆ, سلێمانی, ٢٠٠٧, ل ٢٥٧
٧ ـ مێجەر.ئی.بی.سۆن: چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو, و: نەجاتی عەبدولا, چاپخانەی شڤان, ٢٠٠٩, ل ١٠٦
٨ ـ کەمال بورکای: کوردو کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تاکۆتای جەنگی یەکەمی جیهان, و: فەتحی عەلی, چاپخانەی مناره , هەولێر, ٢٠٠٦, ل ٣٧٣
٩ ـ حەسەن ئەرفەع:کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیە, دەزگای سەردەم, سلێمانی, ل ٤٦
١٠ ـ کامەران ئەحمەد محەمەد(دکتۆر): کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان, , ل ٢٠
١١ـ کەمال عەلی (دکتۆر): هۆی سەرنەگرتنی پەیوەنیەکانی روسیاو کورد لە سەدەی ١٩دا, گۆڤاری زانکۆ, ژ:٢٠, هەولێر, ٢٠٠٤ , ل ١٧٥
١٢ـ جویس بلۆ:دۆزی کورد, و:کارزان محەمەد,دەزگای سەردەم, سلێمانی,٢٠٠٤, ل ٤٦
١٣ـ د.سەعدی عوسمان:بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی,چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, ٢٠٠٦, ل ٩
١٤ شێخ جەمال شێخ نوری:هۆکارە ناخۆییەکانی سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی کورد,چاپخانەی ژیار, ٢٠٠٢, ل ٥٤
١٥ـ جەلال تاڵەبانی:کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد, و: ا_ح, لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر, سلێمانی, ٢٠١١, ل ٦٨
١٦ـ ماهیر عەبدولسەلام خەلیل: کوردەکان کێن, چاپخانەی روون, سلێمانی, ٢٠٠٦ , ل ٧٩
١٧ـ محەمەد رەسول هاوار:کورد و باکوری....,بەرگی یەکەم, س پ , ل ٢٨٨ ,
١٨ـــــد.عـەبـدولاغـەفـور:ئـاسـوریـەکـانـی بـاشـوری کوردستان,چاپخانەی سپیرێز,دهۆک,٢٠١٠, ل ٤٥
١٩ـ وەدیع جوەید(پ.د): جوڵانەوەی نەتەوەی کورد بنەماو پەرەسەندنی, و: د.یاسین سەردەشتی, سلێمانی, ل ١٦٧
٢١ـ خالید موراد چەتۆ بێبف:مێژووی پەیوەندیەکانی ڕووسیا و کورد, و:د.نەجاتی عەبدوڵلا,چاپخانەی شڤان,سلێمانی ,٢٠٠٧, ل ٤٣
٢١ـ لازاریف: مێژووی کوردستان , و,هوشیار عەبدوڵلا سەنگاوی, چاپی دووەم, چاپخانەی رۆژهەڵات, هەولێر,٢٠٠٨, ل ٢٠٤
٢٢ـ هەستیار کەمال کوردی:سیاسەتی روسیایی قەیسەری بەرامبەر بە کورد (١٨٥٠–١٩١٤), چاپخانەی حەمدی , سلێمانی , ٢٠١١, ل ٩٩
٢٣ـ حسین مەدەنی:کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان , بەرگی یەکەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر, ٢٠٠٩, ل ١٤٢
٢٤ـ سەرهەنگ عەبدوالوەحید:کورد و نیشتیمانەکەیان, و:حەمە ساڵح گەلالی, چاپخانەی قەشەنگ,سلێمانی, ٢٠٠٠, ل ٨٤

هەواڵنامەی کتێب

# گۆڤاری ڕزگاری ئینجیلی مەدرەسەی سیاسی سلێمانی

موعتەسەم نەجمەدین




لەساڵی ١٩٦٨ نەوشیروان مستەفا بەهاندانی تاڵەبانی دەست دەکات بە وەرگێڕانی چەند کتێب و کۆمەڵێک وتار و توێژینەوە لەمەڕ بیر و ڕێبازی ماویزم، هاوکات بیرۆکەی چۆنێتی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ماوی لە کوردستان دەبێتە خولیا و خەمی بەشێک لە شۆڕشگێڕان و سیاسەتمەدارانی ئەو دەمەی کورد .

لەو سەردەمەدا تاڵەبانی بیر لە دامەزراندنی ناوەندێکی تری هزری سیاسی بۆ برەودان ڕەتدەکاتەوە، ئەم پرۆژەیە لای تاڵەبانی ئامانجێکی تریشی هەبووە، جگە لە بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونە هزری و سیاسییەکان، وەک بارەگایەک و ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی خۆی

و هاوبیرانی ڕێکخستووە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ناوەندە و ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەی نەوشیروان مستەفا بەباشترین کەس دەزانێت، بۆیە پێشنیاری دەرهێنانی گۆڤارێکی سیاسی هزری بۆ دەکات و دواتر پێکەوە دەچن بۆ لای وەزیری ڕۆشنبیری ئەو کاتەی عیراق (عەبدوڵلا سەلوم ئەلسامەرائی)، کە دۆستایەتی باشی لەگەڵ تاڵەبانیدا دبێت، داوای لێدەکات ڕێگایان پێبدات گۆڤارێک بەناوی گۆڤاری ڕزگاریەوە دەربکەن، لە سەرەتادا عەبدوڵلا سەلوم چەند مەرجێک بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت لەو گۆڤارەدا دادەنێت، بەڵام نەوشیروان مستەفا هەموو مەرجێک ڕەت دەکاتەوە، دواتر لەسەر داوای تاڵەبانی، عەبدوڵلا سەلوم ڕازی دەبێت بەبێ مەرج ئەو گۆڤارە دەربکرێت.

لەسەر پێشنیاری تاڵەبانی ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤاری ڕزگاری دەدرێت بە نەوشیروان مستەفا، شازاد سایب دەبێتە سەرنوسەری گۆڤارەکە. ئەم گۆڤارە لە واقیعدا سەکۆیەکی بەهێز و کاریگەر بووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی چەپ و ڕێبازی ماویزم لە کوردستان. هاوکات لەم گۆڤارەوە هێرشی ڕاگەیاندن دەکەنە سەر بارزانی و ڕەخنەی زۆرتوند ئاڕاستەی ڕێبازی بارزانی و پارتی دەکەن. ئەم گۆڤارە ئەوەندەی خاسیەتی بڵاوکراوەیەکی حزبی و سیاسی پێوە دیاربووە، خاسیەتی بڵاوکراوەیەکی ڕۆژنامەوانی هەڵنەگرتبوو. لە قۆناغی پراکتیکی دامەزراندنی ئەم ڕێبازە لە دوای تاڵەبانی و برایم ئەحمەد، نەوشیروان ستەفا بەهێزترین و دیارترین سەرکردە و کاراکتەری ئەم ڕەوتە

هزریە بووە، بەڵام لە قۆناغی پراکتیکیدا تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بەتەنیا نەخشەڕێگای بەرەوپێشچون و بونیادنانی ئەم بزوتنەوەبە لە ڕووی هزری و سیاسیەوە دەنێن. لە ڕووی سیاسییەوە تاڵەبانی تیۆرست و داهێنەری سەرەکی ئەم ڕەوتە بووە، هەر ئەمەش هۆی سەرەکی ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕێبازە بەناوی ئەوەوە بڵاوبووەتەوە و بەڕێبازی جەلالی ناوی دەرکردوە. لە قۆناغی پراکتیکیدا لە پرۆسەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک سیمبولی ئەم ڕێبازە نەوشیروان مستەفا ڕۆڵ و کاریگەری سەرەکی هەبووە، شوێن دەستی بەروونی لەو پرۆسەیەدا دیارە. نەوشیروان کەسایەتییەکی شارەزا و لێهاتوو و بوێرە لە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەییدا. بە هەمان شێوەی تاڵەبانی کەسێکی دۆگمای ئایدیۆلۆجیست نەبووە. لە ڕاستیدا پێدەچێت هەردوو کەسایەتی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا شارەزاییەکی تیۆری و زانستی وردیان لەسەر بیروباوەڕی مارکسیزم نەبووبێت. ئەوەندەی خاوەن ئایدیۆلۆجیای سیاسی بوونە، ئەوەندە هەڵگر و شارەزای هزری مارکسی لینینی نەبوونە.

لە ماوەی نزیکەی یەک ساڵدا، ئەم گۆڤارە ١٥ ژمارەی لێ دەردەچێت. یەکەم ژمارەی لە٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ و دواین ژمارەی لە٢٧ی مارتی ١٩٧٠ دەرچووە، بەواتە لە هەمان ئەو ماوەیەی، کە ڕۆژنامەی نوری لێ دەرچوە.

لە١١ ژمارەی سەرەتایدا، لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە یازدە، نەخشەڕێگا و بیر و دنیابینی ڕێبازێکی نوێی



خەبات و شۆڕش یان وەک ئەوەی پێدەوترێت قوتابخانەی سیاسی سلیمانی دەخەنەڕوو. چوار ژمارەی کۆتایی، کە دەکەوێتە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ و بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ڕێکەوتننامەی جەزائیر جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، یان دەتوانین بڵێین وەرچەرخانێکی پێوە دیارە. لە ژمارەکانی ١٢،١٣ دا بێلایەنی و دورکەوتنەوە لە هێرش کردنە سەر بارزانی و قسەکردن لەسەر ئاشتەواوی و ڕێکەوتن و پێکەوە ژیان بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە. هەرچی ژمارەکانی ١٤، ١٥ تایبەتکراوە بە چیرۆک و دوورکەوتنەوە لە تەواوی بوچوونە سیاسییەکان. ئەم سروشتە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی، کە لەو دەمەدا پێدەچێت ڕابەرانی ئەم ڕێبازە نوێیە دڵنیا نەبوونە لەوەی چی ڕوودەدا و ئاڕاستەی ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەچێت، بەڵام ئەمیش بە هەمان شێوەی ڕۆژنامەی نور لەگەڵ بەرجەستەبوونی ڕێکەتننامەی جەزائیردا کۆتایی دێت .

ئەم گۆڤارە کە من بۆخۆم پێم وایە ئینجیلی ئەو فۆڕمە نوێیە بووە، بڵاوکراوەیەکی حزبی و سیاسی ئەو بزوتنەوە سیاسییە نوێیە بووە، کە لە لایەن تاڵەبانیەوە نەخشەی بۆ کێشراوە. کاریگەری و ڕۆڵی تاڵەباتی لە دامەزراندن و دیاریکردنی ئاڕاستەی کارکردنیدا، ئەو باوەڕە لای هەندێک دەخوڵقێنێت کە تاڵەبانی ناڕاستەوخۆ بۆخۆی خاوەنداریتی ئەم پرۆژەیە بووە، لە واقیعیشدا تەنیا کەسی خاوەن بڕیار بووە، لە ئاڕاستەکردن و دیارکردنی بەرنامەی هزری و سیاسی ئەم گروپە. ئەم ڕەوتە لەو دەمەدا



لای زۆرێک لە هاوبیرانی بارزانی و بەشێک لە لاوە چەپە مارکسییەکانیش بەڕێبازی جەلالیزم ناوی دەبرا، بەڵام تاڵەبانی و هاوڕێکانی هەر لەسەرەتاوە ئەم گوزارشتە ڕەتدەکەنەوە و بەڕێباز و مەدرەسەیەکی نوێی سیاسی گوزارشتی لێدەکەن و ناوی دەهێنن.

لەگەڵ ئـەوەی {پشاڵی مێژوویی و یەکەم قۆناغی دروستبوونی ئەم ڕەوتە، لە ڕووی تیۆرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی ئەو ئینشقاق و جیابوونەوەی لە (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەرجەستە بوو، بەڵام سروشت و ناوەڕۆکی ئەم ڕەوتە لە قۆناغی کامڵ بووندا تەواو جیاوازە لە سەرەتاکەی، کە وەک ناوکی دروستبوون خوڵقاوە. لەو دەمەدا ململانێ و جیاوازی بیر و دنیابینی سیاسی لە نێوان لایەنە چەپەکان و هێز و حزبە نەتەوەییەکانی عێراقەوە. زۆر بە چڕی و خێرایی پەڕیوەتەوە ناو چالاکی و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە. ڕێبازی نوێیان مەدرەسەی سیاسی سلێمانی لەو کاتەدا بە کامڵی لە جەستە و ڕوحی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە جیابووەتەوە، سروشی لە گۆڕانکاری و پێشکەوتن و گەشەکردنی بیری سۆسیالستی لەسەر ئاستی جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرتوە .

ئەم گۆڤارە کە بەدیاری کراوی لەسەرەتای ساڵانی ١٩٦٩ وە ژمارەکانی بڵاوکراونەتەوە تا سەرەتای ١٩٧٠ بەردەوام بووە. ناوەڕۆکی نووسین و بابەتەکانی ئەم گۆڤارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکـەن، کە ئەم بڵاوکراوەیە تەنیا ئامانج و ئامراز نەبووە بۆ لێدانی ڕەوتی بارزانی و ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی، بگرە زۆر بە وردی کاری بۆ دامەزراندنی ڕێباز و فۆرمێکی جیاوازی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی و بەرپاکردنی شۆڕشێکی نوێ کردوە .

لەو بڵاوکراوەیەدا لەگەڵ ئـەوەی زۆربـەی بابەت و نووسینەکان بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ باڵی (م.س)ەوە بڵاودەکرایەوە. ئەم بەرەیە خۆیان بە خاوەن و نوێنەری ڕاستەقینەی پارتی دەزانی و بارزانیان بەلادەر و دیکتاتۆر ناو دەبرد، بەڵام هەرچی تاڵەبانی و بەشێک لە هاوەڵانی بوو نەخشەی دامەزراندنی ڕێبازێکی نوێیان دەکێشا و زۆر بە وردی و نهێنی کاریان بۆ دەکرد. لە یەکەم هەنگاودا ئەم بەرەیە کاریان لەسەر خۆجیاکردنەوە لە بارزانی و خۆ ناساندنیان وەک فۆرمێکی نوێی خەباتی ڕزگـاری نیشتمانی دەکـرد. لەم پرۆسەیەدا سەرەتا بە هێرشکردنە سەر بارزانی و هاوبیرانی و ناولێنانیان بەکۆنەپەرست و خۆفرۆش و چەندین ناو و ناتۆرەی تر دەست پێدەکەن. لە پرۆسەی پێناسەکردن و ناساندنی بەرەی بەرزانیدا نەخشەو نـاوەڕۆک و ڕواڵەتی جیاوازییەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە دەخەنەڕوو، باڵی بارزانی لە بەرەی ئەمریکا و زایۆنیزم و پەیمانی ناتۆ و شۆڤێنیزمی نەتەوەیدا پۆلێن دەکەن. ناوهێنانی بارزانی بە تاکڕەو و خۆفرۆش و پیاوی ئیمپریالیزم و دەرەبەگ و کۆنەپەرست پەیوەندی نێوان بارزانی و ئەم باڵەی گەیاندە قۆناغی بەرپاکردنی ئێسک شکاندنی یەکتر و کارکردن بۆ لە ناودان و سڕینەوەی بەرامبەر بە هەر نرخ و بەهایەک بێت.

هەواڵنامەی کتێب

لە پرۆسەی خۆجیاکردنەوەدا باڵی(م.س) بە گشتی و گروپی ڕزگاری بە تایبەتی خۆیان بە بەرەی نیشتمانپەروەر و ڕێگای ڕاست و ڕێبازی نوێ و مافپەروەر و دیموکراسی.. هتد ناو دەهێنا. لەم پڕۆسەیەدا هێزی سەربازی خۆیان بە لەشکری کوردایەتی و هێزەکانی بارزانیش بە خۆفرۆش و نەزان ناو دەبرد. لەسەر ئاستی دەرەکیش خۆیان لە بەرەی سۆسیالیزم و گەلانی چەوساوە و زوڵم لێکراو و هێزە شۆڕشگێڕەکان پۆلێن دەکرد. لەم بوارەدا بەدەق دەیانوت : لەشکری کوردایەتی و دۆستەکانی بریتین لە کۆمەڵانی چەوساوەی گەلی کورد، کرێکاران، جوتیاران، ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ، چینە زەحمەتکێشەکانی عەرەب و فارس و تورک، گەلانی ئازادیخواز، تەواوی وڵات و گروپە سۆسیالیستیەکان، هەموو ئەمانە پێکەوە لەشکری سۆسیالیزم بونیاد دەنین. لەم گۆڤارەدا تاڵەبانی بیر و دنیابینی خۆی بە چەندین ناو و نازناوی جیاوازەوە بڵاو دەکردەوە. بە شێوەیەکی گشتی وێنەی تەواوی ئەم فۆڕمە نوێیەی داڕشتوە، شێوازی خەبات و چەمکی کوردایەتی، بانگەشەکردن بۆ پێکەوە گرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی و گرێدانی بە خەباتی گەلانی ژێردەستەی عەرەب و تورک و فارس، کە لای تاڵەبانی خۆیان لە بزوتنەوە ماویەکاندا دەبینیەوە، بە تایبەتیش بەرەی میللی فەلەستین و سازمانی ئینقلابی ئێران دەکرد .

بناغەی هزری ئەم فۆڕمە لەو سەردەمەدا هزر و باوەڕی سۆشیالیزمی، موتربەکراوە بەبیر و باوەڕی نەتەوایەتی بووە. دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی هزری چەکداری سیاسی هاوچەرخ، کە پشت بەخەباتی پارتیزانی ببەستێت لای ئەم گروپە، بۆ ئەو سەردەمە ڕێبازێکی گونجاو و لەباربووە. مۆدێلی گرێدانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی و چینایەتی لەو دەمەدا نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بۆ تەواوی گەلانی جیهانی سییەم لەباربووە. لەو قۆناغەدا بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی بەرەی بارزانی زۆر بەتوندی دژایەتی ئەم فۆڕمەیان کردوە، لە پێش هەموویانەوە بیرمەندی گەورەی کورد مەسعود محەمەد ڕاشکاوانە دژی ئەم ڕەوتە بووە. گروپی ڕزگاری وەک تەواوی بزوتنەوە سیاسی و چەکدارییە نەتەوەی و ڕزگاریخواز و چەپەکانی ئەو سەردەمەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، گوتارێکی سیاسی فرە ڕەهەندی هەبووە. لەگەڵ هەر پرسێکی هزری و سیاسیدا مامەڵە و هەڵسوکەوتی تایبەتی هەبووە، لە کوردەواریدا پێیدەوترێت گوتارێک وەک چێشتی مجێور. پێویستی ڕەنگدانەوەی فرە ڕەهەندی لە گوتاری سیاسیدا (نەتەوایەتی، چەپ، ئاینی،...) خواست و پێویستیەکی جەماوەری کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە، ئەم فۆرمەیش لە گوتاری سیاسی لە گەوهەردا ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتووری و تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە بووە. لەم گۆڤارەدا ڕابەرانی ئەم ڕێبازە تەواوی بیر و دنیابینی خۆیانیان خستوەتە ڕوو، بۆیە ناوهێنانی بە ئینجیلی ڕێبازی نوێ گوزارشتێکە پڕ بەپێستی ئەم بڵاوکراوەیە. لە مەڕ گرنگی ئەم گۆڤارە و ڕاستی بۆچوونەکانمان نەوشیروان

مستەفا بۆخۆی لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری گوڵاندا، لە ساڵی ٢٠١٠ ڕاشکاوانە دەڵێت : گۆڤاری ڕزگاری زەمینەی فیکری دروستکردنی کۆمەڵەی خۆش کرد .

## خێزانی گۆڤاری ڕزگاری

به تێڕامان لە ناوەڕۆکی گۆڤاری ڕزگاری زۆر بە خێرایی دەگەیتە ئەو ڕاستیەیەی، کە ئەم بڵاوکراوەیە وەک ئەوەی لە ڕواڵەتدا وەک کارێکی ڕۆژنامەوانی دەرچووە، بەڵام لە جەوهەردا زیاتر خەسڵەتی بڵاوکراوەیەکی حزبی، سیاسی، هـزری هەیە و گـوزارشـت لە بیر و دنیابینی گروپێکی تایبەت دەکات. هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتاوە وەک گوزارشتکردن و دەربڕینی نیگەرانی و ڕەخنەکانی باڵی(م.س) ی جیابووەوە لە پارتی و بارزانی دروستبووە، بەڵام لە هەناویدا هەڵگری پەیامێکی نوێ و تایبەت بە خۆیەتی، کە پێدەچێت ڕابەرانی ئەم ڕێبازە زۆر لە پێشتر و لە سەردەمی کارکردنیان لە ناو پارتیش ئەم بیر و بۆچوونەیان هەبووبێت. خەون و خواستی دامەزراندنی ڕێبازێکی جیاوازی خەباتیان هەبووە. هاوکات لە ناو باڵی جیابوەی (م.س) یشدا ئەم گروپە تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، بەواتە بیر و دنیابینی ئەم ڕەوتە نوێیە لە ناو ئەم بەرەیەشدا بە نهێنی و هێمنانە هێدی هێدی کاری بۆکراوە و گەشەی کردوە. لەو دەمەدا بە شێوەیەکی نهێنی و ڕانەگەیاندراو باڵی (م.س)یش دابەشببوون بەسەر دوو بۆچوونی جیاوازدا، کە لە جەوهەردا ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لە تەواوی جیهان و عیراقدا هەبوون بووە، هاوکات درێژەدەری هەمان ئەو جیاوازیە بووە، کە لە ناو چەپی کوردیدا هەبووە، واتە لە نێوان دوو بۆچووندا بوون، لایەنێک پێیان وابووە کورد دەبێت پێش ئەوەی وەک نەتەوە تەماشا بکرێت، وەک بەشێک لە چینی چەوساوەی گەلانی جیهان تەماشا بکرێت و پرسی نەتەوایەتی بخرێتە خزمەتی پرسی چینایەتیەوە، ئەم گروپە پێیان وابووە تا گەلی عیراق بە گشتی ڕزگاری نەبێت گەلی کورد ڕزگاری نابێت. هاوکات بەرەیەکیش پێی وابوو گەلی کورد، بۆیە دەچەوسێتەوە لەبەر ئەوەی کوردە نەک لەبەر ئەوەی لە چینی پرۆلیتار و زەحمەتکێشە، بۆیە دەبێت پرسی نەتەوەی یان بخرێتە پێش پرسی سۆسیالیستی، یان دەبێت هاوتەریب پێکەوە بەرەوپێش ببرێت. هاوکات باوەڕیان وابووە کورد ناتوانێت هەموو گەلانی عیراق ڕزگار بکات، ئەمە لە کاتێکدا بیری شۆڤێنیزمی عەرەبی و دژ بە کورد لە ناو کۆمەڵگەی عەرەبی و عیراقدا لەو دەمەدا زۆر بڵاو و لە بەهێزبووندا بووە، تەنانەت چەپ و مارکسییە عەرەبەکانیش لە قۆناغی سەرەتای خەباتیشدا ئامادە نەبوون دان بە مافی ڕەوای کوردا بنێن، وەک نەتەوەیەکی ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. بە شێوەیەکی گشتی بیر و دنیابینی هزری و سیاسی باڵی (م.س) لە نێوان گۆڤاری ڕزگاری و کتێبخانەی بیری نوی و ڕۆژنامەی نوردا، دابەش بوون، چەند جیاوازییەکی هزری و دنیابینی سیاسی بەڕوونی دەبینرا. ئەم جیاوازیانە هۆیەکی سەرەکی بوونە بۆ فەراوان بوونی کەلەبەری سیاسی، دەرئەنجام لە کاری

ڕێکخراوەیەدا بووەتە هۆی دابەش بوونیان و خولقاندنی ناکۆکی و پێکدادان .

ئەم گۆڤارە لە کرۆکدا پڕۆژەیەکی کەسێتی تاڵەبانی بووە، لە سەرەتاوە لەسەر پێشنیاری تاڵەبانی بۆ نەوشیروان مستەفا دێتە دنیای واقیعەوە. دواتریش بە هاوکاری تاڵەبانی مافی دەرهێنان و بڵاوکردنەوەی لە حکومەتی عیراق وەردەگیرێت. لە ڕاستیدا لە ئەمڕۆدا ئەوە بە ڕوونی دەرکەوتووە، کە تاڵەبانی بۆخۆی بە نهێنی و لە پشت پەردەوە تیۆرستی سیاسی و خاوەنی راستەقینەی ئەم بڵاوکراوەیە بووە، بەڵام لە بواری بەڕێوەبردن و کاری هونەریدا نەوشیروان مستەفا ئەندازیار و داڕێژەری نەخشەڕێگای بەڕێوەبردنی بووە، هەر بۆیەیش دەکرێت بەخاوەن ئیمتیاز و شازاد سایبیش دەبێتە سەرنوسەر. لەو دەمەدا پێدەچێت تاڵەبانی بۆخۆی ئەمەی ویستبێت، بەمەبەست نەیویستبێت راستەوخۆ خۆی وەک خاوەنداریتی و بەڕێوەبردنی دەرکەوێت. ئەوکات ئامانجی تاڵەبانی زۆر لەمە زیاتربووە، هاوکات لێهاتوانە کاری لەسەر ئیحتیواکردنی زۆربەی گروپ و کەسایەتییەکان کردوە، شارەزاییەکی زۆری لە گەمەی سیاسییدا هەبووە، هەر ئەمەش هۆی سەرەکی ئەوەیە، کە بە بەردەوامی دۆست و نەیارانی سیاسی لێی بە گومان بونە و چاودێری هەڵسوکەوت و جموجەڵەکانیان کردوە.

گرنگی و بەرزی بەهای ئەم گۆڤارە وەک سەرچاوەیەکی توێژینەوەی زانستی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو سەردەمە و ئەم فۆڕمە لە ڕێکخراوی سیاسی لە وەدایە، ئەگەر تەنیا سەرچاوە نەبێت ئەوە گریمان هەڵناگرێت دەوڵەمەندترین و بەهێزترین و سەرەکیترین سەرچاوەیە بۆ گەزارشتکردن لەسروشت و جەوهەری ئەو ڕەوتە نوێە. پێداچوونەوە بە بابەتەکانی ناو ئەم بڵاوکراوەیە و تێڕوانین لێی بەچاو و عەقڵی ئەمڕۆ زۆر بۆچوون و دنیابینی و خوێندنەوەی

رزگاری



بە تێڕامان لە ناوەڕۆکی گۆڤاری ڕزگاری زۆر بە خێرایی دەگەیتە ئەو ڕاستییەی، کە ئەم بڵاوکراوەیە وەك ئەوەی لە ڕواڵەتدا وەك کارێکی ڕۆژنامەوانی دەرچووە، بەڵام لە جەوهەردا زیاتر خەسڵەتی بڵاوکراوەیەکی حزبی، سیاسی، هزری هەیە و گوزارشت لە بیر و دنیابینی گروپێکی تایبەت دەکات .



جیاواز دەخولقێنێت. وردکردنەوەی بابەتەکانی ناو ئەم بڵاوکراوەیە و شیکارکردنی زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، کە لەم توێژینەوەیەدا باسی دەکەین، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە مەبەستە تەنیا یەک چەمکە، ئەویش خستنەڕووی مێژووی بناغەی هزری ئەم ڕەوتە سیاسییەیە، کە دواتر لە فۆڕمی ڕێکخراوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بە تەواوەتی ساغ دەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی تایبەتە و زیاتریش لە بواری سیاسی، تایبەتە بەسروشت و واقیعی پەیوەندی نێوان باڵی بارزانی و(م.س)ی ئەو کاتەی پارتی و ئەجندا و دنیابینی تایبەتی باڵی(م.س) و تاڵەبانی، کە دواتر دەبێتە هەوێنی دامەزراندنی فۆڕمێکی نوێی خەباتی ڕزگاری و بە شۆڕشی نوێ ناو دەردەکات. بابەتەکانی ناو ئەم گۆڤارە بە شێوەیەکی گشتی بەزمانێکی توند وزبر نوسراونەتەوە، ئەوەندەی سۆز و تووڕەیی بە سەریاندا زاڵە ئەوەندە سیمای عەقڵانیەت و لێبوردەی پێوە دیارنییە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی توانا هەوڵدەدەم شیکارێکی زانستی و لۆجیکی و بێلایەن بخەمە بەرچاوی خوێنەرەوە، هاوکات لە پشت ئەو زبری و تووڕەییەوە ڕاستی ئەجندایەکی هزری سیاسی بخەمەڕوو. لە ڕاستیدا زبرزمانی و توندی گوتاری سیاسی تەنیا تایبەت نەبووە بەم بڵاوکراوەیە، بەڵکو خاسیەتێکی باوی ئەو سەردەمە بووە. لە واقیعدا سروشتی زبرزمانی تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو بوونی هەیە. بگرە هەندێک بەتایبەتی لەو کاتانەی ناکۆکییەکان و ململانێ و ڕکەبەرایەتیە سیاسییەکان توند دەبن، ئەم زمانە هەموو سنوورەکانی مۆراڵی سیاسی و کۆمەڵایەتیش دەبڕێت. وردبوونەوە لە مێژووی زمان زبری لە گوتاری سیاسی کوردیدا هەندێک جار ئەوەندە ڕۆچووەتە ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بۆخۆی وادەردەکەوێت، کە بەشێک بێت لە پێکهاتەی کەلتووری ئەم کۆمەڵگەیە. زبر زمانی و توندی ناکۆکییەکان و بڵاوبونەوەی کردەوەی تیرۆری سیاسی وایکردبوو زۆرێک لەو نووسەر و سیاسەتمەدارانەی ئەو سەردەمە بە ناوی خوازراوەوە بابەت و نووسینەکانیان بڵاوبکەنەوە. لەو نازناوانەی، کە لە گۆڤاری ڕزگاریدا بە زۆری دووبارە دەبونەوە(شەماڵ، هۆشیار، پیرۆت، وەرزێر، ڕەنج، ئاگر، سەردەشت، دلێر، پەریڤانی، باوکی دڵسۆز و چەندینی تر). بەشێک لە نووسەرانی ئەم ڕێبازە بە نازناو و ناوی خۆیاشیانەوە دەیان نووسی، لە کەسایەتییە سەرەکییەکان و نەخشەدانەرانی ئەم ڕێبازە تاڵەبانی، برایم ئەحمەد، نەوشیروان مستەفا، لە ڕیزبەندی پێشەوە بوونە، فواد قەرەداغی، مەحمودی مەلا عیزەت، شازاد سایب و چەند کەسێکی تر لە بازنەی ئامانجەکانی ئەم ڕەوتەدا ئەسپی خۆیان لەم گۆڤارەدا تاوداوە و ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان بینیوە. ئەمە جگە لەو نووسین و بابەتانەی، کە ڕاستەوخۆ بە ناوی خێزانی گۆڤاری ڕزگاریەوە بڵاودەکرایەوە و بەرپرسیارێتیەکی بە کۆمەڵی لە خۆدەگرت.

## سێکوچکەی ڕابەرایەتی لە ناو گۆڤاری ڕزگاریدا

لە پرۆسەی داهێنانی مۆدێل و ڕەوتێکی نوێی خەباتی ڕزگاریدا، لە هەناوی گۆڤاری ڕزگاریدا بە نهێنی و بە بەرنامە کار بۆ دامەزراندنی ئەم مۆدێلە نوێیە لە لایەن سێکوچکەیەکی ڕابەرایەتییەوە ئاڕاستە دەکرا، ئەم سێکوچکەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پێکهاتبوون لە تاڵەبانی و برایم ئەحمەد و نەوشیروان مستەفا. لەو دەمەدا پۆلێک لە ڕۆشنبیران و لاوانی خوێندەوار لە دەوری ئەم گۆڤارە گردببوونەوە، لە واقیعی سیاسیشدا بیر و دنیابینیەکی نوێ ماخۆلانی خستبووە بیر و دنیابینی ئەم گروپەوە. ئەو مۆدێلە نوێیە لەو دەمەدا لە زۆربەی ئەو وڵات و ناوچانەی بەدەست داگیرکەران و زوڵمی دیکتاتۆریەتەوە دەیانناڵاند لە برەودا بووە، لە پرۆسەی خەباتی ڕزگاریدا ژانی لە دایکبونی ئەم فۆرمە نوێیە دەیانیگرت .

لە پرۆسەی داهێنانی رەوت و فۆرمێکی نوێی خەبات، لەسەرەتادا وەک ئەوەی پیدوارد پیرنز دەڵێت:»ژمارەیەکی کەم کەس هەن دەتوانن بناغەی پرۆسەیەکی عەقڵانی دابنێن و لە شێواز و سایکۆلۆجیای جەماوەری تێبگەن و تەرکیبەی کۆمەڵایەتی بەدروستی بخوێننەوە». هەندێکجار تەنیا کەسێک و هەندیکجاریش کۆمەڵێکی کەم بەیەکەوە نەخشەڕێگای گۆڕانکاری لە ڕەوتی ئاسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و تا ئاستێک ئابووریش دەکێشن، لە قۆناغەکانی دواتریشدا بە هاوکاری گروپێک لە لاوانی بوێر و وشیار ئەم مۆدێلە دەخوڵقێنن، خواست و بەرنامەی کاریان دەگەیەننە ئاستی جوڵاندنی جەماوەری و خولقاندنی رەوشێکی تەواو جیاواز لە ڕابردوو.

ئەم گۆڤارە، کە بناغەی سەرەکی مەدرەسەی سیاسی سلێمانی و فۆرمی نوێی خەباتی سیاسی بووە، سێ کەسایەتی دیاری ناو پرۆسەی سیاسی ئەو کاتەی کوردستان ڕابەرایەتی دەکەن:

تاڵەبانی کەسایەتیەک لە کرۆکدا بۆ سیاسەت کردن خولقابوو، لە دوای ئینشقاقەکەی ساڵی ١٩٦٤وە تاڵەبانی وەک سسەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی دنیابینی تایبەت بەخۆی هەبووە، لەو دەمەدا لە بەرەی (م.س)، کە برایم ئەحمەد ڕابەرایەتی دەکرد خۆی ساغدەکاتەوە، بەڵام لە جەوهەردا کاری بۆ بەدیهێنانی دنیابینیەکی تایبەت و جیاواز دەکرد، تاڵەبانی توانی سوودێکی زۆر لە ئەزموون و شێوازی خەباتی سیاسی و هزری بەشێک لە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە پێشکەوتوەکانی ئەو سەردەمەی جیهان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرێت. لەو دەمەدە لەگەڵ ئەوەی تەمەنی تاڵەبانی هێشتا بەپێوەری سیاسی لاوبووە، بەڵام بە هۆی زۆری سەفەر و چالاکیە سیاسییەکانی و نزیکبوونەوەی لە شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمە، توانیویەتی زۆر خێرا بیری و دنیابینی خۆی تا ئاستی بەرچاو پێشبخات. ئەمە جگە لەوەی وەک خۆی خاوەنی کەسایەتییەکی چالاک و بوێر بووە، کە لە کاری سیاسیدا مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی سیاسەتمەدارە .

تاڵەبانی سیاسەتی لەسەر بنەمای تیۆری شیکاری پێشوەختە کردوە، بەواتە پێشوەخت شیکاری بۆ ڕەوشی

سیاسی کردوە و دواتر بەرنامەی گەیشتن بە ئامانجەمانی داناوە، لەم پرۆسەیەدا پرانسیپی (هەموو شتێک ڕەوایە لە پێناو گەیشتن بەئامانج)ی پەیڕەو کردوە. هەر ئەم باوەڕەیش وایکردوە لە چالاکی سیاسیدا ئەوەندە خۆی بە تەلبەندەکانی ئایدیۆلۆجیاوە نەبەستێتەوە، بگرە زۆر جار تەنیا وەک چەترێک بەکاری هێناوە. لێهاتووی تاڵەبانی لە خوێندنەوەی سایکۆلۆجیای سەرکردە سیاسییەکانی ئەو دەمە، ئەو بوارەی بۆ ڕەخساندووە زۆر بە باشی بتوانێت گەمەی سیاسی خۆی بکات. لە بواری کاری ڕێکخراوەی و سیاسیدا ئەوەندەی کاری بۆ سەپاندنی ڕاستی بۆچوونەکانی خۆی دەکرد، ئەوەندە سەرکەوتنی ئەو گرووپەی کاری لەگەڵدا دەکردن بەلایەوە گرنگ نەبووە و کاری بۆ نەکردوە، چونکە پێدەچێت هەر لەسەرەتاوە تاڵەبانی ئامانجی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی بە نهێنی لە ناخی خۆیدا شاردبێتەوە. تاڵەبانی کەسایەتییەکی خۆش مەجلیس و موتافائیل تا ئاستێکی زۆر، وشیار و چالاک، توانایەکی نائاسایی هەبووە لە کار و چالاکیدا، لە ڕووی دەروونییەوە کەسایەتیەکی هاوسەنگ، کە زۆر بە ئاسانی دەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات. لە ڕووی باوەڕداری هزری و ئایدیۆلۆجییەوە کەسایەتییەکی میانڕەو بە بەرنامە کاری بۆ ئەوە دەکرد، کە بیر و دنیابینی مارکسیزم لەگەڵ دنیابینی تایبەتی خۆیدا بگونجێنێت، یان بیر و باوەڕی مارکسیزمی دەخستە خزمەت دنیابینی سیاسی خۆیەوە، ئەم سروشتە لەو دەمەدا لای مارکسییەکان، وەک تاوان تەماشا دەکرا، پێیان وابووە مارکسیزم پیرۆزی ئەوەی هەیە، هەموو شتێک بکرێتە قوربانی نەک بەپێچەوانەوە. لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە تاڵەبانی چەند سیما و دەم و چاوێکی هەبووە، بەپێی پێویست دەریخستووە، لە یەک کاتدا تووڕە و نەرم و نیانیش بووە، کەسایەتییەکی توند و بێ بەزەیی، پیاوێک لێوانلێو لەمیهرەبانی. لەگەڵ ڕۆشنبیراندا ڕۆشنبیر بووە لەگەڵ کرێکاراندا کرێکار، لەگەڵ پیاوانی ئاینیدا شێخ و پیاوی ئاین، لەگەڵ مارکسیەکاندا چەپ و بێ باوەڕبووە. هەموو جوڵانەوەیەکی سیاسەت بووە. بەکورترین گوزارشت کەسایەتیەک لە کرۆکدا بۆ سیاسەت کردن خوڵقابوو .

لەو سەردەمەدا واقیعی ململانێی سیاسی عیراقی شێوە ئەنارشیزم و فرە ڕەوت و بۆچوونی جیاواز، هەندیک جار ناکۆک و پارادۆکسی لەخۆ دەگرت. لە واقیعی سیاسی کوردستانیشدا تەواوی ئەو ڕەوت و ئاراستە سیاسی و هزریانە ڕەنگیان دابووەوە. لە ناو بەرەی چەپی کورددیا بە گشتی بەرەیەک پێی وابووە کورد تەنیا لە بەرەی چەپی عیراقیدا دەتوانێت بگاتە مافە نەتەوایەتی و مرۆییەکانی، ئەم بەرەیە بە گشتی خەباتی چینایەتیان پێش خەباتی نەتەوایەتی دەخست، بگرە زۆرجار خەباتی نەتەوایەتیان بە شێوەیەک لە لادان، لە ڕەوتی دروستی خەباتی رزگاری دەخستەڕوو و لایەنگرانیشیان بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری جیهانی لە قەڵەم دەدا. ئەم بەرەیە لە سۆڤێتیەکانەوە نزیک بوون. بەرەی دووەم بەشێوەیەکی گشتی لە دنیابینی

و بۆچوونە هزری و سیاسییەکانیاندا، ئاماژەی پێویستی داهێنانی فۆرم و ڕێبازێکی نوێی خەباتی رزگاری لە تەواوی ئاراستە هزری و سیاسی و کەلتووری و چەکداریەکەیدا دەکرد. ئەم بەرەیە پێیان وابووە لە ستراتیجدا پێویستە خەباتی نەتەوایەتی بخرێتە پێش خەباتی چیانەیەتیەوە، ئەم بەرەیە بەگشتی لە مۆدێلی مارکسی– لێنینی لە فۆرمی چینیەکانەوە نزیک بوون. لەم قۆناغەدا لەگەڵ ئەوەی تاڵەبانی بە یەک قەبارە و یەک سەنگ لەگەڵ هەردوو بەرەکەدا دەوەستێت، هاوکات بەو سیاسەتەی سەنگی خۆی لای هەردوو بەرەکە لە بەرزیدا ڕادەگرێت، بەڵام ناڕاستەوخۆ و لە جەوهەردا کاری بۆ داهێنانی و دامەزراندنی فۆڕمێکی نوێی خەباتی ڕزگاری، لە شکڵی ڕێکخراوە ماویەکانی ئەو سەردەمە بە ڕەچاوکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان دەکرد، واتە دەیویست تایبەتمەندیەکی کوردستانی بداتێ. لەو دەمەدا تەنانەت بەرەی ماویەکانیش لە کوردستان شێوە دووبەرەکییەکیان لە هەناویاندا هەڵگرتبوو، بەرەی ڕزگاری لە سلێمانی بۆچوونی جیاوازی لە بەرەی کتێبخانەی ڕێبازی نوێ لە بەغداد هەبووە. تاڵەبانی لە نێوان ئەم دووبەرەیەشدا توانیویەتی هاوسەنگییەکی زۆر ڕابگرێت، لێهاتوانە گەمەیەکی سیاسی کردوە، چالاکیە سیاسی و روناکبیرییەکانی هاوتەریب و بە یەک سەنگ لە هەردوو بەرەدا ڕادەگرت. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا جێگای سەرنجە ڕاستییەک هەیە، هیچ لە بەرەکان هەستیان پێنەکردوە، لای تاڵەبانی ئەم دوو بەرەیە دژ و ناکۆک نەبوون، بگرە




تەواوکەری یەکتر بوونە. کلیلی ئەم دووبەرەیە پێکەوە بە تۆکمەیی تەنیا لای تاڵەبانی خۆی بووە، بەواتە لەو دەمەدا هیچ کەسێکی تر نەبووە بتوانێت بەو شێوەیە هەردوو بەرەکە ڕازی بکات و هاوسەنگی نێوانیان ڕابگرێت، دەرئەنجام ناچاریان بکات گوێڕایەڵی ئەم بن. بەواتە دەرئەنجام تاڵەبانی خاڵی هاوبەش و تەنیا ڕێگای بەیەک گەیاندنی هەردوو بەرەکە بووە .



## برایم ئەحمەد

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندازیاری ئینشقاقەکەی ساڵی ١٩٦٤ ڕابەر و سەرکردەی بەرەی (م.س)ی پارتی لە دوای جیابوونەوەیان لە بارزانی.

برایم ئەحمەد لەو دەمەدا کەسایەتیەکی سیاسی لێهاتوو و کاریگەر و بەهێزبووە، ئەدیب و چیرۆک نوسێکی گەورە بووە، بەشێوەیەک لە ئەمڕۆشدا بووە بە بازنەیەک لە مێژووی ئەدەب و چیرۆکی کوردی و ئەستەمە بتوانرێت، لە توێژینەوەکاندا بەرهەم و نوسینەکانی بە هەند وەرنەگیرێت. لە ڕاستیدا لێهاتوی ئەم کەسایەتیە لە بواری ئەدەب و چیرۆک زۆر لە ئەدیبانی خستوەتە سەر ئەو باوەڕەی، کە دەبوو برایم ئەحمەد سیاسەتی نەکردایە و هەموو تواناکانی لە بواری ئەدەب و چیرۆکدا بەگەر بخستایە. لە پرۆسەی چالاکی سیاسی چەپی عیراقی و پرۆسەی ڕزگاری نەتەوایەتی کوردیدا برایم ئەحمەد کەسایەتییەکی دیار و چالاک بووە. جیابوونەوەی لە بارزانی لەسەر بناغەی هزری و بە هۆی پاوانخوازی بارزانی بۆ بڕیارەکانی حزب و سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی بووە. شوێن دەست و دنیابینی برایم ئەحمەد لەم گۆڤارەدا زۆر بە ڕوونی دیارە. لە تەواوی بواری سیاسی و کەلتووری و ئەدەبیشدا قەبارە و پانتایەکی بەرچاوی گۆڤارەکەی داگیرکردوە. لە بواری ئەدەبی شۆڕشگێڕیدا سەرقافڵەی ئەدیبانی ئەو سەردەمە بووە، لە بواری سیاسیدا زۆر ڕاشکاوانە لە دژی بارزانی و سیاسەتەکانی وەستاوەتەوە، بە ئاشکرا هێرشی کردوەتە سەر خۆی و بەرەکەی. تەواوی هاوبیرانی بارزانی بە بەکرێگیراو و پیاوی ئیمپریالیزم و داگیرکەران و کۆنەپەرست ناو دەبات. بۆ یەکەمجار لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا ئاماژە بەپێویستی گرێدانی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی پێکەوە دەکات، هەر ئەمەش پەتی نزیکبوونەوەیەتی لە تاڵەبانی و هاوبیرانی دەبێت. لەو دەمەدا لەگەڵ ئەوەی لە نووسینەکانیدا هیچ ئاماژەیەکی ڕوون و بەرچاو بۆ باوەڕبوون و بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ماوی لە کوردستان بەدی ناکرێت، بەڵام پشتیوانییەکی بەهێزی تاڵەبانی بووە و هاوکات هاندەرێکی سەرەکی و گەورە بووە بۆ داهێنانی ڕێبازە نوێکە، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار تاڵەبانی وەک تیۆرست و مامۆستای خۆی تەماشای دەکرد و ڕێزی لێدەگرت .

برایم ئەحمەد پیاوێکی سیاسی خاوەن بیر و باوەڕێکی تایبەت بەخۆی بووە، دوای ئەوەی دەبێتە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هێمنی کار بۆ ئیحتیواکردن و ڕاکێشانی زۆربەی ئەو کەسایەتییە نوێخواز و چەپانەی ناو پارتی دەکات و لە بەرەی خۆیدا ساغیان دەکاتەوە، تەواوی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بیر و باوەڕی بارزانی و ڕێبازی کلاسیکی نەتەوەیی بوون، دەگرێتە خۆی. لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێت زۆربەری ڕەهای ئەندامانی(م.س) پارتی لە بەرەی خۆیدا ساغ کاتەوە. لە کار و چالاکی سیاسیدا خاوەن کۆمەڵێک دروشم و ئامانجی تایبەت بەخۆی بووە، هاوکات لە بواری سیاسیشدا پەیڕەوی ڕێبازێکی تایبەتی دەکرد. لەگەڵ ئەوەی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هیچ تیۆرێکی هزری تایبەتی پێشنیار

هەوارنامەی کتێب

نەکردوە، بەرنامەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێی نەبووە، بەڵام بە وردی کاری لەسەر ئەوە کردوە، کە پارتی لە حزبێکی نەتەوەیی کلاسیکیەوە بگۆڕێت بۆ حزبێکی مارکسی لەسەر بیر و باوەڕی ماوتسی تۆنگ. لەو دەمەدا کەسایەتیەکی دیار بووە لە ناوی گۆڕەپانی سیاسی عیراقدا، تەنانەت سیاسەتمەدارانی عەرەبیش حیسابیان بۆ دەکرد. وەک کەسایەتیەکی سیاسی شارەزا لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەڵسوکەوتی کردوە، هاوکات خاوەن ڕێبازێکی سیاسی لەسەر فۆرمی تەعقیبی بووە، واتە لەسەر بنەمای بەدواداچوون بۆ ڕووداوو گۆڕانکارییەکان سیاسەتی دەکرد .

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە وەک کەسایەتیەکی سیاسی، ئەوەندەی نازناوی مامۆستا هەڵدەگرێت، ئەوەندە نازناوی سەرۆک یان ڕابەر هەڵناگرێت، بۆیە زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئەو کاتەی عیراق و کوردستان برایم ئەحمەد بەتیۆرستی ڕێبازی نوێ دەبینن، نەک سەرکردە و ڕابەری. زۆربەی ئەو کەسایەتیانەش پێیان وابووە، لە پرۆسەی دامەزراندنی ئەو ڕەوتە هزری و سیاسیە نوێیەی تاڵەبانی کاری بۆ دەکرد، لە بناغەدا برایم ئەحمەد لە پشتیەویەتی. لە ڕاستیدا ڕۆڵی برایم ئەحمەد لەگەڵ کۆتایی هاتنی گۆرڤاری رزگاری و دەستپێکردنی دانوستانەکانی نێوان بارزانی و بەعس دەگۆڕێت. لەم قۆناغە بەدواوە ئەوەندەی وەک ڕووناکبیرێکی سیاسی و ئەدیبێکی شۆڕشگێڕ هەڵسوکەوت دەکات و دەردەکەوێت، ئەوەندە وەک سەرکردەیەکی سیاسی و تیۆرستێکی هزری دەرناکەوێت. بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕابردوو لە ڕێگای خەباتی مەدەنییەوە دەکەوێتە خەبات و تێکۆشان بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان .

پوختەی بۆچون وایە، کە ئەم کەسایەتیە بۆ ڕەوتە نوێکە و دواتریش بزوتنەوە هزری و سیاسیەکە لە قۆناغی پراکتیکی و ڕێکخراوەیدا ئەوەندەی کەسایەتی بانگەشەی هزری و سیاسی بووە، ئەوەندە کەسایەتی کاری ڕێکخراوەی نەبوە، ئەوەندەی مامۆستا و ئەندازیار بووە ئەوەندە سەرکردەو ڕێکخەر نەبووە. برایم ئەحمەد ڕۆڵێکی ستراتیجی و بەهێزی هەبووە لە بونیادنان و پەروەردەکردنی ئایدیۆلۆجی و سیاسی زۆرێک لە سەرکردەکانی ئەو دەمە .

## نەوشیروان مستەفا

کەسایەتی نەوشیروان مستەفا تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو سروشتێکی سایکۆلۆجی توند و خاوەن بۆچوونی تایبەت بەخۆی بووە، لە بواری چالاکی مەیدانی و دنیابینی سیاسیدا گومان لە لێهاتویی ناکرێت، لە بڕیارداندا کەسایەتییەکی زۆر بوێر و نەترس بووە، هیچ کات گوێی بەوە نەداوە، کە دەرئەنجامی بڕیارەکانی چی ڕوودەدات، یان چۆن بە سەریدا دەشکێتەوە. کەسایەتیەک تەواو شارەزا لە کاری ڕێکخراوەی و جوڵانەوەی سیاسی و چەکداری، پیاوی شەڕی پارتی زانی و خەباتی دورو درێژ. بەهێزی کەسایەتی نەوشیروان وایکردوە هەر لە ساتەکانی سەرەتای دروستبوونی پەیوەندی لە گەڵ

تاڵەبانیدا، ببێتە جێگای سرنجی تاڵەبانی و زۆر بەخێرایی لە یەکتر نزیک ببنەوە، هاوکات بە بەردەوامی لە قۆناغی پراکتیکی دامەزراندنی یەکێتیدا لە پاڵ تاڵەبانیدا وەک بەهێزترین کەسایەتی و سەرکردە خۆی بسەپێنێت. زۆرێک لە سەرکردەکان ئەم پیاوەیان بە تەنیا سەرکردەو ڕابەری خۆیان دەزانی، تاڵەبانیش بەبەردەوامی ڕاو بۆچونەکانی ئەمی بەلاوە گرنگ بوەو زیاتر لە تەواوی سەرکردەکانی ئەو دەمە حیسابی بۆ کردوە. پەیوەندی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ دەوروبەرەکانیدا، دوو جۆر بووە، هەندێک بە تەواوەتی باوەڕیان پێی بووە و لایان زۆر کەسایەتییەکی باش و ڕاستگۆ بووە، هاوکات لای هەندێکی تر کەسایەتییەکی شەڕانگێز و توندڕەو و نەگونجاوبووە. لە کار و چالاکی سیاسیدا بە پێچەوانەی تاڵەبانیەوە زۆر کەم سیاسەتی ئیحتیواکردنی گرتوەتەبەر، بگرە کاری لەسەر تێکشکاندنی نەیارەکانی دەکرد و ململانێ و ڕوبەڕووبوونەوەی لە گەڵ تـەواوی دەوروبەرەکەیدا سیاسیانە بـووە، لە بەرامبەر ڕکابەرو نەیارەکانیدا زۆر توند بووە، هیچ کات سڵی لەوە نەکردوەتەوە، کە لە بەرپەرچدانەوەی توندی نەیار و ڕکابەرەکانیدا دەرئەنجام چی دەدورێتەوە یان چی ڕوودەدات. ئەمانە و کۆمەڵێک سروشتی کەسێتی تایبەت وایکردوە زۆر جار لە هاوشانی تاڵەبانی وەک کارێزما و کەسایەتییەکی بەهێز دەرکەوێت. لە ناو ئەم بەرەیەدا لە هەموان زیاتر بە ڕوونی کاری کردوە، دەربڕینی بۆچوونەکانی لە دژی بارزانی و هاوبیرانی بە سادەیی و ئاشکرا ئەو ئینتباعەی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بەسەردا سەپاندووە، کە ئەم سەرکردەی ناکۆکییەکان و ئەندازیاری شەڕی ناوخۆ بێت. لە کاتێکدا ئەم لەوانیتر زیاتر دژی بارزانی نەبووە، هیچ کارێکی زیاتری لە دژی بارزانی و هاوبیرانی نەکردوە. لە گۆڤاری ڕزگاریدا زۆر بە جیدی و ڕاشکاوانە کاری بۆ دامەزراندنی ڕێبازێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی



ڕزگاری

لە چاوپێکەوتنەکەی گۆڤاری گوڵاندا نەوشیروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە دوای ئینشقاقەکەی ساڵی ١٩٦٤ەوە پارتی بیوو بەدوو کەرتەوە، بەدەق دەڵێت: «یەکێکیان خوالێخۆشبوو مەلامستەفا سەرکردایەتی دەکرد

هەواڵنامەی کتێب

کردوه، هەر ئەمەش وایکردوه لە دوای ئاشتبوونەوەکەی ساڵی ١٩٧٠ سەردانی نەوشیروان مستەفا بۆ لای بەرەکەی بارزانی زۆر بەگرنگ دەنرخێندرێت، وەک ئاماژەیەک بۆ نیەت پاکی بەرەکەی تاڵەبانی لێکدەدرێتەوە، دڵنیایی بە زۆرێک لە هاوبیران و سەرکردەکانی باڵی بارزانی دەدات، کە باوەڕی ئەنجامدانی ئاشتەوای لای ئەم بەرەیە بەڕاستیە نەک تەکتیک و فێڵ .

## ستراتیجی گۆڤاری ڕزگاری

لە ڕاستیدا گۆڤاری ڕزگاری بە تەنیا ڕیکلامێکی سیاسی بۆ دژایەتی بارزانی نەبووە، بەڵکو هەوڵێکی جیدی بووە بۆ دانانی بناغەی دامەزراندنی فۆڕمێکی نوێی لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوایەتی و چینایەتی. لە تەواوی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا پانتایەکی بەرچاو بۆ وتە و ڕێنمایەکانی ماوتسی تۆنگ و چالاکی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان و ئەزموونی خەباتی گەلان تەرخانکراوە. هەر لەسەرەتاوە کار لەسەر خۆجیاکردنەوە و دابەشبوون لە نێوان دۆست و نەیار، دوژمن و هاوپەیمان، بەرەی ڕزگاریخواز و بەرەی داگیرکەران لەسەر ئاستی لۆکاڵی و هەرێمایەتی و جیهانی کردوە .

گروپی ڕزگاری لە بارە گشتیەکەیدا ستراتیجێکی وون و دیاریان هەبووە، بەوردی زانیویانە چی دەکەن. لەم پڕۆسەیەدا نەخشەڕێگای کاری سیاسی و ڕێکخراوەی خۆیان بەچەند قۆناغێک بەرجەستە دەکەن .

## پڕۆسەی خوڵقاندنی دوژمن

لە چاوپێکەوتنەکەی گۆڤاری گوڵاندا نەوشیروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە دوای ئینشقاقەکەی ساڵی ١٩٦٤ەوە پارتی ببوو بەدوو کەرتەوە، بەدەق دەڵێت:»یەکێکیان خوالێخۆشبوو مەلامستەفا سەرکردایەتی دەکرد، کەرتەکەی تریش خوالێخۆشبوو برایم ئەحمەد سەرکردایەتی دەکرد. حزبی شیوعیش ببوون بەدوو کەرتەوە یەکێکیان لایەنگری سۆڤێت و ئەویتریان لایەنگری چین بوون. لە ناو کوردا بە تایبەتی ئەو چوار باڵە یان ئەو چوار حزبە هەبوون. نەوشیروان مستەفا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:»ئەو کات ناکۆکییەکی قوڵ لە نێوان خەتی یەکێتی سۆڤێت و خەتی چیندا هەبوو. چین یەکێک بوو لەو وڵاتانەی جۆرێک لە مارکسیزم- لینینزم و بیر و باوەڕی ماوتسی تۆنگی بڵاودەکردەووە. بیر و باوەڕی ماوتسی تۆنگ لەسەر بنچینەیەکی تایبەت نەخشەڕێگای ڕزگار بوونی گەلانی بەوجۆرە دانابوو، کە پێویستە میللەتێک کاتێک خەبات دەکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بهێنێت، دەبێت حزبێکی پێشڕەوی هەبێت، دەبێت بەرەیەکی یەکگرتوی گەلی بە فۆڕمێکی نوێوە هەبێت، لەشکرێکی ڕزگاری گەلی هەبێت، ئێمە پێمان وابوو هیچ لەو سێ مەرجانە لە هیچکام لەو حزبانەدا نەبوون، لەبەرئەوە ئێمە هەوڵماندا لەسەر ئەو مۆدێلە نوێیە ڕێکخستنێک دروست بکەین. لەم پەڕەگرافەدا نەوشیروان مستەفا بە ڕوونی باس لەوە دەکات، کە ئەوان ئەو کات بە بەرنامە کاریان بۆ ئەوە کردوە، کە فۆڕم و ڕێباز و ڕەوتێکی نوێی خەبات و شۆڕش لەسەر بناغەی ئەو دنیابینی و بۆچوونانەی لەو دەمەدا باوەبووە دابڕێژن .



لە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەدا، گروپی ڕزگاری بۆ یەکەمجار وەک پەیام، مژدەی هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێ و خۆری دامەزراندنی ڕێبازێکی نوێی خەباتی ڕزگاری دەدات بەگوێی خوێنەرانیدا. نەخشەڕێگای ئەم ڕێبازە لەم ژمارەیەوە زۆر ڕاشکاوانە بەیان دەکرێت. لە یەکەم وتاریدا وەک ئاماژەیەک بۆ جیاوازی ئەم فۆرمە و دانانی یەکەم بەردی بناغەدا، جەخت لەسەر گرێدانی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی پێکەوە دەکات، دۆستەکانی لە خەباتگێڕانی عەرەب و تورک و فارس دیاری دەکات، ئاماژە بۆ پێویستی هاوخەباتی گەلانی ژێردەستە دەکات، پشتیوانی خۆی بۆ خەباتی بەشەکانی تری کوردستان ڕادەگەیەنێت. هەر لەم بەراییەدا دژایەتی خۆی بۆ بارزانی و هاوبیران و دۆستانی ڕادەگەیەنێت و لێدان و هێرشکردنە سەر ڕەوتی بارزانی وەک یەکەم هەنگاو دەست پێ دەکات. بەبێ پەردە و بێ سڵکردنەوە بە دوژمن و نەیار و خۆفرۆش و کۆنە پەرست و خێڵەکی و بە بەربەستی بەردەم خەباتی ڕزگاری ناویان دەبات. بێ بەرییان دەکات لە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە بەرەی ئیمپریالیزمی جیهانی و پەیمانی سانتۆ، کە ئەو کات بەرەی چەپ و سۆسیالیزمەکان سیمایەکی دڕندانە و نابوت و ناشیرین و دژ بەمرۆڤایەتیان بەسەریاندا سەپاندبوو، پۆلێن دەکات. پرۆسەی پروپاگەندەی سیاسی بەرەی سۆشیالیزم لەو دەمەدا ئەوەندە بەهێز و کاریگەر بووە لە تەواوی گەلانی جیهانی سێیەمدا، کاریگەری لەسەر بیر و سۆزی خەڵکانی سادە و ئاسایی پێش ڕووناکبیران هەبووە. دانانی بەرەی بارزانی لە بەرەی داگیرکەران و تۆمەتبارکردنی بە کوتەکی دەستی ئیمپریالیزم و دوژمنانی ڕاستەقینەی گەل، کاریگەری لەسەر هەست و سۆز و عەقڵی زۆربەی ڕەهای لاوانی چەپی کورد هەبووە. لە بەرانبەردا پۆلێن کردنی خۆیان لە بەرەی شۆشیالیزم و هێزە شۆڕشگێڕە چەپ و ڕزگاریخوازەکان، پێناسەکردنی خۆیان وەک ڕێبازێکی نوێ خەبات و فۆڕمێکی نوێ بزوتنەوەی سیاسی، ڕێکخراوێک لەسەر بناغەیەکی نوێی خەبات و ستراکچەر و گەوهەرێکی نوێی کاری سیاسی، کە لە وێنە سەرەکییەکەیدا فەلسەفەی گرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بە یەکەوە دەکاتە شوناسی سەرەکی دەخستەڕوو. لە ڕاستیدا ئەم خۆجیاکردنەوەیە لە پرۆسەی دامەزراندنی ئەم فۆڕمە نوێیە یەکەم هەنگاوی پراکتیکییە. لەم هەنگاوەدا کە بە تەواوەتی خۆیان لە بەرەی بارزانی جیادەکەنەوە تا ١١ ژمارەی ئەم گۆڤارە تەواوی بیر و دنیابینی خۆیان و شوناس و گەوهەری ڕێبازی نوێ دەخەنەڕوو. بەواتە وێناکردنی بارزانی و هاواڵەکانی لەو دەمەدا تەنیا دەرئەنجامی ڕق و کینە و ناکۆکی نێوان بارزانی ئەم گروپە نەبووە، بەڵکو لە جەوهەردا بەشێک بووە لە ستراتیجی ئەم گروپە بۆ دامەزراندنی فۆڕمێکی نوێی ڕێکخراوەی و ڕەوتێکی نوێی هزری و سیاسی لە کوردستانی باشوور. لە ڕاستیدا ئەم سیاسەتە لەو دەمەدا نەک تەنیا لە عیراق و کوردستان بگرە لە سەرانسەری جیهاندا باوبووە، تەنانەت نازیەکان و بەلشەفیەکانیش

ئەم سیاسەتەیان پەیڕەوکردوە. پڕۆسەی خولقاندنی دوژمنێکی مەلموس و دیار لە واقیعدا کاریگەری بەهێزی لەسەر حەشدکردنی جەماوەری هەیە، بۆیە ئەم خاسیەتە لە تەواوی پڕۆسە و بەرنامەی سیاسی هەموو ئەو گروپ و ڕێکخراو و حزبە ئایدیۆلۆجست و سیاسیانەی ئەو دەمەدا، بە هەموو فۆڕم و شێوە جیاوازەکانیەوە و لە هەموو بەرەو لایەنە هزری و باوەڕدارییەکاندا هەبووە .

## پڕۆسەی خۆجیاکردنەوە

لە ژمارە سەرەتاییەکانی ئەم گۆڤارەدا بەرەی ڕزگاری زۆر بە ڕاشکاوی، پڕۆسەی خۆجیاکردنەوە لە باڵی بارزانی و خۆناساندن وەک ڕەوت و فۆڕم و مۆدێلێکی نوێی ڕێکخراوی سیاسی و ڕێبازێکی نوێی خەباتی ڕزگاری دەست پێدەکەن .

لەم پڕۆسەیەدا خۆیان لە بەرەی ڕزگاری نیشتمانی و پارتە پێشڕەو و ئازادیخوازەکانی جیهان پۆلێن دەکەن، نەیارانیشیان لە بەرەی بەرزانی لە ڕیزبەندی حزبە کۆنەپەرست و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی جیهانی و پارت و ڕێکخراوە شۆڤێنیەکان دادەنا. دابەشکردنی تەواوی لایەنە سیاسییە کوردی و عیراقییەکانی ئەو دەمە لە نێوان دووبەرەدا، بەرەی یەکەم خۆیان و دۆست و هاوبیرانیان بەکۆمەڵێک زاراوە و دروشم دەناسێنێت لەوانە دیارترینیان پارتی پێشڕەو، بەرەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لەشکری گەل...هتد. ئەم بەرەیە بە بەرەیەکی ڕاستەقینەی ڕزگاری و ڕێگای ڕاستی خەبات و تێکۆشان وەسف دەکات، دەڵێت: لە ئەمڕۆدا هەموو چینە چەوساوەکان و ڕەنجبەران و زەحمەتکێشانی کوردی لە دەور ئەو ڕەوتە کۆبوونەتەوە و ئامادەن فیداکاری و گیانبازی لە پێناو سەرکەوتنیدا ئەنجام بدەن .

ئاماژەکردن بە بەرەی مەکتەبی سیاسی وەک خاوەن و نوێنەری ڕاستەقینەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرەی نیشتمان پەروەران، کە پێیان وابووە حزب، نەک بارزانی داینەمۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی میللەت و ڕاسترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەی و نیشتمانیەکان. ئەم بیرکردنەوەیە، کە ئەو کات بە لاوازی لە ناو بەرەی ڕزگاریشدا هەبووە، لای گروپی نور ستراتیج و ئامانج بووە، بەڵام ڕەوتی ڕزگاری لە گەڵ پشتگیریان بۆ ئەم بۆچوونە، لە ستراتیجدا باوەڕیان بەوە بووە، پێویستە حزبێکی سیاسی نوێ، نەک تەنیا لە دەرەوەی پاوانخوازی بارزانی دامەزرێنن، بەڵکو پێویستە حزبێکی سیاسی تەواو جیاواز لە پارتیش دامەزرێنن. ئەم دنیابینیە بۆچوونێکی دیاری ئەم گروپە بووە. گروپی نور پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە بیر و باوەڕی خۆیانەوە(مارکسیزمی کلاسیکی) وەک حزب قبوڵ بووە، بەواتای لەسەر بنەمای هەمان بۆچونی پێشوو، کە بڕیار بووە حزبێکی سیاسی بە هاوبەشی لە نیوان بارزانی و مارکسیەکاندا دامەزرێنن، ئەم حزبە بکرێتە حزبی پێشڕەو. هەرچی بەرەی ڕزگاریە کاریان بۆ دامەزراندنی فۆرمێکیتری ڕێکخراوەی تەواو جیاواز لە پارتی، لە تەواوی پایە و پێکهاتەیدا دەکرد. بەرەی نور لە جەوهەردا لەسەر رابەرایەتیکردنی بارزانی و

ئەو بیر و باوەڕی، کە سەپاندبووی بەسەر حزبدا نارازی بوونە. هەرچی گروپی ڕزگاریە بەرنامە و ستراتیجێکی تریان هەبووە، لە دەرەوەی تەواوی ئەو بیر و بۆچوونانەی لە ناو بەرەی (م.س)دا باو بووە بیریان کردوەتەوە. ئەم بۆچوون و دنیابینیە بناغەی دامەزراندنی ڕەوتێکی نوێی خەبات و شۆڕش بووە، هەر بۆیەش بارزانی ئەوەندەی لەم گروپە ترساوە و حیسابی بۆ کردون ئەوەندەی تەواوی بەرەی (م.س) بەلایەوە گرنگ نەبووە .

لە ژمارە ٤ ی ئەم گۆڤارەدا لە وتارێکدا، کە بە ناوی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ڕزگاریەوە بڵاوکراوەتەوە، داوا لە خەڵکی کوردستان دەکات، کە خۆیان لە بەرەی گەل، بەرەی کوردایەتی ڕێکبخەنەوە. داوا لە چینی کرێکاران و جوتیاران و توێژی کاسبکاران و وردە بۆرژوازی نیشتمانی دەکات، لەم بەرەیەدا درێژە بەخەبات و تێکۆشان بدەن .

لە بەرانبەر ئەم بەرەیەشدا کۆمەڵێک لایەن و ڕێکخراوی سیاسی کوردی و عیراقی وەک بەرەی نەیار و دژ بەگەل و نیشتمان دیاری دەکات. ئەم بەرەیە بە گشتی لە بارزانی و هابیرانی و دۆستانی لە حزب و ڕێکخراوە عیراقییەکان و لایەنە دەرەکییەکان پۆلێن دەکات. لە بواری لۆکاڵیدا لە هەردوو ئاستی عیراقی و کوردستانیدا، ئەم بەرەیە بە بەرەی شۆڤێنیزم و بەکرێگیراو و کۆنەپەرست و دەرەبەگ و سەرمایەدار و کۆمپادۆرەکان و داردەست و پیاوانی بێگانە و داگیرکەرانی ئیمپریالیزم و دوژمنانی کورد پۆلێن دەکات. بەرەی بارزانی و هاواڵەکانی بەسەرلێشێواو و هەڵخەڵەتاو و ونبوو باس دەکات. ئەم پۆلێنکردنە لەو دەمەدا بە شێوەیەک داندرابوو، تاکی ئاسایی تووشی دابڕانێکی گەورە لە لۆجیک و عەقلانییەت کردبوو، هیچ بوارێکی بۆ یەکتر قبوڵ کردن و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان نەهێشتبووەوە. توندی ئەم زمانە لە لایەن هەردوو بەرەدا پەیرەو دەکرا، ئەم خاسیەتە ببووە هۆی تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و خراپکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی نێوان ئەندام و لایەنگرانی هەردووبەرە، ناکۆکی نێوان ئەم دووبەرەیە پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی گەیاندبووە ئاستی ئێسک شکاندن، کارکردن لەسەر سڕینەوەی یەکتر بە شێوەیەکی زۆر ترسناک و دڕندانە، کە دەرئەنجام شەڕی براکوژی لێ کەوتەوە. ئەو ڕەفتارانەی هەردوو بەرە ئاشتەوایی و پەیوەندی ناو ماڵی کوردی بە شێوەیەک تێکدا، تا ئەمڕۆش سوتماک و کاریگەرییە نەرێنییەکانی هەر ماوە .

### دیاری کردنی بەرەی نەیار

لەم گۆڤارەدا لە دنیابینی تایبەتی خۆیانەوە پۆلێنێکی ورد بۆ نەیارانی گەل و بەرەی ڕزگاری لە هەردوو ئاستی لۆکاڵی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دیاری دەکات. لە بواری لۆکاڵیدا بارزانی و شیوعییەکان و شۆڤێنیزمی عەرەبی ڕیزبەند دەکات، لە بواری دەرەکیشدا باس لە پەیوەندی نێوان بارزانی و ئەمریکا و ڕژێمی شاهنشا لە ئێران دەکات. لە بواری لۆکاڵیدا، بارزانی وەک سیمبولی کۆنەپەرستی و بەکرێگیراوی بێگانە و بەربەستیی گەورەی بەردەم خەباتی

ڕزگاری و ئازادی کورد و چینە چەوساوەکانی عیراق باس دەکات. لە وەسفکردنی بارزانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە بارزانی کەسایەتییەکی تاکڕەو و دیکتاتۆر و عەشایەرە، بۆ چارەسەری کێشە و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان تەنیا ڕێگای بەکارهێنانی هێز و تیرۆر و کوشتن دەزانێت. سەرچاوەی کۆنەپەرستی و نەهامەتییەکانی میللەتی کورد و چینە چەوساوەکانی گەلە، نوێنەرایەتی دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیی کوردە، کە دوژمنی سەرسەختی جوتیاران و کرێکارانە دەکات.

## شیوعییەکان

لەو دەمەدا شیوعییەکان بە تەواوەتی خۆیان لە بەرەی بارزانیدا ساغکردبۆوە. شیوعییەکان پێیان وابووە بارزانی نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکات، هاوکات بەوەی گرووپی ڕزگاری بەرگی کۆمەنیستیان لە بەرکردبوو و هەروەها خۆیان لە بەرەی چینییەکاندا ساغکردبۆوە، ئەم واقیعە ئەوەندەی تر ناکۆکی شیوعییەکان و گرووپی ڕزگاری توندتر کردبۆوە، شیوعییەکان لەسەر بناغەی ئەو باوەڕەی، کە ستالین خولقاندبووی لە هەر وڵاتێکدا دەبێت تەنیا یەک حزبی شیوعی هەبێت، ئەگەر لە وڵاتێکدا لە یەک حزبی شیوعی زیاتر بوونی هەبێت، ئەوە تەنیا یەکێکیان نوێنەرایەتی پرۆلیتاریا دەکات، ئەوانی تر تەحریفین (ڕیفیرشیستن). لەو دەمەدا پەیوەندی نێوان سۆڤێتیەکان و چینییەکان زۆر خراپ و دژوار بووە، ئەم دژوارییەش لە تەواوی حزب و ڕێکخراو و وڵاتە تابعەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. بە بارێکی تردا بەوەی لە واقیعدا زۆربەی توێژی ڕووناکبیران و لاوانی کوردی خوێندەوار لە دەوری گۆڤاری ڕزگاریدا کۆببوونەوە، شیوعییەکان ئەمانەیان بە مەترسی بۆ سەر پێگەی جەماوەری خۆیان لە کوردستان دەزانی. کۆی ئەم هۆیانە وایانکردبوو شیوعییەکان بێ دوودڵی بکەونە بەرەی نەیاری (م.س) بە گشتی و بەرەی ڕزگاری بە تایبەتی. لەو دەمەدا بە بیانوی ئەوەی، کە بارزانی خاوەن هێزێکی چەکداری ڕێکخراو و بڕێکی زۆری چەک و تەقەمەنی لە بەردەستدایە و هاوکات پشتگیری دەرەکی هەیە، لە ناوخۆی عێراقیشدا سەنگ و پێگەی لە گۆڕەپانی سیاسی زۆر دیار و بەهێزە، بۆیە ڕێکەوتن لەگەڵ بارزانیدا گریمانی سەرکەوتن و کۆنترۆڵکردنی دەنگی ڕزگاریخوازی کوردی زیاترە و لە دوور مەودایشدا چارەسەرکردنێکی ڕوکەشانە و ڕازیکردنی میللەتی کورد بە هەندێک دروشم و مافی سەرەتایی، سوودی بۆ ئەمان زیاتر دەبێت. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو باوەڕەی، کە هەیان بوو بەوەی جوڵانەوەکەی بارزانی جوڵانەوەیەکی لۆکاڵی و خێڵەکییە، خاوەن هیچ دنیابینی و هزر و باوەڕێکی پتەو نین و ئایندەیان لە سێبەری گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی عیراقی بە گشتی، بەرەو کۆتایی و لاوازبوون دەچێت. بەواتە لە کۆتاییدا ئەم بەرەیە هیچ مەترسییەک بۆ سەر ئایندەی دەسەڵاتی ئەمان دروست ناکات و ناتوانێت ڕکەبەرایەتی ئەمان بکات. لە وەسفکردنی شیوعییەکاندا گرووپی ڕزگاری پێیان وابوو شیوعییەکان لە گەوهەردا بیر و دنیابینی شۆڤێنیستە عەرەبییەکان لە ژێر پەردەی کۆمەنیستیدا پەیڕەو دەکەن، بیر و دنیابینی کۆمۆنیزم لایان تەنیا



مکیاج و سیاسەتێکە بۆ تەفرەدانی جەماوەر و گەلانی ژێر دەستەی عەرەب، بۆیە لە ڕاستیدا ترس و هەڕەشەی ئەم بزوتنەوەیە هیچی کەمتر نییە لە مەترسییەکانی بەرەی داگیرکەر و کۆنەپەرست .

## شۆڤێنیزمی عەرەبی

شۆڤێنیزمی تورک و فارس و عەرەبی بە درێژایی مێژووی بوونیان لە هەر کات و جێگایەکدا، تەنانەت لەو کاتانەی بارودۆخیان زۆر خراپیش بووە و پێگە و سەنگیان زۆر لاواز و بێهێزبووە، هەر دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بوونە، هەموو چالاکییەکی ڕزگاریخوازی کوردیان بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەی خۆیان لە قەڵەم داوە. ئەم ڕەوتە لە فۆرمی سیاسی، کە لەگەڵ خولقانیاندا هەڵگری ڤایرۆسی تیرۆر و توندوتیژ و کردەوەی نامرۆیانەن، بە بەردەوامی نەیارێکی سەرسەختی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوونە. لەو دەمەدا نزیکبونەوەی بارزانی و شۆڤێنیستەکان گومانێکی زۆری لای زۆرێک لە ڕوناکبیرانی کورد و عەرەب خولقاندبوو، بۆیە گروپی ڕزگاری ئەم نزیکبونەوەیان بە هەل دەزانی بۆ لێدانی پێگە و سەنگی بارزانی و هاوبیرانی و زۆر بە فراوانی بەکاریانهێناوە. لەم بوارەدا گۆڤاری ڕزگاری بەشێکی تایبەت لە نووسین و بابەتەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو .

## لە بواری نێودەوڵەتیدا

لەم بوارەدا بارزانی خۆی وەک دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران دەردەخست، بەتەواوی سیاسەتەکانی ئەوانی بە تەندروست دەزانی و پشتی پێ دەبەستن. هەر لەم سونگەوە گروپی ڕزگاری بارزانیان بە نۆکەری ئیمپریالیزم و سەهوێنیەت و ڕەزا شای ئێران تۆمەتبار دەکرد. تۆمەتبارکردنی بارزانی بەوەی چەندین پەیوەندی نهێنی لەگەڵ نەیارانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان هەیە، ئاماژەکردن بەبوونی پەوەندییەکی پتەوی نهێنی لە نێوان دەزگا سیخوڕییەکانی ئەو وڵاتانە و بارزانیدا، بۆ نموونە ئەو پەیوەندیەی لە نێوان چریک و بارزانیدا هەبووە، بەشێکی بەرچاوی سیاسەت و ڕیکلامی سیاسی گروپی ڕزگاری بووە. لە ئاماژەکانیاندا بە ئاشکرا باسی ئەو پەوەندیانەیان دەکرد و وایان شی دەکردەوە، کە لە کرۆکدا ئەو هەموو سازش و تەنازولەی بارزانی بۆ ئێران بە مەبەستی داخستنی دەرگای ئێرانە لە ڕووی بەرەی (م.س) و تاڵەبانی. لەم بازنەیەدا چەندین نموونە و بەڵگەی پەیوەندیان دەخستەڕوو. دژایەتی بارزانی بۆ شۆڕشگێڕە ڕزگاریخوازەکانی کورد و عەرەب و فارس و تورک لە بەشەکانی تری کوردستان لەم بازنەیەدا چڕ دەکردەوە. نموونەی دەستگیرکردن و تیرۆرکردنی چەندین شۆڕشگێڕی نەیاری ئەو وڵاتانە و تەسلیم کردنەوەی بە دەسەڵاتداران و دەزگا هەواڵگرییەکانیان بە بەردەوامی دەهێنایەوە. لەو دەمەدا نموونەی تیرۆرکردن و تەسلیم کردنەوەی سلێمانی

موعینی و هاوڕێکانی تەواوی ئەم تاوانبار کردنانەی بەرەی ڕزگاری بۆ بارزانی پشتڕاست دەکردەوە .

## بناغەی هزری بەرەی ڕزگاری

ئایدیۆلۆجیا و بناغەی هزری بەرەی ڕزگاری لە بنەڕەتدا لەسەر فەلسەفی مارکسیزم دادەمەزرێت، بەڵام تایبەتمەندی بیر و دنیابینی هزری ئەم بەرەیە لە شێوازی میانڕەوی و کرانەوەی هزریدا قاڵب دەگرێت، واتە بە مەودایەکی زۆر لە بیر و باوەڕی دۆگمایی دور دەکەوێتەوە. ئەم میانڕەوی و دوورکەوتنەوەیە بۆ ئەو دەمەی واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان پێویست بووە. بۆ گروپی ڕزگاریش ئەم سروشتە بواری جموجۆڵی زۆر بەرفراوانی سیاسی بۆ ڕەخساندوە، هاوکات لە بواری چالاکی جەماوەریدا زۆر هاوکار بووە، بە تایبەتی لە بواری خیرا گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیر و دنیابینی ئەم گروپە. لە ڕوویەکی ترەوە تێکەڵکردنی خەباتی سیاسی و هزری و چەکداری، یەکێک لە سیما دیارەکانی ئەم فۆڕمە نوێیە بووە. فەلسەفەی جیاوازی ئەم فۆڕم و دنیابینیە لەگەڵ ڕەوتە چەپ و مارکسییەکانی ئەوکاتەی عیراق لە بارە گشتییەکەیدا ئەوەیە، کە ئەم زۆر بە بوێری و باوەڕەوە کاری لەسەر گرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بە یەکەوە کردوە، ئەم بۆچوون و باوەڕە بۆخۆی پێشتر لای مارکسییە عیراقییەکان و مارکسییە کوردەکانیش وەک حەرام وابووە. فۆڕمێکی نوێی خەباتی هزری، کە لەسەر بناغەی موتوربەکردنی بیری مارکسیزم بە بیر و باوەڕی نەتەوایەتی شوناسی هزری ئەم فۆڕمە نوێیە بووە، هەر لەسەرەتاوە زۆر بە ئاشکرا و بوێرییەوە بانگەشەیان بۆ کردوە. خێزانی گۆڤاری ڕزگاری بە گشتی و ڕابەرانی ئەم فۆڕمە نوێیە هەر لە ژمارەکانی سەرەتایەوە بێ دوودڵی، ئەم بۆچوون و بیر و دنیابینییەی خۆیان نەشاردۆتەوە و ڕاشکاوانە قسەیان لەسەر کردوە، لەسەر ئەم بۆچوونەش لە لایەن هەردوو بەرەی بارزانی

رزگاری



شۆڤێنیزمی تورک و فارس و عەرەبی بە درێژایی مێژووی بوونیان لە هەر کات و جێگایەکدا، تەنانەت لەو کاتانەی بارودۆخیان زۆر خراپیش بووە و پێگە و سەنگیان زۆر لاواز و بێهێزبووە، هەر دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بوونە

و شیوعییەکانیشەوە، زۆرجار ڕووبەڕووی چەندین تۆمەت و قسەی ڕەق و ناشیرین بونەتەوە، زۆرجار بەسەرلێشێواو و لادەر و تەحریفی و خیانەتکار و.. هتد تۆمەتبار کراون. گروپی ڕزگاری بۆ بەرگریکردن لە بیر و دنیابینی خۆیان و سەلماندنی دروستی بۆچوونەکانیان، چەندین توێژینەوە و وتاری تایبەت بەم پرسەیان بڵاوکردوەتەوە، ئەزموون و شێوازی خەباتی گەلانی ژێردەستەی ئەو سەردەمەیان کردوەتە بناغەی ڕاستی بەڵگەکانیان. بۆ ئەم مەبەستە لە گۆڤاری ڕزگاریدا پانتایەکی زۆریان بۆ خەباتی گەلانی ژێردەستە و شێواز و فۆرمی کاری سیاسی و ئایدیۆلجی و چەکداری تەرخانکردوە. لە پێش هەموویانیشەوە ئەزموونی سازمانی ئینقلابی ئێران و بەرەی میللی فەلەستین و شۆڕشەکانی ڤێتنام و کوبا و لاوس و چەندینی تر .

لە ڕوویەکیترەوە گرنگی زۆریان بە بیر و دنیابینی و هزری ڕابەرانی مارکسیزم دەدا. وەرگێڕانی نووسین و توێژینەوەکانی مارکس و ئەنگلس و ماوتسی تۆنگ و لینین و بلیخانۆف و هۆشیمنە و...هتد دەدا. چەندین بابەتی بەپێز و گرنگیان لە بوارەکانی ئابووری سیاسی و دیموکراسی سۆشیالیستی، سۆشیالیستی زانستی و دیالکتیک و .. بڵاو کردۆتەوە، ئەمە جگە لە چەند بابەتێکی گرنگ لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیەوی و مەرجی خەباتی هزری و کۆمەڵایەتی تایبەت بەواقیعی کوردی. لەسەر بناغەی بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ جەختیان لەسەر گرێدانی هۆشیاری چینایەتی و نەتەوایەتی پێکەوە دەکردەوە. پێیان وابووە ئەم گرێدانە، نەک تەنیا بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمە زۆر پێویست و گرنگ بووە، بەڵکو هێزێکی گەورەی باوەڕداری دەدات بە شۆڕشگێڕەکان. لە بانگەشە سیاسییەکانیاندا ستراتیجی دانانی بناغەیەکی هزری نوێ بۆ خەباتگێڕانی خۆیان ئەوە بووە ئەو باوەڕە بسەپێنن، کە ئەم گرێدانە زامنی سەرەکی سەرکەوتنی شۆڕش و گەیشتنی گەلی کوردە بە مافە ڕەواکانی خۆیان.

لەو دەمەدا و لە ناو ئەو ململانی و ڕکابەرایەتییە هزری و سیاسییە جەنجاڵییەی عیراق و کوردستاندا، ئاسۆی دامەزراندنی فۆرمێکی نوێی خەبات و حزبایەتی دەرکەوتووە. بە پێی تەواوی شیکاریەکان و ئەو زانیاریانەی لە ئەمڕۆدا لە بەردەستدایە، بە گشتی ئاماژەی ئەوە دەدەن بە دەستەوە، کە تاڵەبانی هەر لە سەرەتای ئینشیقاقەکەوە، بە نهێنی لەمێشکی خۆیدا سیماو ئەجندای تەواوی ئەم فۆرمە نوێیە لا گەڵاڵە بوو بێت و هاوکات بە بەرنامە، کاری بۆ داهێنان و دامەزراندنی فۆرمێکی نوێی خەباتی ڕزگاری کردبێت، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆی سەرەکی ئەوەبێت، کە هەر لەسەرەتاوە ناوی تاڵەبانی بەم فۆرمەوە گرێ دەدرێت و نازناوی جەلالی یان جەلالیزم بەسەر تەواوی ئەم ڕەوتەدا دەسەپێنرێت. لەو دەمەدا و لە ژێر کاریگەریی چەند ڕێکخراوێکی ماوی لە پێش هەموویانەوە بەرەی میللی فەلەستین و سازمانی ئینقلابی ئێران، کە پەیوەندییەکی پتەو و باشیان لەگەڵ تاڵەبانیدا هەبووە، زۆر لە بیر و دنیابینی ماویەوە نزیک بۆتەوە و بگرە زۆر سەرسامی ماوتسی تۆنگ و ڕێبازەکەی بووە .

##ماویزم لە ستراتیجی گروپی ڕزگاریدا

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چینەوە بیر و دنیابینییەکانی ماوتسی تۆنگ ناوبانگ و ڕێزێکی زۆریان پەیدا کرد، هاوکات بەوەی ئەو شۆڕش و فۆڕمە لە وڵاتێکی ئاسیاوی وەک چین، کە بۆخۆی یەکێک بووە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەرجەستە بووە، واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتووری ئەو وڵاتە زۆر لە شێوازی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینەوە نزیک بووە، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و بەهێزی لەسەر شکڵکردنی فۆرمی ڕێکخراوەی و هزری لاوانی ئەم گەلانە هەبووە. سەرکەوتنی ئەم شۆڕش لە بواری پراکتیکیدا یەکەم وەڵامی ئەو پرسیارە بووە، کە مارکس لە سەردەمی خۆیدا لەمەڕ شێوازی خەباتی ئەو گەلانەی شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیاویان هەیە، وەڵامەکەی بە کراوەی دەدایەوە. ماوتسی تۆنگ لە چوارچێوەی هزر و فەلسەفەی ماکسیزمدا بەم سەرکەوتنەی نەک تەنیا وەڵامێکی واقیعی دایەوە، بگرە توانی فۆڕمێکی نوێی خەبات و شۆڕش دابهێنێت .

لە ڕاستیدا بەوەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم سروشتێکی تایبەتیان هەیە، بواری بەرهەمهێنان زیاتر لە بوارەکانی کشتوکاڵ و شوانکارەی و پیشەوەری و کاری گەڕۆکی..هتد چڕ بووبوووە. جەستەی ئەم کۆمەڵگەیانە لە تەواویی بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتوری جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ فۆرمی ڕۆژئاوایی و وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان هەیە، هەر ئەمەش هۆی سەرەکی ئەوەیە، کە فۆرم و مۆدێلی خەباتی هزری و سیاسی وڵاتانی پێشکەوتووی ئابووری لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئەم وڵاتانەدا نەگونجێت.

لەو دەمەدا ماوتسی تۆنگ یەکەم سەرکردە و ڕابەری ڕێبازی مارکسی بووە، باسی لەوە کردوە، کە دەبێت خەبات و تێکۆشان و شۆڕش لەو واقیعانەی هاوشێوەی چینن تایبەتمەندی خۆی هەبێت، پێویستە شۆڕش لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە گوندەکانەوە دەست پێبکات، نەک لە شارەکانەوە هەڵقوڵێت، لە کێڵگەوە بەرجەستە ببێت، نەک لە گۆڕان و پەڕینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتر ماوەیەکی زۆرتری دەوێت، لەوەی کە ئەورووپییەکان یان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی تری جیهان دەیانەوێت. لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەی بەرجەستەکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەبێتە بناغەی سەرکەوتن لە بەرجەستەکردنی گۆڕانکاری سیاسیدا .

ماوتسی تۆنگ بۆ یەکەمجار فۆڕمێکی نوێی خەباتی ڕزگاری بۆ گەلانی ئەم ناوچانە داهێنا، لەو فۆڕمەدا پرسی گرێدانی خەباتی پارتیزانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری پێکەوە، وەک فۆڕمێکی نوێی خەبات و ڕێکخراوی سیاسی داڕشتەوە. لە پرۆسەی هاندان و جۆشدانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش و خەباتی ڕزگاریدا چەندین ڕێنمایی و ماریفەت و پێشنیاری خستوەتەڕوو، کە گۆڤاری



ڕزگاری لە ژمارەکانیدا نەک هەر پێگە و گرنگی تەواوی پێداوە، بگرە شێوازی خستنەڕوویان وەک ستراتیجی سەرەکی گروپی ڕزگاری مامەڵەی لەگەڵدا کردوە. وتە و بۆچوونەکانی ماو ئەوەندە پیرۆز کراوە، لایەنگرانی ئەم ڕەوتە وەک دەقی پیرۆز هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردوە، لە گۆڤاری ڕزگاریدا سروشتی بڕیار و ڕێنمایی سەرکردایەتی ڕێکخراوێکی سیاسی نوێیان وەرگرتبوو.

**لەو ڕێنمایانە :**

* کارکردن بۆ دامەزراندنی هێزی گەلی .

* دیاری کردنی دۆست و دوژمنانی شۆڕش، دیاری کردن و ناسینی دۆست و دوژمن و ورووژاندنی ئەو پرسیارە، دۆستەکانمان کێن و دووژمنەکانمان کێن؟، واتە جێبەجێ کردنی پرۆسەی خۆ جیاکردنەوە. لەم پرۆسەیەدا گروپی ڕزگاری زۆر بەوردی کاریان لەسەر داتاشین و وێناکردنی دوژمن کردوە، لە هەردوو ئاستی لۆکاڵی و دەرەکیدا .

* هاندان و جۆشدانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش و خەباتی ڕزگاری .

* هەموو گەلێکی بچووک یان گەورە دەتوانێت ڕووبەڕووی بەهێزترین دوژمن ببێتەوە و بیهێنێتە سەر چۆک، ئەگەر ئەو گەلە بە تەندروستی و بە تەواوەتی وشیار کرابێتەوە.

* هەر گەلێک یەکێتیەکی پتەوی هەبێت دەتوانێت جەنگی گەلی هەڵبگیرسێنێت .

* لە پێویستییە سەرەکییەکانی خەبات، بنەبڕکردنی گەندەڵی و نەهێشتنی بەرەڵایی، جەختکردنە لەسەر بەردەوامی خەباتی ئایدیۆلۆجی توندو تۆڵ و پڕ لە بەها و پرەنسیپ و باوەڕ و زەبت و ڕەبتی شۆڕشگێڕانەیە .

* وشیاری چینایەتی دەبێتە پشکۆی گەشەکردن و پێشخستنی هێزی گەلی .

* ڕوبەڕو بوونەوەی هەر لادان و دەرچونێک لە بڕیار و ڕێنماییەکانی حزب و لێدان و سزادانیان بە توندی، ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەیە .

* پەلاماردانی هێزەکانی دوژمن لە ناغافڵیدا .

* پەلاماردانی هێزە پەرت و بڵاوەکانی دوژمن زامنی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی خێرایە .* دەستبەسەرداگرتنی شارە بچووکەکان و گوند و ناوچە دوورەکان، دانانی بارەگا و سەربازگەی مەشق و ڕاهێنان لە پێویستییە سەرەکییەکانی خەباتی پارتیزانیە .

* خەباتی نهێنی ناوشارە گەورەکان و لێدان لە دڵی دوژمن .

* خۆ لادان لە هەر شەڕێک، کە پێشتر ئامادەکاری بۆ نەکرابێت .

* ئەنجام نەدانی شەڕی یەک لەسەر یەک بێ خۆئامادەکردن .

ئەمانە و چەندین ڕێنمایی و بۆچوونی تر، کە گروپی ڕزگاری بەپێی دنیابینی خۆیان و بەپێی پێویستی کاری ڕێکخراوەیی شیکاریان بۆ دەکرد، دەیانکردە دار دەستی سەپاندنی بیر و بۆچوونەکانیان .

هەواڵنامەی کتێب

## وتەکانی ماوتسی تۆنگ

لە گۆڤاری ڕزگاریدا پانتایی و گرنگییەکی بەرچاو بەوتەکانی ماوتسی تۆنگ دراوە. وتە و دنیابینی شۆڕشگێڕانە و ڕێنمایەکانی لەمەڕ شەڕی پارتیزانی و ئەزموونی ڕێکخراوە ماوییەکانی ئەو سەردەمە لەم بڵاوکراوەیەدا بەهەند وەرگیراوە. سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شۆڕش و خەباتی حزبی شیوعیی چین و خەباتی جوتیارانە و سیاسەتی مۆبیلیزەکردنی تاک و حەشدکردنی جەماوەر ئەوەندە گرنگی پێدراوە لای ڕزگارییەکان بووبووە دەقی پیرۆز و لە ڕیزبەندی بڕیار و ڕێنمایەکانی ڕێکخراوەیی خۆیان تەماشا دەکران .

لەو دەمەدا بە تایبەتی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی چین و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن حزبی شیوعی چینیەوە، بیر و دنیابینی ماویزم لە سەرانسەری جیهاندا ڕێز و بەهای زۆری پەیدا کرد، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەتی گەلانی جیهانی سێیەم، ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارە پێشکەوتن خوازەکان و لاوان کەوتنە کار و چالاکی بۆ دامەزراندنی ڕێکخراو و حزبی سیاسی، لەسەر هەمان مۆدێل و فۆڕمی حزبی شیوعی چینی و تەواوی ڕێنمایی و دنیابینیەکانی ماوتسی تۆنگیان کردە بناغەی بیر و دنیابینی ئایدیۆلۆجی و سیاسی خۆیان. لەو سەردەمەدا تاڵەبانی وەک خۆی جگە لەوەی زۆر بە خێرایی و بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان کەوتبووە ژێر کاریگەری بیر و باوەڕی ماتسی تۆنگەوە. هاوکات چەندین کەسایەتی و ڕێکخراو و لایەنی سیاسی ماوی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریان لەسەر داڕشتنەوەی بیر و دنیابینی سیاسی ئەم فۆرمەی کورد هەبووە، دیارترین ئەو لایەن و کەسایەتیانە، بەرەی میلی فەلەستین و شۆڕشگێڕە ماویەکانی ئەریتیریا و برادەرانی سازمانی ئینقلابی ئێرانی، کە ئەو کات هاتبوونە سلێمانی بۆ ئەوەی لە ڕێگای تاڵەبانیەوە بچنەوە سنوورەکانی ئێران و ڕێکخراوێکی ماوی لەو دیو سنوورەکانەوە دامەزرێنن، بەڵام کاتێک کە شکست دێنن و ناتوانن بچنەوە ئەو دیو سنوورەکان، بە ناچاری لە سلێمانی و لە ناوچەی بەکرەجۆ دەمێننەوە، ئەم ڕووداوە بۆ تاڵەبانی ئەو هەلە دەخوڵقێنێت، کە هانیان بدات لە ڕووی تیۆرییەوە هاوکاری برادەرانی تاڵەبانی بکەن، گەشە و پێشکەوتن بەبیری ماویزم لە نێو بەرەی ڕزگاری و کتێبخانەی بیری نوێدا بدەن .

لەو دەمەدا و بەپێی ئەو وێنەیەی لە هەردوو بواری ناوخۆی و دەرەکی باسمان کرد، گونجاوترین ڕێباز و فۆڕم بۆ بەرەی ڕزگاری هەڵبژاردن و گرتنەبەری ڕێباز و فۆڕمی ماویزم بووە. بەهەند وەرگرتنی وتەکانی ماوتسی تۆنگ و مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک دەقی پیرۆز و بناغەی ئەو فۆڕمە نوێیەی خەباتی ڕزگاری کورد ئەو باوەڕەی خوڵقاندبوو، کە پێویستە پانتایەکی بەرچاو بۆ وتەکانی ماو تەرخان بکرێت و هاوکات وەک ڕێنمایی و فەرمانی حزبی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەم گۆڤارەدا پێگەیەکی وا دراوەتە ئەو وتەو ڕێنمایی و دنیابینیانەی ماو، لە

پڕاکتیکدا سروشتی پیرۆزی هەڵگرتبوو، ناڕاستەوخۆ ببووە ئینجیلی هاوبیرانی بەرەی ڕزگاری و کاریگەری بە هێزی لەسەر یەکخستنی ڕیزەکانی و بەرەوپێشبردنی کاری ڕێکخراوەی سیاسی هەبووە. دیارترین و لە پێشترین ئەو وتە و باسانەی قسەیان لەسەر دەکرد پابەند بوون بوو بە ڕێنمایی حزبی و ڕێکخراوەی و بەرێوەبردنی خەباتی نهێنی و کارکردن بۆ دامەزراندنی لەشکری گەلی و بەرپاکردنی جەنگی گەلی و جۆشدانی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە خەبات و تێکۆشان و شۆڕش لە بەرەی ڕزگاریدا، هاوکات لە گرنگترین ڕێنماییەکان خوڵقاندنی فۆرمێک بوو بۆ گرێدانی خەباتی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و پارتیزانی وەک ئەوەی ماو بەپێویستی دەزانی. لە گوزارشتی لەشکری گەلیدا، وەک ئەوەی ڕزگارییەکان خوێندنەوە و شیکاریان بۆکردوە، ئامانج تێیدا دامەزراندنی لەشکرێکی بەهێز لە جەماوەر و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان بووە. هێز و پێکهاتەی سەرەکی ئەم هێزە وا بانگەشەی بۆ دەکرا، کە پێویستە لە توێژی جوتیاران و کاسبکاران و کرێکاران و خەڵکانی ستەم لێکراوی کورد بێت. ئامانجی سەرەکی ئەم لەشکرە بەرپاکردنی جەنگێکی گەلی بەهێز لە پێناو ڕزگارکردنی کوردستان لە داگیرکاری و کۆنەپەرستی پێکەوە بووە .

## جەنگی گەلی

تیۆری جەنگی گەلی وەک ئەوەی ماوتسی تۆنگ باسی لێوەکردوە، تیۆرێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتییە،



ماو تسی تۆنگ

تیۆ ر یکی خەباتی گشتگیر و بەرفراوانە و تەنیا لە بواری ستراتیجی سەربازیدا گۆشەگیر نابێت. ئەم جەنگە ڕەوایی لە پشتبەستن بە جەماوەر و خەڵکی ستەم لێکراوەوە وەردەگرێت .

تێگەیشتنی بەرەی ڕزگاری بۆ ئەم تیۆرە لەگەڵ ئەوەی لە بازنەی ئەم بۆچوونەی ماو دا خۆی نمایش دەکات، بەڵام لە جەوهەردا ئامانجەکانی تایبەتمەندی بارودۆخی کوردستان و خواستە تایبەتییەکانی ئەم بەرەیەش هەڵدەگرێت. ئەم چەمکە لای ڕزگارییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بواردا چڕ کراوەتەوە، بواری خۆپاراستن لە

دوژمن و درێژەدان بە مانەوەی خۆیان. خەباتی ڕزگاری، لە بواری لێدان لە دوژمن و داڕشتنی ستراتیجی تەفر و تونا کردنی، کە لەو دەمەدا وەک پرانسیپی شۆڕشگێڕی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، ئەم پرنسیپە لە عیراق و کوردستان تێکەڵ بەسروشتی توندڕەو و کەلتووری یەکتر سڕینەوەی عیراقییەکان ببوو، ئەو کەلتوورەی سەدان ساڵە گەلانی عیراق بەدەستیەوە دەناڵێنن و دەبنە قوربانی .

لە بواری خۆپاراستندا ڕزگاریەکان چەند دوژمن و نەیاری جیاوازیان بۆ خۆیان دیاریکردبوو، لەوانە بە ڕیزبەندی و بەپێی گەورەیی قەبارەی مەترسییەکانیان، بارزانی و هاوبیرانی، ڕژێمی حوکمڕانی عیراق، کە ئەو کات بەعسییەکان بوون، حزبی شیوعی عیراقی، بزوتنەوە شۆڤێنیزمەکانی عەرەبی و چەند لایەنێکی تری کوردی و عیراقی پۆلین کردوە. لە بواری دەرەکیدا ئەمریکا و سەهیۆنیەت و ئێران وەک دوژمن و نەیار تۆمار دەکران .

مەترسییەکانی بەرەی بارزانی لای ئەم گروپە هەر لەسەرەتاوە لە ڕیزبەندی یەکەمی مەترسییەکاندا بووە، بۆیە پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە لە ساتاکانی بەرقەرارکردنی ئاشتی و بەرجەستەکردنی ڕێکەوتن و دانوستانیشدا هیچ متمانە و دڵنیایەکی دروست نەکردوە. ئەم دوژمنکارییە زۆرجار تا ئاستی یەکتر سڕینەوە شۆڕبۆتەوە، گەیشتۆتە ئاستێک وەک بەشێک لە پێکهاتەی کەلتووری تاکی کوردی لە باشوور دەردەکەوێت، تەنانەت حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆشیان ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا دابەش بوون .

سەپاندنی پرنسیپی پێویستی لێدان و لە ناودانی دوژمن لە هەر ئاست و پێگەیەکدا بێت لە لایەن هەردوو بەرەکەوە، هاوکار بووە بۆ زیاتر بەرجەستەبوونی کەلتووری توندوتیژی و دوژمنکاری و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئەم دیاردەیە لەو دەمەدا بە شێوەیەک گەورە و قوڵبوەتەوە تا ئەمڕۆش ئاسەوارەکانی زۆر بەڕوونی ماون، بگرە تا ئەمڕۆش ئەو عەقڵییەت و دنیابینییە بوونی هەیە، بۆیە لە ئەمڕۆشدا ئەستەمە بە ئاسانی بتوانرێت ئەو برینانە ساڕێژ بکرێت و ئەو کەلتوورە بسڕدرێتەوە، پێم وایە یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی مانەوە و بەردەوام بوونی ئەم دوو بەرەیە لەکرۆکدا بە هۆی ئەم پرانسیپەوەیە. گومان لەوە ناکرێت، گروپی رزگاری لەو دەمەدا لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا کاریان بۆ وەرگرتن و نزیک بوونەوە لە نوێکاری و پێشکەوتن دەکرد. لە بواری سیاسیدا بەوەی زۆربەی ئەم گروپە لە کەسانی ڕووناکبیر و ئەدیب و خوێندەوار پێکهاتوون و بە بەردەوامی چاودێری گۆڕانکارییە سیاسی و هزریەکانی جیهانیان کردوە، زۆر بە خێرایی کاریان لەسەر داڕشتنەوەی ئەم ڕێبازە کردوە. لەبواری هونەری شەڕی سەربازی و شەڕی پارتیزانی و بواری سیاسیدا توانیویانە تا ئاستی بەرچاو گۆڕانکاری و پێشکەوتن و هەندێکجار وەرچەرخانیش بخوڵقێنن. لە بواری هونەری شەڕکردندا لە ستراتیجدا تەنیا شەڕی ڕزگاری گەلی کوردیان کردوە، زۆرجار شەڕیان لە پێناو



سیاسەتدا کردوە، واتە وابیریان کردوەتەوە ئەو شەڕە چەندێک دەستکەوتی سیاسی دەبێت. ئەم لۆجیکە لە پڕاکتیکدا تەواو پێچەوانەی لۆجیکی بەرەی بارزانی بووە .

## خەباتی گەلان

ڕزگاریەکان زۆر بە وردی کاریان لەسەر ئاشنا بوون بە ئەزموون و شێوازی خەباتی گەلانی ژێر دەستە و ستەم لێکراو کردوە، لە گۆڤارەکەدا پانتاییەکی دیار بۆ ئەزموونی خەباتی چەندین گەل و نەتەوەی ژێر دەستەی داگیرکەران کراوە، لەوانە خەباتی گەلی ڤێتنام و کوبا و لاوس و فەلەستین و ئیریتیریا و.. هتد.

گروپی ڕزگاریەکان لە بڵاوکراوەکەیاندا بە بەرنامە پانتایەکی بەرچاو بۆ ئەزموونی خەباتی گەلان تەرخان دەکەن. سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شێوازی کاری ڕێکخراوەیی و چالاکی سیاسی و سەربازی و پارتیزانی لەو بوارانەبووە، کە ئەم گروپە توانیانە لە ڕێگایەوە بونیادی فۆڕمێکی نوێی خەباتی ڕزگاری داهێنن. لە ڕوویەکی ترەوە باسکردن و خستنەڕووی ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی گەلانی کوبا و ڤێتنام، لاوس، جەزائیر، بۆرما، بەرەی میللی فەلەستین.... هتد، شیکارکردن وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی، فاکتەر و هاندەرێکی بەهێزی کۆکردنەوەی جەماوەر و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بووە لە دەوری خۆیان .

## ئەزمونی چینەکان لە ستراتیجی ڕزگاریدا

زۆربەی ئەو حزب و ڕێکخراوە سیاسی و ڕزگاریخوازانەی لەو دەمەدا دادەمەزران لە سروشتدا یەک جەوهەر و ناوەڕۆکیان هەبووە، لە ڕواڵەتیشدا بە گشتی هەڵگری دروشمی پێشکەوتن بوون، بەرگی پێشکەوتن خوازیان بە باڵای خۆیان دادەدوری. ئەم سروشتە بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم زۆر بە ڕوونی دەردەکەوت، حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە مەبەستی خۆجیاکردنەوە لە حزب و ڕێکخراوەکانی پێش خۆیان و هاوکات بە ئامانجی ڕاکێشانی لاوان و نەوەی نوێ بۆ لای خۆیان زاراوەی پێشکەوتنیان نەک هەر هەڵگرت بوو، بەڵکو بەزۆری دەیانکردە پاشگری ناوی حزب یان ڕێکخراوەکەیان .

زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ ئەوەی لە گوتاری سیاسییاندا، جەختیان لەسەر پابەندبوونی تەواو بە ئایدیۆلۆجیا و دیماگۆجیەتێکی ئایدیۆلجیان پیشان دەدا، بەڵام لە جەوهەردا ئایدیۆلۆجیا تەنیا ڕووپۆشێک بووە بۆ نەقشاندنی بیر و دنیابینی سیاسییان. لە بانگەشەی سیاسی و ڕێکخراوەییدا گوتارێکی فرەڕوو و فرە ڕەهەندی سیاسییانەیان هەبووە. لە گوتارەکانیاندا ئەوەندەی ئامانجیان ڕاکێشان و هاندانی جەماوەر بووە، ئەوەندە ئامانجی ئایدیۆلۆجی و هزری لە پشتەوە نەبووە. ئەم شێوە گوتارە، کە بە شێوەیەکی گشتی سۆشیالیزم و نەتەوایەتی و ئاین و چەندین پرسی تر بەیەکەوە گرێ دەدات، لە یەک مەنجەڵدا دەیانکوڵێنێت لە دەرئەنجامدا

ئەگەر چێشتێکی تەواو ناجۆری لێ دەرنەچێت ئەوە گومانی تێدا نییە تەواو بێتام و بۆن دەبێت .

لەو دەمەدا دامەزراندنی ڕێکخراو و حزب ببوە مەرجی سەرەکی بۆ هەڵگرتنی دروشمی پێشکەوتنخوازی. لە کوردستاندا فۆڕمێکی نوێی ڕێکخراوەی هاوتەریب لە گەڵ گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر نەشونمای دەکرد، ئەم ڕەوتە نوێیەی بواری هزری و فۆرمێکی نوێی کاری ڕێکخراوەی، کە دواتر لە ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بە تەواوەتی بەرجەستە دەبێت ، لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتاوە خۆی وەک ڕێکخراوێکی مولتەزمی ئایدیالیستی نمایش دەکات، بەڵام دواتر بە هۆی تایبەتمەندی و زاڵ بوونی خاسیەت و سروشتی خۆرهەڵاتیانە بە سەر کۆمەڵگای کوردیدا ، بەرجەستەبوونی فرە باوەری و فرە دنیابینی لە تەواوی بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیدا ، ئەمیش ناچار دەبێت گوتارێکی فرە ڕەهەند و پڕ لە پارادۆکسی ئایدیۆلۆجی و سیاسی بۆ خۆی بەرجەستە بکات. گروپی ڕزگاری لە گۆڤارەکەیاندا بە شێوەیەکی گشتی و بەرچاو کاریان لەسەر گرێدانی بیر و باوەڕی مارکسی و نەتەوایەتی پێکەوە دەکرد، بەواتای ئەمیش بە هەمان شێوەی ئەو فۆڕمەی لەو دەمەدا باوبووە، گوتاری سیاسی خۆی بەپێی پێویستی و خواستی جەماوەری داڕشتۆتەوە، نەک وەک ئامانجێکی ئایدۆلۆجیانەی پێش وەختە. ئەم دیاردەیەی ئەو سەردەمە و تا ئەمڕۆیش لای بەشێک لە بیرمەندانی سیاسی و هزرمەندانی نوێ وا شیکاری بۆ دەکرێت ، کە سەرەتایەک بێت بۆ دەستپێکردنی ئاوا بوونی خۆری ئایدیۆلۆجیا یان وەک ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن کۆتایی ئایدیۆلۆجیا ، هەندێکیش وا شیکاری بۆ دەکەن ، کە ئەم سیاسەتە لە کرۆکدا خاسیەتێکی پراگماتیە و تایبەتە بە خودی بۆچونی سەرکردەوە .

شیکاری کردن و خوێندنەوەی تەرکیبەی جەماوەری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گەلی کورد لەو دەمەدا ، کە کۆمەڵگەیەکی جوتیاری، ئاژەڵداری، پیشەوەری بچوک بووە، سیستمی دەرەبەگایەتی کاریگەری بەسەر تەواوی واقیعی سیاسی و کەلتوری کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەبووە ، هاوکات بەوەی نەیارانی بەرەی ڕزگاری لەو دەمەدا نوێنەرایەتی چینی دەرەبەگایەتیان کردوە یان هیچ نەبێت نزیک و پاڵپشتی ئەوان بوونە، بۆیە بەرەی ڕزگاری بێ دوو دڵی بەرەی جوتیارانی هەڵبژاردوەو کاری لەسەر مۆبیلیزەکردنیان کردوە. لە ساڵی ١٩٦١ بەهۆی تێکچوونی پەویوەندییەکانی نێوان بارزانی و عەبدولکەریم قاسمەوە، بارزانی بۆ دژایەتی قاسم پشتگیریی خۆی بۆ دەرەبەگەکان زیاتر ئاشکرا دەکات، ڕاستەوخۆ خۆی وەک یەکێک لەو توێژە پۆلێن دەکات. ئەمە جگە لەوەی بارزانی بۆخۆی وەک شێخێکی بارزان سروشتی ئاغایەتی هەبووە و هاوکات خانەوادەکەشی خۆیان وەک توێژی دەرەبەگەکان دەردەکەوتن، لەمەش خراپتر لە ناکۆکی نێوان دەرەبەگ و جوتیاراندا بارزانی نەک هەر پشتگیریی لە دەرەبەگەکان دەکرد، بگرە لە

ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا وەک توێژی (نوبەلا) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و ڕێزیان لێ دەگیرا. ئەم واقیعە وایکرد بوو زۆرێک لە جوتیاران بچنە بەرەی ڕزگاریەوە و زۆر بە توندی دژایەتی بارزانی بکەن و بەدوژمنێکی سەرسەختی چینایەتی لە قەڵەمی بدەن .

لە گوتاری چینایەتیدا ڕزگاریەکان بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان لەسەر گرنگی ڕۆڵی جوتیاران لە بەرپاکردنی شۆڕشێکی نوێ، شۆڕشی زەوی، شۆڕش جوتیارن دەکردەوە. لە بارە گشتییەکەیدا بانگەشەی سیاسی ئەم گروپە لە دوو ئاڕاستەدا چڕ دەبووەوە. ئاڕاستەیەک جەختکردنەوە بووە لەسەر وێناکردنی بارزانی وەک سیمبولی دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی. لە ئاڕاستەیەکی تریشدا خۆیان وەک نوێنەر و بەرەی جوتیاران نمایش دەکرد، دروشمی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی و بەرگریی کردن لە مافی جوتیارانیان، بەرزکردوەتەوە و کردوویانەتە دروشمێکی سەرەکی خۆیان. گرێدانی خەبات و تێکۆشانی جوتیاران و کرێکاران و پیشەوەران و کاسبکاران لە خاسیەتە دیارەکانی زۆرەبەی بزوتنەوە ماویەکانی ئەو سەردەمە بووە، بە گروپی ڕزگاریشەوە. بەم بەرنامەیە گروپی ڕزگاری سۆز و ئینتمای زۆربەی جوتیارنی کوردستانیان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا، بەڵام لە بەرانبەردا وەلای زۆربەی دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکانی کوردیان لە دەستداوە.

لە گوتاری چینایەتیدا بە بەردەوامی جەختیان لەسەر ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوان جوتیاران و دەرەبەگەکان دەکردەوە، جوتیارنی وەک چینی چەوساوە و زوڵم و ستەم لێکراو وێنا دەکرد، دەرەبەگیش وەک چەوسێنەر و ستەمکار و زاڵم وێنا دەکرد. وێناکردنی خەباتی ڕەوای جوتیاران لە دژی بارزانی و هاوبیرانی ئەو بناغەیە بووە، کە لە سەرەتاوە ڕزگاریەکان کردبوویانە ستراتیجی بانگەشەی سیاسی و تیایدا سەرکەوتنێکی بەرچاویان بۆ خۆیان تۆمار کردوە .

لەم پرۆسەیەدا ڕزگارییەکان ستراتیجی خەبات و تێکۆشانیان، لە دوو ئەرک، دوو ئاراستە، دوو خواست بەرجەستە دەکەن و لە جەوهەریشدا بە یەکەوەی دەبەستنەوە. ئاراستە و ئەرکی لە ناوبردنی دەرەبەگایەتی، کە خۆی لە بارزانی و هاوبیرانیدا دەبینیەوە، ئاراستە و ئەرکی ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوایەتی، کە خۆی لە دژایەتی داگیرکەرانی کوردستاندا دەبینیەوە. دروشمی سەرەکی ئەم بەیەکەوە گرێدانە لە بەیەکەوە بەستنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیدا دەخستەڕوو. گوزارشتی بۆ ڕزگاری چینایەتی و نەتەواوایەتی وەک دوو پرسی یەک پرۆسەی ڕزگاری و تەواوکەری یەکتر دەکرد .

لەسەر بناغەی بیر و دنیابینی ماوتسی تۆنگ لە بواری پراکتیکدا کاریان لەسەر مۆبیلیزەکردنی جوتیاران دەکرد و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئازادی سیاسی و ڕزگاری چینایەتی جوتیاران پەیوەستە بە چەکدار کردن و چەک

هەولێرنامەی کتێب



هەڵگرتنی جوتیاران و پەیوەندی کردنیان بە شۆڕش و بەرەی ڕزگاریەوە. داهێنانی ئەنجومەنی گوند و دامەزراندنی هێزی پشتگیری بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەسەر هەمان فۆڕمی چەکدارکردنی خەڵکی سڤیل وەک ئەوەی شیوعییەکان لە سەردەمی قاسمدا بۆ پاڵپشتی دەسەڵات هێزی بەرگری میللیان دامەزراند .

## کرێکاران

ڕزگاریەکان لە چوارچێوەی گوتاری چینایەتیاندا گرنگی بەرچاویان بە رۆڵی کرێکاران دەدا. لە زۆربەی یاد و مەراسیم و پرسە تایبەتەکانی کرێکاریەکاندا خۆیان وەک بزوتنەوەیەکی کرێکاری نمایش دەکرد و نمایشکردنی ڕۆڵ و کاریگەری کرێکارانیان زۆر لە قەبارەی ئاسایی خۆی گەورە و زیاتر دەکرد. پێموابێت هۆی ڕاستەقینەی ئەم مامەڵەیە لە کرۆکدا لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای مارکسیزمدا بووە، نەک وەک پرسێکی باوەڕداری بە مافی کرێکاران. ڕابەرانی ڕزگاری زۆر بە باشی قەبارە و سەنگی کرێکارنیان دەزانی، لەوەش ئاگاداربوون کە ئەم توێژە لە کوردستان و بگرە لە عیراقیش هێزی خوڵقاندنی گۆڕانکاریان نییە، بۆیە پشتگیری کردنیان بۆ کرێکاران ئەوەندەی تاکتیک بووە ئەوەندە ستراتیج نەبووە. بەپێداچوونەوە بە تەرکیبەی ڕێکخراوەی ئەم گروپە ئەو سیمایە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە زۆرینەی ئەندام و شۆڕشگێڕانیان لە بەرەی جوتیاران و کاسبکاران و وردە بۆرجوازی بووە. لەو



دەمەدا بڵاوکردنەوەی سکێچی پیاوێک داسێکی بەدەستەوەیە و چەکێکی بەشانەوەیە گوزارشت بوو لە خەباتی پارتیزانی جوتیاران. بەهەمان شێوە کێشانی سکێچی پیاوێک چەکوشێکی بەدەستەوەیە و چەکێکی لە شانە دروشمێکی تایبەتی تەواوی بزوتنەوە چەپەکانی ئەو سەردەمە بووە .

## ئەدەبی شۆڕشگێڕی

بڵاوکراوەی ڕزگاری بە شێکی دیار و بەرچاوی بۆ ئەدەبی شۆڕشگێڕی، واتە شیعر و چیرۆکە شۆڕشگێڕییەکان تەرخان کردبوو. لەم بەشەدا چەندین چیرۆک و بابەتی ئەدەبی سیاسی بڵاودەکرایەوە، بەڵام لە جەوهەردا تەواوی ئەم بابەتانە لە بەرژەوەندی ڕزگاریەکان و بەرەی دژ بە بارزانی تەوزیف دەکران. لەم بەشەدا چیرۆک و بابەتەکانی برایم ئەحمەد پانتایی گەورە و پێگەیەکی گرنگ و تایبەتیان پێدراوە. لەو دەمەدا بەوەی بڵاوکراوەی کوردی تایبەت بە بواری ئەدەبی زۆر کەم بووە یان هەر بوونی نەبووە، بۆیە هەندێک لە چیرۆک نووسان، کە سەر بەم بەرەیەش نەبوون چیرۆک و باسەکانیان تێدا بڵاوکردوەتەوە .

## چوار ژمارەی کۆتایی گۆڤارەکە

لە کۆی پازدە ژمارە چوار ژمارەی کۆتایی ئەم گۆڤارە وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی گەورەی لە خۆگرتوە. ماوەی دەرچوونی ئەم چوار ژمارەیە، کە دەکەوێتە مانگی شوباتی ١٩٧٠ و دواتر. بەواتە بە نزیکبوونەوە لە وادەی ڕێکەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گەورە لە بواری کاری سیاسی و ڕێکخراوەی کوردیدا بەرجەستە دەبێت. کاریگەری ڕێکەوتنەکە لە سەر ناوەڕۆکی بابەت و نوسینەکانی گۆڤارەکە دەردەکەوێت و گۆڕانکاریی لە سروشت و ناوەڕۆکیدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەردەکەون.

## ئەم چوار ژمارەیە :

### ژمارە ١٢

لە حەوتی شوباتی ١٩٧٠ کە دەکاتە یەک مانگ و چەند ڕۆژێک پێش ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاری نێوان بارزانی و حکومەتی بەعس. ژمارە ١٢ی گۆڤاری ڕزگاری بڵاودەبێتەوە. لەم ساتەوەختەدا تەنیا بۆنی ڕێکەوتنەکە دەرکەوتبوو، بەڵام ناوەڕۆک و پەیامی ناو ڕێکەوتنەکە بڵاونەکرابووەوە، میللەتی کورد بە گشتی چاوەڕوانی ئاشکرابوونی ڕێکەوتنەکەیان دەکرد. ناوەڕۆکی ئەم ژمارەیە تەواو جیاوازە لە ژمارەکانی پێشوو، تەواوی نووسین و بابەتەکان هیچ هێرش و توانج و ڕەخنەیەکیان بۆ سەر بارزانی و پارتی تێدا بڵاو نەکراوەتەوە. تەواوی بابەت و نووسینەکان لە هەر دوو بواری سیاسی و ئەدەبی زیاتر هەڵگری پەیامی ئاشتی و برایەتی و خەباتی سیاسی، بە ئاراستەی خزمەت کردن بە تەواوی دۆزی کورد، دوور لە بریندارکردنی لایەنی بەرانبەر و ململانێی ناوخۆیی بووە. بە شێوەیەکی گشتی جەختیان لەسەر بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک چیرۆک و شیعر و بابەتی ئەدەبی نەتەوەیی کردوەتەوە، بەشێک لەو چیرۆک و نووسینانە تەواوکەری

هەواڵنامەی کتێب

بەشەکانی پێشوی چیرۆکەکان بوون، کە لە ژمارەکانی پێشودا بڵاوکرابوونەوە. لەم ژمارەیەدا جگە لە بڵاوکردنەوەی هەندێک لە وتەکانی ماوتسی تۆنگ نەبێت، هیچ ئەدەبیاتێکی هزری و سیاسی ڕزگاریەکانی تێدا نەبووە. بابەتە سیاسییەکان بەگشتی بۆنی ئاشتەوایی و پێکەوە ژیانیان لێدەکرا .

## ژمارە ١٣

لە ٢٤ی شوباتی ١٩٧٠ ژمارە ١٣ی گۆڤاری ڕزگاری بڵاو دەبێتەوە. لەم ژمارەیەدا تەواوی بابەت و نووسینەکان بەلای هێورکردنەوە و ئاشتەوایی سیاسیدا دەڕوات، بۆنی ڕێکەوتنی نێوان بارزانی و بەرەی (م.س) لەم ژمارەیەوە بەڕوونی دەردەکەوێت. لەم ژمارەیەدا تاڵەبانی وتارێک لە ژێر ناوی (پیرۆت)دا و بەناونیشانی (ئاشتی و پێکەوە ژیان چۆنە؟) بڵاو دەکاتەوە، لێرەدا دوو پرسیار خۆی دەسەپێنێت یەکێکیان ئایا بۆچی تاڵەبانی ئەم وتارەی بەناوی خۆیەوە بڵاونەکردەوە؟، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان پێی وایە تاڵەبانی باوەڕی بە بارزانی نەبووە و زانیویەتی، ئەم ڕێکەوتنە سەرناگرێت یان لە کرۆکدا ڕەنگە تەنیا بۆ لێدانی بەرەی(م.س) بێت. بۆچوونێکی دیکەش پێی وایە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە تاڵەبانی لە بڕیاری دامەزراندنی فۆڕمێکی نوێی ڕێکخراوی سیاسی وەک ئەوەی نەخشەی بۆ کێشاوە پەشیمان نەبووەتەوە، بەڵکو وەک تاکتیک کارەکانی ڕاگرتوە. تاڵەبانی لەو دەمەدا نەیویستوە موجازەفە بە ئایندەی سیاسی خۆیەوە بکات، بۆیە نەکەوتوەتە دوای بارزانی و بەشێک لە (م.س)، کە بەبێ لێکدانەوە گەڕانەوە بۆ لای بارزانی. هاوکات بۆ ئەو، ئەو ماوەیە کاتێکی زێڕین بووە، کە لە دەرەوەی سنووری کوردستان و عیراق پاڵپشتی بۆ ڕێکخراوەکەی پەیدا بکات، هاوکات کار لەسەر وێناکردنی دواین نەخشەی سیاسی ئەم فۆڕمە بکات .

بە وردبوونەوە و شیکارکردنی وتارەکە ئەو ڕاستییە دەخوێندرێتەوە، کە پیرۆت لەم بابەتەدا سیاسیانە مامەڵەی لەگەڵ باروودۆخ و ڕووداوەکاندا کردوە، لە هاوشانی جەختکردنەوەی لەسەر گرنگی پێکەوە ژیان و بەرقەرارکردنی ئاشتی لە کوردستاندا، ناڕاستەوخۆ بە خوێنەران و هەوادارانی خەڵکی کوردستان دەڵێت: ئەم ڕێکەوتنە تاکتیکە و ستراتیج نییە، چونکە نە بەعس ئامادەیە ماف بەکورد بدات و نە بارزانیش ئامادەیە گۆڕەپانەکە جێبهێڵێت و ڕێگا بدات نەوەیەکی نوێ و توێژێکی نوێی سیاسی، فۆڕمێکی نوێی خەباتی ڕزگاری دامەزرێنن .

## ژمارە ١٤ و ١٥

لە ٢٧ی مانگی مارتدا هەردوو ژمارەی کۆتایی (١٤ و ١٥) گۆڤاری ڕزگاری بە یەک بەرگ بڵاوکراوەتەوە. تەواوی بابەتەکانی ئەم دوو ژمارەیە تەرخانکراوە بۆ چیرۆک و بابەتی ئەدەبی، تەنانەت وتەکانی ماوتسی تۆنگیش لەم ژمارەیەدا هیچ سیما و ڕەنگێکیان نەمابوو .

# سەرەتاکانی ژیان

موعتەسەم ساڵەیی

هەواڵنامەی کتێب



دەتوانین بڵێین زانستی ئاسەوار ناسی هزر و بیر و شارەزایی مرۆڤی پتر فـراوان کـردووە . لەئاکامی کنە و پشکنینە بێ وچانەکانەوە قۆناخەکانی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەهەموو ڕووەکانی ژیانەوە تاڕادەیەکی زۆر کەوتنەڕوو. پشکنینەکان وەهای دەردەخەن کە مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤ بۆ نزیکەی ملیۆنێک ساڵ بگەڕێتەوە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە تازەکان دەرکەوتووە مێژووی مرۆڤ بۆ دوو ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە. دەووترێت کە بەڕێژەی( ٩٩ ٪ )ی مێژووی مرۆڤ دەکەوێتە پێش قۆناخی شارستانییەتەوە. لێکۆڵەران و پسپۆران مێژووی مرۆڤیان دابـەش کـردووە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا. یەکەمیان

قۆناخی چاخی بەردینی کۆنە ( Paleolithic ) قۆناخی دووەم چاخی بەردینی ناوینە ( Mesollithic ) قۆناخی سێیەم چاخی بەردینی نوێیە ( Neolithic ) بەدرێژایی ئەم قۆناخانە مرۆڤ پەنای بردۆتەبەر تاشە بەرد و تەلاشە بەرد بۆ داتاشین و دروست کردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی، یاخود بۆ داتاشینی ئامرازەکانی جەنگ وەکو چەقۆ و ڕم و تیروکەوان. ئەم ئامرازانەیش بۆ ڕاوکردنی نێچیر و ئاژەڵە کێویەکان بووە، تاوەکو گۆشتەکەی بەدەست بهێنن و بیخۆن.

مرۆڤی نیاندەرتال یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەتاییانەی کە هەیکەل و ئێسک و پروسکیان لەچەند ناوچەیەکی سەرگۆی زەوی دۆزراونەتەوە. ئەوەی شایانی باسە ڕەچەڵەکی مرۆڤی ئەم سەردەمە ناگەڕێتەوە بۆ مرۆڤی نیاندەرتال، هەندێک لەم ڕووەوە بەهەڵە لەم بابەتە تێگەیشتوون و ناڕوونییەکیش هاتۆتە ئاراوە. ئەم ڕەگەزە لەنزیکەی چل هەزار یاخود پەنجا هەزار ساڵ پێش ئێستا قڕیان تێکەوت و نەمان. مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئێستا ڕەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆ جۆرە مرۆڤێک، کە پاش لەنێوچوونی جۆری نیاندەرتال سەری هەڵدا، کە بەمرۆڤی عاقڵ دەناسرێت ( Homo sapienes ) ئەم ڕەگەزەیش باوباپیرانی مرۆڤی سەردەم پێکدەهێنن. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جۆرەیش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی چل هەزار ساڵ پێش ئێستا . لەئاکامی گەشە و پەرەسەندندا پەیدابوون، ئەویش وەکو ئاوێتەی جۆرەکانی مرۆڤ ( Mutation ) لەچەند ناوچەیەکدا هەیکەل و ئێسک وپروسکی مرۆڤی عاقڵی سەرەتایی دۆزراونەتەوە. ئەم ڕەگەزە دوو جۆریان پێکهێناوە کە بریتین لەمرۆڤی کرۆمانیۆن ( Cro Magmon . ) کە بنەڕتی ڕەگەزی سپی پێستە. دووەمیان مرۆڤی گریمالدییە ( Grimaldi ) کە بنەڕەتی ڕەگەزی مرۆڤی ڕەش پێستە. مرۆڤی نیاندەرتال کە پێش سەرهەڵدانی مرۆڤی عاقڵ ژیاون، ئێسک و پروسکیان لەدۆڵی نیاندەرتال (

## سەرەتاکانی ژیان



زانستی ئاسەوار ناسی هزر و بیر و شارەزایی مرۆڤی پتر فراوان کردووە
لەئاکامی کنە و پشکنینە بێ وچانەکانەوە قۆناخەکانی گەشە .
و پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەهەموو ڕووەکانی ژیانەوە
تارادەیەکی زۆر کەوتنەڕوو

Neandertal ) لەوڵاتی ئەڵمانیا دۆزرایەوە. هەر بەناوی ئەو دۆڵەوە ئەو ناوەیان بەسەردا نراوە ـ ١ ـ

کوردستان یەکێک بووە لەو شوێنانەی کە مرۆڤی سەرەتایی نیاندەرتالی کۆن تێیدا ژیاوە. ناوچەیەک بووە کەش و هەوایەکی لەبار و شیاوی هەبووە بۆ گوزەران و نەش و نماکردنی ئەو ڕەگەزە. توانیویەتی لەنێو ئەشکەوتەکانی کوردستاندا گوزەران بکات. چونکی ناوچەیەکی پڕ لەئاژەڵە کێوی بووە. خۆراک و پێداویستییەکانی ژیانیشی بەئاسانی وەدەست هێناوە. بەڕادەیەکی زۆریش ماسی و بەڕوو و قاقلە جنۆکەی خواردووە. مرۆڤی نیاندەرتال پەنای بردۆتەبەر تاشە بەردەکانی کوردستان بۆ داتاشینی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی . باشترین نموونە لەم ڕووەوە ئەشکەوتی شانەدەرییە. ئەم ئەشکەوتە بەناوبانگە دەکەوێتە باشوری چیای برادۆست لەسەر دۆڵی زێی گەورە نزیک شارۆچکەی شانەدەر لەناوچەی ڕەواندوز. یەکەم زانا کە هەڵکۆڵین و کنە و پشکنینی لەنێو ئەو ئەشکەوتەدا کرد پرۆفیسۆری ئەمریکی ( ڕالف سۆلیکی ) بوو. لەساڵی ( ١٩٥١ ) ەوە دەست بەکاربوو تاوەکو ساڵی ( ١٩٦١ ). تاوەکو ئێستایش زۆر قوڵایی ئەشکەوتەکە ماون کە هەڵنەکۆڵراوە. بەقوڵایی چواردە مەتر پشکنینی ئەنجامدا. لەچوار چینی ئەشکەوتەکەدا کە ناوی لێنراو ( A . B. C. D ) پرۆسەی شیکاری بەکاربۆنی بۆکرا، دەرکەوت مێژووی چینەکان دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی ( ٦٠ ـ ٤٥ ) هەزار ساڵ پێش ئێستا کە مرۆی نیاندەرتالی تێدا ژیاوە. هەروەها لەنێو ئەشکەوتەکانیاندا ئێسکی ئاژەڵی کێوی دۆزراونەتەوە وەکو کەڵەگا و مەڕ و بزن و پشتە کیسەڵ ـ ٢ ـ هەندێک بەهەڵە یاخود بەئەنقەست بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە چارلس داروین وتوویەتی مرۆڤی سەرەتایی مەیموون بووە ، نەخێر مرۆڤی سەرەتایی مەیموون نەبووە، بەڵکو شێوەیان و هەندێک لەهەڵس و کەوتیان لەمەیموونەوە نزیک بووە. کێشە و گرفتی سەرەکی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، خەڵکانێک هەن ئامادە نین یەک لاپەڕە لەبارەی زانست و مێژووەوە بخوێننەوە .

بەدرێژایی سەردەمانێکی زۆر مرۆڤی نیاندەرتال لەنێو ئەو ئەشکەوتانەدا ژیانیان بەسەربردووە. لەنێو ئەشکەوتی شانەدەری ئێسک و پروسکی چوار کەس لەژێر خاک و خۆڵدا دۆزرانەوە. یەکێکیان هی مناڵێکی شەش مانگی ساوا بوو. سێ هەیکەلە ئێسکەکەی تریشیان هی سێ کەسی گەورەی بەتەمەن بوون . ئێسکی مناڵەکە و دوو کەسیان لەحاڵەتێکی شیاو و نەبوون و شێوابوون، بەڵام هەیکەلی ئێسکی سێیەم دەگەڕایەوە بۆ زەلامێکی تەمەن سی و پێنج ساڵە و تا ڕادەیەک پارێزراو بوو. پاش ئەوەی ئەو ئێسکانە لکێنران بەیەکترەوە، لەبواری شیکاریدا دەرکەوتبوو ئەو کەسە هەر لەدایک بوونییەوە دەستێکی ئیفلیج بووە، دوواتریش بەچەقۆیەکی تیژی لەبەرد داتاشراو ئەو قۆڵەی بۆ براوەتەوە. مێژووی هەیکەلی ئێسکی ئەو سێ زەلامە دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی ( ٤٥٠٠٠ ) ساڵ پێش ئێستا. هەیکەلی ئێسکی مناڵەکەیش دەگەڕیتەوە بۆ ( ٦٠٠٠٠ ) ساڵ پێش ئێستا. وەهایش لێکدەدرێتەوە کە ئەو چوار کەسە لەچەند

سەردەمێکی جیادا بەشی سەرەوەی ئەشکەوتەکە بەسەریاندا ڕمابێت و خاک و خۆڵ دایپۆشیبێتن ــ ٣ ــ

لەکوردستاندا چەند شوێنێکی دێرینی کۆنی سەردەمی مرۆڤی سەرەتایی نیاندەرتال دۆزراونەتەوە . ئەشکەوتی هەزارمێرد دەکەوێتە دووریی سێزدە کیلۆمەتر لەباشوری شـاری سلێمانی. لەساڵی ( ١٩٢٨ ) کنەو پشکنین تێیدا دەستی پێکرد. هەروەها ئەشکەوتی زەرزی دەکەوێتە قەدپاڵی شاخەکانی بەرامبەر سورداش. کچە توێژەری ئەمریکایی ( گاروود ) لەساڵی ( ١٩٢٧ )دا کنەو پشکنینی تێدا ئەنجام دا. لەنێو ئەو ئەشکەوتەدا چەند ئامێرێکی لەبەرد داتاشراوی کۆنی دۆزییەوە. پاشتریش پرۆفیسۆری ئەمریکی ( هاو ) لەنێو ئەو ئەشکەوتەدا دەستی بەهەڵکۆڵین کرد. توانیی چەند ئامێرێکی چاخی بەردینی سەردەمی مرۆڤی نیاندەرتال بدۆزێتەوە ــ ٤ ــ

پشکنەران بۆیەکەم جار لەساڵی (١٨٦٥ ) لەئەشکەوتی دۆڵی نیاندەرتال لەوڵاتی ئەڵمانیا هەیکەلی پاشماوەی



سەرەتاکانی ژیان

مرۆڤی نیاندەرتالیان دۆزیـیـەوە. هـەر بـەنـاوی ئەو دۆڵەیشەوە ئەو ناوەیان دابڕی بەسەر ئەو جۆرە مرۆڤە دێرینەدا. پاشتر لەئەوروپا و ڕوسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و بەریتانیا پاشماوەی ئێسکی ئەو جۆرە مرۆڤەیان دەستکەوت ــ ٥ ــ هەروەکو ئاماژەمان پێکرد لەشیو و دۆڵ و چیاکانی کوردستاندا پاشماوەی ڕەگەزی مرۆڤی نیاندەرتال دۆزراونەتەوە. مرۆڤی نیاندەرتال بەوە ناسراون گەرچی مرۆڤێکی سەرەتایی بوونە، بەڵام بۆ پسپۆران دەرکەوتووە کە مردووەکانی خۆیان لەژێر خاکدا ناشتووە.

گەورەترین وەرچەرخان لەمێژووی مرۆڤدا لەقۆناخی چاخی بەردینی نوێدا سەریهەڵدا ( Neolithic ) لەم قۆناخەدا سەردەمی بەستەڵەکی بەسەرچوو. جۆرە گەرم و گوڕییەک لەکەش و هەوادا پەیدابوو، ئەمەیش یارمەتیی سەرهەڵدانی ئەو قۆناخە نوێیەی دا. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دە هەزار ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح. لەم قۆناخە نوێیەدا شۆڕشێکی شارستانی هاتەکایەوە. پێشتر مرۆڤ بەڕادەیەکی سەرەکی بۆ دابین کردنی خۆراکی پەنای دەبردەبەر ڕاو و شکار، لەم قۆناخە نوێیەدا دەستی کرد بەچاندن و بەرهەمهێنانی ڕووەک ودانەوێڵە وەکو سەرچاوەی خۆراکی. لەبری ژیان لەنێو ئەشکەوت هەڵسا بەدامەزراندنی گوند و لادێ و تێیدا نیشتەجێ بوو. گیانلەبەر و ئاژەڵی دەستەمۆ کرد و بەخێوی کردن. نیشتەجێ بوونی کۆمەڵە خەڵکانێک لەشوێنێکدا دادەنرێت بەشۆڕشێکی گەورە لەمێژووی دوور و درێژی مرۆڤدا. ئەم پێشهاتەیش کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی مرۆڤ بەجێهێشت. تارادەیەکی زۆر هام و شۆی خۆی کەمکردەوە لەگەڕان و پشکنین بەدوای نێچیردا، بەڵکو کەوتە حاڵەتی چاوەڕوانی کردن لەکەناری گۆم و ڕووبارەکاندا، تاوەکو گیانلەبەرە کێوییەکان بەپێی خۆیان بێن بۆ ئاو خـواردنـەوە، ئەمیش فرسەت بسەنێت و ڕاویـان بکات. سەگ یەکەم گیانلەبەر بووە کە مرۆڤ گرتویەتییە خۆی و دەستەمۆی کردووە. لەم قۆناخە نوێیەدا مرۆڤ لەگۆشت خۆرییەوە بەڕادەی یەکەم گواستییەوە بۆ ڕووەک خۆری. ئەم دیاردەیەیش لەتەوراتدا دەست نیشان کراوە، کاتێک دوو بوونەوەرە سەرەتاییەکە بەترسەوە دەست بۆ سێو دەبەن و دەیخۆن. لەئاکامدا سەبارەت بەو کردەوەیەیان لەلایەن ئاسمانەوە سزا دەدرێن. لەم قۆناخەدا مرۆڤ تۆوی چاند و خۆی بوو بەبەرهەمهێنەری خۆراکی خۆی. سوودی تەواوی لەئاگر وەرگرت بۆ برژاندن و کوڵاندنی گۆشت و ڕووەکەکان. ئاگری بەکارهێنا ئەویش پاش ئەوەی چاوی بەگڕکانەکان کەوت، یاخود بەتەنیشتی گڕی ئاگری کانزاکانی ژێر زەوییەوە ژیا وەکو نەوت و گاز. هەروەها لەئاکامی سوینی دوو بەرد بەقەد یەکتردا توانیی ئاگر بکاتەوە. ئاگر لەماڵەکانیاندا بۆ گەرمایی بەخشین و ڕۆشنایی و خۆراک لێنان بەکاردەهات. پێگە و دەوری ژنان لەژیاندا پەرەی سەند. لەنێو ماڵەکانیان و دەوروبەری گوندەکاندا کەوتنە سەرپەرشتی کردنی ئاژەڵ و بەخێوکردن و دۆشینی مەڕ و ماڵات. بۆنموونە لەگوندی چەرمووی کوردستاندا یەکەم کۆتەڵی ئافرەت دۆزرایەوە، پاشتر ئەم مۆدێلە بوو بەنموونەی دایکی هەمووان و هێما



و ڕەمزی زگ و زای لەخۆگرت. ئەو نموونەیە بەدرێژایی قۆناخەکانی دواتر ناوی ئینانا و عیشتار و ڤینۆس و ئەفرۆدێت و ئەناهیتا و شاوشکا و زوهرەی لێنرا. هەروەها لەکۆمەڵگای نیشتەجێبوونی چەرموو پارچە چینی و قوڕی جۆشدراو دۆزرایەوە .

شۆڕشی نیولیتیی نوێی چاخی بەردین لەچەند ناوچەیەکی جیاجیادا سەریان هەڵدا. چەند شوێنێکی گرتەوە وەکو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەمریکا. پاشماوەی ئەو سەردەمە لەڕۆژهەڵاتی ناویندا دۆزرانەوە وەکو وڵاتی میسر لەناوچەی فەیوم و بەنی سەلامە. هەروەها لەوڵاتی شام و یاخود لەوڵاتی عێراق لەناوچەی چەرموو و تەل حەسونە و حەلف و عەبید. هەروەها لەبلوجستان و هیندستان و ئێران و فەلەستین و تورکیا. لەفەلەستیندا لەناوچەی ئەریحا پاشماوە و ئاسەواری دێرین دۆزرانەوە، کە سەردەمەکەی بۆ ( ٧٨٠٠ ) ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە .

گوندی چەرموو لەکوردستانی باشور مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی حەوت هەزار ساڵ پێش زاین. شوێنانی تریش هەن وەکو ئەشکەوتی بیلت و هۆتو لەباشوری دەریای خزر و لەناوچەی کرەکار لەوڵاتی ئەفگانستان ــ ٦ ــ مێژوونووس ( جۆرج ڕوو ) لەبارەی کوردستانەوە دەڵێ ( بەو شێوەیە باکوری عێراق بوو بەگۆڕەپانی شۆڕشی نیولیتی ـ کە گرنگترین سەردەمەکانە ـ ئەمەیش سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش ئەوەی ئەو تەوژمە هەڵبکات بەسەر ئەوروپادا. لەدامێنی چیاکانی کوردستاندا کە بارانی ئەتڵەسی لەوەرزی

سالآنی ٧٠٠٠ ــ ٩٠٠٠ ساڵ پێش مێژووی زاینی باوبووە ــ ٨ ــ گوندی چەرموو بەمەودای یازدە کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ. چل کیلۆ مەتریش دوورە لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک ( ٢٥٠٠ ) پێ لەئاستی زەوییەوە بەرزە. تیمێکی ئاسەوار ناسی لەزانکۆی شیکاگۆی ئەمریکایی لەساڵی ( ١٩٤٨ )دا بەسەرپەرشتیی ( براید ود ) هاتن و لەشوێنەواری چەرموو دەستیان کرد بەکنە و پشکنین. ئەو تیمە ئاسەوار ناسە تاوەکو ساڵی ( ١٩٥٥ ) دەست بەکار بوون. دەرکەوتووە گوندەکە کاتی خۆی لە ( ٢٥ ) تاوەکو ( ٣٠ ) ماڵێک پێکهاتووە. ژمارەی دانیشتوانەکانیشی نزیکەی ( ١٥٠ ) کەس بوونە. ئەم گوندە نموونەی شوێنی یەکەم نیشتەجێ بوونی مرۆڤە لەمێژوودا. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ( ٧٠٠٠ ) ساڵ پێش زاینی. خەڵکەکەی دانەوێڵەیان چاندووە وەکو گەنم و جۆ و نۆک و نیسک. پاشماوەی ئێسک و پروسکی چەند ئاژەڵ و گیانلەبەرێک دۆزراونەتەوە وەکو بزن و مەڕ و بەراز. زۆریش دڵنیایی نییە کە ئایا مانگایان بەخێو کردبێت یاخود نا. لەو سەردەمەدا قاقلە جنۆکەیش بۆ خۆراک بەکار هاتووە. خانووەکانیان بەشێوەی لاکێشەیی بەخشت دروست کراون، دیوار و نێو ماڵەکانیان بەقوڕ سواق دراون، قامیش و دیرەگ و ڕاژەیش بۆ سەرگرتنی ژوورەکان بەکار هاتوون. چەندین بوکەڵەی وردیلەی لەقوڕی جۆشدراو دۆزرانەوە. هەندێکیان بریتین لەکۆتەڵی خواوەندی دایک ( Mother Godes ) . ئەم کۆتەڵەیش هێمایە بۆ زاوزێ و پیت و بەرەکەتی و هێزی شارراوەی سروشت ــ ٩ ــ


پەراوێزەکان :

١ ــ طه باقر . د فاضل عبدألواحد . تأريخ ألعراق ألقديم . وزارة ألتعليم ألعالي و ألبحث ألعلمي . بغداد ١٩٨٧ ص ٧٢

٢ ــ د . جەماڵ ڕەشید ئەحمەد . د . فەوزی ڕەشید . مێژووی کۆنی کورد . و : ماکۆ کەلاری . چاپخانەی کارۆ ٢٠١١ ل : ٤٣

٣ ــ طه باقر . مقدمة في تأريخ ألحضارات ألقديمة . دار ألوراق للنشر ٢٠٠٩ ص ٢٠٤

٤ ــ د جەماڵ ڕەشید . مێژووی کۆنی کورد ... ل ٤٥ ــ ٤٦

٥ ــ پاتریشیا نتسلی . چاخی بەردین . و : کامیل نەجاری . دەزگای موکریانی . هەولێر . ل : ٦٥

٦ ــ ألدكتور سامي سعيد ألاحمد . ألعراق ألقديم . كلية ألاداب . جامعة بغداد ١٩٨٧ ص : ١٢٣

٧ ــ جورج رو . ألعراق ألقديم . ت : حسين علوان حسين . وزارة ألثقافة وألاعلام ألعراقية . بغداد ١٩٨٤ ص ٧٩

٨ ــ ألدكتور جمال رشيد . ظهور ألكورد في ألتأريخ . ألجزء ألاول . دار اراس . أربيل ٢٠٠٣ ص ٢٠٦

٩ ــ طه باقر . مقدمة في تأريخ ألحضارات . ... ٢١٩ ــ ٢٢٠


هەواڵنامەی کتێب



# «بیتکۆین»، دراوی ئایندەیە، یان تەڵەو بڵقی سەر ئاوە؟

نوسینی: «نەوزاد مەلا عومەر»

بۆ تێگەیشتن لەئەفسون و سیحری بیتکۆین یاخود دراوی دیجیتاڵی(العملة الرقمية) پێویست دەکات بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پەیدابوونی دراو و ئەو گۆرانکارییە مێژووییانەی کە بەسەر دراودا هاتووە.

دراو چییە؟ کاڵایە، وەک ئامرازێک کاری ئاسانکاری دەکات بۆ گۆڕینەوەی کاڵاکان لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر، بە مەرجێک بەکارهێنەرانی ئەو جۆرە دراوە، متمانەی تەواویان هەبێت بۆ ئەوەی دراوەکە ببێتە سەنگی مەحەکی نرخ بۆ کاڵاکانیان.

پاش ئەوەی مرۆڤەکان لەئەشکەوتەکانەوە دێنە دەرەوە و لەدەشتەکاندا بەشێوەی کۆمەڵ یان چەند کۆمەڵێک جێگیر و نیشتەجێ دەبن، هاوکات ئاڵوگۆرکردنی کاڵاو شمەک و کەلوپەلەکانیش لەنێوانیاندا دەبێتە پێداویستییەکی سەرەکی بۆ بەردەوامی و مانەوەیان لەناو ژیاندا.




یەکەم سیستمی دراو کە لەمێژووی مرۆڤدا بەکارهاتووە پێی دەگوترێ: کاڵا بە کاڵا، (المقایضة)، (Bartering System). بێگومان ئەم شێوازە لەئاڵوگۆڕپێکردنی کاڵاکان ، لەگەڵ بەرەوپێشچوون و پێداویستی زیاتری مرۆڤەکان، کێشەی بۆ دروست بووەو نەیتوانیوە بەردەوام بێ، چونکە زۆرجار هەردوو لایەن کاڵای پێویستی یەکتریان لای یەک دەست نەکەوتووە، یاخود گواستنەوەی کاڵاکان بۆ شوێنە دوورەکان زۆر سەخت بووە، دەرئەنجام بیریان لەدۆزینەوەی شێوازێکی تر کردۆتەوە ئەویش کاڵا بەرامبەر بەکانزای گران بەها و کەم وێنە و دەگمەن بووە. بۆ نموونە فافۆن، گوێچکە ماسی ، مس... تا لەکۆتایدا زێر جێگەی هەموویانی گرتۆتەوە، چونکە پەیداکردنی زێر کارێکی سەخت و قورسەو بڕێکی کەمیشی لەسەر زەوی هەیە و ژەنگیش ناگرێت و بەهادار و دەگمەنە.

لێرەدا ئاڵوگۆڕەکە گۆڕا بۆ کاڵا بەرامبەر بەزێر ، بەڵام ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕەش کێشەی قورسی هاتە پێش ئەویش بریتی بوو لەبڕی زێرەکە و سەختیی لەگواستنەوەیدا ، بۆیە دەرئەنجام بیر لەدروستکردنی ماڵی دراو کرایەوە، واتا ماڵێک بۆ عەمبارکردنی زێر ، بەرامبەر زێڕەکەش وەرگرتنی پسولەیەک بوو هاوشێوەی سەنەدێک بۆ خاوەن زێڕەکە تا بتوانێت بەئاسانی سەنەدەکە بگوازێتەوە و لەهەر جێگایەک کاڵای پێویست بوو بیکڕێت. ئەم جۆرە سەنەدەش کێشەی تەزویر و حاشاکردن لەسەنەدەکەی بۆ پەیدا بوو ، ئەمەش زۆرجار ئەبووە هۆی دروستبوونی کێشە و لەدەستدانی متمانە بەماڵی دراو. تا دەرئەنجام بیر لەدراوێک کرایەوە کە توانای تەزویری نەبێت و گواستنەوەشی ئاسان بێت.

ئیدی بیرۆکەی بانک هاتە ئاراوە، دواتر لەدراوی ئاسن و مسەوە گۆڕا بۆ دراوی کاغەز. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت، ئیمپراتۆرە گەورەکان تا دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەیی کە هەر وڵاتێک دراوی تایبەت بەخۆی هێنایە کایەوە. لە رووی ئابوریشەوە بێگومان دراو بریتیە: لەکاڵا، نرخ و بەهاو هێزی دراوەکەش یەکسانە بەو بڕە زێرەی کە وەک پاڵپشتی بانکی پاڵپشتی دراوەکە دەکات. هەروەها توانای ئەو وڵاتە لەبڕی داهاتی بەرهەمهاتوو و خزمەتگوزاری – خاڵێکی ترە بۆ بەهێزی دراوەکە.

لەدونیای بانکیدا بڕی زێرەکە و نرخی دراوەکە بەهاوکێشەیەکی ئابوری ئاڵۆز دیاری دەکرێت. هیچ وڵاتێک

ناتوانێت بەبێ پاڵپشتی زێر بڕی دراو چاپ بکات و نرخی دراوەکەشی وەک خۆی بمێنێت. ئاڵوگۆڕکردنی دراو بەم شێوەیەی کەباسمانکرد، بەردەوامی هەبوو تا پاش جەنگی جیهانی دووەم و وێران بوون و داڕمانی ئابوری ئەوروپا، وە لەدەستدانی ئەو زێرە زۆرەی هەیانبوو بۆ خەرجی جەنگ و پاشان تاڵانکردنی بڕێکی زۆری زێری ئەڵمانیا و فەرەنسا لەلایەن ئەمریکاوە، وە دابەزینی نرخی فرانکی ئەڵمانی لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆری ئەم پارەیە چاپ کرا و خرایە ناو بازارەوە، بۆیە نرخەکەی بۆ ئاستێکی زۆر نزم دابەزی.

لەبەرامبەردا ئەمریکا وەک براوەی شەر و خاوەن ئابورییەکی بەهێزو خاوەن یەدەکێکی زۆری زێر ، هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری بەستنی یەکەم کۆنگرە بۆ دانانی سیستمێکی تازەی دراو بۆ جیهانی پاش جەنگ هەر بۆیە کۆنگرەیەک لەساڵی ١٩٤٤ ، لە ٠١ تا ٢٢ یولیو لە هۆتێل (Mount Washingtone Hotel) مۆنت واشنتۆن ریزوت لەویلایەتی(New Hapmshire ) نیو هامیشەر ، بە بەشداری ٧٣٠ کەسایەتی کە نوێنەری ٤٤ وڵات بوون. دەرئەنجام سیستمێکی نوێی دراو بۆ جیهانی پاش جەنگی جیهانی دەستنیشان کرا لەژێر ناوی سیستمی (Bretton Words System) ، سیستمی بریتون وێردز.

بەم شێوەیە جیهان چووە ناو سیستمێکی دارایی تازەوە، کە دۆلاری ئەمریکی وەکو یەدەکی دراو بەرامبەر هەموو دراوەکانی تری جیهان دیاری کرا. لێرەدا بەرامبەر بە هەر ٣٥ دۆلاری ئەمریکی ، یەک ئونسەی زێر دانرا، واتا هەموو کەسێک لەجیهاندا ئەتوانێت بۆ هەر ئونسەیەک زێر بە٣٥ دۆلار لە هەر بانکێک ئاڵوگۆڕ بکات.

ئەم کۆنگرەیە سەرەتای دەسەڵاتداری ئەمریکا بوو بەسەر جیهاندا، رێک وەکو ئەوە بوو کەدەڵێن نانی کەوتۆتە رۆنەوە. نفوز و دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر نیوەی جیهانی دەرەوەی سنوری یەکێتی سۆڤیەت تادەهات زۆرتر دەبوو. بەڵام لە بەر زۆری خەرجی ئەمریکا لەشەری ڤێتنام و کەمبۆدیا بەگشتیش لەباشوری ئاسیای ناوەراست و ئەمریکای لاتین، ئەمریکا ناچار بوو بەچاپکردنی بڕێکی زۆر لە دۆلار، وە راکێشانی بڕێکی زۆر لە زێری ئەمریکا بەرامبەر دۆلار لەلایەن خەڵکی ئەوروپا و ئەمریکاوە، ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی کەدواجار سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا(ریتشارد نیکسۆن) هەستا بەهەڵوەشاندنەوەی کۆنگرەی ساڵی ١٩٤٤ و رایگەیاند کە ئەمریکا چیتر ئامادە نیە بەرامبەر دۆلار زێر بدات، دۆلاریش وەکو دراوەکانی تر بێ پاڵپشتی زێر کەوتە بازاری دراوەوە.

لەو مێژووەوە جیهانی دارایی(ماڵی) چووە نێو سیستمێکی تری دراوەوە کە ناوی (Fit Money) بوو، ئەگەرچی یەکێتی ئەوروپا بەدراوێکی تازەوە بەناوی (یۆرۆ)وە هاتە نێو سیستمی دارایی جیهانەوە، بەڵام هەموو ئەمانەش نەیانتوانی پاڵپشتی یەدەکی بانکی(الاحتياطي المالي) دۆلار بێهێز بکەن! بەپێچەوانەوە بەهێزتر بوو لەبەر دوو هۆکار ئەوانیش:

**یەکەم: هێزی سەربازی پێشکەوتوی ئەمریکا.**
**دووەم: ئابوریەکی بەهێز زیاتر دۆلاری ئەمریکای ڕەواجی پەیدا کرد.**

ئەم سیستەمە بانکییە (Fit Money) تا ڕکودی ئابوری ساڵی ٢٠٠٨ بەردەوامی هەبوو. پاش مایەپوچ بوونی دەیان و سەدان بانکی جیهان، کە بەبڕی سێسەد ملیار دۆلار کە لە بواری قەرزی خانووبەرەی درێژ خایەن کاریان دەکرد(رهون العقارية) مایەپووچ بوونی خۆیان ڕاگەیاند، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێمتمانەیی بانکەکان بوو لە لایەن وەبەرهێنەرەکانەوە، وەک دواتر زانرا لە پشت مایەپووچ بوونی ئەم بانکانەوە، چەند بانکێکی گەورە هەبوو، ئەمەش وای لە بازاری دراوی ئەمریکا کرد توشی دارمان بێت بەبڕی ٦٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی.

دەرئەنجام بیر لەجۆرێکی تری دراو کرایەوە ، کەڕۆڵی لایەنی سێیەم کەبانکەکانە، بسڕێتەوە. هەروەک چۆن ئیمەیڵ بەهاوکاری پێشکەوتنی ئایتی ڕۆڵی پۆستی نەهێشت، بەهەمان شێوەش لەلایەن کەسێک بەناوی (ساتۆشی ناکامۆتۆ)، (Satoshi Nakamoto)، لەساڵی ٢٠٠٩ دا بیرۆکەی دراوێکی دیجیتاڵی بەناوی بیتکۆینەوە(Bitcoin) هاتە ناو بوارو کایەکەوە. ئەم دراوەش چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانە:

- بەهیچ شێوەیەک ڕۆڵی نێوەندگیری وەکو بانک یان دەوڵەت لەسەر ئاڵوگۆڕپێکردنی بیتکۆین نیە.
- زۆر خێراتر لەبانکەکان کاری ئاڵوگۆڕەکە ئەنجام دەدەرێ، لەهەموو کات و شوێنێک.
- بڕی عمولە بۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕەکە زۆر کەم و هەرزانترە.

لێرەدا بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕۆبچینە نێو باسەکەوە، دێین باسەکەمان لەسەر بیتکۆین دەکەینە سێ بەشەوە:

١. پێناسە و ناسین و شیکردنەوەی بیتکۆین لەرووی ئابوری و زانستیەوە، هاوکات ئامرازی ئاڵوگۆڕپێکردنی دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

٢. ئایا بیتکۆین دراوە؟ یان بڵقی سەر ئاوە؟ ئایا دەرئەنجامەکەی دەوڵەمەندییە یا مایەپوچ بوونە؟.

٣. ئایا بیتکۆین دەبێتە جێگرەوەی دۆلار؟ ئەبێتە یەدەکی دراوی جیهانی؟ دەشێت کۆتایی بە باڵادەستی دۆلار بهێنێت؟ ئایا کێ لەپشتی ئەم دراوە وەهمی و نەبینراوەوەیە؟

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بیتکۆین (Bitcoin) پێویستە پێناسەیەکی پوخت و خوێندنەوەیەکی زانستی لەهەر یەک لەبوارەکانی ئابوری و تەکنەلۆژی و زانستی کۆمپیوتەری بۆ بکەین، چونکە بیتکۆین دراوێکی دیجیتاڵییە، هەم ناوی دراوە و هەم ئەپێکی ئای تییە.

لەپاش قەیران و ڕکودی ئابوری ساڵی (٢٠٠٨) وە، وەبەرهێنان لەبواری بانکیدا تا رادەیەکی زۆر کزو لاواز بوو، چونکە بانکەکانی ئەمریکا زیاتر لە (٦٠٠) ملیار دۆلار مایەپوچ بوون! وەبەرهێنەرەکان هیچ متمانەیەکیان بەبانکەکان نەمابوو، ئەم ڕووداوە وایکرد کە میکانیزمێک و چارەسەرێک بدۆزرێتەوە. ئەم میکانیزم و چارەسەرەش بریتی بوو لەدروستکردنی دراوی دیجیتاڵی. ساتۆشی ، هەر

وەک پێشتر باسمانکرد، هەتا ئێستا دیار نییە ئایا ئەم ناوە ناوی کەسێکە یاخود ناوی ڕێکخراوێکە یان هەر دامەزراوە و کۆمپانیایەکە؟ ڕاستییەکەی دیار نیە کام وڵاتی بەتەواوی لەپشتییەوەیەتی و دروستکراوی کام وڵاتە! ئەگەرچی زۆر لە شارەزایانی بواری بۆرسەی جیهانی لایان وایە ئەگەر بێت و هەقیقەتی ساتۆشی بەدەرکەوێ ، ئەوا سیحری بیتکۆین بەتاڵ ئەبێتەوەو یەکسەر هێزی خۆی لەدەست دەدات. لەراستیدا هەتا ئێستاش بەتەواوی نازانرێت دروستکردنی ئەم بیتکۆینە چارەسەرە بۆ کێشەکەی ساڵی (٢٠٠٨) یاخود جۆرە یارییەکە بۆ مایەپوچ کردنی کۆمەڵێک وەبەرهێنەر و ئەو خەڵکانەی کەخەریکی ئاڵوگۆری ئەم دراوەن !؟

لەئێستادا نزیکەی (١٣٠٠) جۆری دراوی هاوشێوەی بیتکۆین لەجیهاندا هەیە وەکو: Ethereum,Ripple (xpp)– Litecoin NEO– IOTA

## بیتکۆین لەرووی ئابورییەوە:

هەموو دراوێک لەسیستمی دراوی کاغەز(العملة الورقیة) (Fit Money) لەجیهاندا لەرووی ئابورییەوە سێ پایەی سەرەکی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ پێوەرەکانی دراوبوونی خۆی بسەلمێنێ و متمانەی ئەوەی هەبێت بێ دوودڵی بەکاربهێنرێت. پایەکانیش ئەمانەن:

١. پاڵپشتکردنی دراوەکە بەزێر (الغطاء المالي) لێرەدا بڕی زێرەکە پاڵپشتییە بۆ هێزی دراوەکە.

٢. پاڵپشتی بانکی مەرکەزی(البنک المرکزی) بۆ دراوەکە، ئەمەش وا دەکات کە دراوەکە متمانە و هێزی خۆی بپارێزێت.

٣. بوونی لایەنێکی قەزایی(دادوەری) (الجهة القضائية) کەپشتگیری دراوەکە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لەکاتی دروستبوونی هەر کێشەیەک لە نێوان وەبەرهێنەر و بانکدا، توانای چارەسەری هەبێت. بەپشت بەستن بەو دەقە یاسایی

بیتکۆین




لەدونیای بانکیدا بڕی زێرەکە و نرخی دراوەکە بەهاوکێشەیەکی ئابوری ئاڵۆز دیاری دەکرێت. هیچ وڵاتێك ناتوانێت بەبێ پاڵپشتی زێر بڕی دراو چاپ بکات و نرخی دراوەکەشی وەك خۆی بمێنێت

و دەستورییەی کە لەیاسای دەوڵەت بۆ بانک و وەبەرهێنەر نووسراوە کە خۆی لە خۆیدا هێز و متمانەیە بۆ دراوەکە.

ئەو سێ خاڵەو سەرەوە هێزی ئەوە ئەبەخشێتە دراوەکە بۆ ئەوەی ببێتە کاڵاو هاوکات ئاڵوگۆڕپێکردنێکی ئابوری ڕاستەقینەی هەبێت و بتوانێت خزمەتی مرۆڤایەتیش بکات.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا دراوی دیجیتاڵی – بیتکۆین – بەو سێ خاڵەی باسمان کرد تێپەردەبێت تا بتوانین وەکو دراوێک بیناسێنین؟

– لەڕاستیدا بیتکۆین نەک پاڵپشتی زێری نیە بەڵکو خۆی پرۆژەیەکی جێگرەوەی زێرە و هاوشێوەی زێر خۆی پێناسە دەکات.

– پاڵپشتی بانکی نییە بەڵکو کاری نەهێشتنی سیستمی بانکییە، بەجۆرێکە کە ئیتر تۆ پێویست ناکات چیتر بەسیستمی (حەواڵە) کار بکەی! بێگومان ئەم سیستمی حەواڵەیەش قازانجەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بانکەکان، بەجۆرێکە وڵاتێکی وەکو نیپاڵ کە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە دەرەوەی وڵات کار دەکەن، ساڵانە بانکەکان نزیکەی سەدان ملیۆن دۆلار لەو حەواڵەکردنە قازانج دەکەن. وڵاتێکی وەکو لوبنان یەک لەسەر دەی بودجەی ساڵانەی ئەبێتە حەواڵە و ئەبێتە سوود بۆ بانکەکان، چونکە لەکۆی(١٤) ملیۆن لوبنانی( ٩ ) ملیۆنیان لە دەرەوە کار دەکەن.

– سەبارەت بەبابەتی پاڵپشتی دادگاش، بیتکۆین نەک هەر پاڵپشتی دادگای نییە بەڵکو کاری سڕینەوەی ڕۆڵ و چاودێریکردنی دەوڵەتیشە لەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕپێکرنی دراوەکە، چونکە سیستمی دراوی دیجیتاڵی لەنێوان دوو کەسدا ئەنجام دەدرێ هاوشێوەی ئیمێڵێکی ئینتەرنێتە ڕاستەخۆ لەنێوان کریار و فرۆشیاردا جێبەجێ دەکرێت، بۆیە دەوڵەت و دادگا ناتوانن هیچ چارەسەرێک بۆ کێشەکانی ئەم دوو لایەنە ئەنجام بدەن چونکە ئەمە لە دەرەوەی یاساو ڕێسای دەوڵەت ئەنجام دەدەرێت.

دەرەنجام: وەبەرهێنان لەدراوی بیتکۆیندا ناتوانێت دەوری ئابوری ڕاستەقینە ببینێت و ببێتە هۆکارێک بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی چونکە بیتکۆین ناتوانێت خەسڵەت و تایبەتمەندی دراوێکی ئاسایی وەربگرێت، ناتوانێت ببێت بەکاڵایەکی بەیاساییکراو.

## بیتکۆین لەڕووی تەکنەلۆژییەوە:

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەبیتکۆین لەڕووی ئاڵوگۆڕو وەبەرهێنانەوە، پێویستە بزانین لەڕووی تەکنەلۆژییەوە چییە؟

یەک بیتکۆین یەکسانە بەسەد ملیۆن ساتۆشی، چونکە ساتۆشی بچوکترین یەکەی بیتکۆینی دیجیتاڵییە. ساتۆشی وەکو خاوەن بیرۆکەی داهێنانەکە، بڕی (٢١ ) ملیۆن بیتکۆینی خستۆتە نێو سیستمەکەوە و کاتێکی دیاریکراوی بۆ ئەم بڕە بیتکۆینە داناوە کە لەساڵی ( ٢٠٠٩ ) تا (٢٠٤١) کۆی گشتی ئەو ( ٢١ ) ملیۆنە ئاڵوگۆڕی پێوە دەکرێ و بەتەواوی ئەچێتە ناو سیستمەکەوە. تا ئەم ساڵ کەساڵی ( ٢٠٢١ )ە بڕی(١٨) ملیۆن و نیو بیتکۆین هاتۆتە نێو سیستمەکەوە، بڕەکەی

تریش وا بڕیارە تاساڵی ٢٠٤١ بخرێتە نێو سیستمەکەوە. وا دانـراوەو وا چـاوەڕوان دەکرێت هەر چوار ساڵ جارێک لە(٥٠٪) ی کەم بکات، بۆ ئەوەی پێشچاوخستن –عەرز – کەم بێت تا نرخی زیاتر بێت، چونکە چەند پێشچاوخستن کەم بێتەوە، نرخی ئەوەندە بەرزتر دەبێتەوە.

سیستمی بیتکۆین بەشێوەی هاوکێشەی خەوارزمی زۆر ئاڵۆز کار دەکات کەتێیدا هەر وەبەرهێنەرێک دەبێتە خاوەنی ئەژمارێکی تایبەت بەخۆی و لەرێگای ژمارەیەکی نهێنییەوە ئەچێتە نێو ئەژمارە تایبەتییەکەی خۆیەوە کەبەگیرفان پێناسە کراوە و لەوێشەوە دەتوانێت کڕین و فرۆشتن و پرۆسەی وەدەست خستنی بیتکۆین ئەنجام بدات.



## بەسێ رێگا دەتوانرێت بیتکۆین بەدەست بهێنرێت:

١. دەرهێنان:( التعدين ) ،(MINING). ئەم رێگایە بریتییە لەگەڕان بەدوای بیتکۆیندا لەرێگای پەیجی تایبەت بەبیتکۆین، ئـەوەش لەرێگای شیکارکردنی کۆمەڵێک هاوکێشەی ماتماتیکی زۆر ئاڵوز و گرانەوە، کە ئەمەت کرد لەکۆتایدا وەک پاداشت دەبیتە خاوەن ئەژمارەی تایبەت بەخۆت(گیرفانی تایبەت) بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانی هەندێک بیتکۆین بەدەست بهێنی، ئەم رێگایە هاوشێوەی گەڕانی مرۆڤە بەدوای زێردا بەڵام لە جیاتی کانەکان، ئەمەیان لەناو کۆمپیوتەردایە. ئەم گەڕان و شیکارکردنە لەسەرەتادا ئاسان بوو، بەڵام لەئێستادا زۆر ئاڵۆزەو بەکۆمپیوتەری ئاسایی ناکرێ و کەسانی زۆر لێهاتوو و خاوەن تایبەمەندی دەوێ، بەکۆمپیوتەری کواڵیتی بەرزو کارەبای باش و کاتێکی زۆری دەوێ کە کەم کەس ئەتوانێت ئەو کارە بکات.

٢. لەرێگای ریکلامکردن بۆ بیتکۆین لەپەیجەکان و ئەوانەی سیستمەکە ئەپارێزن. بۆ ئەم کارەش کۆیین وەرئەگرن وەکو پاداشت ، وە سیستمەکە بە بەرنامەیەکی زۆر ئاڵۆز ئەپارێزرێت کە ناوی( Block Chain) ، بۆیە سوتاندنی ئەژمارەکان لەلایەن هاکەرەکانەوە کارێکی ئەستەم و مەحاڵە.

٣. لەرێگای پەیج و واڵەکانی کڕین و فرۆشتنی تایبەت بە بیتکۆین دەتوانرێ بیتکۆین بەدەست بهێنرێت و کرین و فرۆشتنی پێبکرێت.

هەر وەبەرهێنەرێک لەسیستمی بیتکۆیندا کاتێک کە ژمارەی نهێنی ئەژمارەکەی بیردەچێتەوە، تەنیا دە(١٠) جار بۆی هەیە ئەو ژمارەیە بەهەڵە لێبدات. ئەگەر دەیەمجاریش هەڵەی کرد ، ئەوە بەتەواوی ئەو ئەژمار و بیتکۆینە لەدەست دەدات. کەسێک هەیە بەناوی(StefanThomas) کەخاوەنی ( ٧٠٠٠ ) بیتکۆینە و ژمارەی نهێنی ئەژمارەکەی بیرچۆتەوە، تائێستا هەشت جار بەهەڵە ژمارە نهێنییەکەی لێیداوە، تەنیا دوو جاری ماوە، بێگومان گەر ئەو دوو جارەش هەڵە بکات ئەوا هەموو بیتکۆینەکەی لەدەست دەدات چونکە ئەژمارەکەی دەسوتێت و لەدەستی دەدات.

## مێژووی بیتکۆین لەساڵی (٢٠٠٩) وە تاساڵی (٢٠٢١):

سەرەتا لەساڵی(٢٠٠٩ ) نرخی هەر بیتکۆینێک کەمتر بوو لە نیو سەنت، تا لەساڵی ( ٢٠١٠ ) کەسێک لەشیگاگۆ بەناوی( سمۆک ماچ) کە دەهەزار بیتکۆینی کردە مەزادەوە تەنیا بە(٥٠ ) دۆلار بەڵام کەس ئامادە نەبوو بیکڕێت دواتر یەکەم کڕین و فرۆشتن کە بەبیتکۆینەوە کرابێ لەلایەن کەسێکەوە بوو بەناوی (لازلـو هانێش) کە لەرێگای کۆمپیوتەرەکەیەوە رایگەیاند هەر کەسێک دوو پیتزای بۆ بکڕێت (١٠٠٠٠) کۆینی دەداتێ، دواتر کەسێک دوو پیتزای بۆ هێناو بایی (٣٥) دولار بوو دەرئەنجام ئەو کەسە بووە خاوەنی ئەو برە کۆینە.

لە ساڵی ٢٠١٨ نرخی بیتکۆین بەرزبۆیەوە بۆ (١٨٠٠٠) دۆلار ، دوای کەمتر لە( ٤٠ ) رۆژ نرخەکەی دابەزی بۆ (٤٠٠٠) هەزار دۆلار، ئێستا لەساڵی ٢٠٢١ نرخی بیتکۆین( ٥٠٠٠٠ ) دۆلاری تێپەڕاندووە، واتا لە ماوەی ١٣ ساڵ دە ملیۆن جار بەهای بیتکۆین بەرزبۆتەوە.

## ئایا بیتکۆین دراوە یان بڵقی سەر ئاوە؟

بڵقی ئابوری (الفقاعة الاقتصادية) Bubble Economy) بریتییە لەبەرزبوونەوەی نرخی کاڵایەک بەشێوەیەکی زۆر خێراو نائاسایی و تا ئاستی خەیاڵی کە بەهیچ شێوەیەک گونجاو نییە لەگەڵ ئاستی راستەقینەی خۆیدا، بەهەمان شێوەش دابەزینێکی زۆر خێرا تا ئاستی دارمان و مایەپوچ بوون، بەبێ هیچ ئاگادار کردنەوەیەک. ئەگەر چاوێک بەمێژووی بڵقی ئابوریدا بخشێنین، چەند نمونەیەک دەبینین کەلێرەدا باسیان دەکەین.

– گوڵی توليپ(Tulip)ی هۆڵەندی: ئەم جۆرە گوڵە لەساڵی (١٦٣٣) بەهۆی جۆرە ڤایرۆسێکەوە رەنگە سورەکەی گۆڕا بۆ جۆرەها رەنگی سەرنج راکێش و بووە هۆی ئەوەی داواکاری زۆری لەسەر بێ و بنێردرێتە دەرەوەی هۆڵەندا و خەڵکێکی زۆر روویان لەوەبەرهێنانی تۆوی ئەم گوڵە کرد، هەندێک کەس بەمەبەستی قازانجی زیاتر تۆوەکەیان لای خۆیان کۆدەکردەوە. پارەیەکی زۆری تێدا بەکارهێنراو لەکۆتایدا و لەساڵی(١٦٣٧)، نرخی یەک کیلۆ تۆوی ئەم گوڵە گەیشتە(١٠٠٠٠) دە هەزار خلدەر. بەم برە پارەیەش لەو کاتەدا دەتتوانی کۆشکێکی گەورە لە کەنارە دەریاییەکانی ئەمستردام بکڕیت، لەهەمانکاتدا یەکسان بوو بەخەزنی تیروتەسەلی سەد ساڵی بنەماڵەیەکی هۆڵەندی.

بەڵام لەپڕێکدا هەر لەساڵی (١٦٣٧) دا نرخی ئەم گوڵە دابەزی تا ئاستی کیلۆیەک پیاز، وە بووە هۆی دارمانی ئابوری هۆڵەندا و مایەپوچ بوونی دەیان وەبەرهێنەر و شێت بوونی دەیان کەس، تەنانەت لەو کاتەدا ناوی هەندێک نەخۆشی نرا (شێتی تولیپ) ، لەرزووتای تولیپ.

## - کۆمپانیای دەریای باشوور:

لە سەدەی(١٨)دا لەوڵاتی بەریتانیا، کۆمپانیای دەریای باشور، گرێبەستێکی لەگەڵ ئەمریکای باشور بەمەبەستی بازرگانی مۆر کرد ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دەیان کۆمپانیای نایاسایی کە ئیشیان هەناردەکردنی کاڵا بوو. سەرەتاش بەئەسپ دەستیان پێکردو نرخی ئەسپیان فڕاند، دواتر یاسای قەدەغەکردنی کۆمپانیای نایاسایی دەرچوو، ئەمەش بووە هۆی مایەپووچ بوون لەچەند رۆژێکدا و بەکۆمپانیای دەریای باشوریشەوە.

## - کڕین و فرۆشتنی زەوی لە یابان:

لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا، بانکەکانی یابان نرخی زیادەیان(سوو) لەسەر قەرزکردن زۆر زۆر کەمکردەوە، ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵکەکە قەرزێکی زۆر لەبانکەکان وەرگرن بەمەبەستی وەبەرهێنانی خانووبەرە، تا وای لێهات نرخی دەمەتر دووجا لەناو تۆکیۆدا گەیشتە(٢٠٠٠٠٠) دۆلار. نرخی خانوویەک لە تەنیشت کۆشکی ئیمپراتۆری یابان یەکسان بوو بەنرخی هەموو زەویەکانی فلۆریدا لە ئەمەریکا!

دوای ماوەیەکیش کەبانکەکان نرخی زیادەکەیان زیاد کردەوە، دووبارە سەرجەم ئەو خەڵکانە مایەپوچ بوونی خۆیان راگەیاندن و ئەو رووداوەش لەیابان بەسەدەی دارمان ناودەبرێت.

بڵقی ئابوری لە مێژوودا زۆرە، وەکو رووداوی(بینی بابیز)، بڵقی ئەنتەرنێتی ساڵی ١٩٩٠، تەنانەت بەرزبوونەوەی زەوی و خانووبەرەی ساڵی (٢٠٠٨) بۆ (٢٠١٤) کوردستانیش دەتوانین بەبڵقی ئابوری بچوێنین چونکە ئەو برە پارەیەی لەکوردستان بوو، پارەیەک بوو لەدەرەوەی کوردستانەوە هاتبوو، هەر بەهاتنی داعش و کشانەوەی ئەو پارەیە نرخەکان بە ٥٠٪ شکان! چونکە ئەوە بەهای راستەقینەی خانووبەرە نەبوو لەکوردستان.

لێرەدا سێ ئاستی قازانج لەوەبەرهێنان لەگەڵ ترسی داراییەکەی باس دەکەین، کە پێی دەوترێ (الهرم المخاتر المالیة)

Finacial Risk)
(Pyramid



١. پلەی وەبەرهێنانی کەم مەترسی: ئەم جۆرە زیاتر بەرهەمهێنانە لەکەرتی حکومی و کاری بانکی سادە کە تێیدا ترسی زیانی ماڵی کەمە و قازانجیشی هەر کەمە.

٢. پلەی وەبەرهێنانی مەترسی ناوەندی: ئەم جۆرە زیاتر بەرهەمهێنانە لەبواری خانووبەرە و کۆمپانیای بچووک، ئەمەش قازانجی مامناوەند و ترسی مامناوەندیش لەزەرەرکردن.

٣. پلەی بەرهەمهێنانی مەترسیدار: لێرەدا ئیشکردن لەبیتکۆین دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەم قاڵبەوە کەترسێکی زۆر لەزەرەر و قازانجێکی زۆریش.

دەرەنجام بیتکۆین: لە روانگەی ئابوری ناسانەوە، دراو نییە، چونکە بنچینەی هیچ خاڵێکی بنچینەیی دراوی تێدا نییە، وە هەموو خاڵە هاوبەشەکانی بلقی ئابوری تێدایە، وە پێشبینی ئەوەش دەکرێ کە رۆژێک ببێتە بلقی ئابوری و مایەپوچ بوونی خۆی رابگەیەنێت.

پرسیارێکی زۆر دەکرێ سەبارەت بەوەی ئایا بۆچی بەردەوام نرخی بیتکۆین لە بەرزبوونەوەدایە؟ لەراستیدا زۆر هۆکار هەیە بەڵام ئێمە لێرەدا چەند هۆکارێک باس دەکەین:.

١. هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کەمبوونەوەی بەکارهێنەر، ئەمە وایکرد هەندێک لە وەبەرهێنەرەکان بە دوای شوێنێکدا بگەڕێن کە وەبەرهێنانی تێدا بکەن.

٢. وەبەرهێنان لەلایەن هەندێک کۆمپانیا و سەرمایەداری گەورەی وەک (ئیلۆن ماسک) کە بڕی یەک ملیار دۆلار و نیوی لە سەرمایەکەی خستۆتە نێو بواری بیتکۆین و دەستەخوشکەکانیەوە. هەروەها کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئامادەیی ئەوەی نیشانداوە کاڵاکانی بەبیتکۆین بفرۆشێت. هەندێک زانکۆ بۆ نموونە: لەقوبرس ئامادەن کرێی زانکۆ(Fees ) بەبیتکۆین وەربگرنەوە. هەروەها کۆمەڵەی (Ebay) تایبەت بەخواردن، ئامادەیە بە کۆین ئاڵوگۆربکات.

٣. داگیرکردنی کۆنگریسی ئەمریکا لەلایەن خۆپیشاندەران و هەوادارانی(ترامپ)ەوە، کاری کردە سەر بەرز بوونەوەی بیتکۆین کەهەمان رۆژ بەرزبووە بۆ (٤٠٠٠٠) هەزار دۆلار.

– لەئێستادا بۆچونی وڵاتەکان جیاوازە سەبارەت بە بیتکۆین. هەندێک وڵات بەیاسا قەدەغەیان کردووە بەهەڕەشەو مەترسی دەزانن بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی، وەکو هیندستان و وڵاتانی خەلیج و ئەوروپا. هەندێک وڵاتیش بەتایبەتی چەند ویلایەتێک لە ئەمریکا وەکو شیگاگۆ، رێگا پێدراوە بیتکۆین لە بازاری دراودا ئاڵوگۆری پێبکرێ، بەمەرجێک لە دەفتەری باجدا بنووسرێت. بەڵام زۆربەی وڵاتانی تر هیچ هەڵوێستێکیان سەبارەت بەبیتکۆین نییە و چاوەروان بزانن دەگات بە کوێ و ئایندەی چی دەبێت

– ئابوری ناسانی دونیاش بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەش بوونە: کۆمەڵەی یەکەم پێیان وایە ئەمە پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی بێ وێنەیە و باشترین شێوازی وەبەرهێنانە، وە سیستمێکی جێگرەوەی باشە بۆ (Fit Money) ، بەڵام کۆمەڵەکەی تر پێیان وایە ئەم وەبەرهێنانە گەورەترین تەڵە و فێڵبازییە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، لە هەمانکاتدا نوخبە و

سەرمایەدارەکانی جیهانیش دابەش بوونەتە سەر ئەم دوو کۆمەڵەیە؛ بۆ نموونە: ئیلۆن ماسک ( Elon Musk) یەکێکە لەسەرمایەدارە گەورەکانی جیهان کە سەرمایەکەی نزیکەی (١٥٠) ملیار دۆلاری تێپەراندووە، بە هەنگاوێکی باشی ئەزانێ بۆ وەبەرهێنان و ریکلامێکی زۆریشی بۆ ئەکات؛ بەدراوی پاشەرۆژی سەر زەوی و ئەستێرەکانیشی دەزانێت.

لەبەرامبەردا گەورە وەبەرهێنەر (وەرن بیڤت) (Warren Buffer) بەگاڵتە جارییەوە باسی لێدەکات و دەڵێت: ئەمە وەک دەرمانی مشکە ، خەڵکیش ئاگادار دەکاتەوە لەمەترسییەکانی وەبەرهێنان لە بیتکۆیندا.

ئاخۆ دەبێ کامیان راست بکەن؟ ئایا بیتکۆین و دەستە خوشکەکانی جێگرەوەی دۆلارن؟

وەک لەبەشەکانی سەرەوەدا باسمان لە مێژووی دراو و سیستمە جیهانییەکانی دراو کرد، کە دوا سیستم، سیستمی (Fit Money) ە. بێگومان رەوتی گۆرانکاری لەمێژوودا هەمیشە نوێخوازبووە، بە شێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ داواکاری و پێداویستی تازەی مرۆڤ لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، بەتایبەت لەم سی ساڵەی کۆتایدا، پێشکەوتن بەشێوەیەکە کە دونیای تەکنەلۆژی و کۆمپیوتەر کۆنترۆڵی هەموو زانستێکی کردووە، لەراستیدا هەموو زانستەکان ئاوێنەی زانستی کۆمپیوتەرن و بوونەتە بەشێک لەو زانستە. بۆیە سیستمی دراویش بە هەمان شێوە ئەبێت ئاوێتەی ئەو زانستە بێت، ناتوانێت ئەگەر بەشێک لەو زانستە نەبێت و بەردەوام بێت.

لەراستیدا سەرمایەداری لە قۆناغی نیو لیبرالیزمدا، بەسەرکردایەتی ئەمریکا سەدان قەیرانی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و مۆراڵی هەیە. سیستمی دراوی (Fit Money) نەک تەنها هەر قەیران تەنانەت سەرچاوەی هەژاری و نەهامەتی گەلانی دونیایە کە پرە لەغەدر و دزینی زۆرێک لەداهات و سامانی وڵاتان بۆ نزیکەی سەد کەسێک لەم جیهانەدا.

لێرەدا دەمەوێ شێوازی پرسیارەکە بگۆڕین بەو شێوەیەی : ئایا دراوی دیجیتاڵی، دەرئەنجام ئەبێتە سیستمی دارایی جیهانی؟ ئایا کۆتایی بەسیستمی (Fit Money) دێنێت؟ ئایا دۆلار هەر بە برا گەورەیی دەمێنێتەوە؟ لە راستیدا هەر لەساڵەکانی حەفتای سەدەی رابردوودا، هەر بەنەمانی پاڵپشتی زێر بۆ دۆلار، ئەم سیستمە کێشەی هەبووە و جێگەی نارەزایەتی بووە بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان! ئەمەش لە بەر چەند هۆکارێک لەخوارەوەدا باسیان دەکەین:

١. هۆکاری نەمانی هاوسەنگی نێوان دراوی چاپکراو بەرامبەر بەئینتاج لە کاڵا و خزمەتگوزاری بووە، هەمیشە بڕی دراوی چاپکراو زیاتر بووە لە ئینتاجی کاڵا و خزمەتگوزاری، ئەمەش یەکێکە لەهۆکارەکانی گرانی و هەژاری زۆر وڵاتانی جیهان، چونکە تا دراو زیاتر چاپ بکرێت، کاڵا کەم ئەبێت و گران ئەبێت.

٢. هۆکاری دروستبوونی شەر و ماڵوێرانی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ، بەتایبەت زۆنی نەوت و وزە، بۆ نموونە عێراق ، هۆکاری داگیرکاری راستەوخۆ

# پێشگۆیی



سیستمی دیجیتاڵی هێزی ئەوەی نیە بەو خێرایەی دراوەکانی سیستمی ((Fit Monry هەیانە لە ئاڵوگۆرکردن کەچەند چرکەیەك زیاتری ناوێت لەهەموو سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان ماشێنی تایبەت بەو کارە دەست دەکەوێت. بەڵام ئەم سیستمە بۆ ئاڵوگۆرکرن کاتێکی زۆری دەوێتا

و ناراستەوخۆی ئەمریکایە بۆ ئەم ناوچەیە، چونکە ئێستا ئەوە نەوتە کە جێگەی زێری گرتۆتەوە بۆ پاڵپشتی کردنی دۆلار. هیچ وڵاتێک ناتوانێت ئاڵوگۆری بازرگانی جیهانی بکات، بەتایبەت کاڵای ستراتیجی وەک نەوت بەبێ دۆلار، تەنانەت هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش، بۆ نموونە فەرەنسا بۆ کڕینی نەوت لە بازاری بازرگانی جیهانی ئەبێت سەرەتا دراوەکەی بکات بە دۆلار، تا بتوانێت بەو دۆلارە نەوتەکە بکڕێت، ئەوەی لەدەرەوەی ئەم سیستمە بەهەر دراوێکی تر کاربکات ئەوە ئەکەوێتە بەر زەبری ئەمریکا و توشی قەیرانی دارایی و ماڵوێرانی دەبێ، وەکو عێراق و لیبیا. لەساڵانی حەفتای سەدەی رابردووە سعودیە، وەک یەکێک لە پێنج وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی بواری نەوت، هاوکاری ئەمریکای کردووە کە بەبێ دۆلار بەهیچ دراوێکی تر نەوت نەفرۆشێت. لە سیستمی (Fit Money) نەوت نرخەکەی وابەستەی «پێشچاوخستن و داواکاری» نییە وەک هەموو کاڵایەک، بەڵکو کاڵایەکی ستراتیجیە بۆ ئاسایشی ئەمریکا، ئەوە ستراتیجی نیشتمانی ئەمریکایە کە نرخ بۆ بازاری بازرگانی جیهانی نەوت لەبۆرسەیدا دیاری دەکات.

٣. ئەم سیستمە دراوە جیهانییە (Fit Money) هێزێکی وای داوە بەدۆلار، لە ٦٠٪ ی یەدەکی دراوی جیهانی دۆلارە، چین بەو هەموو پێشکەوتنە ئابوری و زانستییەوە، تا ئێستا یۆهانی چینی نەیتوانیوە لە ٢٪ ی لەیەدەکی دراوی جیهانی تێپەڕێنێت.

٤. ئەگەرچی بەدروستبوونی یەکێتی ئەوروپا و دروستبوونی دراوێکی گشتگیری وەک یۆرۆ، بەڵام نەیانتوانی هێزی دۆلار وەکو سەنگی مەحەک بۆ بازرگانی جیهان بێننە خوارەوە، بەو هەموو نادادییەوە تا ئێستا سیستمی (Fit Money) هێزی باڵا دەستی ئەمریکایە بەسەر جیهاندا.

لەبەرامبەردا دراوی دیجیتاڵی وەکو لە بەشەکانی پێشودا باسمان کرد، ئەگەرچی ناچێتە خانەی دراوەوە، زیاتر لە بلّقی ماڵی و ئابوری ئەچێت، وە لەسەرەتای تەمەنیەوە کە نزیکەی ١٢ ساڵێک ئەبێت کۆمەڵێک کێشەی هەیە، ئەو کێشانەش ئەمانەن:

– ناوەندگیریەکی باوەرپێکراوی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە نییە بۆ ئاڵوگۆری رۆژانە و هێزی بازرگانی جیهانی نییە، تەنها توێژێکی کەم زیاتریش گەنجەکان بەم دراوە و سیستمەکەی ئاشنان.

هەواڵنامەی کێتی

– جەوهەر و مەغزاو مانایەکی نییە بۆ نرخ تانرخی کاڵایەکی پێ دیاری بکرێت.

– یەکەی حیسابی نییە بۆ دیاریکردنی نرخی کاڵا بۆ ئاسانکردنی ئاڵوگۆر.

– سیستمی دیجیتاڵی هێزی ئەوەی نیە بەو خێرایەی دراوەکانی سیستمی ((Fit Monry هەیانە لە ئاڵوگۆڕکردن کەچەند چرکەیەک زیاتری ناوێت لەهەموو سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان ماشێنی تایبەت بەو کارە دەست دەکەوێت، بەڵام ئەم سیستمە بۆ ئاڵوگۆڕکرن کاتێکی زۆری دەوێت، زیاتر لە چەند کاتژمێرێک تا سیستمی (Block Chain) ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەمەش زیاتر گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی درێژ خایەن و مامناوەند نەک ئاڵوگۆری رۆژانە.

لە پاش ئـەوەی وڵاتـی چین وەکو وڵاتێکی بازرگانی و پیشەسازی و تەکنەلۆژی لـەم ساڵانەی دوایـدا زۆر لە پێشکەوتندایە، هەندێک لەلێکۆڵینەوەو دامـەزراوە ئەمریکاییەکان پێیان وایـە کە لە ساڵی ٢٠٣٠دا، چین لەهەموو ئەو بوارانەدا ئەبێتە ژمارە یەک و پێش ئەمریکا دەکەوێ و جێگەی ئەمریکا لەق دەکات، بەڵام چینیەکان خۆیان وا پێشان داوە کە چاویان لەوە نییە گەورەی دونیا بن و ئەوەیان بۆ ئەمریکا داناوە، بەڵام ئەمریکا بە گومانە لەسەبر و تەحەمولی چین و ترسی لێنیشتووە.

زوومی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پرسیارەی کەئایا کێ لەپشت دروستبوون و گەشەکردنی دراوی دیجیتاڵەوەیە؟ ئەگەڕێتەوە سەر ناکۆکی نێوان ئەو دوو وڵاتەو هاوپەیمانەکانیان لەسەر ئەم بنچینەیە دوو بۆچوون دروست بووە:

### ١. بۆچوونی یەکەم:

– ئەمانە پێیان وایـە کـە ئەمریکا لەپشت ئەم بیرۆکەیەوەیە بۆ ئەوەی بتوانێت هاوسەنگی لەبری زۆربوونی دۆلار بەرامبەر کەمبوونەوەی بەرهەم و خزمەتگوزاری رابگرێ، چونکە لەپاش ساڵی ٢٠٠٨وە ئەمریکا برێکی زۆر دۆلاری چاپ کردوە، بەتایبەت دوای هاتنی کۆرۆنا نزیکەی ٤ ترلیۆن دۆلار چاپ کراوە و ئەیەوێ لە رێگای بیتکۆینەوە ئەو برە دۆلارانەی لە دەرەوەی سیستەمی بانکییە، بیکاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە کە لەچەند بوارێکدا بڵاوبوونەتەوە.

– بڕی ئەو دۆلارە زۆرەی لای بازرگانەکانی مادەی هۆشبەرن و لای بازرگانەکانی چەکن تا ئەوان بتوانن بەبێ ترس لەسەرمایەکەیان لەبیتکۆیندا وەبەرهێنان بکەن.

– تا بتوانێت لەو رێگایەوە، ئەو برە دۆلارەی کە لەووڵاتە پاشکەوتووەکانی سیستمی بانکی کە لەکونجی ماڵەکان شـاردراونـەتـەوە، بیگەرێنێتەوە نێو سیستمە بانکییەکە بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک عێراق نزیکەی ١٣ ملیار دۆلاری لەدەرەوەی بانکە.

– تا لەم رێگایەوە بتوانێت کونترۆڵی ئەوانە بکات کە لە پێدانی باجدا خۆیان ئەدزنەوە.

– بۆ ئەمریکا مـانـەوەی سیستەی (Fit Money) مەسەلەی ژیان و مانەوەیەتی وەک سەر گەورەی جیهان، بەهاتنی هەر سیستمێکی تازەی جیهانی ، ئەمریکا هیچ متمانەیەکی نییە بۆ لەدەست نەدانی باڵادەستی بەسەر جیهاندا ، وە بەتایبەتی پاش ئەوەی چین وەکو هێزێکی

تازە و جێگرەوەی ئەمریكا سەیر دەكرێ ، ئەمە هەنگاوێكە بۆ پاراستن و بەردەوامی سیستمی (Fit Money) .

### ٢. بۆچوونی دووەم:

ئەمانە زیاتر پێیان وایە ئەوانەی زیاتر ئەنتی ئەمریكان لەسیستمی (Fit Money) زەرەرمەندن و لە پشتی ئەم كارەوەن بە مەبەستی ئەوەی بتوانن لەم ڕێگایەوە سیستمێكی تازە بۆ جیهان دابهێنن، ئەوانەش:

– وڵاتی چین. چونكە چین دراوەكـەی لە دەرەوەی سیستمی دۆلارە كە ئێستا نزیكەی دوو لەسەر سێی زێڕی هەموو جیهان كەوتۆتە چینەوە، بۆیە چین هەموو هەوڵێكی ئەوەیە كە یوهانی چینی بكات بە یەدەكی دراوی جیهانی و بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەیە دراوەكەی بە زێر پاڵپشتی بكات، وەک چۆن لەساڵی ١٩٤٤ دۆلار پاڵپشتی خۆی بەزێر ڕاگەیاند وە ئەمە یەكێكە لەخاڵە ناكۆكەكانی چین و ئەمریكا. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا چین هەنگاوی ناوە تا بتوانێت دراوەكەی بكات بە دیجیتاڵی بەڵام هاوشێوەی بیتكۆین نا بەڵكو دراوێكی دیجیتاڵی كە هەموو بنچینەكانی دراو لە خۆی بگرێت. ئێستا یوهانی دیجیتاڵ (DCEP) لە چوار شاری چین وەک سەرەتایەک دەست بەكاربووە و زیاتر



لە ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی تێدا وەگەڕخستراوە، ئەمەش بەفرمانی سەرۆکی چین (Xi Jin ping) لەرێکەوتی کانونی دووەمی ( ٢٠٢٠ ) فرمانی بۆ دەرچووە.

– هەندێک وڵات ئەوانەی لەژێر گەمارۆی ئابوری و بازرگانی ئەمریکادان وەک ئێران و کۆریای باکوور و فەنزویلا، لەم دراوە دیجتاڵییە سودمەندن و ئەتوانن هەموو ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی بکەن بەبێ چاودێری ئەمریکا و سیستمی ماڵی جیهانی.

دەرەنجام ئێستا جیهان نەک لەسیستمی دراو بەڵکو لە کۆی سیستمی جیهانی لەقەیراندایە، ئەمەو دەیانی تریش نیشانەی شکستی جیهانی نیولیبراڵیزمن. دراوی دیجیتاڵیش مومکینە ببێتە سیستمی نوێی جیهانی بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا نا ، بەڵکو دەبێت هەموو خەسڵەتێکی دراوی هەبێت. ئەشکرێت هەر وڵاتێک لە جیهاندا دراوەکەی لە کاغەزەوە بگۆرێت بۆ دیجیتاڵی لەژێر خاوەندارێتی بانکی مەرکەزی وڵاتەکەو پاراستنی بەیاسا و لەژێر چاودێری دادگای وڵاتەکە.

لەم ساڵانەی دوایدا خەڵکانێک لەهەرێمی کوردستانیش روویان لە وەبەرهێنان کردووە لەچەند جۆرێک لەدراوی دیجیتاڵی و سەدا و دەنگی پەیدا کردوە. گرنگە ئەوانەی وەبەرهێنان لەم دراوە دەکەن ، کۆمەڵێک شت رەچاو بکەن تاکو کەمترین زیان بکەن:

١. تەنها پێنج دراوی دیجیتاڵی ئێستا لەجیهاندا رەواجی هەیە، کە بیتکۆین ژمارە یەکە، ئەبێت بزانین هێزی هەموو ئەو دراوە دیجیتاڵیانە وەک یەک نین، تا لەو پێنج دراوە زیاتر وەبەرهێنان نەکرێت.

٢. هەرێمی کوردستان ئەگەرچی ئێستا لەرووی ئیدارییەوە سەربەخۆی هەیە، بەڵام لەرووی سیستمی دراو و بانکییەوە بەعێراقەوە وابەستەیە، هەرێمی کوردستان لەرووی بانکییەوە زۆر لەپاشە. ئەم جۆرە دراوانەش لە عێراقدا بەیاسا قەدەغەیە.

٣. وەک (ئیلۆن ماسک) دەڵێت: من لەکۆیی(١٥٠) ملیار، یەک ملیار و نیو لەسەرمایەکەم خستۆتە وەبەرهێناوەوە لەدراوی دیجیتاڵی کە ئەکاتە لە سەدا یەک و نیو، تۆش هەوڵبدە لەو برە زیاتر لەدراوی دیجیتاڵی وەبەرهێنان نەکەی چونکە دراوی دیجیتاڵی لەخانەی سێیەمدایە لەپلەی مەترسی و ریسک (الخطورة).

٤. وەبەرهێنان سەرەتا کەسەکە تەماشاکەرە هەر ئەوەندە چووە ناو یارییەکەوە و بووە یاریکەر ئیتر ئەبێتە بەشێ لە تەبلیغ و تەرویج بۆ کارەکە، زۆرجار ریکلام و تەبلیغ کردنیش زانستی نییە و ناراستیشە، بۆیە هەموو تەبلیغ و تەرویج و ریکلامێک لە لایەن ئەوانەی وەبەرهێنانیان کردوە لەم کارە شەرت نیە راست بێ.

٥. پەندێکی فەرەنسی هەیە ئەڵێت: پەتاتە کە تا گەرمە و دەستی نەسوتاندوی خۆتی لێ رزگار بکە و بیدە دەستێکی تر، چونکە هەر ساردبۆیەوە ئەو قیمەتەی خۆی لە دەست دەدات. تۆش ئەگەر خێرت کرد رای مەگرە تا گەرمەو خۆتی لێ رزگار بکە ئەگەر نا بەساردی هیچت بۆ ناکات.



# پاراستنی پایەکانی ژینگە

مەدیحە سۆفی

دەربارەی پێناسەی ژینگە، دەتوانین بڵێین، ژینگە ئەو ناوەندە بایەلۆژیەیە کە مرۆڤ تیایدا نیشتەجێ دەبێ و پێداویستیەکانی خۆی بۆ ژیان تێدا دەستدەکەوێت، هەردوولا واتە مرۆڤ و ژینگەش کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێ، ئەو کاریگەریەش دەتوانێ، ئەرێنی یا نەرێنی بێت.

پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی، پەیوەندیەکی ئەزەلی و دێرین و ئاڵوگۆڕە و لەبەر ئەوەی سروشت هێزێکی لەبن نەهاتوو و دەوڵەمەند و هەمیشەییە، بۆیە مرۆڤ بۆ هەتاهەتایە لەژێر سایەی ئەو سروشتە بەهێزەدا پێداویستیەکانی خۆی دابین دەکات، مرۆڤ و سروشت دوو یەکەی بوونن و لە ئاڵوگۆڕێکی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتردا، لە کاتێکدا بە بۆچوونی مرۆڤ لە میانەی چالاکیەکانیدا، کە ڕاستەوخۆ لە سروشت و ژینگەکەی خۆیەوە سودمەند بوو، وایدەزانی کە دەتوانێ سروشت بە هەموو بوونیەوە، ملکەچی داواکاری و خواستەکانی خۆی بکات، وەلێ هێزی سروشت و دەسەڵاتە نەبینراوەکەی، لە دیوێکی دیکەوە خۆی بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ناساند و دەناسێنێ.



وێرانکردن و تاڵانکردنی ژێرخان و سەرخانی سروشت و داهاتەکەی، یەکێکە لە سیفاتەکانی بەرهەمهێنانی کلاسیک لەلایەن مرۆڤەوە، یەکێکە لەو زیادەڕۆیانەی، کە لە ساڵی ١٩٧٢ دا یانەی ڕۆم بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە گشتگیریەکەی، ڕووبەڕووی وەستایەوە و هۆشداری دا، کە بەرهەمهێنانی بێسنوور هەڵگەڕانەوەی سروشت بەدوای خۆیدا دێنێ و دەستدرێژیە لەسەر مافی نەوەی داهاتوو، واتە بەرهەمهێنان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بڕێکی زۆرتر لە داهات و کاڵا، بێ ڕەچاوکردنی ئەو تورەبوونەی لە سروشتدا، ڕۆژ بەڕۆژ کەڵەکە دەبێ ناهاوسەنگی لە نێوان و ترازووی مرۆڤ و ژینگەکەی دروست دەکات، ئەویش بە پیسبوونی هەوا، قەتیسبوونی گەرما لە ئەتمۆسفێری گۆی زەوی، توانەوەی بەستەڵەکەکان، بڕینەوەی دارستان، پیسکردنی ئاوی دەریا و ئۆقیانوسەکان، لافاو، وشکەساڵی، کەمی ئاو، گۆڕانی کەشوهەوا , بە بیابان بوون و زیادەڕۆیی لە ڕاوکردنی سامانی خۆراکی ماسی، لەهەمووی گرنگتر لەناوچوونی فرەزیندەوەرە، ئەمانە و زۆریتر، ئەو کێشانەن کە لە دەرئەنجامی چالاکی مرۆڤ و بەپشتیوانی تەکنەلۆژیا و زانست و لەژێر ناوی گەشەسەندن و پەرەسەندندا، ژینگەی زیندەوەری پێدەشێوێنن و سەرجەم ئیکۆستیمی سەر گۆی زەوی تێکدەچێت.

زۆربوونی دانیشتوان و لێکەوتەکانی و ئەو دەرئەنجامانەی بەدوای خۆیدا دەیهێنێ، یەکێکە لەو بەربەستانەی، کە دژ بە مانەوەی مرۆڤە لە ژینگەیەکی تەندروست، چونکە زۆربوونی دانیشتوان و پاراستنی ژینگە، دووانەیەکی دژ بەیەکن،

لەگەڵ زۆربوونی دانیشتواندا سەرجەم کێشە ژینگەییەکان لە هەڵکشاندا دەبن، پیسبوونی هەوا و ئاو ،بەکاربردنی وزە، زۆربوونی خاشاک، دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و ئاوەدانکردنەوە، کەمکردنەوەی ڕووبەری سەوزایی و تێکدانی ئیکۆسیستیمی زۆربەی زیندەوەرەکان، جگە لە بەرهەمهێنانی زۆرتر لە کاڵا و خۆراک و هاتوچۆ و ژاوەژاو.

بە پێی توێژینەوەکان، تا ساڵی ٢٠٣٠ نزیکەی ٥٥٪ ی چڕەدارستانی ئەمازۆن لەناودەبرێ، ئەویش بە هۆکاری پیشەسازی دار، سوتانی دارستان، دۆزینەوەی کێڵگەی وزە، بنیاتنانی ویستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا یا بەهۆی بەرهەمهێنانی بەروبوومی وزەی بایۆلۆژی یا وزەی سەوز وەکو گەنمەشامی و خورما بۆ نمونە، لە ئەفریقاش ئەو کیشوەرەی، تا ئێستا بەو هەموو سامانە سروشتیەوە، لە نەوت، غاز، میتاڵ، کان و کانزا و بوونی زۆربەی میتاڵە دەگمەنەکان هێشتا هەژاری زاڵە بەسەر زۆربەی دانیشتوانیدا، تەنها ٨٪ ی دارستانەکانی نەشێوێنراون[ ].

جگە لەوەی ئەو زیندەوەرانەی کە لە گروپی پەپولە و هەنگن، بۆ پیتاندنی ڕووەک زۆر گرنگن و بەبێ بوونی ئەوان بەرهەمی بێستان و باخداری دەپوکێتەوە و نابنە بەرهەمی چنینەوە، ئەوانیش بەشێکی زۆری قڕ کراون و زیانێکی گەورە لە ئابووری بەرهەمی باخداری و بیستان داوە، قڕبوونی ئەم فرەزیندەوەرانە کاریگەری زۆر دەکاتە سەر تەواوی گەشەکردنی سروشت و نەمانەوەی لە چوارچێوە سروشتیەکەی خۆی.

کێشەکانی ژینگە لە جیهاندا زۆرن، پارتە سەوزەکان، ڕێکخراوە ناحکومیەکان، کەسایەتیەکان، شـارەزا و پسپۆڕەکانی بـواری ژینگە، زانستی ژینگە لە زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە، هەموو سەرقاڵی دنەدانن، بەوەی وشیاری ژینگە لە نێو دانیشتواندا زیاتر بڵاوبکرێتەوە، جەخت بکرێتە سەرئەوەی، پەروەردەی ژینگەیی و وشیاری ژینگەیی ببنە دوو تەوەری گرنگ لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکاندا، چونکە ئەوان دڵنیان کە گەڕانەوە بەرەو سروشت، تەنها دەروازەیە کە مرۆڤایەتی بەرەو ئارامی و مانەوە و گەشەی بەردەوام دەبات، تەندروستی بەرقەرار دەکات، یەکسانی و داد سەقامگیر دەکـات، زانستی ژینگە ئەو پێگەیە کە هاوسەنگی سروشت و ژیان ڕادەگرێت، هەڕەشەی هەردوکیان



هەواڵنامەی کتێب

لەسەر یەکتر دەڕەوێنێتەوە، بەشی نەوەی داهاتوو، لە داهاتی سروشت و لە سامانی ژێرخان و سەرخانەکەی، دابین دەکات.

ئەگەر بمانەوێت کوردستان وەکو بستێکی فەرمانڕەوایی خۆجێی لە جیهاندا ئەژمار بکەین و لە گەڵ ئەو خانانەدا بەراوردی بکەین، کە تیایدا ڕیزبەندی ژینگەپارێزی تێدا ڕەچاو دەکرێ، دەبێ بە هەموو لایەنەکانیدا بچینەوە، واتە تێڕامان لە دۆخی ژینگەی کوردستان بە ڕابەری حکومەت لەلایەکەوە و بە پشتیوانی ئەو هەوڵانەی لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکان و خەڵکی وشیاری ژینگەپارێزەوە دەدرێ، لەلایەکیترەوە، لە هەمووی گرنگتر، دەبێ پێشتر باری ژیاری خەڵکەکە و ئاستی ژیان و دۆخی دەروونی دانیشتوانەکە شیبکرێتەوە، چونکە لەژێر چەتری ژیانێکی قورس، برسێتی، گیرفان و دەست بەتاڵی، بێکاری، نەبوونی هیچ ڕوانگە و پێشهات و پلانێک، بەڕێخستنی کات بە چاوەڕوانی و نەبوونی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، هیچ کاتێک بەرنامەکانی پاراستنی ژینگە و چەسپاندنی ڕێکاری ژینگەیی، بە کەسێکی نائارام و برسی و بێکار ناکرێ، چونکە لایەنێکی گرنگی پاراستنی ژینگە بریتیە لە پاراستن و دابینکردنی مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەتا دادپەروەری کۆمەڵایەتیش پەیڕەو نەکرێ، هەتا ئیکۆنۆمی لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا نەبێ، هەتا نەوەی ئیستا بە ماف و مەودای بەشی خۆی لە داهاتی سروشت و ژێرخانی خاکەکەی ئاشنا نەکرێ، هەتا حیزب لە لوتکە و هاوڵاتی برسی و بێکار لە پەراوێزدا بێ، هەتا تاکڕەوی لە بڕیاردا حاکم بێ، هیچ هەوڵێک بۆ پاراستنی ژینگە و زانستی ژینگە سەرکەوتوو نابێت، ناتوانرێ وشیارکردنەوە و پەروەردەی ژینگەیی بکرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە پایەکانی پاراستنی ژینگە، پێش هەموو شت بریتین لە ماف و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئەو پایە گرنگانەی شوێنەکانیان لە ئێستادا و لە کوردستاندا بەتاڵ و غائیبن. مافی بوونی ئاوی پێویست، نانی پێویست، کونجێکی ئارام بۆ ژیان، خەوێک کە خەمی ژەمەنانی سبەینێ نەیزڕێنێ، ئەمانە هەمووی بنەما و پێداویستی سەرەتایین بۆ ژیان، کەسێکی هەژار ناچارە ڕوو لە داربڕینەوە دەکات بۆ لێنانی چایەک، کە مشتێ نەوتی، لەو هەموو نەوتە خۆماڵیە بەرنەکەوێت.بە هیوای کاراکردنی عەقڵی کورد و هەنگاونان بەرەو پۆزەتیڤیزم و



# ڕەوتی مێژووگەرایی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن



کتێبی هەواڵنامەی

نزار محەمەد سابر

دووركەوتنەوە لە عەقڵی دۆڕاو, بە ئومێدی قورتاربوون لە جادووی ڕەوانبێژی و حەشووی بەلاغی و گەمەكردن بە زمان كە مۆركی زاڵی كایەی ئەپیستیمانن و تەواوی جەستەی مەعریفییان تەنیوین, ئەم وتارە هزری و فەلسەفییە بە خوێنەر و ڕۆشنبیری دەستەبژێری كورد, پێشكەشە.

لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا گۆڕانكارییەكی مەزن و ڕیشەیی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا ڕوویدا, بەوەی شاری ڕۆما لەلایەن خێڵە جەرمەنییەكانەوە بە سەرۆكایەتیی ئەلاریك و ئەدۆڵف ڤلاسەرەوە سووتێنرا و بەو شێوەیە كۆتایی بە ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانیای ڕۆژئاوا هات كە نێزیكەی

هەزارساڵی خایاند. هەر لەم سەدەیەدا بوو کە دوو خێڵی جەرمەنی بە ناوی خێڵی ئەنگلۆ و خێڵی ساکسۆنەوە بەریتانیایان داگیرکرد کە بۆ دواجار بە وڵاتی ئینگلتەرا ناسرا.

دەتوانین بڵێین ڕەگ و ڕیشەی قوتابخانەی ئەزموونگەرایی کە دواتر بوو بە مۆرکی فەلسەفە و عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن لە ڕۆجەر بیکۆنەوە(١٢١٤ – ١٢٩٤ز) دەستپێدەکات. ڕۆجەر بیکۆن یەک لە فەیلەسووفانی سەدەکانی ناوەڕاست هەژماردەکرێت, بەڵام وەک فەیلەسووفانی سەردەمەکەی سکولاستی نەبوو, چونکە تەواو لە ژێر هەژموونی ئۆگستیندا بوو, کە زیاتر گرنگیی بە ئەفلاتوون دەدا, وەک لە ئەرستۆ. ڕۆجەر بیکۆن یەکەم دانەری تیۆری ئەزموونگەراییە و کتێبەکانی بە زمانی لاتین نووسیوەتەوە چونکە هێشتا زمانی ئینگلیزی زمانی نووسینی فەلسەفی نەبوو, هەرچەندە بەو زمانە پێش ڕۆجەر بیکۆن چەند حیکایەتێکی ئەفسانەیی نووسرابوونەوە, لەبەر ئەوە دەقەکانی ڕۆجەر بیکۆن ئەنتیتێزێکی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنە لە میانەی تێزی عەقڵی لاتیندا. ڕۆجەر بیکۆن بڕوای وابوو کە هۆکارەکانی گەیشتن بە مەعریفە سیانن:- نەقڵ و بەڵگاندن و ئەزموون, نەقڵ بە هیچ شێوەیەک زانستمان بۆ ناخوڵقێنێت لەبەرئەوەی هۆکاری ئەوەی کە دەیڵێت پێمانڕاناگەیەنێت, هەرچی بەڵگاندنیشە ناتوانین پێوانەی بەڵگەخوازیی پێ لە پێوانەی هەڵە جیابکەینەوە مەگەر ئەزموون پاڵپشتیی لە دەرەنجامەکانی بکات, کە ئەو دەرەنجامانە تەنها ئەزموون دەیانخاتەڕوو.

بۆیە لە ڕۆجەر بیکۆنەوە عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن دەست بەکارە کە یەکەم فەیلەسووفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەمکی زانستی مەعریفیی بەکارهێناوە, یەکەم فەیلەسووفیشە بەرەنگاری بەڵگاندن و لۆژیکی بەڵگەخوازی بۆوە و سەلماندی کە هەموو شتێک پێویستیی بە ئەزموون هەیە بۆ ئەوەی ڕاستییەکەی بسەلمێنێت. زۆر گومان بۆ ئەوە دەچێت کە کاریگەریی بەسەر ژۆن لۆکی فەیلەسووفی ئەزموونگەرای بەریتانییەوە هەبێت و, هەروەها وەکو وتمان بە پێچەوانەی فەیلەسووفانی سەردەمەکەی ئەرستۆیی نەبوو, بەڵکو ئۆگستینی بوو. پاش ڕۆجەر بیکۆن بە چەند سەدە فرانسیس بیکۆن کە لەساڵی ١٦٢٥دا کۆچی دوایی کردووە کتێبێکی بە ناوی ئۆرگانوونی نوێوە نووسییەوە, بۆ بەرەنگاربوونەوەی لۆژیکی کۆنی ئەرستۆیی کە بە ئۆرگانوون ناسرابوو. ئۆرگانوون ئالەتێکی مۆسیقیی یۆنانییە و وەک مێتافۆرێک بۆ هەماهەنگی بەکارهێنراوە, چونکە لە ڕوانگەی فەلسەفەی کۆنەوە بە تایبەتی فەلسەفەی ئەرستۆ گەردوون کە لە بزوێنەری یەکەمەوە دەستپێدەکات, لەوپەڕی هەماهەنگیدایە. بە پێی لۆژیکی ئەرستۆ پێوەری کۆکەرەوە لە هەمەکییەوە بۆ پاژەکییە, بەڵام یەکەم جار لە پاژەوە دەستپێدەکەین, کە سەیری سۆکرات دەکەین وەکو مرۆڤێک دەزانین سۆکرات ڕووداوێکە, لە چرکە ساتێکدا لە دایکبووە و وەک هەموو مرۆڤێکی دیکەش دەبێت لە چرکە ساتێکدا بمرێت و جەستەی شیبێتەوە و بۆگەن بکات, هەر لەمەوە دەگەینە ئەو حوکمە هەمەکییەی کە دەڵێت:

هەموو مرۆڤێک فانییە, ئەمە ئەرستۆ ناوی دەنێت پێشەکیی گەورە.

لە دەستەواژەی دووەمدا کە ئەرستۆ ناوی دەنێت پێشەکیی بچووک, دەگەینە دەستەواژەیەکی ناوبژیوان لەنێوان پێشەکی گەورە و دوا دەستەواژە کە ئەرستۆ ناوی دەنێت ئەنجام و دەڵێین سۆکراتیش مرۆڤە مادامکێ سۆکرات مرۆڤە دەبێت ئەویش فانی بێت, ئەمەش دەرەنجامەکەیە. واتا بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەموو مرۆڤێک فانییە (پێشەکیی گەورە)

سۆکرات مرۆڤە(پێشەکیی بچووک)

سۆکرات فانییە(ئەنجام)ە

ئەم لۆژیکەی ئەرستۆ بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ هەژموونی خۆی بەسەر قۆناغی مێتافیزیکادا سەپاند کە بێجگە لە چەند ئیمپراتۆرییەتێکی زلهێزی بێ عەمەل نەبێت, کۆمەڵی مرۆڤ هیچ پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە نەبینی. ئەم قۆناغە لە بازنەی ئەو دەستکەوت و تەکنەلۆژیا سەرەتاییانەدا دەخوولایەوە کە لە قۆناغی مێتۆلۆژیای بە چەند سەدەیەک بەر لە زاییندا داهێنرابوون و بە دەست هاتبوون.

فرانسیس بیکۆن چیی کرد و چۆن بەرەنگاری ئەم لۆژیکە بۆوە؟

لە مێژووی فەلسەفەدا زۆر جار فرانسیس بیکۆن فەرامۆش دەکرێت, چونکە مێژووی فەلسەفە قۆناغی مۆدێرنە و عەقڵگەرایی تاکرەهەندانە دەگەڕێنێتەوە بۆ دیکارت. ئەمە ڕاستە بەڵام فرانسیس بیکۆن و دیکارت پێکەوە دوالیزمەی دەستپێکی مۆدێرنەی دوو کیشوەری ئەورووپان بە دوو عەقڵی جیاوازەوە, دیکارت نوێنەری عەقڵی فەرەنسی و فرانسیس بیکۆنیش نوێنەری عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنە. ئەم دوو عەقڵە بوونە هۆکاری ئەوەی مشتومڕێکی زۆر لە نێوان ئایدیالیزم و مەتریالیزمدا دروست بێت, ئەوانەی بڕوایان بە عەقڵ هەیە پێش حەواس, دەچنە خانەی فەلسەفەی دیکارتەوە و ناونران زاتییەکان زیاتریش ئایدیالیستن و, ئەوانەی بڕوایان بە حەواسەکانەوە پێش عەقڵ هەبوو بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە, ناونران مەوزووعییەکان و دەچنە خانەی فەلسەفەی فرانسیس بیکۆنەوە و زیاتریش مەتریالیستن.

هەرچۆنێک بێت بە شێوەیەکی فەرمی ئەزموونگەرایی لە فرانسیس بیکۆنەوە دەستپێدەکات کە لۆژیکی ئەرستۆی لە پاژەکییەوە بۆ هەمەکی هەڵاوگێڕکردەوە ئەویش بە پێی پرینسیپەکانی پێوان, ئەزموون, بینین. ئیستیقرا. لە لۆژیکی ئەرستۆدا ئەوەمان ڕوون کردەوە کە هەموو شتێک لە پاژەوە تاقیدەکرێتەوە بەڵام دوای ئەوەی بە پێوانەی کۆکەرەوە گەیشتینە هەڵێنجانێکی هەمەکی, ئەو دەستەواژە هەمەکییە وەک حوکمی ڕەها هەر دەمێنێت و ئیتر پێویستمان بە ئەزموونی پاژەکی لەو بابەتە و لە زۆر بابەتی دیکەی هاوشێوەدا نامێنێت. بە بڕوای ئێمە و هاوشان لەگەڵ بێرتراندرەسل کە هەمان ڕای هەیە ئەم حوکمە هەمەکییە ڕەهایانە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ لە قۆناغی مێتافیزیکادا ڕۆڵی سەرەکییان لە کلۆمکردنی عەقڵی مرۆڤ بینی. فرانسیس بیکۆن لە کتێبی ئۆرگانوونی

هەواڵنامەی کتێب



نوێ بەوەشەوە نەوەستا هات هەموو فەلسەفەی عەرەب و لاتینی بە پڕوپووچ دانا و هەستی بەوەش کردبوو کە بەشێک لە فەیلەسووفانی یۆنان وەک هیراکلیتۆس و دیموکریتیس تا ڕادەیـەک ئەزموونگەرا بـوون. فڕانسیس بیکۆن بە ئەزموونگەراییەکەی و دیکارت بە عەقڵگەراییەکەی لە ئەوروپادا کودەتایەکیان بە دوو عەقڵی جیاوازەوە, عەقڵی فڕەنسی و عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن بەرپاکرد, کە تا ئێستاش دەرەنجامەکەی بەردەوامە و بە جیهانیی بووە. فڕانسیس بیکۆن و ڕۆجەر بیکۆن بەرهەمە فەلسەفییەکانیان بە زمانی لاتینی نووسیوەتەوە, ئەم دیاردەیە لە خانەی زمان و عەقڵی گشتیی لاتیندا وەک ئەنتیتێزێک خۆی دەبینێتەوە, دوای فڕانسیس بیکۆن ژۆن لۆکی بەریتانی لە میانەی سینتێزدا بەرهەمە فەلسەفییەکانی بە زمانی ئینگلیزی نووسییەوە و بەو شێوەیە لە ژۆن لۆکەوە عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن ڕادیکاڵانەتر دەست بەرکار بوو و هاتە مەیدانی پێکدادانی عەقڵەکانەوە. ژۆن لۆک دژایەتیی فڕانسیس بیکۆنی نەکرد و پێدەچێت ئاگاداری فەلسەفەی ڕۆجەر بیکۆنیش بێت. بەڵکو دژایەتییەکی تەواوی عەقڵگەرایی دیکارتی کرد کە ئێمە لێرەدا مەبەستی سەرەکیمانە. واباوە و وا تێبینیمان کردووە کە عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن دەبێت حیسی و ئەزموونگەرابێت. لای دیکارت بە حوکمی ئەوەی بە لەجیاتی بزوێنەری یەکەمی فەلسەفەی مێتافیزیکای ئەرستۆ هەموو شتێکی قۆستەوە بۆ خود و عەقڵی خود, کە گومانی لـەوەدا نەماوە کە ئەم عەقڵ خودە ئیتر بیردەکاتەوە و گومانی لە بوونی نەماوە, کە خاوەنی زۆر دەستەڵاتە و بە شێوەیەکی فیتری یان بە گوزارشتێکی تر ئەزەلییانە زۆر شت دەزانێت و ئینجا لە ڕێگای هەستەکانەوە هەستپێکراو وەردەگرێت و لە ڕێگای عەقڵەوە کە خودێکە درکی بە ڕاستەقینەیی و ئەزەلییەتی خۆی کردووە لەگەڵ ئەو هەستپێکراوانەدا مامەڵە دەکات. هەموو بەرخودێکمان لەگەڵ جیهان و ئەو

# ڕەوتی مێژووگەرایی



لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەدەی نۆزدە سوودگەراکان دێنە ڕیزەوە کە قەڵەمبازێکی گەورەیان بە فەلسەفەی ئەزموونگەرایی ئەنگلۆساکسۆندا. سوودگەراکان باوەڕیان بەوە هەیە کە ئەو ئەزموونەی لەسەر ئەرزی واقعدا ئەنجامیدەدەین دەبێت بەرژەوەندیی لە پشتەوە بێت و لە هەمان کاتیشدا چێژ بەخش و سوودبەخش بێت

شتانەی لە دەرەوەن لە ڕێگای هەستەکانمانەوە درکیان پێدەکەین و عەقڵی ئەزەلیمان مامەڵەیان پێوە دەکات. بە بێ عەقڵی ئەزەلیی فیتری ئەو هەستپێکراوانە مانایان نییە. لێرەدا دەردەکەوێت کە دیکارت خود, زات, بە بنەڕەت و بنچینە دادەنێت و, دەچێتە خانەی ئایدیالیزمەوە نەک مەتریالیزم, واتا بێ خود, بابەت هیچ نرخی نییە و لە حوکمی نەبووندایە. تا خود, عەقڵ, عەقڵی ئەزەلیی بزوێنەر, عەقڵی فیتری نەبێت, ئەو بابەتە مەتریالییانەی جیهانی دەرەوە کە بە هۆی هەستەکانمانەوە بەرخودیان دەبینەوە هیچ نرخ و ئەرزشێکیان نییە. پۆستمۆدێرنەکان پێیانوایە ئەم عەقڵ خودە دیکارتییە هەمان لۆگۆس و فەلسەفەی یۆنانە و بە ستایلێکی گونجاو لەگەڵ سەردەمدا خۆی تازە کردۆتەوە و لە عەقڵگەرایی دیکارتەوە خۆی نمایش دەکاتەوە. ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بەڵام بۆچوونەکەی ڕەسڵ بە پوختتر دادەنێین کە دەڵێت ئەزموونگەرایی و لیبڕالیزمی لۆک و هۆبز و هیوم و بارکڵی زیاتر سەروەرێتییان بە تاکێتی بەخشی. ژۆن لۆک پێیوایە منداڵ کە لە دایک دەبێت, مێشکی وەک لاپەڕەیەکی سپییە و هەڵگری بابەتی فیتری نییە, ئەمە پێچەوانەی بۆچوونی دیکارتە. واتا ژۆن لۆک زۆر ئۆبێکتیڤانە نەک سۆبێکتیڤانە بیر دەکاتەوە و ئەصڵی مەسەلە و شتەکان و هەبووەکان لە دەرەوەی عەقڵی مرۆڤ دادەنێت. واتا عەقڵ کە لاپەڕەیەکی سپییە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە لەگەڵ بەرخودمان بە سروشت و دیاردەکانی سروشت یانی ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی بوونمانن و تازە درکیان پێدەکەین لەسەر ئەو لاپەڕەی سپییەی مێشکمان تایپ دەبن و کۆمەڵێک ئینتیباعاتمان بە عیللەتی پێوەرەکانی مێشکمانەوە لە مەڕ بابەتەکانەوە لا دروست دەبێت. ئەمە ڕێک بۆچوونی هیومە کە لە لۆکی وەرگرتووە و برەوی پێداوە, کە فەلسەفەی هیوم تەکەز دەکاتە سەر کاریگەرییەکان لە ڕێی هەستەکانمانەوە و ئینتیباعاتەکان لە ڕێگەی مێشکمانەوە. هیوم بەمەوەشەوە نەوەستا بەڵکو عەقڵی سەبەبیشی کردە ژێر گومانەوە و وتی ئەوەی لەبەر چاوماندایە و وەک حەقیقەتی موتڵەق لێیدەڕوانین ) مەبەستی لە عیلەل و مەعلوولاتە – سەبەب و موسەبیبات – هۆ و بەرهۆ) لە عادەتێک زیاتر نییە و ئێمە بە عادەت بە خوو واتا عـادەت و خووی ڕۆژانـە وایانلێکردووین بڕوامان بە پرینسیپەکانی سەبەبییەت هەبێت. هیوم

زۆر گومانکار و شەکاک بوو بەڵام نەیوێرا بە حوکمی سەردەم دەستدرێژی بکاتە سەر پەروەردگار و بیخاتە خانەی گومانەوە. هیوم گومانی کردە سەر سیستەمی مەعریفی بەڵگەخوازی کە تەکەز دەکاتە سەر سەبەبییەت و سەرچاوەکەی بۆ فەلسەفەی یۆنانی بە تایبەتی لۆژیکی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە. ئەرستۆ یاسای سەبەبییەتی بۆ چوار هۆکار دەگەڕاندەوە: صووەری(وێنەیی)، مادی، بکەری، غائی. بۆ نموونە کورسییەک لە تەختە دروستکرابێت تەختەکە هۆکاری مادیی کورسییەکەیە، ئەو دارتاشەی دروستی دەکات هۆکاری بکەریی کورسییەکەیە، وێنای کورسییەکە وەک ماهییەتێک لە مێشکی دارتاشەکەدا هۆکاری صووەڕی کورسییەکەیە و مەبەست لێی دانیشتنە ئەمەش هۆکارە غائییەکەیەتی، بۆیە بە لۆژیکی ئەرستۆ دەڵێن لۆژیکی وێنەیی. هیوم هەرچەندە بە ئەزموونگەرا قەڵەمزەد دەکرێت تەواو گومانی خستە ئەم فەلسەفەیە و بە خوو و عادەتێکی رۆژانەی دانا کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و وەک حەقیقەت لێیدەڕوانرێت و بۆتە بنەمای سەبەبییەت. ئەم پرۆسەیە وایلێکردووین کە سەر بە سیستەمی ئەپیستیمیی بەڵگەخوازی بین و بێ ئەوەی بەڵگەی مەلمووس و مەحکەم و ئەزموونیمان هەبێت. غەزالیش لە زانستی کەلامی ئەشعەریدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەبەبییەت هەر بڕوای بە عادەت هەبوو بەڵام وەکو هیوم نا، گومانی هیوم گومانی ئەزموونگەرایەکی سەدەی هەژدەهەم بوو، بەڵام ئەوەی غەزالی گومان نەبوو و ئەو

عادەتانەی دەدایە پاڵ خودای پەروەرگار. لای غەزالی ویست پێش توانایی دەکەوێت، بۆ نموونە من دەست بۆ ئەو پەرداخەی سەر مێزەکەم دەبەم، ئەم پرۆسەیە بە ویست و توانایی من دەکرێت کە پاژێکن لە ویست و توانایی ڕەهای خودا و بە فەرمانی خودا. ئەم کارەی من ئەنجامی دەدەم کەسبییە لە لایەن هەمان توانایی ڕەهای خوداوە، هەموو ئەو کارەی کە دەیکەم بریتییە لە هەڵگرتنی پەرداخی سەر مێزەکە بە دەست و دەست درێژکردن و بەکارهێنانی بڕێک هێز بۆ بەرزکردنەوەی پەرداخەکە، هەموو ئەمانە خودا لە مندا ئافراندوونی و ئەم پرۆسەیە لای من بە تێپەڕبوونی کات وەک عادەتی رۆژانە بۆتە هۆکاری ئەوەی بڕوام بە سیستەمی بەڵگاندن(بورهان)،(ئەسباب، موسەببیبات. عیلەل، مەعلوولات. هۆ، بەرهۆ) هەبێت. یان با هەر نموونەی کورسییەکە بێنینەوە: من چەند پارچە تەختەیەکم هەیە و دەمەوێت کورسییەک دروست بکەم، وێنای کورسییەکەش لە مێشکمدا وەک ماهییەتێک بوونی هەیە و وێنا کراوە، مەبەستیشم لە کورسییەکە بۆ دانیشتنە و دروستکەری کورسییەکەش خۆمم، ئیرادەی خۆم و قودرەتی عەقڵی خۆمە. ئەمانە هەمووی بە عادەت وا دەزانم ویست و توانایی دروستکردنی ئەو کورسییە بە بەکارهێنانی هێز و توانایی دەست و چاو و حەواسەکانیشم بۆ خۆم دەگەڕێنەوە، لە گۆشەنیگای غەزالییەوە ئەمانە بە عادەت یان خووی ڕۆژانە واملێهاتووە و وا هەستدەکەم کە بیاندەمە پاڵ خۆم، بەڵام ئەمانە تێکڕا خودا لە مندا ئافراندوونی و منیش بە

ڕێگای کەسبەوە سوودیان لێوەردەگرم. دەستەکانم خودا ئافراندوونی, ئەو توانایی‌ەی لە دەستەکانمدا هەیە بۆ مامەڵکردن لەگەڵ پارچە تەختەکاندا, ئەو قودرەتەی کە دەتوانم پارچە تەختەکان پێکەوە ببەستم, بە پێی ئەو وێنایەی لە مێشکمدا بۆ کورسییەکە وێنام کردووە, وە هەروەها ویستی دروستکردنی کورسییەکە کە لە پێش تواناییەوە دێت, هەموو ئەمانە خودا لە مندا ئافراندوونی و, منیش بە عادەت وادەزانم بەگشتی مولکی خۆمن.

وەکو وتمان فەیلەسووفانی ئەنگلۆساکسۆن دەبێت بە گشتی ئەزموونگەرابن, هەر لە ڕۆجەر بیکۆنەوە تا فرانسیس بیکۆن تا دەگاتە ئەوانەی بە فەرمی بە ئەزموونگەرا ناسراون وەک ژۆن لۆک و هیوم و بارکلی. بارکلی زیاتر قەشەیەکی ئاینی بوو هەرچەندە لە قوتابخانەی ئەزموونگەراکان ناچێتە دەرەوە بەڵام بە عەقیدە ئایدیالیستێکی توندڕەو بوو. ئەزموونی مرۆڤ بۆ عەقڵی مرۆڤ خۆی دەگەڕاندەوە بەوەی لە دەرەوەی عەقڵی من هیچ شتێک بوونی نییە. لەم ژوورەی کە لێیم, ئەو مێزەی لە بەردەممدایە و ئەو کورسییەی لەسەری دانیشتووم و پەنجەرەی ژوورەکەم, دەرگای ژوورەکەم, رووبەری ئەو خانووەی کە ژوورەکەمی لێیە, ئەو ژینگەیەی دەوری خانووەکەمی داوە, گەر من نەبم, عەقڵی من نەبێت درکیان پێبکات, مانای وایە لە دەرەوەی من ئەم خانووە و سروشتی دەوروبەر درکیان پێناکرێت و بوونیان نییە. بەڵام نابێت بە هەمان شێوەی فەلسەفەی دیکارت تەماشای ئەم فەلسەفەیە بکەین, چونکە دیکارت بێجگە لە جەوهەری باڵا کە پەروەردگار دەگرێتەوە بڕوای بە دوو جەوهەری ڕۆح(فیکر) و مادە(ئیمتیداد) هەبوو. لای سپینۆزا یەک جەوهەری خودایێتی گشتی وەک بوونێکی ڕەسەن هەبوو و دیاردەکانی سروشت و گەردوون بە پێکهاتە مادییەکانەوە صیفات و حاڵاتی ئەو جەوهەرە بوون, ئەمەش بە پێی فەلسەفەی یەکێتیی بوونی سپینۆزا, بەڵام بارکلی لە دەرەوەی عەقڵ خوددا کە لەیەک لە یەکی تاکەکاندا هەیە هەموو شتێکی لە پلەی نەبووندا دادەنا.

دوا بە دوای ئەمانە لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەدەی نۆزدە سوودگەراکان دێنە ڕیزەوە کە قەڵەمبازێکی گەورەیان بە فەلسەفەی ئەزموونگەرایی ئەنگلۆساکسۆندا. سوودگەراکان باوەڕیان بەوە هەیە کە ئەو ئەزموونەی لەسەر ئەرزی واقعدا ئەنجامیدەدەین دەبێت بەرژەوەندیی لە پشتەوە بێت و لە هەمان کاتیشدا چێژ بەخش و سوودبەخش بێت. سوودگەراکانی سەدەی نۆزدە بریتیبوون لە بنتام و ستیوارت میل و ژۆن ستیوارت میل, کە بێجگە لەوەی ئەکادیمی بوون, خاوەنی سەروەت و سامانیش بوون, دەستیشیان لەگەڵ دەستەڵاتدا تێکەڵ بوو, بە هەموو شێوەیەک پشتیگیرییان لە بەریتانیای مەزن دەکرد, ئەو بەریتانیایەی ئەمەندە خاکی داگیرکردبوو و لە تێکڕای جیهاندا خاوەنی کۆمەڵێک کۆڵۆنی(مستعمرات) بوو, بۆیە

هەواڵنامەی کتێب

دەوترا ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا خۆری لێئاوانابێت. ژۆن ستیوارت میل بۆ دەورەیەک ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیاش بوو. ئەم فەیلەسووفانە خۆیان لە قەرەی سیاسەت و بابەتگەلی تریش دەدا, تەنانەت ژان ستیوارت میل کتێبێکی بە ناونیشانی حکووماتی پەرلەمانییەوە هەیە کە تیایدا بەچڕی باسی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا لە بارەی موستەعمەراتەکانەوە, دەکات.

قوتابخانەی ئەنگلۆساکسۆن لە ڕۆجەر بیکۆنەوە بۆ فرانسس بیکۆن , دواتر بەرەو هۆبز و ژۆن لۆک و هیوم و بارکلی واتا ئەزموونگەراکان, جا بەرەو قوتابخانەی سوودگەرایی, جیرۆنی بنتام و ستیوارت میل و ژۆن ستیوارت میل, جا گواستنەوەی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی بەرەو ئەمەریکا و قۆستنەوەی قوتابخانەی ئەزموونگەرایی لە لایەن پراگماتیستەکانی وەک پێرس و ولیام جێمس و ژۆن دیڤییەوە بەردەوامیی هەیە. لە بەریتانیاشدا قوتابخانەی ئەنگلۆساکسۆن لە سوودگەراکانەوە بەرەو پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵقەی ڤیەننا و فەلسەفەی شیکاری لەسەر دەستی ڤیتگنشتاین و بێرتراندڕەسل, کە هەرچەندە ڤیتگنشتاین بە خۆی جوولەکەیەکی نەمساوی بوو بەڵام ساڵانێک لە بەریتانیادا قوتابیی بێرتراند ڕەسل بوو, بە هەمان شێوە بەردەوامیی هەیە.

## پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی:-

فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم کە لەلایەن ئۆگست کۆمتەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ڕاگەیەنرا هەر لەو سەروبەندەدا یەک بە یەک زانستەکان چ سروشتی چ مرۆیی چ کۆمەڵایەتی لە تەوقی فەلسەفە خۆیان ڕزگار کرد و بوون بە بوار و کایەی سەربەخۆ. هەرچەندە گوایە زانستی کۆمەڵناسی لە سان سیمۆنەوە سەریهەڵداوە کە هەر نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەگرێتەوە, بەڵام زیاتر شەرەفی داهێنانەکە بە باڵای کۆمتدا بڕا. کەوابێت پۆزەتیڤیزم زادەی عەقڵی فرەنسییە, ئەم فەلسەفەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ ئەڵقەی ڤیەننا گوازرایەوە کە یەک لە ئەندامانی ئەو ئەڵقەیە ڤیتگنشتاین فەیلەسووفی ئەڵمانیی نەمساویی جوولەکە بوو, کە ساڵانێکی زۆر لە بەریتانیا قوتابی بەردەستی ڕەسڵ بوو, هەر چۆنێک بێت ئەو فەلسەفەیە بە ناوی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی لە زانکۆکانی بەریتانیا کە مەڵبەندی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنە ڕاگەیەندرا و زیاتر لە لایەن خودی ڕەسڵەوە بە ناوی فەلسەفەی شیکارییەوە برەوی پێدرا.

## پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی چییە؟:-

گەر پۆزەتیڤیزم بریتی بێت لە پاکژکردنەوەی زانستەکان چ سروشتی, چ مرۆیی, چ کۆمەڵایەتی, لە مێتافیزیکا و غەیبانییەتی ناعەقڵانیی پڕوپووچ, ئەوا پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی پاکژکردنەوەی زمانە لە دەستەواژە مێتافیزیکاییە غەیبانییە بێ واتاکان.

له پۆزەتیڤیزمی لۆژیکیدا دوو بنەما و پێوەری سەرەکی بۆ تاقیکردنەوەی دەستەواژە مێتافیزیکییەکان کە گومانی بێ ماناییان لە ڕووی واقیعی عەیانەوە لێدەکرێت, دەخرێنە گەڕ. ئەو دوو بنەمایە یەکیان زانستی فیزیا و ئەزموونە کە گوزارەی واقیعی لێوە بەردێت, ئەویدیکەیان بیرکاری و و لۆژیکە. بیرکاری و لۆژیک دوو کاتیگۆریای پێشینەیین کە بە تێپەڕینی کات و پرۆسەی ئەزموونی بەردەوام وەک واقیعی بەردەستی عەیان سەلمێنراون. ڕاستییەکەی ئەم فەلسەفەیە تەکەز دەکاتە سەر فەلسەفەکەی هیوم کە گومانی خستە سەر پرۆسەی سەبەبییەتی ئەرستۆ. سەبەبییەتی ئەرستۆ وایکرد جڵەو بۆ وشە شلکرێت کە خۆی نقومی کۆمەڵێک دەستەواژەی مێتافیزیکی بکات کە لە جادووی ڕەوانبێژی پتر بەولاوە چیی دی نین. پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی کە زادەی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنەکانی بەریتانیایە لە زانکۆکانی ئەمەریکایشدا ڕەواجی هەیە, جەنگێکی بێئامانی لەگەڵ ڕۆحی گشتیی هیگڵدا ڕاگەیاند کە بوو بوو بە مەنهەجی سەرەکیی زانکۆکانی بەریتانیا. پۆزەتیڤیستە لۆژیکییەکان دەڵێن هەر چەمکێکی فەلسەفی, هەر مەقوولەیەکی فەلسەفی, هەر حوکمێکی فەلسەفی, هەر دەستەواژەیەک کە لە فەزای مێتافیزیکادا جێگای بۆ کراوەتەوە, دەبێت لە ڕووی زانستی فیزیا و لۆژیک و بیرکارییەوە واتادار بێت و لەسەر ئەرزی واقیعدا بسەلمێنرێت ئەگەنا بە پڕوپووچ هەژمار دەکرێت و دەبێت بۆ زبڵدانی مێژووی مەعریفی, فڕێبدرێت. لەسەر ئەم بنەمایە لای پۆزەتیڤیستە لۆژیکییەکان تیۆری ئایدیاکانی ئەفلاتوون و مۆنادۆلۆژیای لایبنیتز, ڕۆحی گشتیی هیگڵ,



یاخود ئەوەی کە دەڵێت هەموو شتێکی عەقڵی واقعییە, ئەم حوکمە فەلسەفییە و ئەم گوزارە فەلسەفییانە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئەزموونی و بە بینینی هەستەکییانە و بە تاقیکردنەوە و هەتا بە بیرکاری و لۆژیکیش بسەلمێندرێن.

به کورتی بێبڕێنینەوە دەڵێین پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی خۆ قوتارکردنە لە هەژموونی فەلسەفەی هیگڵ کە زادەی عەقڵی ئەڵمانە و گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی گومانکاریی هیۆم, کە

گومان خستنە سەر هەموو شتێک بە دەست نەگیرێت و بە ئەزموون و واقیع نەسەلمێنرێت, وەک لە بەشەکانی کەدا ئاماژەمان پێکرد کە ئەزموونگەرایی ئەنگلۆساکسۆن زیاتر حسییە و واقیعییە وەک ئەوەی بە وشە و چەمکگەلی بێ واتای تاقینەکراوە جڵەو بۆ فەنتازیاکانی عەقڵ شلبکات. هەروەکو چۆن هیگل دەڵێت هەموو شتێکی عەقڵی واقیعییە و بە ناوی ڕۆحی گشتییەوە کە ئەم چەمکە مێتافیزیکییە بێ مانایە وەک ڤایرۆس چووە جەستەی مەعریفیی ئەڵمانەوە و لای شۆپەنهاوەر بوو بە ویستی گشتیی ژیان و لای نیتچە بوو بە ویستی هێز و لای هایدیگەر بوو بە دازاینێک نە دەنگی هەیە و نە ڕەنگ و دواجار نەتەوەی ئەڵمانی بەرەو هەڵدێر داخلیسکاند.

## فەلسەفەی شیکاری :-

فەلسەفەی شیکاری جیاوازیی ئەوتۆی لەگەڵ پۆزەتیڤیزمی لۆژیکیدا نییە, تەنها ئەوە نەبێت هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەچێت و, چەمکە هەمەکییەکانیش کە لەسەر بنەمای لێکچوون لە زماندا کە وێناکراون و دروستکراون, ڕەتدەکاتەوە. ڤیتگنشتاین پێیوایە هەر کایە و بوارێک زمانی جیاواز لەگەڵ یاسای خۆیدا بەکاردەهێنێت. یاسای زمانی دەروونناسێک لەگەڵ یاسای زمانی ئابووریزانێک یان زمانی مرۆڤێکی ئاسایی بازاڕی یان لەگەڵ زمانی مێژوونووسێک جیاوازیی هەیە و هەر یەکێک لەوانە جۆرێک لە جیاوازی زمان لەگەڵ یاسای خۆیدا بەکاردەهێنێت.

بە گشتی فەلسەفەی شیکاری هەوڵی ئەوە دەدات وشەکان, دەستەواژەکان, چەمکەکانی زمان, بە گشتی کە بۆ بەکارهێنانی مێتافیزیکا بەکارهێنراون و ئینحرافیان بە فەلسەفەی زانست کردووە بگەڕێنرێنەوە بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەیان کە واقیعی و زانستی و بەردەستە. واتا فەلسەفەی شیکاری بریتییە لە پاکیزەیی زمان لە چەمک و دەستەواژە بێواتاکانی جیهانی مێتافیزیکا.

لە بواری فەلسەفە و ئایندا کە دوو ڕووی یەک دراون, کێشمەکێش و توندو تیژی و بێ مانایی زۆرن, هەڵەی زەق زۆرن کە هۆکاری سەرەکیی ئەمانە هەڵەی زمانەوانی و بەکارهێنانی زمانە بە هەڵەیی و هەروەها مێتافیزیکیانە و غەیبانییانە. فەلسەفەکارانی سەردەمانی کۆن و پێغەمبەران سەر بە سیحری وشە و جادووی ڕەوانبێژین, کە بنەما و ئەساسییاتی ئەو جادووگەرییانە گەردوونە گێڕەکەی بەتلیمۆس بوو. لە لایەکەوە بە لنگەوقووچی تەماشاکردنی گەردوون و لەلایەکی ترەوە پڕکردنەوەی بۆشاییە عەقڵی و زانستییەکان بە وشە وایلێهات کە فەلسەفە و ئاین بە وتەی ڤیتگنشتاین یەک پارچە پڕوپووچی بێت. ئەم کەشفە زانستییە زمانەوانییە لەلایەن فەلسەفەکارانی شیکاری و پۆزەتیڤیستە لۆژیکییەکانی وەک ڤیتگنشتاین و ڕەسل دۆزرایەوە.

ئینجا با بێینە سەر هەردوو چەمکی فەلسەفیی پڕاگماتیزم و ئەنیسترۆمێنتالیزم(ئامرازگەرایی).

## پڕاگماتیزم چییە؟

پڕاگما وشەیەکی یۆنانییە مانای کار و عەمەل دەبەخشێت, هەرچەندە لە زمانی یۆنانیی نوێدا زیاتر شت دەگرێتەوە. واتا پڕاگماتیزم ماناکەی دەبێتە عەمەلانییەت, فەلسەفەیەکی پرۆسەی عەقلانیی ئەنگلۆساکسۆنەکانی ئەمەریکایە, لە سەدەی نۆزدەهەمدا پێرس دایمەزراند و ولیام جێمس برەوی پێدا و ژۆن دیڤیش بەرەو ئاڕاستەی فەلسەفەی ئەنیسترۆمێنتالیزمی برد. جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان پڕاگماتیزم و ئامرازگەراییدا نییە تەنها ئەوە نەبێت ژۆن دیڤی لە بیستەکان و سییەکانی ئەزمە ئابوورییە مەزنەکەی ئەوروپای ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای سەدەی بیستەمدا ئەم فەلسەفەیەی لەگەڵ کۆمپانیاکان و کاری دەستەجەمعیدا گونجاند. ژۆن دیڤی دژی تاکگەرایی بوو و هەوادارانی تاکگەرایی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە تاکگەراییەکەیان هی سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی فیودالیزمە و پێش سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیایە و, وتی ئەو هەوادار و پڕۆپاگەندەکەرانە دەیانەوێت بە ناوی ڕۆحی تاک و فەردەوە کە لە ڕۆحیانەت و ئەخلاقییاتی سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە و هەڵێنجراوە بۆ ئەخلاقییانی قۆناغی فیودالیزمی بەسەرچوو بمانگەڕێننەوە. بۆیە ئامرازگەرایی هەر ناوەکەی بە خۆیەتی و دەیەوێت تاک لە ناو کاری دەستەجەمعیی کۆمپانیاکانی قۆناغی پاش فیودالیزم کە قۆناغی زانست و پیشەسازییە بتوێنێتەوە و قاڵبکاتەوە و لەگەڵیاندا بیگونجێنێت و وەک شتوومەک بیگشتێنێت و ئەو تاکە هاوڕای تاکەکانی تر ببێتە ئامرازێکی دەستەجەمعی بۆ خزمەتی سەردەمی پێشەسازی و تەکنەلۆژیا. ئەگەر فرانکفۆرتییانە بیری لێبکەینەوە و بۆی بچین دەڵێین فەلسەفەی دیڤی ڕێک فەلسەفەی بەشتبوونە, ئەو بەشتبوونەی هیگڵ و مارکس و فرانکفۆرتییەکان لێی نارازین و ڕەخنەی لێدەگرن. دیڤی دەیەوێت بەشتبوون لە قاڵبی فەلسەفیدا نمایش بکات و فەلسەفییانە بەرگری لێبکات. باشترین تاریف بۆ فەلسەفەکەی دیڤی ئەوەیە کە ئامرازگەرا بریتییە لە تاکێکی موجەڕەدی ناو دەستەجەمعێک کە خۆیشی وەک ئامرازێک پەرۆشە و لە فەزای تەکنەلۆژیا و پیشەسازیدا ئەدات و ئامراز دروست دەکات. ڕەخنەی دیڤیش بۆ فرانکفۆرتییەکان(ئەمە تەنها مەزەندەیە ئەگەنا ئەوەندەی ئاگار بین ژۆن دیڤی ناوی فرانکفۆرتییەکانی نەهێناوە) ئەوەیە کە ئەمانە دەیانەوێت ڕۆحی تاکی قۆناغی فیودالیزمی سەدەکانی ناوەڕاست زیندووبکەنەوە کە بۆ ئەم سەردەمەی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا گونجاونییە, واتا ژۆن دیڤی فرانکۆرتییەکان بە فێندەمێنتالیست تۆمەتبار دەکات. لەوانەیە دیڤی مەبەستی لە زیندووکردنەوەی ڕۆحی تاک و تاکێتیی سەدەکانی ناوەڕاست, زیندووکردنەوەی عیرفانیزم بێت کە لەو سەردەمانەدا باوی بوو.

ئێستا با بێینە سەر پڕاگماتیزم, بۆیە دواماندخست چونکە یەک لە گلاوترین سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە.

پڕاگماتیزم لەسەر دوو بنەما ڕاوەستاوە, جیهان

## ڕەوتی مێژووگەرایی



پڕاگماتیزم لەسەر دوو بنەما ڕاوەستاوە، جیهان وەك مادەیەکی خاو، بیری پەتی . جیهان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بە تاك و بەکەسەکانەوە، بە دیاردە سروشتییەکانەوە، بەو سەرچاوە سروشتییانەی منی مرۆڤ دەستم پێیان گەیشتووە و بەسەریاندا زاڵ بووم

وەک مادەیەکی خـاو، بیری پەتی. جیهان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بە تاک و بەکەسەکانەوە، بە دیاردە سروشتییەکانەوە، بەو سەرچاوە سروشتییانەی منی مرۆڤ دەستم پێیان گەیشتووە و بەسەریاندا زاڵ بووم، بە هەموو هزر و بیرو موعتەقەداتێک کە لە مێشکی منی مرۆڤدا هەیە، ئەمانە بە گشتی دەچنە خانەی جیهان وەک مادەیەک و کەرەستەیەکی خاو. ئەی بیری پەتی چییە؟ بیری پەتی ئەو چەمکەیە، ئەو عەقڵەیە، ئەو ئۆرگانەیە، کە خۆی لە چەمکگەلی موجەرەدی وەک: سۆبێکت، ئۆبێکت، خودا، جەوهەر، زاتی ئیلاهی، موتەعالی - ترانسدێنتاڵ- موتڵەق، قورتار کردووە, واتا بیری پەتی هیچ حەقیقەتێکی خەیاڵی، ئاینی، مێتافیزیکی، تەجریدیی بەدەستنەگیراوی نامەلمووسی لانییە و بە لەجیاتی حەقیقەت تەحقیق، توێژینەوە، لێکۆڵینەوەی مەلمووس و بەردەستی عەیانیی لایە. بیری پەتی بە توێژینەوەی واقیعیی ئەزموونکراوەوە نەک بە حیساب حەقیقەتێکی مێتافیزیکی نا واقیعیی ئەزموونەکراوەی وەک ئەو چەمکە موجەڕەدانەی ناومان هێنان، مامەڵەی خۆی لەگەڵ جیهانی مادەی خاو دەکات. لە فەلسەفەی پڕاگماتیزمدا جیاوازی زات و مەوزووع(سۆبێکت و ئۆبێکت) هەڵگیراوە، سنوورێک نییە لە نێوانیان، جیهانیش وەک مادەی خاو تەنها شتە مەتریالییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو وەکو وتمان کۆمەڵە مرۆییەکانیش بە خۆیان و بیر و هزر و موعتەقەداتەکانیشیانەوە دەگرێتەوە. باشە مادامکێ ئەم فەلسەفەیە ئیلغای زات و مەوزوع واتا خودی عاریفی زیهنی لەگەڵ بابەتی زانراوی مادی یان مەعروفی زیهنیی تر ئیلغادەکاتەوە، لەبەر ئەوە پەیوەستەیەکی ئۆرگانی لە نێوان مادە و کەرەستەی خاو و بیری پەتیدا هەیە. لە دیدی پڕاگماتیزمەوە لە مێژووی مەعریفیدا چ تیۆر و مێتۆدگەلێک پێشکەشکراون و خراوەنەتەڕوو، دەبێت لە ئەرزی واقیعدا سوودبەخش بن، سوودیش سوودی مەتریالی و هەستەکییە گەر مەعنەویش بێت دەبێت لە ڕووی سەرکەوتن و سەرکەوتن و موەفەقییەتی کەسایەتییە سوودوەرگرەکەوە بێت، نەک سوودێکی مەعنەوی

سەر بە خانەی مانا موجەڕەدە مێتافیزیکاکان. مادامکێ پڕاگماتیستەکان دژی هەر چەمکێکی موجەڕەدی مێتافیزیکان, وە بە لە جیاتی حەقیقەتی ڕەها لەسەر توێژینەوە دەڕۆن کە ئەو توێژینەوەیە بۆ من تا چ ڕادەیەک لە ئەرزی واقعدا لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە سوودبەخشە. لەبەر ئەوە فەلسەفەکەیان زیاتر سۆفستاییانەیە کە هیچ حەقیقەتێکی ڕەها بوونی نییە و هەمووشتێک ڕێژەییە و مرۆڤ بە خۆی پێوەری هەموو شتێکە.

بۆ دوا جار دەڵێین پڕاگماتیزم نا ئینسانییە با نەڵێین نا ئەخلاقییە و بە عەقڵی خۆیان وەڵامیان بدەینەوە, چونکە ئەخلاقیش چەمکێکی ئاینیی مێتافیزیکییە, پۆزەتیڤیزم ئینسانیترە بۆیە دەتوانین عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنی بەریتانی ئەویش تا ڕادەیەک بە ئینسانی و عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنی ئەمەریکایی بە نا ئینسانی هەژمار بکەین.

پەرستنی ئاژەڵێک وەکو تەوتەم, وەکو ڕۆحێک لەناومان و لەگەڵماندایە و لە هەموو دیاردەیەکی ئەم سروشتەدایە,



پڕاگماتیزم لەسەر دوو بنەما ڕاوەستاوە، جیهان وەك مادەیەكی خاو، بیری پەتی. جیهان بە هەموو پێكهاتەكانییەوە، بە تاك و بەكەسەكانەوە، بە دیاردە سروشتییەكانەوە، بەو سەرچاوە سروشتییانەی منی مرۆڤ دەستم پێیان گەیشتووە و بەسەریاندا زاڵ بووم

مردوو, زیندوو, دار, بەرد, ڕووەک, هەموو شتێکی عەیان و بەرچاوان کەخاوەنی ڕۆحن و لەگەڵماندان خودان, مردووەکان خودان, دیاردە سروشتییەکان خودان, ئاژەڵەکان خودان. ئەمەبوو قۆناغی تەوتەمیزم و ئەنیمیزم و شامانیزم. وردە وردە ڕۆحە بژاردەکان بەرەو شوێنە بەرزەکان, بەرەو ئاسمان, ڕێدەکەن, شوێنە بەرزەکانی وەک بورجی بابل و شاخی ئۆلمپی لە باکوری یۆنان و زەقوورەی سۆمەرییەکانی باشووری خاکی مێزۆپۆتامیا دەبنە جێنشینگەی ئەو ڕۆحەی شاراوە بژاردانەی لەگەڵماندا بوون و بوون بە خودامرۆڤ, ئەمەبوو قۆناغی مێتۆلۆژیا. ڕۆحێکی زاڵ بە ناوی ڕۆحی گشتی, عەقڵی یەکەم, بزوێنەری یەکەم, خودای موتڵەق, پەروەردگار, بەسەر گشت ڕۆحەکانی گەردووندا زاڵ بوو, بەو شێوەیە دابڕانێک لە نێوانماندا دروست بوو, بە ئیسمێکی بێ موسەمما و چەمگەلی موجەڕەدەوە لەسەر عەرشی گەردوون لێیدانیشت و بوو بە موتەعالی و زاتی ئیلاهی و موتڵەقی قۆناغی مێتافیزیکا.

دواجار ئەو خودا ڕەهاگەرە گەڕایەوە ناومان, لەگەڵماندایە, لە نێوانماندایە, دەچێتە هەرکوێ وەک سێبەرەکەت لەگەڵتدایە, کە ئەمە ئینجیلییەکان پڕۆپاگەندەی بۆ دەکەن وکێرکگاردیش ڕۆڵی لە هێنانە خوارەی هەبوو, مادامکێ ئەمجارەیان هاتە خوارەوە بۆ لامان, دەبێت لە مێتافیزیکا دایماڵین ولە چەمکگەلی مێتافیزیکی ڕووتیبکەینەوە و بەرگی عەیان و واقیع بە باڵای ببڕین و بیکەین بە کاڵایەک بۆ بازاڕی سەرمایەداری, ئا ئەمەیە ئێستا قۆناغی مۆدێرنەی پڕاگماتیزمی ئەمەریکا.

عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن شەڕی خۆی بە ئازادی, لیبڕالیزم (ئەم چەمکە لە داهێنانی ژۆن لۆکە), ئەزمونگەرایی دەکات. ئەم ئەزموونگەرا, چێژوەرگرە, سوودگەرا, پڕاگماتیستە, ڕێک وەک قۆناغی مێتۆلۆژیا غەریزییە و گرنگ بە ئیشباعی غەریزی دەدات, بە تایبەت پڕاگماتیزم کە دژی چەمکگەلی موجەڕەدە و زیاتر لەگەڵ حسییاتە. واتا لەگەڵ ئایدیالیزم و مێتافیزیکا نییە بەڵکو لەگەڵ میتۆلۆژیای حسییە و وەک منداڵێک وایە حەزی لە هەموو شتە و حەزی لە بەرخۆرییە و دەست بۆ هەموو شت دەبات. ئەم سیستەمە جیهانییە زیندووکەرەوەی قۆناغی میتۆلۆژیا و فرەخودایە و دژی قۆناغی مێتافیزیک و میسالیاتی موتەعالی و تەجریدییە و منداڵێکە حەزی بە پارە خەرجکردن و هەموو جۆرە بەرخۆرییەکە. سۆفستاییەکان لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی کە لە فرە خودایی میتۆلۆژیاوە هاتووە و سەریهەڵداوە خۆیان گونجاند. ئەزموونگەراکانی ئەنگلۆساکسۆن هەر لە فرانسیس بیکۆنەوە تا ژۆن لۆک و هیوم و ئینجا سوودگەراکانی وەک ژۆن ستیوارت میل و ....هتد و پڕاگماتیستەکانی وەک ولیام جیمس و ژۆن دیڤی و سیاسەتی ئێستای ئەمەریکاش ڕەنگدانەوە و درێژبوونەوەی فرەخودایی و سۆفستایی قۆناغی میتۆلۆژیان و جۆرێکن لە فێندەمێنتاڵیزم. ڕێژەگەراییش

کە ئێستا لە سیاسەتی پڕاگماتیی ئەمەریکادا باوە هەر لە فەیلەسووفێکی سۆفستایی وەک پرۆتاگۆراسەوە هاتووە.

پڕاگماتیزم, ئەنسترۆمێنتاڵیزم, لیبڕالیزم, پرۆسەی دیموکراتی و ئابووریی سەرمایەداری, ئەمانە گەڕانەوەن بۆ قۆناغی میتۆلۆژیا. ئەمەیە کە مارکس و فرانکفۆرتییەکان دەڵێن مرۆڤ دەبێت بە شت, بەشتبوونی مرۆڤ واتا مرۆڤەکان لە تەجریدیی عەقڵی و چەمکەلی موجەڕڕەد وەدەردێن و بۆ قوناغی حیسیی ئاوێتە بوون لەگەڵ سروشتدا, دەگەڕێنەوە.

واتا دیموکراسییەت زادەی ئەو گەردووناسییە کۆنەیە کە باس لە دوانزە بورج دەکات و پێی وایە کە مەرکەزی کەونیش زەوییە. ئێمە کە دژایەتی چەمکی سەلەفی(فێندەمێنتاڵیزم) دەکەین کە لەگەڵ ڕۆحی ئەم سەردەمەدا ناگونجێت, بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە, ئایا چەمکی دیموکراسی چەمکێکی سەلەفی نییە کە ڕەنگدانەوەی تەصەوڕێکی کۆنە و هەر بۆیە ئەفلاتوون و سوقرات و ئەرستۆ بە توندی بەرەنگاری بوونەوە ؟

**سەرچاوەکان:-**


١-تاريخ الفلسفه الاوروبيه فى العصر الوسيط - يوسف كرم .دار العالم العربى - الطبعه الثانيه - ٢٠١٢م

٢- الاورجانون الجديد - فرنسيس بيكون. ترجمه:- عادل مصطفى دار رؤيه للنشر والتوزيع - ٢٠١٣

٣- تاريخ الفلسفه الغربيه - برتراندرسل - الكتاب الثالث - الفلسفه الحديثه - ترجمه: محمد فتحى الشنيطى .الهيئه المصريه العامه للكتاب - ١٩٧٧م

٤- بنيه العقل العربى - محمد عابد الجابرى المركز الثقافى العربى - دار البضاء - ١٩٨٦

٥- اوجست كونت مؤسس علم الاجتماع الحديث. تاليف: فاروق عبد المعطى دار الكتب العلميه - بيروت - لبنان - ١٩٩٣م

٦- الفرديه قديما و حديثا - جون ديوى ترجمه: وليد شحاده دار فرقد للطباعه والنشر والتوزيع - سوريه - دمشق - ٢٠١٤

٧- الحكومات البرلمانيه - جون ستيوارت ميل ترجمه: اميل الغورى دار اليقظه العربيه للتاليف والترجمه والنشر - دمشق - سوريه

٨- البراجماتيه - وليام جيمس - ترجمه: محمد على العريان المركز القومى للترجمه - القاهره - ٢٠٠٨

٩- الفلسفه الامريكيه بين الليبراليه و البراغماتيه شارل بيرس نموذجا - اگروحه لنيل درجه الدكتوراه - اعداد الگالبه حيرش سميه.

١٠- لە سۆکراتەوە تا سارتەر - ت ڤ لاڤین . وەرگێڕان: ئاارام مەحموود محەمەد
چاپخانەی حەمدی - سلێمانی - ٢٠١٧

١١- میتافیزیک - ئەرستۆتالیس - وەرگێڕانی: سیدۆ داود عەلی .چاپەمەنی گەنج - سلێمانی - ٢٠١٦


هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەکۆمەڵگەدا





نووسینی: عەلی حەرب
وەرگێڕانی: موعتەسەم موحەممەد

## پێشەکی :

عەلی حەرب نوسەر و بیرمەند و فەیلەسوفێکی لوبنانیە و مامۆستای فەلسەفە بووە لەلوبنان هەتا ئەوکاتەی خانەنشین بوو، چەندین کتێب و وتاری نوسیوە و بەوەناسراوە کە کاریگەری جاک دریدای لەسەرە، بەهەڵوێستی دژ بەدەستەبژێر (نوخبە) ناسراوە، لەکتێبێکیدا بەناوی وەهمەکانی دەستەبژێر کە ئەم وتارە بەشێکە لەو کتێبە و تیایدا باسی وەهمەکانی ڕۆشنبیران دەکات و دەڵێت ڕۆشنبیرانی لوبنان و وڵاتانی عەرەبی تووشی وەهمی دەستەبژێر هاتوون، ڕۆڵی خۆیان وەک ڕۆشنبیر لەبیرکردووە، ئەدەڵێت نابێت ڕۆشنبیر خۆی بەدەستەبژێر و سەرکردەی وڵات بزانێت و هەوڵبدات ڕۆڵی سەرکردە ببینێت، بەڵکو دەبێت ڕۆشنبیر کاری بەرهەمهێنانی مەعریفی و فکری بێت.

بەڕای من هەمان ئەوکێشە و قەیرانانەی کە عەلی حەرب دەستنیشانی کردون و لەناو ڕۆشنبیرانی عەرەبدا, بڵاون لەناو ڕۆشنبیرانی کوردیشدا و هەمان کێشە و قەیران هەیە، بۆنمونە ڕۆشنبیرانی کوردیش وەک ڕۆشنبیرانی عەرەب خۆیان بەئەڵتەرناتیڤی سیاسیەکان دەزانن، لەبنەڕەتدا کاتێک ڕۆشنبیر خۆی دەکات بەئەڵتەرناتیڤی سیاسی، خۆی بچوک دەکاتەوە و ڕۆڵە ڕۆشنبیرییەکەی زۆر لەسیاسەت گەورەترن، دەتوانێت بەفیکر و مەعریفە ڕۆڵی گەورەتر لەسیاسەت ببینێت. ڕۆڵی ڕۆشنبیر بچوک دەبێتەوە کاتێک سالۆنەکانی ڕۆشنبیری بەجێدەهێڵێت و دەچێتە ناوپەرلەمان، یاخود دەچێتە کابینەیەکی وەزارەتـــەوە، وردە وردە کاریگەرییەکانی لـەڕووی فیکرەوە کەمدەبێتەوە و دەکەوێتە ناوگۆماوی گومانەوە لەسەر پرۆژە بازرگانیەکان، چونکە لەلایەن حزبەکانەوە بەکاردەهێنرێت .

بابەتەکەی نوسەر :

ئەو داڕوخانەی بەها و سیستەم و شکستی نمونەکانی بیرکردنەوە و کـردەوە کە جیهان پیایدا ڕەتدەبێت، بەتایبەتیش ئـەوەی کە جیهانی عەرەبی بەخۆیەوە بینی( )، لەشکستی پرۆژەکانی یەکگرتن و پرۆژەکانی گەشەپێدان و جەنگ و ململانێکان و کارەساتە کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکان، لەهەندێک ناوچە و دەوڵەتی جیهانی عەرەبیدا، هەموو ئەوانە پرسیارەکان لەبارەی ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیرەوە بەزیندوویی دەهێڵنەوە، وەها دەکەن دووبارە بیر لەپەیوەندی ڕۆشنبیر بەدەوڵەت و کۆمەڵگە بکەنەوە. ئەو پەیوەندییە لەزۆربەی کاتەکاندا نیگەتیڤ و نەزۆک بووە، هەندێک کاتیش وێرانکەر بووە، بەتایبەتی لەوڵاتە عەرەبیەکاندا، چونکە ڕۆشبیر بەئەقڵێکی خەیاڵی و خەونەوە مامەڵەی لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەت و کۆمەڵگەدا کرد، یان بەلۆژیکی ئایدیۆلۆژیایەکی داخراو مامەڵەی کـردووە کە بەڵگە بووە لەسەر نەشارەزایی لەبارەی جیهان و واقعەوە، بەو ڕادەیەی کە بۆتە هۆکاری سەرنەکەوتنی و گۆشەگیربوونی.

ئـەوە سـەبـارەت بـەزۆریـنـەی ئـەو ڕۆشنبیرانەی کە

هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدا لەسەربنەمای یەکتر ڕەتکردنەوە بووە، مەبەستیش لەوانەیە کە ڕاستی دەسەڵات و شەرعیەتەکەی ڕەتدەکەنەوە، دەسەڵاتیش بەمەبەست دوری خستونەتەوە یان زیندانی کردوون، یان لەناوی بردوون. هەرچی بەشەکەی دیکەی ڕۆشنبیرانە، خۆیان پەیوەندییان بەدەسەڵاتەوە کردووە، لەخزمەتیدا وەک دەزگای ئایدیۆلۆژی کاریانکردووە، کردارەکانی دەسەڵاتیان جوانکاری کردووە و بەرگرییان لەشکست و هەڵاتنەکانی کردووە، پاساویش بۆ بەهەدەردانی داهاتەکانی و لەناوبردنی دەستەکەوتەکان دێننەوە. لەهەردوو دۆخەکەشدا یەک دەرئەنجام هەبووە: پەککەوتەیی و کەنارگیری، یان لاوازی و فشۆڵی بۆ هەردوو لایان بووە، چ ڕۆشنبیرانی ئۆپۆزسیۆن و چ ئەوڕۆشنبیرانە بێت کە لەگەڵ کاروانی دەسەڵاتدا ڕێدەکەن.

نیشانەی ئەوەیش ئەوەیە کە ڕۆشنبیر کاریگەرییەکانی خۆی لەدەستداوە چونکە کاری بەتایبەتمەندییەکانی خۆی نەکردووە. هەڵبەتە مەبەستم لەتایبەتمەندییەکان لێرەدا ئەوەیە، ڕۆشنبیر ڕۆلی داهێنەرانەی خۆی لەبەرهەم هێنانی هزر و مەعریفە ببینێت. گرەوەکەی ئەویش ئەوەیە: واقعێکی فکری نوێ دابهێنێت بەبەرهەمهێنانی هزری نوێ یان گۆڕینی نمونەکانی بیرکردنەوە، یان داهێنانی ڕێبازی نوێی پێڕەوکارانەی فیکری، یان دووبارە داهێنانەوەی هزرە کۆنەکان لەسەرزەمینی پێڕەوکردن و لەچوارچێوەی تاقیکردنەوەکاندا.



ڕۆشنبیر ئەو ڕۆڵەی خۆی لەبیرکردووە، هەموو گرنگی پێدانەکانی خۆی لەوەدا خەرجکردووە کۆمەڵە دەستەواژەیەک بئاخنێتە واقعەوە، بەڕێگایەکی ئاسانکاریانەی ستەمکارانە و دواتریش بەسەرخۆیدا بشکێتەوە، خۆی بووە بەقوربانی یان کۆمەڵگە بوونە بەقوربانی هەوڵەکانی جێبەجێکردنیان. پەیوەندی بەهزرەوە بریتییە لەپەیوەندی نێوان ئافراندن و داهێنان، جا ئەگەر دۆخەکە پەیوەندی بەبەرهەمهێنان و هێنانەکایەوە بێت یان پەیوەندی بەبەکارهێنان و وەبەرهێنانیەوە بێت. بەو واتایە نابێت قسە لەسەر جێبەجێکردن بکرێت، ئەوەندەی دەبێت قسە لەسەر دووبارە بەرهەمهێنانەوە یان داهێنان بکرێت، کە ئەویش نۆژەنکردنەوەی بەردەوامی هزرە لەبەرڕۆشنایی ئەوەی دەردەکەوێت و ڕوودەدات.

بەوشێوەیە ئەو ڕۆشنبیرەی نوێنەرایەتی هزرمەندان دەکات، بەوەڕازی بووە تەنیا کاری برەوپێدان و بەکاربردن بکات، بەبانگەشەی لەخۆگرتن (تەبەنا) و جێبەجێکردن بەبێ بەرهەمهێنان و هێنانەکایەوە، هێنانەکایەی هزرەکان و بەرهەمهێنانی چەمکەکان لەبارەی کۆمەڵگە و جیهانەوە، بەوەی دەبێتە هۆکاری ئەفراندنی واقع بەبیرۆکە و لەسەرئاستی چەمک. واقع ناگۆڕێت ئەگەر پەیوەندی نوێی لەگەڵدا ڕایەڵە نەکرێت، ئەویش بەگۆڕینی هزرمان لەبارەیەوە، یان بەدوبارە داڕشتنەوەی لەسەرئاستی هزر یان بەوەی بکرێتە بوارێک بۆ داهێنانی هزری .

لێرەدا ڕۆشنبیر لەوە لاوازتر دەرکەوت گۆڕانکاری لەوەدابکات کە دەیەوێت بیگۆڕێت. هەروەها نەشارەزایی لەواقع و ئەرکەکەی، خۆیشی بەدەرکەوت و گەیشتە ئەوەی ستەم و زۆرداری پێڕەوبکات. سەیریش نییە چونکە لەکاتی ونبوونی هزری داهێنەرانە و زەمینەی

رۆشنبیر



بانگەشەکان بۆئازادی و بەیاناممەکانی دیموکراسی لەهەرکوێیەکەوە و هەرکاتێك دەرچن بەش ناکەن. ڕۆشنبیر عاشقی ئازادی نییە، نەئەویش لەخەڵکانی دیکە دیموکراسیترە. ڕەنگە لەهەموو کارەکتەرە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەیش کەمتر دیموکراسی بێت. ڕاستتروایە بڵێین هەموان کەمتر لەوەی پێشبینی دەکەن دیموکراسین

هەواڵنامەی کتێب

بەپێی هزریدا، هەوڵەکانی گۆڕانکاری لەلایەن سیاسیەکانەوە مۆرکێکی ستەمکارانە وەردەگرێت، چونکە فەرمان بەسەر ئەقڵدا زاڵدەبێت و دەست بەسەرداگرتن جێگای هزر دەگرێتەوە، یان مۆرکی زۆرداری لەلایەن خودی ڕۆشنبیرەوە وەردەگرێت، لەوبارەدا واقع لەقاڵبی دەربڕینە دۆگماکان و تیۆرە وشکەکان دەدرێت بەشێوەیەک کە دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەقڵیەتە فاشیەکان یان دروست بوونی سیستەمە دکتاتۆرییە گشتگیرەکان.

لەهەرحاڵێکدا ڕۆشنبیر وەک چۆن خۆی ڕۆڵەکەی خۆی وێنادەکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ فکرەکەیدا پێڕەوکردووە، دەبێتە ڕووی دووەمی سیاسیەکان: هەردووکیان دووڕووی یەک دراو دەبن، ئەودراوەی کە ڕۆشنبیر دەکاتە ئاڵتەرناتیڤێکی خراپی سیاسیە پیشەگەرەکان، هەروەها سیاسیەکانیش دەکاتە ڕۆشنبیرێکی خراپ و شکستخواردوو. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕایەی کە ئەو ڕۆشنبیرەی ڕەخنەی توندڕەوانە لەسیستەم و دەسەڵاتە سیاسیەکان دەگرێت، هەمان ئەو کردەوەیە دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر لەشوێنی ئەوبێت و دەسەڵاتدار بێت، بەڵکو خراپتریش ڕەفتار دەکات مەگەر دەگمەن و ناوازە بێت. هەڵبەتە ڕۆشنبیر خۆی گەواهی لەسەرخۆی دەدات، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران بەزۆری لەسەر بنەمای خۆسەپاندن و دورخستنەوەی یەکترە یاخود توندوتیژی بەوتەی ڕوشێنەر دروست دەبێت. کەچی ڕۆشنبیران ئەوانەیان لەبیردەچێتەوە و سەرنجی خۆیان دەخەنەسەر ڕەخنەگرتن لەدەسەڵاتەکان، لەڕوانگەی بۆچوونێکی باوەوە کە خاوەنی ئەوبۆچوونە وادەزانن دەسەڵات تەنیا لەکۆشکی سەرۆک، یاخود بارەگای سەرکردەکانەوە جێبەجێدەکرێت. ئەمە لەکاتێکدا کە دەسەڵات بریتییە لەتۆڕێک لەپەیوەندی هێز لەگۆڕەپانێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا هەڵدەقوڵێت. بەو واتایەی مرۆڤ بۆهەر کوێیەک بچێت ڕووبەڕووی دەسەڵاتێک دەبێتەوە، کە هەوڵی ڕاستکردنەوە و پۆلێنکردن و دورخستنەوە دەدات، دامەزراوە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەرییەکانی وتەبێژ بەناوی دیموکراسی و ئازادیشەوە لەوبابەتە لانادەن. ئەوانیش وەک هەرلایەنێکی دیکەی کۆمەڵایەتی بەدەر نین لەوەی بکەونە ژێرگوشار و هەژموونی دەسەڵاتەوە. کاتێک لەدەروازەی مەعریفەوە دەڕوانینە دەسەڵات ئەوانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەوەندەی بۆچوونمان دەگۆڕێت بۆ دەسەڵات و زانیارییەکانمان بۆی نوێ دەکاتەوە دەسەڵاتی مەعریفەشمان بۆدەردەخات.

بەو شێوەیە بانگەشەکان بۆئازادی و بەیاننامەکانی دیموکراسی لەهەرکوێیەکەوە و هەرکاتێک دەرچن بەش ناکەن. ڕۆشنبیر عاشقی ئازادی نییە، نەئەویش لەخەڵکانی دیکە دیموکراسیترە. ڕەنگە لەهەموو کارەکتەرە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەیش کەمتر دیموکراسی بێت. ڕاسترتوایە بڵێین هەموان کەمتر لەوەی پێشبینی دەکەن دیموکراسین لەڕووی فکری و پێڕەوکردنەوە. ئەگەر وانییە چۆن ڕاڤەی پاشڤەچوونی دیموکراسی دەکەین

لەسەردەستی خودی دیموکراسیەکان؟ چۆن لەوە تێبگەین کە هەموان بانگەشەی دیموکراسی دەکەن و دەستیشیان پێیناگات، بەتایبەتی لەجیهانی عەرەبیدا؟ لەبەرئەوەی نازانن دیموکراسی چۆنە و چۆن لەگەڵ واقعدا دەگونجێت، سەرەڕای وتار و لێدوانی زۆر لەسەر دیموکراسی. ڕەنگە هەر بەو هۆیەشەوە بێت دۆگماییانە مامەڵە لەگەڵ دیموکراسی کراوە و سیحریانەیش مامەڵە لەگەڵ واقعدا کراوە.

ئەو لاوازییە مەعریفی و بوونگەراییەی ڕۆشنبیرانی تێکەوتووە، پێویستی بەپێداچوونەوەیە بەو ڕۆڵەدا هەیە کە هەتا ئێستا ڕۆشنبیران گێڕاویانە. جیهان ئەمڕۆ بەشێوازێکی جیاواز بونیاد دەنرێتەوە، وەک ئەوەنییە کە جاران هەبوو، لەڕووی هێز و پێکهاتەکانیەوە، یان لەڕووی لۆژیک و میکانیزمی کارکردنەوە یان لەڕووی بەهاکانی و نمونەکانیەوە. چەندین ڕژێم داڕوخان و چەندین ئایدیۆلۆژیا کەوتن و چەندین قۆناغیش پێچرایەوە، بەو هۆیەوە دەبێت ڕۆشنبیر بەدوای شێوازێکی نوێی پەیوەندیدا بگەڕێت لەگەڵ خۆدی خۆی و هزرەکەیدا بۆئەوەی بتوانێت کاریگەرییەکانی خۆی پێرەوبکات لەدەوروبەر و کۆمەڵگە و جیهانەکەیدا. لەپێگەی یەکەمدا ڕۆشنبیر کارەکتەرێکی فکرییە لەوژینگە فکریانەدا، کە دروستی دەکات یان نیشانەکانی تێگەیشتن و لەگەڵیشیدا ئەگەرەکانی بیرکردنەوە و ئامادەکاری چەند هێندە پتردەکات. ئەمە ئەرکی بنەڕەتی ڕۆشنبیرە: گۆڕینی واقع بۆ بابەتی فیکری یان داڕشتنەوەی پەیوەندییەکان بەجیهانەوە داڕشتنەوەیەکی چەمکیانە، بەشێوازێک بتوانرێت لەڕووی سیاسی و کردەییەوە بەکاربهێنرێت، لەئەقڵانیکردنی دەسەڵات و بڕیارەکان و جێبەجێکردنی دەسەڵاتدا، یان لەدروستکردنی ڕووداوەکان و مامەڵەکردنی کاریگەرانە لەگەڵیاندا.

ئەم ئەرکە پێویستی بەوەیە ئەو دەستەواژانەی بەکاردەهێنرێن لەوتارە ڕۆشنبیرییەکاندا، بخرێنە بەرڕخنە و پشکنین، مەبەست لەدەستەواژەکانی ئازادی و دیموکراسی و دەسەڵات و ناسنامە و یەکگرتن و نوێگەری و ئەقڵانیەتە، بەتایبەتیش چەمکی دەستەبژێر (نوخبە)، ئەوەیش لەپێناوی هەڵتەکاندنی ئەو وەهمانەی لەهزردا هێلانەیان کردووە، ڕێگە



بەهزرمەندان نادەن داهێنەرانە و بەرهەمدارانە بیربکەنەوە. کێشەی ڕۆشنبیر ئەوەنییە بۆچوونەکانی وەرناگیرێن یان بەخراپی دەستەواژەکانی بەکاردەهێنرێن، دەرئەنجامی ئەوگەمارۆیەش نییە کە ڕژێم و دەسەڵاتەکان خستویانەتە سەری. بەڵکو بەپلەی یەکەم لەئەنجامی بێتوانایی لەداهێنان لەبواری هزردایە. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆشنبیران بەتایبەتی لەلای ئێمە، ئاگایان لەکێشەکانی خۆیان نییە، تەنیا باسی داگیرکاری ڕۆشنبیری و بەهامرۆییەکان و ئازادی تاک و تایبەتمەندی ڕۆشنبیری دەکەن، مەبەستیشیان ڕۆشنبیری کاڵا و بازاڕ یان وێنە و ئامێرە ئەلکترۆنیەکانە کە بەرهەمی دەهێنن و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەشێوەیەکی تایبەت لەپێشی ئەو وڵاتانەوەیە.

بەمشێوەیە ئێمە باس لەپاشەکشە و لاوازی ڕۆشنبیری و داڕوخانی دەکەین، لەبەرامبەر کۆلۆنیالی کاڵا و چاوچنۆکی بەکاربەر و دڕندەی تۆتالیتاریدا. ئەم وتانە زیاتر بۆ بارودۆخی ڕۆشنبیری و فیکری لەلوبنان و سەرجەم وڵاتانی عەرەبییە، وەک ئەوەی ڕۆشنبیران تێبینییان کردووە، لەبەرژەوەندی ڕووتبوونەوە و سیحر و فاڵگرتنەوەدا ئەدەب پاشەکشە دەکات. بەڵگەش لەسەر لاوازی ڕۆشنبیری لەلای ئێمە ئەوەیە کە داهاتی ئاهەنگێکی گۆرانی بەرامبەر بەداهاتی هەزار قەسیدە و وتارە. بەهەرحاڵ، لەوڵاتێکی وەک ئەمریکادا سەدان هەزار دانە لەکتێبەکانی لۆژیک چاپدەکرێت کە یەکێکە لەلقە هەرە تەجریدییەکانی مەعریفە. کەچی لەلای ئێمە (کتاب الشعر) کە بریتییە لەدیوانی عەرەب چاپکردنەکەی چەند هەزار دانەیەک تێناپەڕێنێت. ئەوەیش بەڵگەیە لەسەرئەوەی ئەوان لەڕووی فیکرەوە دەوڵەمەندن و پێشەنگی دروستکردنەوەی جیهانن. بەڵام لەلای ئێمەیش نیشانەی هەژاری فیکری و فشۆڵی تێگەیشتنمانە، دەریدەخات چۆن ئێمە نازانین جگە لەپەککەوتەیی خۆمان و کەنارگیری و پەراوێزخستنەکەمان زیاتر بەچاکی مامەڵە لەگەڵ هیچ شتێکی دیکەدا بکەین.

سودمەندتر دەبن ئەگەر ڕۆشنبیرانی ئێمە کار لەسەر خودی خۆیان و فیکرەکەیان بکەن، بۆئەوەی لەوەهمەکانی دەستەبژێری دەربازبن. دەستەبژێری پەسەند (ممیز) و سەرکردایەتی ڕۆشنفکر ئەرکی ڕۆشنبیر لەبنەڕەتەوە هەڵدەتەکێنن. لەبەرئەوەی چەمکی دەستەبژێر، یان پێشڕەو بەواتای ئەوەیە جەماوەر و مێگەلە مرۆڤی هەبێت. مێگەلیش کەرەستەی سیستەمە دیکتاتۆری و ئوسولیە فاشیەکان و ئامێری پرۆژە خەیاڵیەکانە کە هەرگیز جێبەجێ ناکرێن.

پوختەی وتەکەمان ئەوەیە: ڕۆشنبیر سەرکردەی نەتەوە و کۆمەڵگە نییە. کاراکتەرێکی فکرییە کار بۆئەقڵانی کردنی سیاسەت و زانیارییەکان و پێڕەوکارییەکان دەکات. واتە ڕۆشنبیر کەسێکە ناتوانن دەستبەرداری ببن لەنێوان واقع و بڕیاردا، یان لەنێوان مەعریفە و دەسەڵاتدا، یان لەنێوان واتا و هێزدا. ڕۆشنبیر نێوەندگیری دەکات لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، بۆئەوەی ڕێگربێت لەوەی

دەوڵــەت تاک و گرووپەکان بهاڕێت، یان ڕێگری بکات لەوەی کۆمەڵگە و هێزە جەماوەرییەکەی دەوڵەت و بواری گشتی وڵات تێکوپێک بدات، ئەوەیش بەوەی گفتوگۆی فیکری بەپیت دروست بکات، یان ئاسۆیەکی فراوان بۆ واتا بکاتەوە، یان دووبارە گرفتی پەیوەندی بەحەقیقەت و ڕاستیەوە دابڕێژێتەوە.

زۆر بەکورتی: ڕۆشنبیر نێوەندگیرە بۆسنوردانان بۆسەرکوت و لافاوی تووڕەیی جەماوەر، بەپێی ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی دەهێنێت لەدروستکردنی نێوەندێکی فیکریدا، یان دروستکردنی مەودایەک بۆمەعریفە، یان داهێنانی شێوازێک لەشێوازەکانی ئەقڵانیەت. هەرچی ڕۆڵی سەرکردایەتی و دەستەبژێرییە، ڕۆشنبیرانیان گێڕاوەتەوە بۆکلکەی ڕەوتەکە، ئەوەیش وەهای لێکرد داوای پاراستن لەدەسەڵات بکات، وەک ئەوەی لەم دواییە خوێندمانەوە لەبارەی هەواڵی ڕۆشنبیرانی میسرەوە.

لەکۆتایی ئەم وتارەدا لەبارەی ((ڕەخنەگرتن لەڕۆشنبیر))، بەپێویستی دەزانم بگەڕێمەوە بۆسەرەتا و هەوڵ بدەم هەڵوێستی خۆم ڕاست بکەمەوە، یان نۆژەنی بکەمەوە و بڵێم: نەمویستووە ئەرکی ڕۆشنبیر هەڵبوەشێنمەوە یان ڕۆڵەکەی پوچەڵ بکەمەوە. بەڵکو ویستم دووبارە پیاچوونەوە بەو ڕۆڵەدا بکەمەوە. ڕۆشنبیر بەودۆخەوە کە تێیکەوتووە و وەک ئەوەی پەیوەندییەکانی خۆی بەفیکر و بەواقعەوە پێڕەوکرد، خۆی ڕۆڵی خۆی پوچەڵ کردەوە، خۆی کاری بۆڕەتکردنەوەی ڕووداوەکان دەکرد بۆئەوەی وەهمەکانی ڕاست دەرچن یان لەوەهمەکانیدا بمێنێتەوە. هاشای لەهەموو نوێبونەوەکان و گۆڕانکارییەکان دەکرد چ لەڕووداوەکاندا بێت یان لەبواری هزریدا بێت. ئەو نوێبونەوانەیش پێویستیان بەگێڕانی ڕۆڵــی جیاواز هەبوو، یان پێویستیان بەوەبوو کە ئەرکی نوێ بگرنە ئەستۆ .

ئەوەی دەڵێین ڕۆشنبیر دەتوانێت ڕۆڵی ((نێوەندگیری فیکری)) بگێڕێت، تەنیا هەر بۆوتن نییە. لەبەرئەوەی ئەگەر ئەمرۆ جیهان لەدەرئەنجامی شۆڕشی پەیوەندییەکاندا جیهانگیری بەرپاکردووە، هەوڵەکانیان بۆ پەیوەندی چەندقات کردووە، پەیوەندی پێویستی بەنێوەندیکە و پەیوەندیش بەبێ نێوەندگیری جێبەجێ نابێت. بەهەرحاڵ جیاوازی مرۆڤ وەک ئەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵا خودی خۆی و جیهان پێڕەودەکات، بەبێ نێوەندگیر ناتوانێت جێبەجێی بکات. گرنگترین شتێکیش بتوانێت نێوەندگیری بکات لەنێوان مرۆڤەکاندا، فیکر و وشەیە یان چەمک و وتارە. لێرەدا و بەپێی ئەوەی کە ڕۆشنبیر کار لەبواری فکریدا دەکات و ئاخاوتن و وتاری کردووە بەپیشە، دەبێتە نێوەندگیرێکی نایاب. هەڵبەتە ڕۆشنبیر ناتوانێت ئەو ئەرکەی بەشێوەیەکی چالاکانە پێڕەوبکات، ئەگەر بەرهەمهێن و داهێنەر نەبێت لەبوارە تایبەتەکەیدا، واتە بواری فیکر و جیهانی واتا و پیشەسازی دروستکردنی وشە .



# لەیادی ( ٨٧ ) ساڵەی ڕێ پێوانی بزاڤی هەقە بەرەو شاری کەرکوک

سیروان سەرگەڵوویی

حاجی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە
دامەزرێنەری بزووتنەوەی (هەقە) و
شێخی تەریقەتی (نەقشبەندی) بووە،
شێخ عەبدولکەریم پیاوێکی گەنم
ڕەنگ و بالاّ مام ناوەندی و دەم و
چاو پان، دوو چاوی گەورەی هەبووە
و ڕیشی ڕەش بووە، جلو بەرگی بریتی
بووە لەکەواو سەڵتە و جبە و مێزەری
شێخانەی لەسەر ناوە



نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو کەسانی وای لێ هەڵکەوتووە کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا ئایینی. کۆمەڵایەتی. ڕۆشنبیری. ڕامیاری......هتد، شوێن پەنجەیان دیار بێت، کاریگەریان هەبووە لەسەر ئاراستەکان بەشێوازێکی ئەکادیمی لۆجیکی سەردەمیانە، ئەمەش وانەبێ کە خزمەتەکەیان سنووردار کرابێت تەنیا بە نەتەوەکەیان، بەڵکو لێوانلێو بووە بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاکان لەم ڕەهەندانەدا، شتێکی شاراوەش نییە کە لەنێو ئەم بزاڤەدا ناوچەی سوورداش جیا لە شوێنەکانی تر لانەی ئەم کەڵەپیاوانە بووە، مێژووش سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە. یەکێک لەنێو بازنەی ئەم کەڵە پیاوە پایەبەرزانەدا کە بەڕوونی بەرچاوکەوتوون (حاجی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) یە لە ناوچەکەدا. بۆیە لێرە بەچەند دێڕێک تیشک دەخەینە سەر هەندێ لایەنی ژیانی ئەم زاتە موبارەکە .

ناوی تەواوی: شێخ عەبدولکەریم کوڕی حاجی شێخ مستەفا کوڕی حاجی شێخ ڕەزای عەسکەر کوڕی شێخ عوسمان کە دەگەڕێتەوە سەر زانای بەناوبانگ (شێخ عەبدولسەمەدی سەرگەڵو) .

ناوبراو لەساڵی (١٣١٠ ک / ١٨٩٢ ز) لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر لەگوندی شەدەڵە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، دایکی ناوی (ئامینە خان کچی شێخ عەبدولسەمەدی قازی) یە. ئەم زاتە دامەزرێنەری بزووتنەوەی (هەقە) و شێخی تەریقەتی (نەقشبەندی) بووە، شێخ عەبدولکەریم پیاوێکی گەنم ڕەنگ و باڵا مام ناوەندی و دەم و چاو پان، دوو چاوی گەورەی هەبووە و ڕیشی ڕەش بووە، جلو بەرگی بریتی بووە لەکەواو سەڵتە و جبە و مێزەری شێخانەی لەسەر ناوە، لەتەمەنی لاوێتیدا لای زاناکانی ئەو سەردەمە چەند کتێبێکی ئایینی خوێندووە، وەک سەرف و نەحوو بەلاغە و تەفسیر و فیقهی ئوسوڵ ، ئیجازەی فەتواو وانە وتنەوەی زانستە شەرعییەکانی لەخزمەتی زانای گەورە (مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە) وەرگرتووە، زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی بەقسە و بەنووسین زانیوە، جگە لەزمانی زگماکی خۆی کە کوردیە .

شێخ پیاوێکی زۆر زیرەک و عاقڵ و زانا و خوێندەوار و تێگەیشتوو بووە، هەروەها مرۆڤێکی ژیرو هۆشیار و کۆمەڵایەتی و نیشتمان پەروەر بووە، لەساڵی (١٩١٩ ز) ئیجازەی تەریقەتی (نەقشبەندی) لەخزمەتی مەلا (شێخ ئەحمەدی گەڵنێری) وەرگرتووە.

پاش دوو ساڵ دەست دەکات بەئیرشاد و بڵاوکردنەوەی تەریقەت لەناوچەی سورداش، شێخێکی خوداناس و بەناوبانگی کوردستان بووە، لەهەموو لایەکەوە خەڵکی ڕوویان تێکردووە بەمەبەستی تەریقەت لێ وەرگرتن، بەتایبەتی خەڵکی ناوچەی شوان و مەرگە و ئاغجەلەر و میرزا ڕۆستەم و گەورەدێ و ناوچەی کۆیە.....هتد. ئەمانە خۆیان بەمورید و مەنسوبی شێخ عەبدولکەریم دەزانن، هەروەها بەسەدان کەس ئیجازەی تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر دەستی شێخ عەبدولکەریم وەرگرتووە، مەجلیسی

بەردەوام جمەی هاتووە لەخەڵکی ڕۆشنبیر و مامۆستای ئایینی و مورید و سۆفی و هەژار و لێقەوماو ڕوویان تێکردووە .

ڕەحمەتی مامۆستا عەلادین سەجادی لەڕشتەی مرواری بەرگی (٥) لاپەڕە (٦٦٨ / ٦٦٩ / ٦٧١) دا لەبارەی شێخ



شێخ مەحمودی حەفدی

عەبدولکەریم ئەمەی نووسیوە: لەساڵی (١٩٣٠ز) دنیا هاوین بوو لەگەڵ فەقێ برایم ڕێمان کەوتە (شەدەڵە) ئەو سەردەمە شەدەڵە ناو و ناوبانگێکی هەبوو، چێشتەنگاو بوو ئێمە چووینە خانەقا شێخ لەماڵەوە بوو، ئێمە زۆر ئارەزووی چاوپێکەوتنی شێخمان بوو، بەڵام شێخ هێشتا نەهاتبووە دەرەوە، کەوتەپاش نیوەڕۆ دەمەو عەسر شڵەژانییەک پەیدا بوو، سەیرمان کرد نزیکەی حەفتا سۆفیەکی مەرگەیی پەیدا بوون کە هاتبوون بۆ ماڵی شێخ، هەموو ڕیش داربوون، هەر کە گەیشتنە جێ بوو مەمرق و هۆڕ و جەزبە و هەرایەک ئەو سەری دیار نەبێتەوە.

ئەوا ئێمەش لەبەر هەیوانەکە لەگەڵ حاجی مەلا یوسف ناوێک دانیشتووین، ئەم مەلا یوسفە لەسەردەمی عوسمانی قازی بوو، ئەمانە کە هاتن بەرهیوان و ژووری مزگەوتەکە پڕبوو و سۆفی تریش لەئاواییەوە هاتن، مەرگەییەکان ڕانک و چۆخەو پەستەکیان لەبەرا بوو، بەدەم جەزبەوە جنێو وەکوو بارانی بەهار دەباری. کە یەکێکیان جنێوێکی ئەدا ئەوان هەموو دەیانوت (هەقە).

مامۆستا عەلادین سەجادی لەدرێژەی باسەکەیدا دەڵێ: شێخ عەبدولکەریم چایچییەکی هەبوو وا دێتەوە بیرم کە مەلا عەبدوڵڵای ناو بوو، کاتژمێر نزیکی یانزەی شەو بوو هات وتی بەئێمە کە ئێستە شێخ تەشریف دێنێت و

دێم بەشوێنتانا، زۆری پێنەچوو هات وتی فەرموون بۆ لای شێخ، هەستاین لەدەرگای هەیوانەکەوە چووینە سەربانەکە هەموو بەڕەی تیا ڕاخرابوو، سەماوەرێکی زەردی هەشت تەرخان قۆریەکی عەجەمی بەسەرەوە بوو، ئیستکانەکان لەناو سینیەکدا لەبەردەمیدا داندرابوون، دوو سێ دۆشەکیش لەو سەرە ڕاخرابوون کەسی لێ نەبوو هەر مەلا عەبدوڵڵا بەلای سەماوەرەکەوە ڕاوەستابوو، ماڵی شێخ نووسابوو بەسەربانەوە.

شێخ کە لەماڵ ئەهاتە دەرەوە بۆ خانەقا لەوێوە سەر دەکەوت ئێمە لەسەر بەڕەیەک لەم لای دۆشەکەوکانەوە دانیشتین، ها زۆری پێنەچوو شێخ دەرکەوت بەپێ پلیکانی ماڵەکەی خۆیانا سەرکەوت بۆ سەربانەکە، شوێنی سەربانەکە وابوو سێ لای بەدیواری ژووری خانەقا و بەرهیوان گیرابوو و لایەکیشی چۆڵ بوو، ئەویش حەوشەی ماڵی شێخ بوو. کاتێک دەهات کەسی تر بێجگە لە هی سەربان چاوی لێنەبوو. کە شێخ هات ئێمە ڕاست بووینەوە .

مامۆستا عەلادین لەدرێژەی باسەکەیدا دەڵێ: شێخ عەبدولکەریم پیاوێکی کەڵەگەتی باڵا بەرزی ناو شان و سینگ پان، تەمەنی ئەو سەردەمە چل تا چل و پێنج ساڵ دەبوو، چاو و برۆی گەورە ڕیشێکی ڕەشی قەترانی تەنگی بەناوکی هەڵچنی بوو، جوبتەیەکی قاوەیی ئاوەڵدامانی کردبوو بەسەر کەواو سەڵتەکەیاو مێزەرێکی گەورەی سپی شێخانەی بەستبوو بەسەرەوە، بەڕاستی مرۆڤی وا جوان و بەدیمەن شایەدم کەمجاری تر چاو پێکەوتووە .

هەرکە هات سەلامێکی کرد و چووە سەر دۆشەکەکەی



عەلادین سەجادی



شێخ عەبدولکەریم پیاوێکی کەڵەگەتی باڵا بەرزی ناو شان و سینگ پان، تەمەنی ئەو سەردەمە چل تا چل و پێنج ساڵ دەبوو، چاو و برۆی گەورە ڕیشێکی ڕەشی قەترانی تەنگی بەناوکی هەڵچنی بوو

سەرەوەو دانیشتو وتی: بەخێربێن فەقێینە، ئێمە ئیتر لە شوێنەکەی خۆمان دانیشتینەوە وتی: لەوێ دامەنیشن فەرموونە سەر دۆشەکەکە لەتەنیشتی منەوە دابنیشن، ئێمەش چووینە ئەو شوێنە و مەلا عەبدوڵلا چای تێکردو هێنای بۆ هەر سێکمان، پاشان بە مەلا عەبدوڵلای وت: حاجی مەلا یوسفیش بانگ بکە .

ئەویش هات دانیشت ! شێخ عەبدولکەریم پەیوەندی لەگەڵ زاناکان وپیاوماقوڵان و ناودارانی ئەو سەردەمە بەهێز بووە، هەروەها پاڵپشتیی خۆی لە شۆڕشەکەی شێخی نەمر کردووە. بۆ نموونە لەشەڕی کۆتەڵ بەڵێنی یارمەتیدانی داوە، ئەوەبوو لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لەخزمانی شێخ عەبدولکەریم و هەموو عەشایری ناوچەی ئاغجەلەر بەفەرمانی شێخ و بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدوڵلای برای لەگەڵ کاکە ڕەزای کوڕی حاجی شێخ عەلی عەسکەری، شاخی گەورەدێیان بۆ پاڵپشتی لەشکری شێخ مەحموودی حەفید و ڕێگرتن لەهێزی سوپای ئینگلیزەکان لەو ناوچەیەوە بۆ سەر کۆتەڵ گرت. تا شەڕ کۆتایی نەهات هەروەک شێخ مەحموود فەرمانی پێی دابوون سەنگەری خۆیانیان چۆڵ نەکرد، هەر بەم هۆیەشەوە بوو گوندی شەدەڵە بۆمباران کرا ماڵی شێخ عەبدولکەریم ناچار بوون گوند بەجێبهێڵن و بچنە ئەشکەوتی (بۆڵە ترێ) لەپشت شەدەڵەوە لەشاخی دابان، پاشان چوونە ناوچەی مێرگەپان .

## دەستگیرکردنی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە :

ئەم زاتە لەپێناوی ڕاستی و حەقا زۆر بەسەرهاتی ناخۆشی بەسەردا هاتووە. لەساڵی (١٩٣٤ز) حکومەت شێخ عەبدولکەریمی دەستگیر کرد و بەدەست بەسەری لەگەڵ حاجی شێخ عارفی سەرگەڵو و ژمارەیەکی زۆر لەناسراوانی هەقە ڕەوانەی کەرکوک کران. چەند کەسێکیشی لێ دوورخستنەوە بۆ حەویجە، پاشان موریدەکانی شێخ کە بەمە دەزانن زۆریان لەحاڵی تەبیعی دەرئەچن و جل و بەرگی خۆیان لەبەریان دادەماڵن و

دەیسووتێنن و گونیە لەبەر دەکەن و ڕوودەکەنە شاری کەرکوک، بەڵام ژنەکانیان ئەو کارەیان نەکرد بەڵکو خۆ رووتکردنەوە و سوتاندنی جل و بەرگەکان تایبەت بوو بەپیاوان و هەموویان ئەوەیان کرد. بەگەیشتنی ڕێپێوانەکە کە چەند هەزار کەسێک دەبوون بەرەو کەرکوک، یەکسەر دەچنە سەر بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس و بەیەک دەنگ داوا دەکەن یا شێخ ئازاد بکرێ و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، یان ئێمەشی لەگەڵدا زیندانی بکەن. بەڵام پاش ماوەیەک و لەئەنجامی درێژەکێشانی مانگرتنەکەو پێ داگرتن لەسەر داواکاریەکانیان، کاربەدەستانی حکومەت بەناچاری نەک تەنیا بۆیان دەرکەوت کە زیندانی کردن و دوور خستنەوەی شێخ عەبدولکەریم بەباش نازانن، بەڵکو وایان بەباش زانی بارودۆخەکە ئاسایی بکەنەوە و شێخ عەبدولکەریم ئازاد بکەن و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی .

لەم بارەیەوە شێخ حوسێنی خانەقا فەرموویەتی: کە ئەم زاتانە گیران مەسەلەی هەقە هێشتا وای لێ نەهاتبوو ببێ بەهۆیەکی بەجێ بۆ گرتنیان، ڕاستیەکەی ئەوەیە موتەسەڕیفی ئەو سەردەمەی سلێمانی کە (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی) تابوور ئاغاسی بوو، لەگەڵ شێخانی سەرگەڵو ناکۆکیی هەبوو لەسەر موڵک، ئەو قسە و باسانەی لێ کردن بەبیانوو کە وردە وردە لەناو خەڵکدا بڵاوبووبوونەوە لەبارەیانەوە، بڕیاری دوورخستنەوەی شێخ عارفی دا بۆ باشوور و شێخ عەبدولکەریم و مامەڕەزا و چەند کەسێکی تریشی لێ گرتن و ناردنیە کەرکوک تا

لەوێ بدرێن بەدادگا، درۆی زۆر و زەوەندەیش ئامادە کرابوو بۆ شایەدی، بەڵام موتەسەڕیفی ئەو سەردەمەی کەرکوک (جەمیل ڕاوی) کە زۆر دۆستی باوکم بوو، واتە سەید ئەحمەدی خانەقا، دوورخستنەوەکەی شێخ عارفی خستە کەرکوک، مەعرووف جیاوکی سەرۆکی داداگایش هەر لەبەر خاتری باوکم، بڕیاری شەش مانگ خانەشارێتیی لەکەرکوک بۆ دەرکـرد، هەروەها بڕیاری شەش مانگ خانەشارێتیی گیراوەکانیشی دا، هەروەها شێخ حوسێن دەڵێ: باوکم ڕازی نەبوو بەڕێبازی هەقەکان، بەڵام لەبەر خزمایەتیش پشتی نەئەدان بەزەویدا و قایل نەدەبوو کەس ئازاریان پێ بگەیەنێ !

حاجی شێخ عەبدولکەریم دووجار زیارەتی ماڵی خوای کردووە و ئەرکی حەجی بەجێهێناوە، جاری یەکەم لەساڵی (١٩٢٢ز) بوو، جاری دووەم لەساڵی (١٩٣١ز) بووە. ناوبراو هەموو ژیانی لەخزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئیرشاد و ئامۆژگاری موسوڵمانان بەسەر بردووە، تا لەڕۆژی (١٧ / ٤ / ١٩٤٢ز) دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت و لەتەمەنی (٥٠)ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و لەخانەقاکەی خۆی لەشەدەڵە بەخاک سپێردراوە .

ئەم زاتە لەدوای خۆی سێ کورو سێ کچی لێ بەجێماوە بەناوەکانی: (عەبدولخالق و عەبدولڕەحمان و حاجی کاکە حەمە و عایشە خان و فاتمە خان و خەدیجە خان).

(سڵاو لە یادی ٨٧ ساڵەی ڕێپێوانی بزاڤی هەقە بەرەو شاری کەرکوک)



# فره ڕەهەندی مانای دەقی عەبدوڵا بەگی میسباح دیوان وەك نموونە

عەدنانساڵەیی

هەر دەقێکی ئەدەبی کە گەیشتە ئاستی داهێنان دەبێت لەئاستی چەمکی ئەو پێگەو داهێنانەدا بێت، تاکو سەرلەبەری خەسڵەتەکانی دەقی تێدا بێت، ئەگینا ناکامڵ و بەکام نەگەیشتوو دەبێت، زەمەن و ڕۆژگاریش ڕەحمی پێناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ژێر پێدا هەنجن هەنجن دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم شێواز و داهێنان و خەسڵەتانەوە، کە سنورەکانی ناکاملێتی بڕی و بەمەقام گەیشت، ئەو کات ئەرزش و واقیع لە حزوریا وەچۆکا دێت و ڕوو زەردی وەدیار دەخەن، سەرباری ئەمەش چەند ماناو مەدلولاتی تایبەت بەخۆی هەیە و هەریەکە لە گوشە نیگای جیاوازەوە جوانییەکانی بەدی دەکەین .

**ساقیا مەی زەردەی بادەیی یارم بەخودا**
**تێکە بۆم جامی شەرابێ کە خومارم بەخـودا**

ئاخافتنی شاعیر لەگەڵ ساقیی مەی گێڕ بە ئامرازی بانگ کردن (أ)کـە لەزمانی کوردیدا بۆ بانگ کردن و ئاگادار کردنەوەیە، بـە ناوەکەش دەوترێت «بانگکراو» یان «دوێنراو» بۆیە (أ) کۆتایی سـاقی ئامرازی بانگ کردنە «ساقی» بانگ کراوە، یان قـسـە لەگەڵ کراو «مەی زەدە»واتـای مەی بردوو وەکو ئەوەی کەسێک ئاو بیبات پێی دەڵێن ئاوبردوو یان گرە بردوو کە گرە لێی داوە. عەبدوڵا بەگ ئەبێ مەبەستی ئەوەبێ کە دەڵێت ئەها مەیگێڕ سوێند بەخودا شەیدای مەستی ئەو مەیەم، کە

یارم پێی بەخشیوم تکایە پیاڵەیەکی تریشم بۆ تێبکە، تا هەر بەمەستی و سەرخۆشی بمێنمەوە، بەڵام ئەبێ شاعیر مەبەستی یار لەخۆشەویست بێت یان ئەو یارە ئەزەلیەی کە ئەم دەگەڕێتەوە بۆلای لە ڕۆژی دواییدا، یان مەبەستی لە مەیخانە خەڵوەتگەو شوێنگەی عیبادەتی ئەم بێ مەست بوون و مەی زەدەش، ئەو جیهانە ڕووحـی و حاڵ لێهاتنەیە کە گەورە سۆفییەکان دەگەنە پایەو مەقامی خواناسی تێیدا، بەڵام دێڕەکانی دوای ئەمە بەرچاو ڕوونیان دەکەن .

**نەشئەیی بادە مەحاڵە ئەسەری بۆمە کـە من**
**مەستی بادەی لەبی وەک ساغەری یارم بەخودا**

نەشئە : کەیف ساز، گەشەو جوڵەی ڕوح یان جەستە. یان کاریگەری زەبری مەیەکە .
بادە: مەی یان دەفری مەی .
مەحاڵ: شتێک کە توانای ئەنجام دانی نەبێ ونەکرێ .
ئەسەر: «أثر» شوێنەوار . مەبەستی کاردانەوە و کاریگەری مەیەکە .
بۆمە : بۆ ئێمە لە کرمانجی ژورودا «مە» یان «ئەم» واتای ئێمە .
ساغەر: پیاڵە و دەفری مەی پێ خواردنەوە .
لەب : لێو .
عەبدڵا بەگ پێمان دەڵێ هەرگیز خواردنەوەی مەی زەبرێکی

لەسەرمن نابێ، چونکە من مەستی ئەومەیەم کەلە لێوی وەک دەفری مەی یار نۆشم کردووە، یان مەستی ئەو ماچی لێوانەی یارم کە هێشتا بەرمی نەداوە و زەبری لە هۆش و جەستەمدا کاریگەرە. شاعیر لەم دێڕەدا دوو پایەمان بۆ دیاری دەکات، پایەیەکی مادی بەوەی کە خواردنەوەی مەیی و کاریگەری لەسەر جەستە ئەو وشانەش کە بەکاری هێناون، وەکو «بادە، مەی، نەشئە، پیاڵە»پایەیەکی تر پایەی جیهان بینی ڕوحی نەشـئەو کەشی لێوی یار و مەست بوونی ماچی لێوی یار پایەی سێیەم کە نادیارەو ئاماژەی پێ نەداوە پێویستە خۆمان ئەو نهێنیە کەشف بکەین، ئەویش منەت بارکردن و فەزڵی جیهانە ڕووحیەکە بەســەر جیهانە مادییەکەدا بەوەی کە ئەو مەیە کاتیەیە کە ئێوە هوگری بوون ئەوە دەفری لێوی یاری مــنە کەوای مەست کردووم مەیە کاتیە مادییەکەی ئێوە هیچە بەلامەوە یان ئەوە جیهانی ڕووحی و تەسەوفی منە کە لە خەیاڵاتی مەست بوون و توانەوەی ڕوحە ئیلاهییەکەم کە بێئاگای کردوم مەیەکەی ئێوە کاریگەری و زەبری لەسەر من نابێ.

**گــەر خومارم نەخوماری مەی و جام و بادەم**
**مەستی بادەی لە بی گوڵڕەنگی نیگارم بەخودا**

«گەر» ئامرازی مەرجییە هەمیشە پێویستی بە دوو ڕستە دەبێ، ڕستەی کـاری مەرجی و وەڵامـی مـەرج هەمیشە ئەنجامدانی وەڵامـی مەرج پەیوەستە بەکاری مەرجەوە وەکو ئەگەر یەکبگرین، سەردەکەوین مەرجی سەرکەوتن یەکگرتنمانە واتا تایەک نەگرین سەرناکەوین
گوڵڕەنگ : وەک ڕەنگی گوڵ , ڕەنگی گوڵین , ئاڵ .
ئەگەر مەستیش بم مەستی مەی و پیاڵەی مەی نیم، سوێند بەخوا مەستی بادەی لێوی ئاڵی یاری خۆمم .
جارێکی تر» ئەدەب «ی شاعیر فەزڵی جیهانە ڕووحیەکە

نازدارێکی شوخ و شەنگی گاور «مەسیحی » ئاین و دڵمی ڕفاند بۆیە ئیتر جەستەم دڵی تێدا نەماوە. جەستەیەکیش کە دڵی تیدا نەمێنێ هێز و تواناشی لێدەبڕێ. گەر هێزو تواناش نەمینێ هیچ بڕیارێك نادرێت



دەداتەوە بەسەر جیهانە مادییەکەدا، بەوەی ماچی لێوی یار و دەفری دەمی یار مەستی کردووم نەک ئەو مەیە تاڵ و بێ هۆشکەرە مادیە. پاشان ئەمانخاتە گومانەوە مەرج نییە مەستی لیوی یاریش بێ بەڵکو دەڵێت «ئەگەر» مەستیش بم کە وابوو ئەگەری هەیە مەستی خەڵوە و جیهانە ڕووحیە تەسەوفییەکەبێت، کە گیانی تێکەڵ بەو ڕووحە ئیلاهییە بووە مەستی کردووە دای بڕیوە لە چواردەور و جیهانی دەوروبەر و ئاگاهی .

**شۆخی تەرسا بەچەیێ غارەتی دین و دڵی کرد**
**نەدڵی هێشت و نەتاقەت نە قەرارم بــە خودا**

تەرسابەچە : مەسیحی زادە یان بەچکە مەسیحی. دەشڵێن تەرسا ئەو شوخە بووە کە شێخی سەنعانی لە دین وەرگێڕا .

نازدارێکی شوخ و شەنگی گاور «مەسیحی « ئاین و دڵمی ڕفاند بۆیە ئیتر جەستەم دڵی تێدا نەماوە، جەستەیەکیش کە دڵی تیدا نەمێنێ هێز و تواناشی لێدەبڕێ. گەر هێزو تواناش نەمینێ هیچ بڕیارێک نادرێت لێرەوە «ئەدەب» ی شاعیر خۆی یەکلا دەکاتەوە، بەرچاو ڕوونی ئێمەش دەکات کە ئەم مەبەستی بوونیادە ڕووحی و تەسەوفییەکە نە بووە، لە هەمان کاتدا مەستی شەراب و مەیخانە نیە، بەڵکو مەستی بادەو لێوی یار و کچە شۆخێکە .

**ئەی سەنەم تابەکەی ئەو عیشوە و ئەو نازە بەما**
**کە نەما تاقەتی بـــاری خەمی یارم بە خودا**

سەنەم : بت .

بەما : بەئێمە .

ما : واتای ئێمە بەڵام ئەشێ بە «مە» بێت لەبەر کێش و سەرداوی شیعرەکە کردوویەتی بە «ما». ئەمە چەند جاریش ئەدەبی شاعیر بە کۆ قسە دەکات «ما/مە /ئەم / ئێمە « هەر ئاخێوەرێکیش کە بەکۆ قسان بکات دووبارە لەخۆ دەگرێت .

یەکەم : لەبەر ڕێزو نەوازش و تەقدیر هەروەکو خوای گەورەش زۆربەی گوفتارەکانی بە کۆیە .

دووەم : لە سۆنگەی خۆ بەگەورە زانینەوە بە زۆری گەورەکان. وەها تەماشای خواری خۆیان دەکەن کە منی گەورە و تۆی خواردەست و بچوکی خۆمبن .

ئەی بتەکەم ئەو نازو عیشوە شیرینەت بۆمن، تاکەی بێت بڕوابکە سوێند بەخودا ئیتر بە بەرمەوە نەماوە ئەوەندە قورسایی ئەو نازو عیشوە گرانەت لە ئەستۆ بگرم. ئەمە چەند جارێکیشە «ئـەدەب»ی شاعیر ئامرازی بانگکردن بەکاردەهێنێت، وەکو لە سەرەتاوە «ساقیا» «أ» بانگکردن لێرەیشدا جارێکی تر «ئەی»ئەمە گوتاری شاعیر لەگەڵ ئەوی تر دەخاتەڕوو، چونکە هەمیشە بانگکردن لە نێوان «من» و «ئەوی» تردا ڕوودەدات، ئیتر نازانرێت شاعیر مەبەستی لە ئەوی بەرامبەرو هەبووە یان لەگەڵ ئەوی تری

ناخی خۆی، یاخود سکاڵای مەعبودی ناخی خۆی دەکات لەتاو ئازار و سووتانی و یساڵ و پێک گەیشتنی. دەشبێ باس لە عیشقێکی مەجازی زەمینی بکات وردە وردە هەڵکشان و گەیشتن بەعیشقە ئیلاهییەکەی .

**چ بڵێم چۆنە لە دووری قەدی تۆ حاڵەتی من**
**چی بڵێ زیللەتی من یەک بەهەزارم بە خودا**

زیللەت: زەلیلی , ڕسوایی .

گیانەکەم چۆن چۆنی باسی گوزەرانی خۆمت بۆبکەم، کە بە دەست دەردو ئازاری دووریتەوە چۆن داماو و پەککەوتە بوومە، خۆ ئەگەر ئەم بارەی من زمانی هەبوایە و خۆی قسەی بۆ بکردیتایە، ئەوسا زمانی داماوی من خۆی باسی دەکرد. کەمێکی بۆ باس کردوویت و هێشتا هەزار ئەوەندەی تر ماوە کە بۆی باس نەکردوویت .

یەکەم: شاعیر باس لە قەدو باڵای دۆست دەکات، زیاتر بەرەو دڵنیابوون و یە قینمان دەبات کە مەبەستی لە عیشقە زەمینیەکەیە، کە بەهێزترە لەجیهانە ڕووحی و ئیلاهیەکە یان دەفری مەیی و مەست بوونی حەقیقی مەیخانە .

دووەم: شاعیر باس لە ڕسوابوون و زیللەتی خۆی دەکات کە لە هەزار بەشی یەک بەشی بچوکە، ئەوە تەنها عیشقە بتوانێ ئەوەندە بەهێز و کاریگەر بێ کە مەردوومان ئاوها بچوک و زلیل بکات، تاکو ئێستا هیچ شتێک نەیتوانیوە ئاوەها مرۆڤ دانی پێدابنێت و باس لە کەمی و ڕیسوابوون بکات، یاخود خۆی بەهیچ بزانێت تاکو ئێستا هیچ هێزێکی مەعنەوی و مادی نەیتوانیوە کێبرکێی عیشق بکات کە لە داهاتوویشدا ناتوانێت .

**بۆچمە زەحمەتی پەیکان و بەزێهکردنی تیر**
**منی بێچارە بەیەک غەمزە شکارم بەخـودا**

زەحمەت: ماندووبوون .

پەیکان: نووکی تیژی تیر .

زێە : ژێی کەوان .

بەزێهکردنی تیر : ئامادەکردنی تیر بۆ هاویشتن .

غەمزە: تیلەی چاوی نازداری .

شکار : ڕاو .

بۆ ڕاوکردنم پێویستت بە خۆماندووکردنی پەیکان و تیرهاویشتن نیە، چونکە سوێند بەخودا ئەوەندە بێ دەسەڵاتم هەربەیەک تاقە تیلەی چاوت دەپێکرێم و دەکەومە ژێر دەسەڵاتی خۆتەوە .

ئەدەبی شاعیر زیاتر بەرەو دڵنیابوونمان دەبات کە باس لە یارو تیلەی چاو و قەدو باڵای دۆست دەکات، جارێکی تر دووبارەی دەکاتەوە و تێبگەن کە مەبەست خۆشەویستە، بەدیوێکی تردا باس لە هێزی عیشق دەکات کە چەند بە هێز و بە ئێشە، تەنیا عیشقە مەردم ئاوها بچوک و کەم دەسەڵات دەکات و ملی پێ کەچ دەکات .

**باوجودی ڕووخی ئەو بۆ چمە گوڵزاری بەهار**
**تەلعەتی گوڵشەنمە ڕوویە بەهارم بەخـودا**

باوجوودی: بەهۆی هەبوونی ئەوەوە .

ڕووخ: ڕووخسار .

تەلعەت: دەرکەوتن .

گوڵشەن: گوڵزار .

سوێند بەخودا هەتا خاوەنی ڕووخساری یاربم ئیتر پێویستم بە گوڵزاری بەهارنیە، چونکە هەر دەرکەوتنی وەک گوڵزارە و دەموچاویشی بەهارێکە بۆ خۆی .

شاعیر هێدی هێدی بەرەو یەکلایی کردنەوەمان دەبات کە مەبەستی جەنابیان چیە و ئەیەوێ چی بڵێ، خەریکە بمانگەیەنێتە عیشقە مەجازیەکەی کە یار لای شاعیر خۆشەویستەکەی بوو .

**قەدی تۆ سەرو کەناری منە جۆباری ئەشک**
**چ سزاوارە ئەگەر پێنییە کەنارم بـەخودا**

قەدی تۆ: بەژن و باڵای تۆ .

جۆباری ئەشک: جۆگەلەی فرمێسک .

سزاوار: شایەن شایستە .

بەژن و باڵای بەرزو هەمیشە سەوزی تۆ وەک داری سەرووە، تەنیشتی منیش جۆگەلەیەکی فرمێسکی چاوەکانمە، ئەی ئیتر گیانەکەم تۆ خۆت دەزانیت کە داری سەروو بۆ ئەوەی هەمیشە بە سەوزی بمێنێ، پێویستی بەئاوە و ئەوەیش جۆگەلەی فرمێسکەکانی منە کە لە تەنیشتمدایە، ئاوی ئەو درەختی سەرووە باڵای تۆیە چەند شایەنی ئەوەیە بێتە نزیک و کەناری ئەم جۆگە فرمێسکەی من. شاعیر لێکچواندنی کـردووە لە نێوان فرمێسکی چاوەکانی و



بۆ ڕاوکردنم پێویستت بە خۆماندووکردنی پەیکان و تیرهاویشتن نیە،
چونکە سوێند بەخودا ئەوەندە بێ دەسەڵاتم هەربەیەك تاقە تیلەی
چاوت دەپێکرێم و دەکەومە ژێر دەسەڵاتی خۆتەوە

جۆگەلەی ئاو هەروەها باڵای بەرزی یارو داری سەروو. داری سەروو دارێکی بەرزی ڕێکە و بەرناگرێ، ئەم لێکچوواندن و خواستنەی کە شاعیر کردوویەتی بۆ ئافرەت بەکاردێت زیاتر بەرەو دڵنیاییمان دەبات کە شاعیر لە سەرەتاوە مەبەستی لە خۆشەویستەکەی بووە .

**دایما جان بەکەف و دەستی تەوازوع بەکەمەر**
**گوێ بە ئاوازەی فرمان نپارم بـــــەخودا**

دایما: هەمیشە , بەردەوام .
جان: گیان .
بەکەف: لەسەردەست .
تەوازوع: خۆبەکەم زانین .
نپار: پەخشان و بڵاوکردنەوە، وەشاندنەوە، قوربان کردن.
هەمیشە ئامادەی گیان بەخشینم و ڕووحم بۆ بەخشین لەسەر لەپی دەستمە، دەستەکەی تریشم بە خۆ بەکەم زانینەوە لەکەمەرمدایە، گوێشم بۆ ئەوە هەڵخستووە تا فرمان بکەیت و گیانم پێشکەش بکەم. شاعیر کەمێک ئەمانباتەوە لای دڕدۆنگی و هەڵوێستەکردن، دووبارە دەرونمان فێنک دەکاتەوە بۆ ئەوەی بلێ مەبەستم یارو دۆستە بەڵام کام یار کەمێک قورسە. پاشان پشت بە دێڕەکانی دوای ئەم دێڕە ئەبەستین تا لەمەبەستی شاعیر نزیک ببینەوە .

**گەرچی ئەو مەرحەلەیە نابەمە سەر بەیەقین**
**تا بە ئاخر نەفەیش جان سپارم بـــەخودا**

مەرحەلە: ئاست، قۆناغ .
جان سپار «گیان سپاردن، یانی گەرچی ئەوەندە ناژیم تا گیانمت لە پێناودا دابنێم، بەڵام قەیناکە با تا ئەو کاتەی بەمردنی خودایش دەمرم گیانمت لەلا دادەنێم و بە خۆتی دەسپێرم، تا زیاتر دڵنیابیت کە دەربەستبی گیان بەخشین نیم .
یەقین: لە قورئاندا بە دوو مانا هاتووە .
یەکەم: دڵنیابوون و گەیشتن بە ئەوپەڕی پلەی ئیمان .
دووەم: مردن. خوای گەورە دەفەرموێ «واعبد ربک حتی یأتیک الیقین .
دڕدۆنگیەکە زیاتر دەکات چونکە ئەم دێڕە لە بونیادە تەسەوفیەکاندایە، هەروەها مەفهوم و تێگەیشتنە ڕووحیەکان «مەرحەلەی یەقین و نەفەس و جان سپار «بڕیاردان لەسەر مەبەستە شیعرییەکەی شاعیر لەم دێڕەشدا جارێکی تر کەمێک قورسە .

**قەت مەفەرموو کە «ئەدەب» عیشقی مەی لێ بۆتە هەوا**
**سەر بگاتە فەلەک ئەو زەڕە غوبارم بـــــەخودا**

گیانەکەم هەرگیز ئەوە بەبیرتا نەیەت، کە بەهۆی گەیشتنم بەئەوینی تۆ ئیتر خۆم لێ گۆڕابێ و گەورە بووبێتم، چونکە سوێند بەخودا ئەگەر بەهۆی ئەوینی تۆوە و لە خۆشیاندا سەرم بگاتە کە شکەڵانی فەلەک، بەڵام هێشتا گەردیلەیەکی یەکجار بچووکم لە ئاستتدا.

هەواڵنامەی کتێب

# کورتیله چیرۆك وەك
# ڕەگەزێكی سەربەخۆ
# لە چیرۆكدا

فەیسەڵ هەمەوەندی



ئەم لێکۆڵینەوە ئەگەر چی هەوڵدانێکە بۆ شرۆڤەی سەرهەڵدانی کورتیلە چیرۆک و والا کردنی رای رەخنەگران وەک رەگەزێکی تازەی سەربەخۆ لە ژانری چیرۆک ..هەروەها داهینانەکانی و هۆکاری سەر هەڵدانی و زاراوە جیاوازەکانی ناولێنانی و پیوەری بچوککاری لە کورتە چیرۆک و پەیوەندی بەو رەگەزەوە. واتە کورتیلە چیرۆک و دەیان پرسیاری تر..ئەمە لە لایەکەوەو لە لایەکی ترەوە خۆ سەرقاڵ نەکردنی رەخنە گرانی کورد بۆ ئەم بوارە ، وایلیکردم ئەم بابەتە بخەمە گەڕ بەو هیوایەی ئاوڕێک لەم رەگەزی کورتیلە چیرۆک یا چیرۆکۆکە یا زاراوەکانی تر بدرێتەوە.

پێناسەیەک بۆ چیرۆکۆکە و مێژووی سەرهەڵدانی :

لە سەرەتای سەدەی بیست ئەم رەگەزەی چیرۆک لە ئەمریکای لاتین هاتە دونیاوەو دواتر بەرەو ئەوروپای خۆرئاوا کەوتە گەڕ.لە دوادوای سەدەی بیست لە وولاتانی عەرەبی سەری هەڵدا. تەنها لە مەغریب ئاستێکی باشی هەبوو.رەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ درەنگ سەرهەڵدانی لە مەغریب بە پێی دەوڵەتە عەرەبیەکانی تر ..کۆمەڵێ نووسەری مەغریبی تایبەتمەندێتیان لە نووسینەوەی کورتیلە چیرۆک پەیدا کرد. کە توانیان شتێکی تازەتر بخەنە بەردەستی خوێنەر بە تەکنیکێکی زۆر جوان و هونەرمەندانەیی لە خستنە رووی رووداوەکان، کە توانیان راچڵەکینێک لە کورتیلە چیرۆکدا بکەن لە مەڕ کلاسیکیتیکەیەوە..لەوانە محەمەد زەفزاف و زەهرە زیراوی و حەسەن بەرتاڵ و جەمال بوتەیب و کۆمەڵێکی تر. ئیدریس ناقوری لە گفتوگۆیەکی لەمەڕ ئەزموونی چیرۆکۆکە دەڵێت (هەموو هۆکارێکی ئەم رەگەزە، دەرهاویشتەی هۆکارە یەکلاکەرەوەری گۆڕانکاریەکانە، بابەتەکان..مێژوو.. رامیاری، کە لە ململانێیەکی دژە خۆیی بەشێوازێکی تر دەرسکێنێ) . لەوانەی لە ئەدەبیاتی مەغریب ناقوری ناویان دەبات ئیبراهیم عەلۆ لە پەنجا کورتیلە چیرۆک کە هەر بەو ناونیشانەوە دایگرتووە. جەمال بو تەیب بە ناونیشان(رهێلە...و دەستپێکی زمستان). حەسەن بەرتاڵ(کەلووەکان)..مستەفا لەغتیری(چەترێ لە گۆڕ).. هتد.

لە کوردستان کە لێکۆلینەوەکەمان بەنموونەی مشێ لە خەرواریک بۆ بەراوردی ئەدەبی کوردی بەتایبەت کورتیلە چیرۆک و لە دەڤەری باشووری کوردستانە ، دوای ئەوەی لە ساڵانی حەفتاکان سەرچاوەی ململانێ و داهینانەکان بوو، بە بۆچوونی هەندێ لە نووسەرانی کورد ئەو زەمەنە کە لەگەڵ مافی ئۆتۆنۆمیدا ئەدەبی کوردی ئەسپی خۆی تاوداوە ئەگەر چی نووسەرانی حەفتاکان رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە ، بەڵام لە مەڕ ئەم رەگەزی چیرۆکی زۆر کورتەوە کەمتەرخەمیان کردووە. رەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ماوە کورتەکەی مافی ئۆتۆنۆمیەکەی باشووری کوردستان کە دوو ساڵ و شتێکی خایاند ، یان نەبوونی ریگا چارەیەک بۆ ئاشنا بوونی ئەدەبیاتی رۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی .

لویس بۆرخیس و گابریل گارسیا مارکیز و ئـەدواردۆ کالیانۆ و راوول براسکالیۆن فیبریێس کۆردیرۆ و ئۆگستۆ مۆنتێرووستۆ و خوان ئارماندۆ و لۆی بریتۆ گارسیا و کافکا . ئەمەو بێجگە لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تووركی خۆیان بێبەش نەكردووە لە نووسینەوەی ئەم رەگەزە .
ئەو گۆڕانە بەلەزەی هاتە ئارای ئەدەبیاتی كوردستانەوە زۆر بە پەلە نووسەرانی كـورد لە هەموو بـوارەكـان وەك لاسایی كردنەوەی دەقی رۆژئاوابوو زیاتر لەوەی داهێنان بێ، بۆ ململانێ و داهینان. هەر ئەو بەلەز راپەرینەی ئەدەبیاتی عەرەبی لە مەڕ كورتیلە چیرۆكەوە، دەرئەنجامێكی زۆر سەركەوتووانەی نەبوو. تەنها لە مەغریب نەبێ كە درەنگ ئەم رەگەزەی چیرۆک سەریهەڵداو لە ئاستێكی زۆر باشیش.
مەخابن..هۆكارێكی تر كاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی كوردیدا هاتبێ ، كشانەوەی خوێنەرانە و سەرقاڵبوونیانە بە لایەنی تەكنەلۆژیا بە ئاراستەیەكی شمولی لە قۆستنەوەی مەعریفی و دونیا بینین وەك موغامەرات و سەفەری بێبەرنامە و نەقۆستنەوەی حیكمەتەكان و فەلسەفەو هیتر . وەلێ ئەمە مانای ئەوە نیە لاوان هەر هەموو وان، بەڵكو سیستەمی رۆشنبیری سیستەمێكی داخراو نیە لە هیچ كۆمەڵگەیەک، بەڵام ئەویش سیستەمێكی نیسبیە. بۆ ئەمڕۆی كورد بردنەوەی هەموو رێگاكانە بۆ بانە،
هەلبەت ئەو گەمە نووسینەی نووسەرانی كورتیلە چیرۆک لە ئەدەبی كوردیدا زیاتر بە سەلیقە بوە. چونكە هەر مەودای كورت و حەدەسی پۆرترێتی و كەمكردنەوەی ووشە نیە، بەڵكو كۆمەڵێک بنەمای تایبەت بەو رەگەزە هەیەو ، مەبەستێكی پەیوەست بەو سەرهەڵدانی چیرۆكۆكەیە هەیە. تا ئەمڕۆش رای جیاواز هەن لە لایەن رەخنەگرانی رۆژئاواو





رەخنە گرانی عەرەب لە مەڕ سەرهەڵدانی رەگەزی چیرۆکی زۆر کورت، دوای رۆمان و چیرۆکی درێژ و کورتە چیرۆک بە تایبەتی، کە دواتر باسی لێوە دەکەم.

پێناسەیەکی تایبەت بەم رەگەزە نیە، ئەگەر چی زۆری لە بارەوە ووتراوە. کە یەکەی رستەی بچوک و زەمەنی کورت و داماڵینی رستە وەسپیەکان و فلاش باک و بەشێک لە فەنتازیا، کە خزمەت بە درێژدادڕی ئەم رەگەزە ناکات.

حەسەن بەرتاڵ بەوە وەسپی کورتیلە چیرۆک دەکات ، کە بە بچوکترین یەکەی رستە دەست پێدەکات. وەک لە کورتیلە چیرۆکێکی خۆی لە ژێر ناونیشان(حب تعسفی)دا نووسیویەتی:

چاوەڕێبوو هەردوکیان بە یەکەوە دەستگیر بکرێن، تا دەست بخاتە نێو دەستیەوە.. ئەگەر بۆ یەکجاریش بێ.

کافکا لە رۆبنسۆن کرۆسۆ دا نووسیویەتی:

رۆبنسۆن کرۆسۆ لە بری چاوەڕوانی پاپۆرەکان، کەوتە پشکنینی دوورگەکە. بەمە ژیانی بردەوە

لە کورتیلە چیرۆکێکدا بەندەش بە ناونیشانی مەرگی عیشق :

هەستی کردبوو خۆشەوویستیەکەی هاتووەتە رسکان، جوانترین بیرۆکەی هۆنیبووەوە بۆ دەربڕینی . لەسەر لادیواری بەرانبەر ماڵی یار بە بۆیەیەکی سوور نووسیبوی ..خۆشتم دەوێ.

لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا مەفهومی چیرۆکەکان بێ دەلالەت نین لە رووداو ، وەلێ ..لەو دیوی هزرەوە بیرۆکەیەک لە

زهنی خوێنەر گەڵاڵە دەبێ، کە ئەگەر ئەو لەبری پاڵەوان بێ، ئەو واقیعەی قبووڵە.بە مانایەکی تر دەرئەنجامەکە هاوشێوەیەکی لە سرووشتدا هەیە. ئەو سۆزەی نووسەر لە مەڕ پاڵەوانەکەیەوە دەیکات، وەک ئەوەیە لە سرووشتدا دەرسکێ.

لە خۆ گرتنی سەرچاوەکان کە ڕەگەزەکانی تری ئەدەب لە داهێناندا هەیە، پۆرترێت یا short short story شێوازێکی نوێی خستوەتە سەر کورتیلە چیرۆک؟ ئەمە پرسیارە، ڕەنگە بە ئاسانی وڵامێکی کۆکمان لە لای زۆربەی ڕخنەگرانەوە دەست نەکەوێت، چونکە تا ئەمڕۆش رای جیاوازیان لەسەر ئەم ڕەگەزە هەیە، کە جێگای ڕەگەزەکانی تری پڕ کردووەتەوە یا پڕنەکردووەتەوە. ئەگەر وایە بۆچی ڕۆمان بە حەماسەتەوە لە گۆڕەپانەکان هەر ماوە. ئەگەر واش نیە بۆ قوتابخانە ڕەخنەییەکان دوودڵن لە زایندەیی ئەم مەخلوقە.

## چیرۆکنووسی ئۆرگوایی فرناندۆ ئیینسا دەڵێت:

هەموو دەقێک لە دونیایەکی ئاژاوەدا بە هەموو زاراوەکانی رق و شەڕانگێزێتی و شەڕ و کوشتنی مرۆڤایەتی...هتد پەنا بۆ نوێگەری و ڕێبازی نوێ و هونەری ئەدەبیات لە تەک ڕەوتی پێشکەوتندا چەرخێکە ئەگەر وەستا پێشکەوتنیش رادەوەستێ. ئەوسا مانایەک بۆ بەردەوامی نامێنێ .ئەم حاڵەتە سلبیانەی ئاژاوە بە هەموو ئەوانەی باسمان لێوەکرد، حاڵەتێکی سرووشتین. هاوسەنگی ژیانەوەن.

فرناندۆ لە کورتیلە چیرۆکێکی (گۆڕینی ناسنامە)دا نووسیویەتی:

بەرە بەیان کە بە ئاگا هاتەوە ..لەسەر چارپایەکەی خۆی نەبوو، جەستەیەکی رووتیش لە سیلەیدا ، ژنی (ب)ی ئازیزترین هاوڕێ ی بوو.دەسبەجێ پەیوەندی بە ماڵەکەی خۆیەوە کرد، کەمێ سەری سووڕما، کە (ب) وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە.داوای لێکرد نەشڵەژێ..کە دوا دەکەوێ..ژنەکەیشی جارێ نووستوە.

ئەگەر تەکنیکی ژیرانە نەبێ ، یا بڵێین نووسەری بە توانا نەبێ، ئەو گرفتەی وا بە جوانی بۆ چارەسەر ناکرێت. ئەم خیانەتکاریە لە سرووشتدا قبووڵەو ناکرێ نووسەر تیا سۆزدار بێ. لای خۆشمان گرفتی وا هەبوەو تەنانەت لە ناو شۆڕشیشدا ڕووداوی وامان هەیە، وەلێ نووسەری کوردی ئێمە ئەگەر خۆی چێشێکی نەکات، کە بە پێی کەللتوور و ئاینی ئیسلامەوە ، ڕەنگە فەتوای کوشتنیش بۆ ئەو نووسەرە دەربکرێت. ئەم گەمە ئەدەبیانە زیاتر خزمەت بە ڕەوتی ئەدەبیاتی یکوردی دەدەن، چونکە خوێنەریان زۆرترەو ڕەخنەسازیشیان لەسەر زۆرترە.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لە هاتنە ئارای ئەم ڕەگەزی فۆتۆ گرافیەتە یا تابلۆ چیرۆک بە زاراوەیەکەوە نەوەستاوە، وەک چیرۆکی درێژ و کورتە چیرۆک، بەڵکو دەیان زاراوەی جیا جیای لێنراوە. کە لە هەموویان نزیکتر ، چیرۆکی زۆر کورت ..قصە قصیرە جدا..short short story کە لە یەک زاراوە دەکەن و لای ڕەخنە گرانیش لێکۆڵینەوەو



**بۆ ئیشکردن لە دەق بەتایبەت کورتیلە چیرۆك کە باسی لێکۆڵینەوەکەمانە باشترین هەڵبژاردن لە کەرستەی سرووشتیەوە دەبێ لە دەوروبەری حەدەسەکە یا کەسایەتیەکانی چیرۆکەکە هاونەزم بێت**

رەخنە بەو زاراوانـــەوە هاتووە.ئەوەی جێی پرسیارە ..ئەوەیە ئایا ئەمە دوا وویستگەی سەرهەڵدانی رەگەزی ئەو ژانرە ئەدەبیەیە کە چیرۆکە؟!.

ئەگەر چی وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە مەحاڵە، وەلێ بۆچوون لە مەڕ ئەو پرسیارەوە هەیە، ئەویش هەر ئەوە نیە ئەو کەلێنەی ئەو پرسیارە پڕ بکرێتەوە. بەڵکو هەوڵێکی درووستی دەوێت، هەر هیچ نەبێ قسەیەکی نزیککراو، کە مرۆڤ نیمچە باوەڕێک لای گەڵاڵە بێ.

من بۆ خۆم پێم وایە ئەگەر ئەم رەگەزە دوا پەیامی چیرۆک بێ، ئەوا دونیای ئەم ژانرە لە فەنابووندایە. ئەمەش راست نیە، چونکە فەنا بوونی چیرۆک فەنابوونی حەدەسەکانە ..فەنابوونی ئینسانەکانە..دوایی دونیایە. چی لە دوای ئەم رەگـەزە دێ، ئـەوە گرفت نیە، چونکە جـارێ ئەم رەگەزی کورتیلە چیرۆکە تەواو کامڵ نەبووەو سەردەمی خۆی پڕ نەکردووەتەوە، شیعریش بە هەمان ئاراستە ئەو هەموو سەردەمەی بڕی و فەنا نەبوو. رەنگە شیعر شکستیەکی زۆری هێنابێ، شیعر لە کاڵبوونەوەیەکی بەردەوامدا بێ، بەڵام نەگەیشتووەتە فەنابوون، هەڵبەت تا رووداوەکـان هەبن، تا هەڵوویستەکان بڕسکێن ، تا ژیان هەبێ..شیعریش هەر دەبێ..چیرۆکیش هەر دەبێ، وەلێ بە رەوتێکی تازەتر ، بە زایندەی رەگەزێکی تری دەق.

کافکا بۆ ئەوەی بەگژدەسەڵاتی جەبەرووتی باوکیدا بچێتەوە، بە پەرەگرافی بچوک بچوک ئەو جەبەرووتەی دەنووسیەوە، دواجـار گشت ئەو نووسینانەی سووتان. ماکس برودی هاوڕێی هەژدە پارچەی لەو نووسینانەی لەسووتان دەرباز کرد و لە ژێر ناونیشانی(رامان) بە چاپ گەیاند. کافکا بەو چاپە زۆر شڵەژا، بە ماکس ی ووت:زۆر سوپاست دەکەم ئەو دەسنووسانەم بدەیتەوە. دوای چەند ساڵێ کافکا بۆ ماکس ی نووسی: تەنها یانزە نووسخەی لێ فرۆشراوە، دە نووسخەی خۆم کڕیومەتەوە، نازانم ئەو دانەیەیان کێ کڕیویەتی. بەر لەوەی ماڵئاوایی لە دونیا بکات ، بە ماکس ی راگەیاند، هەرچی دەسنووسێک هەیە لە ماڵەوەو لە هەر کوێەک بێ بیانسووتێنێ. ماکس برودی سووتانی ئەو دەسنووسانەی کافکای بە سووتانی کەللتوری میللەتێک دەزانـی، بۆیە قسەکەی کافکای شکاند و ئەو کەللتوەری پاراست، کە ئەمڕۆ لە هەموو دونیا دەنگی داوەتەوە.

### کەرەستەی هەڵبژێراو :

لە راستیدا بۆ ئیشکردن لە دەق بەتایبەت کورتیلە چیرۆک کە باسی لێکۆڵینەوەکەمانە باشترین هەڵبژاردن لە کەرستەی سرووشتیەوە دەبێ لە دەوروبەری حەدەسەکە یا کەسایەتیەکانی چیرۆکەکە هاونەزم بێت.ئەگەر نووسەر ئەو تەوافقەی بە زیرەکی خۆی قەناعەتی لای خوێنەر بەجێهێشت، ئەوا سەرکەوتن بەدەست دێنێ.قەناعەتەکە ئەوە نیە سۆز خوێنەر بەلای رووداوەکەوە کێش بکات، بەڵکو ئەو دەربڕینەی کەمجار لە سرووشتدا هەستی پێدەکەین، بۆ نموونە گیان فیدایی لە حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی جەنگ یا کەوتنە ناو بۆسەی دوژمن یا هەر حاڵەتێکی تر ، لێرەدا ئەو رستانەی نووسەر دەیدرکێنێ تەواوی ئەو زیرەکیەیە کە نووسەر هەڵیدەبژێرێت بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکە.

( ئەو لەتەک دە زگیرانەکەی کە دەسبەسەری قرسانەکان بوون، کاتێ سەر بەرەو خوار شۆڕیانیان کردەوە بۆ ناو دەریاکە بە گوریس، هەدووکیان یەکتریان دەدی)، کوڕکە چاوەکانی بە گریانەوە بوو، لەکچەکە زیاتر باوکە رۆی بوو، نووسەر ئەوەی دیەوێ لە کۆتاییدا بیڵێ، حتمەن بە قەد سەنگی دەقەکە لێرەدا دێتە ئاراوە. ئەو بۆ ئەوە پەرێشانبوو، دەزگیرانەکەی بە بەر چاویەوە دەخنکێ ، رەنگە لە واقیع سەد دەر سەد لە هەموو رووداوەکان ئەو ئەنجامە نەبێت. لێرەدا خوێنەر دەقێکی ئاسایی نەخوێندوەتەوە، بۆیە پێوویست بە هەڵوەستە کردن دەکات، ئەو هەڵوەستە کردنە شرۆڤەیە بۆ ئەودیوی دەقەکە، کە خوێنەر سەربەستە بۆچوونێکی جیاوازی هەبێت لەتەک بۆچوونێکی تری خوێنەرێکی تر یا نووسەرەکە خۆی جیاواز بێت. حاڵەتێکی تر کە پێچەوانەی ئەم دەرئەنجامەیە، تێیدا سۆز وەک ئەوەی کارێگەری بەسەر نووسەرەوە هەبێت، چوون سەرفرازی، وەلێ تەواوی خوێنەر لەو قەناعەتەدایە بۆ دەرئەنجامەکە.

کرێکارێکی کانگای خەلووزەبەردینە چیرۆکێکی نووسیبوو.



کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە ژنێکی گەنجە ، کە دەیەوێ خۆی لەو شوێنە دەرباز بکات. کاتێک چیرۆکەکە دەست پێدەکات ، ئەو سەرقاڵی گەڵاڵە دارشتن بۆ دەربازبوونە لە پاش بەستنیدا ، دەنگی فیتەی قەتار دەبیسترێ، ئەمە کەرستەی پەیوەندیدارەکەیە بە دەربازبوونەکەوە. جۆرێک ترس و دڵەخورپەمان لەو کارەی ئەودا بەرچاو دەکەوێ، هەستی پێدەکەین.لە کۆتایی چیرۆکەکەدا سازمانی شار شوێنی دەکەون. فیتەی ئەو قەتارەی کە لەمەودوا ژنەکە دەیبیستێ، لەتەک ئەوەی کەمتر و بێدەنگتر دەبێت، بە باچوونی ئارەزووی ئازادی ئەوە ، بەشێوەیەکی کەرستە وێنا دەکرێت.

ئەم هەڵبژاردنە بۆ کەرستە پێوویستە سەرنجداربێت ، لەتەک رەوتی چیرۆک هاوتا بێت، خوێنەر ئەودیوی ئەو نارەحەتیە دەخوێنێتەوە لە دەردە سەریو نەهامەتی کە ژنێک خۆی دەکات بە قوربانی لە پرۆسەی بە ئازادکردنی خۆی، کە رەنگە بکوژرێت. دیارە ئەم رووداوە لە سرووشتی ئەو کەسانەوە زۆر نزیکە کە حاڵەتێکی وای هەیە لە دەوروبەرەکەی بۆیە ئەوان تەواوی قەناعەتیان بە گێرانەوەو چارەسەری ئەو حاڵەتە هەیە. بە دەرەجەیەکی کەمتر لای ئەوانەی ترس رێیان نادا ببنە پاڵەوانی رووداوی وا. وەلێ ئەوانیش لەوە بەدەر نین کە قەناعەتیان پێ نەبێ. لە چیرۆکێکی خۆم وەرێک نیە بۆ چاوەڕوانی تێیدا کەرستەی هەڵبژێردراو نامەیە، دوای ئەوەی دلاوەر لەشەڕێکدا شەهید دەبێ. دایک و براو دەزگیران، دێنە نێو دەقەکەوە.ئەوەی وویستوومە بیڵێم هاتنی نامەکان بوو لە دوای شەهیدبوونی دلاوەرەوە، ئەویشی کە ئامانجە لە رەوتی چیرۆکەکە، پیرۆزی ئەو رێیەیە کە پێشمەرگە دەیگرتە بەر بۆ پارێزگاری لە کوردستان. لەودیوی کەرستەکەوە کەنامەیە لە دلاوەرەوە، باسکردنە لە نەتوانەوەی پەیامی شۆڕش لە ناو خێزانی دلاوەر .لە کۆتاییدا چاوەڕوانی بۆ هاتنەوەی دلاوەر نیە بەڵام لەبری دلاوەر نیشتیمانیک دێتەوە کە دلاوەر بەشێکە لەو. دایک دەیزانی دلاوەر شەهیدبووە، باوەڕیشی بەو نامانە نەبوو کە لە شەهیدەوە نووسرابوو. ئەو نەیدەوویست شۆڕش لە ماڵەکەی هەرسی هێنابێ، باوەڕیشی بە وە هەبوو دلاوەر دووی قەزیەیەک کەووتوە رێی هات و نەهاتە. ئەوەی نامەکە وەک کەرستەیەک بۆ دەقەکە بەردەوامیە لە شۆڕش.

**هۆکارەکانی برەودان بە چیرۆکۆکە :**

خوێنەری کورتیلە چیرۆک، زیاتر دڵخۆشە بەکورتی دەقەکە.هەڵبەت لەم سەردەمی بەلەزیدا کات کەمترە بۆ خوێندنەوەی رۆمان..چیرۆکی درێژ..کورتە چیرۆکیش. هەموو گۆڕانکاریەکان لەم سەردەمە گۆڕانکاریەکی بە پەلەو بەهەندێکی زۆر زۆرەوە لەتەک دابەشبوونی زەمەن دەرسکێ. ئەمە وایکردووە خوێنەر خۆی ماتەڵ نەکات، تا لە کاروانی بەرو پێشەوەچوون بەجێ نەمێنێت. دونیای ئەمڕۆ دونیایەکی ئاڵۆزە، ئاڵۆز بە قۆستنەوەی هەموو دەوروبەر، لە دونیایەکی بەربڵاو و لە هەموو روویەکیەوە.

بۆ نموونە قۆستنەوەی رووداوێــک لە گەڕلاوژێیەکدا قۆستنەوەی کۆمەڵێ ووردە رووداوە، یا گێڕانەوەی کۆمەڵێ بۆچوونە لە کاتێکی پێشبڕکێیدا، واتە لە زووترین کات. هەڵبەت کۆرتیلە چیرۆک یا نازناوەکانی تری تا رووداوێک لە دەقێکی بەربڵاو دەنووسێتەوە رەنگە بە چەندین مانگ یا ساڵ بێتە دەست، تەنانەت لەم سەردەمی بەلەزیدا تا نووسەرانیش قایلن بە نووسینەوەی دەقی (بەدەم رێوە) . ئەمە وایکردووە خوێنەر رۆژانە رووداوی هەواڵ ئامێز بخوێنێتەوە، چونکە کێشەی لەتەک کاتدا هەیە، ئەو دەقی چیرۆکۆکانە باشتر دەگونجێن لەگەڵ بواری خوێنەر. دێینەوە دەڵێین ئەمە واناگەێنێ ئەم دەقانە کورتیەکەی بـازاری گەرم کردبن. بەڵکو نووسەر لە دەقی درێـژەوە دەباتە بەردەم دەقێکی کورت، واتە ئەگەر لە کورتە چیرۆک توانیبێتی سەرکەوتن بەدەست بێنێ لەو قەڵەمبازەی دراوە لە چیرۆکی درێـژەوە بۆ کورتە چیرۆک، توانیویەتی دەقەکە بە زیرەکی کورت بکاتەوە بەمەرجێ ئەو زەمینەی لە دەست نەدابێ بۆ هەڵدانی کۆلارەکەی ئەوا لای خوێنەر شتێکی تازەی پێشکەش کردووە کە بەپێی زەمەن خوێنەر دەستخۆشی لێکردووە. بە هەمان شێوە لە نێوان کورتە چیرۆک و چیرۆکۆکە ئەو زەمینە لەبار بووە بۆ دەستخۆشی. زیاتر دەتوانم بڵێم بەدەم رێوە یا سەرپێیانە زاراوەیەکی نزیک بن بۆ ئەم جۆرە دەقانە ، کە لە چاخانەو لەنیو



خوێنەری کۆرتیلە چیرۆك، زیاتر دڵخۆشە بەکورتی دەقەکە. هەڵبەت لەم سەردەمی بەلەزیدا کات کەمترە بۆ خوێندنەوەی رۆمان. . چیرۆکی درێژ. . کورتە چیرۆکیش. هەموو گۆڕانکاریەکان لەم سەردەمە گۆڕانکاریەکی بە پەلەو بەهەندێکی زۆر زۆرەوە لەتەك دابەشبوونی زەمەن دەڕسکێ

پاس و لە وویستگەکان یا هۆڵەکانی چاوەڕوانیدا خوێنەر ماوەی هەبێت بۆ خوێندنەوەی . بەپێی بۆچوونی زۆرێک لە ڕەخنە گران، پێیان وایە ئەم ڕەگەزی چیرۆکە باشترینیان لە بانەڕۆژدایە. ئەویش بە پێی ئەوەی ساڵ بە ساڵ ئەو بەلەزیە زۆرتر دەبێت بەتایبەت ئەمڕۆ کە بواری زانست دونیای بچوککردوەتەوە بۆ ناولەپی مرۆڤ.تۆ دەتوانی لە چەند خولەکێک نوێترین دەقی دونیا بخوێنیتەوە. یا بە سەر پشتی لاپتۆپێکەوە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکەیت.

بەڵێ بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاراستەیەک لەم نووسینەم تێنەگات کە کۆدەتایەکە بۆ سەر کوتکردنیرەگەزەکانی تری چیرۆک، من قسەم بۆ ئەوە نەکردووە ئەم ڕەگەزە داهێنانی من بێ، بەڵکو لەناو کورددا ئەم ڕەگەزە زۆر دواکەوتووبوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا نەبێت ، دیارە ئەوەش بە حوکمی سیاسیی کوردەوە کە دەوڵەتە دەسەڵاتدارانی ڕەگەزپەرست بەری خۆری دونیایان لە کورد گرتبوو.  وەلێ دیسانەوە دەڵێم ئەگەرچی گەنجینەیەکی وامان نیە بە بەراورد لەتەک دونیادا، بەڵام دەقەکانمان هیچیان لەو دەقانە کەمترنین کە نووسەرانی ناوداری دونیا نووسیویانە.

مانەوەو لاکردنەوە زیاتر لەم ڕەگـەزەدا دەمێنێتەوە، بڕوانن زۆربەی ڕۆمان نووسەکان و نووسەرانی کورتە چیرۆک وازیان لەو نووسینانە هێناوە کە پێشتر سەرقاڵی بوون، دەیانەوێ لەم هەواری کورتیلە چیرۆکەدا داهینان بکەن.هەڵبەت پێشتر هۆکارەکانمان باس کردو ڕەوتەکەش ئاراستەیەکی دیاریکراوی هەیە، دەمێنێتەوە بڵێین تواناکان دەکەونە پێشبڕکێ و دونیا پڕدەبێ لە دەق، ئەو دەقانەی پێوویستیان بە پشوو نیە بۆ خوێندنەوە، لە هەچ شوێنێک بێ سەرپێی دەتوانی بیانخوێنیتەوە. تەنانەت بەر لەوەی قاوەکەت تـەواو بکەیت ، دەقێک و دووان و سیانیانت خوێندووەنەوە.

## شێوازی نووسین :

هەر کە چیرۆکێک لەو ڕەگـەزەی کورتیلە دەخوێنیتەوە ، هەست دەکەیت لەسەرتای دەست پێکردنی فلیمێک ئامادەنەبوویتە، یا بڵێین درەنگ چوویتەتە فلیمەکەو فریای سەرەتاکەی نەکەوتوویتە. بەڵام هەر لەگەڵ ڕستەی یەکەم و پەرەگرافی یەکەم خوێندنەوە ، لات دەبێت بە دەستپێک و پێشەکی ڕووداوەکـە وەک ئاوڕدانەوەیەک لە دیوی ئـاوەوەی ئەو ڕستەیە وەک خوێندنەوەی ئەو پێشەکیەیە کە لە کورتە چیرۆکدا دەخرێتە ڕوو بۆ پاڵپشتی لە ناوڕۆکی دەقەکە. ئەمەیە ئەو چڕکردنەوەیەی کورتیلە چیرۆکی هێناوەتە زایندەیبوون. تەجرید کردنی دەق لەو ئیزافاتانەی بۆ خزمەتی کورتە چیرۆک بەکار دەهێنرا، لەگەڵ ڕەوتی فیکری خوێنەر وایهەڵدەگرت. ئەمڕۆ فیکر چەقبەستووی سەردەمێک نیە تا دەقەکانیش وەک خۆیان بمێننەوە، خوێنەر بە قەد نووسەر ڕمبازی بیر و هەڵوێست دەکات و سەوای هزری خۆی دەخاتە گەڕ. دەنا ئەو ڕا جیاوازانە درووسـت نـەدەبوون، کە هاوشانی دەق بۆ بەرین کردنی فەزای دەق بەردەوام هەبوە. وەک باسمان لە



سەردەمی بەلەزداری کرد، ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ بەردەوامی رەگەزەکانی چیرۆک. واتە بۆ نەسووانەوەی رۆمان و کورتە چیرۆک لە دونیای ئەدەب لەم سەردەمە برووسکەدارە، کە خوێنەر کاتی نیە لە عومری خۆی زۆرێک لە ماوە ببەخشێتە خوێندنەوەی بەردەوام، کورتیلە چیرۆک ئەو بۆشایەی پڕ کردووەتەوە . باشترین نموونەش لە رۆمانەکەی عەبدوڵا سەراج دەردەکەوێت (هەڵکشان بەرەو لووتکە) کە زۆرێک لە کورتە چیرۆکەکانی ئاخنیوەتە نێو رۆمانەکەوە.دەکرێ بڵێین کورتە چیرۆکیش رەنگە چەند هەڵوویستێک یا وێنایەک لە کورتیلە چیرۆک بگرێتە خۆی، وەلێ پێوویستە وەک نووسەر عەبدوڵا سەراج هزر تیژ و دەست رەنگین بێ لەو داهێنانە.

## رامۆن گۆمیت بێ پێشکەیەک، لە ناوەندی فلیمەکەوە دەست پێدەکات :

سزای سەرتاسەریان بەسردا دا. بۆ ئەوەی لەم سزا دلڕقە رزگاری بێت، فێڵێکی بۆ خۆی داهێنا: نووسینەوەی یادەوەریە تایبەتیەکان . وەسپی ئەو کردانەی دەکرد وەک ئەوەی

ئازادبووبێ: ئەمڕۆ لە نیس...((و)). ئەمڕۆ لە قاهیرە...
بەڕێوەبەری زیندانەکە پێی زانی ، بانگی کردو بە دڵرەقیەوە پێی ڕاگەیاند، ئەو یادەوەریانە مانای هەڵاتنە و دژ بە یاسا ڕێسای زیندانە.

کە لە یادەوەریەکانیان داماڵی لە تەواوی ئازادیان داماڵی، ئەو زیندانیە دڵخۆشە لە خەمدا مرد.

پێشەکیەک نەبوو ئەم زیندانیە لەسەر چی گیراوە. تاوانێک دیار نیە ئەم کردبێتی. دادگایەک نیە شرۆڤەی ڕووداوەکە بکات. تەنها نووسەر دوو دیوی ڕووداوەکە دەگێڕیتەوە، یەک کەسێک زیندانیەو نووسەر ناڕاستەوخۆ لە زمانی زیندانیکەوە حوکمی ناعەدالەتی دەخاتە ڕوو، کە لێرەدا خوێنەر خۆی چیرۆک بۆ ڕووداوەکە هەڵدەبژێرێت، واتە پێشەکی.دوو دادگا دڵرقەکان، کە ئەمیش گەڕانەوەیە بۆ ئەو یاسانەی مرۆڤ دژ بە مرۆڤایەتی لەم شوێنانە پەیڕەو دەکرێت. نووسینەوەی دەقێکی لەم شێوازە بێ هیچ پێشەکیەک کاری ئەو یاسانە ڕەتدەکاتەوە کە بە دیوێکی تر سەرکوتکردنی کەسانێک یا لایەنێک بێ هیچ شتێ ڕەتدەکەنەوە، کە دژ بە دەسەڵات ڕەخنەیان هەیە، کێ ناڵێ ئەو زیندانیە قەزیەیەکی سیاسی نیە، وەک ئۆجەلان کە قەزیەیەکی گەورەی پێیەو دادگای دڵرەق بە کۆمەڵێک یاسای درووستکراو لە ناوەندی قەزیەکەی دووری ناخەنەوە. یا دوور نیە کەسێک بێ لەسەر ئەوە زیندانی کرابێت کە دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی وولاتەکەیدا وەستابێت، یا....هتد

ڕەنگە دەیان بۆچوونی تر هەبێت بۆ دەقەکە، ئەم پەیام گەیاندنە هیچی لەو شێوازە کەمتر نیە کە ڕەگەزی کورتە چیرۆک دەیگەیێنێ. ڕەنگە هەڵوەستە کردنی خوێنەر لێرەدا(کورتیلە چیرۆک) زیاتر بێت بەو پێیەی لە کورتە چیرۆک دەلالەتی زیاتر دەخرێتە ڕوو، کە خوێنەر شێوازی هونەریەکەی زیاتر بەلاوە سەرنجدارترە، وەک لەوەی خۆیشی خوێندنەوەیەک بخاتە پاڵ نووسەرو زیاتر بە دەوروبەری ڕووداوەکەدا بێتەوە.



هەر کە چیرۆکێك لەو ڕەگەزەی کورتیلە دەخوێنیتەوە ، هەست دەکەیت لەسەرتای دەست پێکردنی فلیمێك ئامادەنەبوویتە، یا بڵێین درەنگ چوویتەتە فلیمەکەو فریای سەرەتاکەی نەکەوتوویتە



پەراوێزەکان :

١.إبراهيم نصر الله ، أفق التحولات فى القصه القصيره ، شهادات ونصوص ، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر ، بيروت ، گ١ ، ٢٠٠١ ، ص٨.
٢.إبراهيم أحمد ، القصه القصيره جدا فى العراق ، ص٤٢.
٣.ياسين النصير ، التجربه والوعى ، ص ١٠٨.
٤.نعيم اليافى ، التگور الفنى لشكل القصه القصيره فى الأدب الشامى ، ١٨٧٠–١٩٦٥ ، اتحاد الكتاب – دمشق ١٩٨٢ ، ص ٢٠٥.
٥.عبد الرحمن أبو عوف ، البحپ عن گريق جديد للقصه القصيره المصريه ، الهيئه المصريه العامه ، گ١ ، ١٩٧١ ، ص١٦٩.
٦.انگلوجيا القصه القصيره جدا،د.جميل حمداوى . د.عيسى الدودى. گبعه الاولى سنه ٢٠١١
٧.اللوحه القصصيه .اسماعيل البويحياوى. منشورات التنوخى ـالرباگ ٢٠١١
٨.القصه القصيره جدا فى المغرب ـتصورات ومقاربات. د.سعاد مكين .منشورات التنوخى. سنه ٢٠١١

# گەمەی زمان لە هەڵبەستی (سینۆرینا)

هەڤاڵ دارا



لە دوای بڵاوبونەوەی بەشێک لەهەڵبەستی سینۆرینایی شاعیریی لاو(محمد لوقمان) لە ژمارە پێنجی ڕۆژنامەی (الجمیع)دا هەستمکرد کە زمانی شیعریی و گەمەکان بە وشە هانت دەدات زیاتر لە جارێک زیاتر ئەم هەڵبەستە پایزییە بخوێنیتەوە چونکە وەک دەزانین زمانی شیعر چ جوانییەک بە ڕستە و دەبڕینە شیعرییەکان دەدات، وەک لەتیف هەڵمەت دەڵێت( سەرکەوتنی هۆنراوەیەک لەوەدایە کە شاعیر بتوانێ وشەکان بەشێوەیەکی نوێ دابڕێژێ...), وەک دەزانین زمانی شیعریی جیاوازە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە کە خەڵکی بۆ بەڕێکردن و گەیاندنی پەیامە ئاساییە دوبارە و بەردەوامەکانی کە لە ژێر ئەو مانا فەرهەنگییەی کە دیاریی کراوە بەکاری دێنێـت، ، بەڵام شاعیر و زمانی شیعری جودان لەو بەکارهێنانەی ڕۆژانە و دەکەونە چوارچێوەی زمانێکی تایبەتییەوە (زمانی ئەدەبی زمانێکی تایبەتییە هەرلەبەر ئەوەش هونەری بەکارهێنانی تەنها لەدەست ئەو کەسانەدێت کە بەهرەی نوسین و شاعیرێتییان تێدایە) واتە دەبێت بڵێین ئەم یاریکردنە بەوشەکان و دروستکردنی ئەم تێفکرینە کە شاعیر پێیهەڵدەستێت کاتێک تێکستێکمان بۆ دروستدەکات، زمانێکی تایبەتییە وەک زمانی فەرهەنگی ئاسایی نیە، بۆ دروستکردنی ئەم داهێنانە کە هەرشاعیرێک زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لایەنی دەرونیی و ئەو توانا تایبەتییەی کە شاعیر هەیەتی بەدڵنیایی کاریگەری دەکاتە سەرئەم لایەنە، ئەم داهێنانەش کە وتمان تایبەتە بە شاعیران و هەر شاعیرێکیش جیاوازە لەبواری دەربڕیندا

هەواڵنامەی کتێب

ئەویش لەسەر ئەم لایەنانە ئیش دەکات. لادان لە مانا ئاساییەکەی کە لە فەرهەنگ بە وشەکان دەدرێت، وەک شاعیر لێرەدا دەڵێت :

**یارپێم دەڵێ..**
**من ئەو زەردە پەرییەم خۆش دەوێ**
**کە ئێواران پایزم پێدەناسێنێ**

وەک دەزانیـن پـەری هـەردەم بە نیشانەیەکی سپی و سەرەتایەکی ئاشتی ناسراوە، بەڵام دەبینین شاعیر لێرەدا جیاوازتر لە مانا فەرهەنگییەکەی هاتووە (پـەری) بە پایزکردووە. پاشان ڕەنگی زەردی پێبەخشیوە، ئەمەیش لادانە لەمانا گشتییەکەی پەری. پێشمان دەڵێت پایزانیش پەرییەکانمان هـەڵـدەوەرن وەک گەڵاکان کاتێک زەرد دەبن. دواتر توانیویەتی داهێنان بکات مانایەکی نوێشمان پێببەخشێت کە دەڵێت :

**بەرلە ئاوابوونی, تنۆک تنۆک**
**جوانی دەبەخشێ**

دیسان هاتووە (پەری) کردووە بە (پایز) و پێش ئاوابونی ئەم پەرییە پایزییە، کە پڕاوپڕە لە وەرین و نائومێدی، کە لەژیانی رۆژانەماندا گەڵای پایز وەری مانای خەزان و مردنە. بەڵام شاعیر دێت و بەرلەئاوابونی کە پێش مردنییەتی. کە دەزانین مردن واتە گریان و شین، کەچی پێمان دەڵێت ئەم مردنە وەک مردنی ئاسایی و مانا فەرهەنگییەکەی رۆژانە نییە، مردنی گەڵاش جوانیمان پێدەبەخشێت .

هەردەم رەخنەم لە شاعیران گرتووە تەنها لەپێناوی شیعریکی جـوان وەکـو جـەلادێـک بـەدیـار جەستەی گەڵایەکەوە چێژ وەردەگرن، ئەم دیمەنە هەمان مردنی بیر خستمەوە، کە توانیویەتی بەیاریکردن بە وشەکان داهێنان بکات. نهێنی شیعریش ئالەمەدایە، واتە خاسیەتی شیعری لەدەربڕینی ئەو جیهانەدایە کە زمانی ئاسایی بەرامبەریی دەستە پاچە دەوەستێت و ناتوانێت دەری ببڕێ.....)، وەک لە جیاتی ئەوەی بە زمانێکی گشتی بڵێت(( پەرییە ڕەنگ زەردەکە کە ئێواران پایزم پێدەناسێنێت....)، دێت بەم دەربڕینە ناسکە توانا زمانییەکەی خۆیمان بۆ دەردەخـات. زمانی شیعری ناتوانێت ئەو شێوە زمانەی گشتی بەکاربهێنێت، کە خەڵک ئاخاوتنی پێدەکەن تاڕادەیەک چەقبەستووبێت لە ڕووی داهێنانی مانای تازە و دروستکردنی تێگەیشتی تازەوە. لەکاتی بەرکەوتنمان بەمانای وشەکان لە نێو تێکستە شیعرییەکان تێدەگەین کە زمان هەردەم لە نوێ بونەوەدایە. کە دەڵێین زمان ( پێویستی بە بوژانەوەی بەردەوام هەیە بۆئەوەی وشک نەبێتەوە و نەزۆک نەبێت. شیعریش ئەوسەرچاوە سەرەکیەیە کە زمان دەپارێزێت و نوێی دەکاتەوە) شاعیر لەم پارچە ناسکەدا دەڵێـت :

**یارپێم دەڵێ..**
**من ئەو پایزەم خۆش دەوێ**
**کە هەڵدێ**
**خەمی وەرزەکانی دیم بۆئەوەرێنێ**

دەبینین کوڕە پایزییەکە هەوڵدەدات لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە، ئەم نوێکردنەوەی زمان و هەوڵدان بۆ دروستکردنەی وێنەیەکی شیعریی جوان, کە توانا کەسیەکەی خۆیمان پێدەناسێنیت و پایزبارانمان دەکات، خۆشەویستی خۆیمان بۆ دەردەبڕێت کاتێک یار پێیدەڵێت : من ئەو پایزەم خۆش دەوێ کە هەڵدێ) دەزانین مانگ هەڵدێت نەوەکو پایز. دیسانەوە ئاودێریی زمان دەکات و گەشەی پێدەدات، کە مانگ و پایزمان بۆ تێکەڵ دەکات, دڵنیام پێشمان دەڵێت مانگیش هەڵدەوەرێت چونکە یاریکردن بە سیفەتی مادەکان دەکات. دواتر بەردەوام دەبێت و خەمی وەرزەکانی تریش لەم گەڵا ڕێزانەی مانگدا بەدەم پایزەوە ئەوەرێنێت. ئەم شەڕی سیفات و گواستنەوەیان تەنها بۆئەوەیە پێمان بڵێت زمانی شیعریی من، زمانێکی پایزییە کە گشت ژیان خەزان ببێت، لەگەڵاکانی سینۆییناتان پێدەناسینم کە ڕەمزێکە لە دڵی پایزدا کاتێک شاعیر دەڵێـــــــــت:

**ئەو پێم دەڵێ..**
**جیاواز لەگەڵ وەرزەکاندا**
**ئەم زەردەپەرییە هەوێنی**
**ناسینی جوانی و پێکەنینەکانە**
**گشت مرۆڤەکان خاڵی دەکاتەوە**
**لە ڤین و ناشرینی ژین.**

دەڵێـت ژیان چەند پایزی هەبێت  بە سینۆریناکەی خۆم کە پڕن لە زەردی. زەردیش جوانی لەمانگەوە وەرگرتوە، سەرەتـایـەکـە بۆ ناسینی جـوانـی و پێکەنین، گشت مرۆڤایەتی پاک دەکاتەوە لە ڕەنگی تر. ئەمە یەکێک لە گەمەی زمانەوتنی و پێمان دەڵێت ڕەنگی پایز ئاسودەییە نەوەک ڕەنگی گوڵێک، کە ڕەنگی سوری وەکو نیشانەی خوێن پێمان دەناسێنیت. شیعر(زمانێکی هونەرییە و دەبێ بەهۆی بەکارهێنانی جۆرێک لەهێما مانایەکی تایبەتی ببەخشێت. لێرەدا زمانی شیعر ئەو زمانەیە کە کۆمەڵە خاسیەتێکی زمانەوانی دەبێت) ئەم هێما نوستوانە بە زمانێکی تاڕادەیەکی ئاسان ئەم پەیامەی لەخۆگرتووە .
داهێنان لەوە دەکات کە پێمان بڵێت  پایز هاتو وەرزی لەدایکبونی شیعرە. لەدایک دەبن و لەم وەرزەیشدا دەمرن. پایز وەکو کۆرپەیەک وەهایە کە دەڵێـــــت:

**یارهەر پێم دەڵێ...**
**ئەوە پایزە وەرزی لەدایکبوونی شیعرە**
**ئینجانەکانی نێو پەنجەرەکان پڕدەکات لەوشە**

دیاریکردنی وەرز بۆ لە دایکبونی شیعر، پڕکردنی ئەم ئینجانانەیە کە مانای ژیان دەبەخشێت. شاعیر ژیانمان پڕدەکات لە شیعر، واتە پێناسەی شیعرمان بۆ دەکات کە یەکێک لە ئەدگارەکانی پڕکردنەوەی جوانیەکانی ژیانە بە شیعر، بەوەی دەزانین شیعر پڕە لە ئیستاتیکا. ژیانیش بە شیعرەوە جوانە. شیعریش واتە وشە. لە کۆتایی پێمان دەڵێت وشە واتە گشت ژیان. ئەمەیش داهێنانێکی تری زمانەوانیە لە جیاتی بە رستەیەکی سادە پێمان بڵێت ( ژیان بە وشەکانەوە بەندە) دیت و ئەو دونیا فراوانەی شیعرمان بۆ دەکاتە رۆڤارێک بۆ تێگەیشتن لە ژیان. بەردەوام بونی



لەسەر زەردکردنی پایز و رەمز بارانکردنی وشەکان. ئەم پایزە پەیام بۆ یار دەنێرێت و دەڵێـــــــت:

**لە بری زەردە پەرییەکان، لەبری زەردی پایز،**
**زەردی کراسێکم لە زەردی پایزبۆت دزیوە**
**رەنگی هەمان ئەو ستیانەیە کە لە پایز**
**بەتەنافی نێوان خۆتان و دراوسێی زەردە فڕیوەکەتان**
**کە بەپەتی زۆڵفت هەڵتواسیبوو، مردوو شۆڕ دیاربوو**
**بە دیاری بۆم کڕیبوویت**

پێش کۆتاپەیامی دێت دەست بۆ لایەنێک دەبات کە لایەنێکی قەدەغەیە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا ئەویش ستیانە. هەوڵدەدات لەڕێگەی ئەم شێوازەوە لە جیاتی دیارییەک بۆ یار، گەیاندنی پەیامێک بێتبۆ مەعشوق. تێپەرینە لەمانا کلاسیکییەی کەلە نێوان عاشق و مەعشوق دەبێت تەنها بەس دڵ بکرێتە دیاری نێوانیان. دڵ و ستیانمان بۆ دەکاتە بۆتەی یەک مەبەستەوەو ئەویش بەبەخشینی خۆشییەکی پایزیی بە یار. پاشان بە زمانێکی سەردەمی ئیستا دێت ئەو زوڵفەی کە لە شیعری کلاسیکدا هەردەم عاشقی پێدەکرا بەدارا، ئەم بە پێچەوانەوە بە مردووی لە قەڵەم دەدات. گرنگیدان بە زمانی سەردەم وەک یەکێک لە بنەماکانی زمانی شیعری هەرقۆناغێک دێتە ژماردن لە کۆتادا پێمان دەڵێــــــت :

**من بە هەڵهاتنی تۆ دیمەوە نێو پانتاییەکانی**
**وجود و هەمدیسان ون دەبمەوە لەنێوتۆدا**
**ئەی کچە پایزەکەی ستیان پایزی.**
**من دەزانم**
**هاتنی تۆ هەوێنی پێکەنینەکانمە**
**کە تۆدێی پایزیش زەرد هەڵدەگەرێت**
**منیش خاڵی دەبمەوە لە خۆم**
**ئەی کچە پایزیە، نادیارەکە**
**پیت بەپیتی ناوت. گەڵا ڕێزانی**
**پایزتێکەڵ بە زولف و ستیان دەبێت**
**خەیاڵەکان سکپڕدەکەن بە شیعرێک**

دەبینین ئەم وێنە شیعرییەی کە پێمان دەڵێت هەموو بـوون لە نێوتۆدایە، ئەم سینۆرینایە وەکو ڕەمزێکی پشت ئەم کچە پایزییە دەکات بە چەقی گەردوون. پاشان تێکەڵمان دەکاتەوە بە ئەو یاسا فیزیکییەی لەسەدەکانی ناوەراست بۆ سەلماندنی گۆی زەوی تێدەفکران. ئەم دێت بەدێڕێک پێمان دەڵێت ئەو هەڵەبوون چەقی گـەردوون (ئەی کچە پایزەکەی ستیان پایزی ) ئەمە چەقی گەردونە کە ئەو هەموو خوێنەتان بۆی ڕشت. دواتر هەوڵ دەدات بوون(وجود) بگوازێتەوە لە خودی شاعیر بۆ ناو سینۆرینا لە ژێر ئەو کاریگەری و تێگەیشتنە کلاسیکییەی کە هەوڵ بۆ فەنابوونی خۆیی دەدات، بۆنمونە وەک نازناوی ئەم شاعیرانە کە پڕاوپڕن لە گواستنەوەی خود یان سرینەوەی خود لە پێناوی مەعشوقدا، کە نازناویان وەک شاعیرانی( مەحوی .حەریق ..)، ئەم یاریکردنە بە وشە کە پڕە لە مانا بە دڵنیاییەوە توانای دەوێت. دواوێنەی شیعریی پێمان دەڵێت هەموو لەدایکبونێک بەشیعر کۆتایی دێت. دەتوانین چەندین پێناسەی جوان بۆ شیعر بکەین لەو سەردەمەی تێیدادەژین، کە دەزانین ئەدەب ئاوێنەی ژیانە، ژیانیش لە شیعر لە دایکبووە بە مانایەکی مەجازیی دور لە مانا فەرهەنگییەکەی کە بۆ ژیان دیاریکراوە....


**سەرچاوەکان :**

١ ـ سەرەتایەک بۆهۆنراوەی نویٚ. لەتیف هەڵمەت. ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە(١٠٦).

٢ ـ رۆژنامەی الجمیع. ژمارە (٥) ٢٠١٧ .

٣ ـ ڕێبازی رۆمانتیک لەئەدەبی کوردیدا. خورشید ڕەشید ئەحمەد .بەغداد,١٩٨٩.

٤ـ الشعر کیف نفهه ونتذوقه. الیزابث دور. ت : ابراهیم الشوش,مکتبه منیمه بیروت.

٥ ـ فی لغه الشعر. د.ابراهیم السامرائی. دارالفکرللنشروالتوزیع . عمان .

٦ ـ الثابت والمتحول. ادونیس. الطبعه الخامسه. دار الفکرللطباعەوالنشر,١٩٨٦


هەواڵنامەی کێتی



نوقڵە چیرۆک

# (ڤۆدگە)

حەمە سەعید زەنگنە

من و حەمەی مامە شێخ، زۆر هاوڕێ و هامڕازی یەکدی بووین. مامە شێخ زۆر جاران.. دەستی پیرۆزو مەبارەکی بەسەرمدا دەهێناو دەیگوتمێ:

"حەمە! بە خولای لەگەڵ حەمەی کوڕم جیاوازیت ناکەم!!"

حەمە سەری ڕۆیشتبا نوێژی نەدەچوو، لێ من ناچار نەبووبام! نوێژم نەدەکرد، وەلێ ڕۆژانی هەینی هەڤڕاو، بەکۆمەڵ! نوێژی هەینیمان لە تەکیێەکەی تەنیشتی ماڵی شێخ دەکرد.

حەمە بەژنێ زراڤ و ناسک و سپی و.. دوو چاوی کەسکی هەبوون! لێ وەکی من بەگفتولفت و، قسەڕەوان نەبوو! ئەو قیچێکیش شەمنۆک بوو، بۆیەش هەردەم پێیدەکوتم:

"لۆ بڕەک شوێنان! من شانداو، خۆت قسان وەکە"

حەمە فرە ڕموودەو ئۆگریی من بوو..بێ من مەحاڵ بوو، بۆ شوێنێ چووبا! من کرێکاریم دەکرد! حەمە باوکی هەبوو بوو، پێویستی نەبوو، خۆی هیلاک وەکات. هەردووکمان بزێو و ناڕەحەت بووین! سەرمان بە هەزارو یەک کوندا دەکرد. پێکڤە بۆ تۆپان و مەلە و چایخانە و سینەماو.. تەنانەت ماڵە سۆزانییەکانیش دەچووین، کە بۆ شارانی دی چووباین و مابایەنەوە! سەردانی مەرقەس و تیاترۆخانەشمان دەکرد. زۆر بەکەمی نەبێت نەیدەهێشت



دەست دەبەڕکم بنێم، گەلەک جاریش بۆ شۆخی دەیگوتمێ:
"دراوی دەروێشان فرەن! ئەوی گیرفانت لۆ داکتی بە کەباب بدە!"

دەیزانیی دایکم زۆری ئارەزوو و مەگیزی کەبابە.

سووسەی کردبوو ماوەیەکە، بێ کارو کاسبیشم! نەخاسمە ئەو ساڵەش بێ بارانی و.. هیشکە ساڵی بوو. خەڵکی بێوازو بێ هیوا! چەند کەڕەتێ "نوێژەبارانە" شیان کرد! لەوەیە خواش غەزەبی لەو میللەتە گرتبوبێ! ئاخر میللەتێ هێندە خۆخۆر و چاوچنۆک و، هەر هەڵپەی سکبێ و، سەربەخۆیی و سەرفرازیی نیشتمانەکەی لا گرینگ و پیرۆز نەبێت! شایانی ئەوەنییە! بژێوی و قووتی ژیانیان لێوەربگرێتەوە؟

هەمیشە پێکەوەش مەیمان دەنووشی! ببڕای نەشمان دەهێشت کەس پێمان بزانێ! ئەو نا! لێ من زۆر بەکەمی سەرخۆش دەبووم!

شەوێ لە ماڵی ئەوانداو. لە ژوورێکی نزیکی دەرکەی حەوشە.. پێکەوە مێزمان ڕازاندبووەوەو، دەمانخواردەوە!!

زۆربەی جاریش ڤۆدگەمان دەخواردەوە، حەمە دەیەگوت:

"ڤۆدگە برای عەرەقە!پەسنییەکەی لە نەبوونی بۆنەکەیدایە!"

ئێمە لەم قسانەدا بووین! لە دەرکە درا، حەمە شەمزا، گوتی:

"بەگەورەیی خوا باوکمە!"

ناحەقی نەبووا بەم یەکی شەوە، کێ زاخ دەکات! لە

هەواڵنامەی کتێب

دەرکەی ماڵان بدا، حەمە گوتیەمن:

"شتەکان لە ژێر مێزەکە وەرشارم"

خۆشی بۆ دەرکە چوو وەیکاتەوە. من شتەکانم حەشارداو. ئەوی لە دەرکەی ژوورەکەوە ئاودیوبووا! من ژی بلەز دووی چووم.. حەمە دەرکەی حەوشەی کردەوەو.. دەستێکی لەمبەری دەرکەو، دەستێکی لەوبەری دەرکە دانان! تەواو سەرخۆش بووا نەیدەتوانی خۆی بەپێوە بگرێت! تماشامان کرد، دەروێشە قنجەی هاوسێی خۆیانە، شەوی لێ گۆڕاوەو.. هاتووە بە مامەشێخ بلێ، یاشێخ نزایەکمان بۆ بکە! دا لەم قات و قڕی و نەهامەتییە ڕزگارمان بێت! حەمە کە دەروێشی دیت! ئاوەزی لە شەقەی باڵیدا. بە توندی و تووڕەیی، بەسەریدا شیڕاندی و کوتی:

" ها چت گەرەک!"

دەرویشی تاین ڕێزێکی نواند و کوتی:

"یاشێخ هاتووم هیممەتێک بکەی! خوا دەروویەکی ڕەحمەت! لەو خەڵکەی بکاتەوەو باران ببارێت!" حەمە تەواو پەست ببوو لە بێزاریدا کوتی:

"باشە! بڕۆ بەیانی، باران دەبارێت!"

قاپییەکەی بەتووندی بەسەردا پێوەدا. ئیدی ڕەوشەکەمان لێ تێکچوو، شتەکانمان تاقەت کردو، من بۆماڵەوە چوومەوەو ، حەمەش ژوورێکیان لە سەرەوە هەبووا وە هەسپایی وە پلیکانەکاندا چوو تا بنوێ. بەیانی هەڵستاین باران باری بوو، لافاو هەڵستا بوو، ئاشگێڕیک ئاو بە کۆڵانەکاندا سەری دەکرد..

دایکم تاشتی ئامادەکردبوو، شادیی وەڕوخسارییەوە دەدیترا.. لەسەر بەرماڵەکەی وێردی دەخۆندو سەڵاواتی لێدەدا! ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، لێ باسی مەیم نەکرد. دایکم کوتی:

قوربانی هیممەت و بەرەکەتیانبم! زاتێکی گەورەن، کوڕم شێمحەمەد زویری نەکەی! بە خوا دەگێڕنەوە بابە گەورەی، حەوت ساڵان جڵەوی مانگ و ڕۆژی ڕاکێشاوە!

ڕمووده: ئۆگریی.

**هەڤڕا**، پێکڤە، وێڕا.



# دوو نووسەری جیهانی

ئەردەڵان

## مەکسیم گۆرکی:

نووسەری ڕوسی مەکسیم گۆرکی ( ١٨٦٨ ـ ١٩٣٦ ) دامەزرێنەر ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستیە لەئەدەبدا. لەسەردەمی منداڵی و هەرزەکارییدا ژیانێکی سەخت و دژواری پڕ لەکولەمەرگیی بردەسەر. نازناوی گۆرکیی بۆخۆی هەڵبژارد کە بەزمانی ڕوسی بەمانای تاڵ دێت. لەڕۆژگارێکدا ژیانی گەیشتە ئاستێکی





دژوار و بەربەستێکی سەختی ئەوتۆ، کە ویستی بەدەستی خۆی کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت .

هەر لەتەمەنی دوازدە ساڵیەوە دەستی بەپرۆسەی نووسین کرد. لەسەرەتادا هەرشتێکی بەمێشکدا بهاتایە تۆماری دەکرد و دەینووسی، لەهەمان کاتدا شیعریشی دەهۆنیەوە. یەکەم چیرۆکی خۆی لەساڵی ١٨٩٢ دا بڵاو کردەوە. لەبارەی کاروباری ئەدەبیەوە دەدوێت و دەڵێ :

ــ هەموو کەسایەتیەکانی دستۆیڤسکی وەکو نموونەیەکی دەستنیشان کراو وەهان، بەتایبەتی کەسایەتیی ئیڤان و کارامازۆڤ و میرمشین و ستافرۆجین و کرۆشکا.. بەڵام نووسەر بەبێ هیچ هۆ و بەڵگەیەکی دیار و ئاشکرا ملی ڕاسکۆلنیکۆڤی چەماندۆتەوە. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە نووسەر کەوتبوە ژێر ڕکێفی بیر و باوەڕی ئاینی مەسیحیەوە، ئەویش بەبیانوی دەرباز بوون لەئازار و ڕزگار بوون لەئەشکەنجە.. هەروەها دەتوانین بڵێین نموونەی تەبا و تۆکمە زۆرن وەکو : هاملێت و فاوست و دۆن کیشۆت و ڕۆبنسون کرۆزۆ و ڤارتەر و مەدام بوڤاری.. بەلای منەوە ئەم نموونانە لەترۆپکی داهێنان و خوڵقاندندان. بەدووریشی نازانم گەر بەلای کەسانی تریشەوە هەر بەهەمان شێوەبن. بەتایبەتی بەلای ئەو کەسانەی کە هەست بەهارمۆنی و تەبایی پێویست دەکەن. لەهەمان کاتدا هەندێک لەم بابەتانە شێوەیەکی ناهەموار وەردەگرن. نموونەیش زۆرن وەکو گیانە مردووەکان و پشکنەری گشتیی نووسەر نیکۆلای گۆگۆل و یۆدۆشکای نووسەر سالتیکۆڤ شیدرین و هەندێک لەکەسایەتیەکانی چارلز دیکنز و ڤیکتۆر هیگۆ ..

بۆجارێکی تریش دەیڵێمەوە کە مامۆستا و ڕابەری لێهاتوو بۆی نییە بەتەنیا بەباشی بابەتەکەی بناسێت و بەتەواوەتی ئاشنای بێت، بەڵکو پێویستە لەناخەوە خۆشی بوێت و پێی شاد بێت. ئەوەتا زۆربەی کەسایەتیەکانی دستۆیڤسکی کەسانی نامۆ و قێزەونن، بەڵام نووسەر بەوپەڕی میهرەبانی و دڵێکی پڕ لەسۆز و خۆشەویستییەوە وێنەی کێشاون ..

مەکسیم گۆرکی لەسەرەتای ژیانی ئەدەبییدا، ڕۆژێک لەئاکامی سیاسەت لەلایەن ڕژێمی سیزەرییەوە دەستگیر دەکرێت. ڕاپێچ دەکرێت بۆ بەردەم ئەفسەرێکی لاو بەمەبەستی لێپێچینەوە، ئەفسەرەکە یەکسەر دەیناسێتەوە، دەزانێت کە ئەو کەسە دەستگیر کراوەی بەردەمی نووسەرێکی ناوداری ڕوسیایە. ڕووی دەمی دەکاتە نووسەر و داوای ئەوەی لێدەکات، کە لەپاداشتی سەرفراز کردنی چیرۆکێک بەناوی ئەفسەرەکەوە بنووسێت و بڵاوی بکاتەوە. گۆرکی بەو مامەڵەیە ڕازی دەبێت. یەکسەر لێی دادەنیشێت و بەپەلە و دەست و برد کورتە چیرۆکێک دەنوسێت. گۆرکی ئازاد دەکرێت و پاش سێ ڕۆژ بەدواوە چیرۆکەکە لەڕۆژنامەیەکدا بەناوی ئەفسەرەکەوە بڵاو دەبێتەوە ..

گۆرکی لەبارەی خۆیەوە دەنوسێت و دەڵێ :

وەکو لەبیرم مابێت لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا هەوڵی نووسینم دا. لەسەرەتادا پەند و قسەی نەستەقم دەنووسیەوە. دواتریش بۆچون و تێڕوانینەکانی خۆمم تۆمار دەکردن. بەو شێوازە چەندین ڕستەی بێ سەر و شوێنم نووسیەوە.

لەو سەرەوەختەدا ئەو بیر و بۆچونە هەڵانەیش زاڵ بوون بەسەر بیر و هۆشمدا. تەنانەت کاتێک لەساڵی ١٩٠٤ دا کاتێک شانۆنامەی ( میوانی وەرزی هاوین )م نووسی، یەکێک لەکارەکتەرەکان دەنگی لێ هەڵدەبڕێت و دەڵێ :

ــ کەسێک نەهات ؟

ئەوی تریشیان وەڵامی دەداتەوە :

ــ هیچ کەسێکیش ناتوانێت بێت ؟

ئەوەی مایەی وتنە دەستی شیعر نووسینیشم هەبوو. باشم لەیادە بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر، بیرم لەڕستەی بێ سەر و شوێن دەکردەوە. بابەتیەلێکی زۆرم خوێندەوە. بەپەرۆشیشەوە ئینجیلم خوێندەوە. هەروەها ڕۆژنامەی ( ئیسکرا )م بەگەرم و گوڕیەوە دەخوێندەوە، کە ڕۆژنامەیەکی گاڵتەجاڕیی هەفتانە بوو، لەلایەن ( کۆکۆریۆڤ ) ەوە دەردەچوو .

لەساڵی ١٨٩٢ دا بۆیەکەم جار نووسینێکم بڵاوبووەوە. تاوەکو ساڵی ١٨٩٥ نەمدەزانی کە خۆم بۆ کاروباری نووسین تەرخان دەکەم. بەهەڵەدا چووبووم کە وەهای تێدەگەیشتم، گوایە بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆک لەڕۆژنامەکاندا، شتێکی هاکەزایی کەم بایەخە. بۆ هەر کەسێک کە لەسەرەتادا فێری هونەری نووسین بێت، وەها باشە بەنووسینی کورتە چیرۆک دەست پێبکات.، چونکی کورتە چیرۆک فێری شێواز و ڕێچکەیەکی زۆرت دەکات، بۆنموونە وشەی کەم بەکاربهێنیت و بابەتێکی چڕوپڕ بەرهەم بهێنیت .

## ولیام فۆکنەر :

نووسەری ئەمریکایی ولیەم فۆکنەر ( ١٨٩٧ ـ ١٩٦٢ ) بەیەکێک لەنووسەرە هەرە ناسراوەکانی وڵاتی ئەمریکا دەناسرێت. پێنج نووسەری ئەمریکایی کە خەڵاتی نۆبلی ئەدەبییان بەدەستهێنا، هەردەم ئالودەی مەی نۆشی بوون. فۆکنەریش یەکێک بوو لەوانە. بەوەیش ناسرابوو کە بێ وچان حەز و خولیایەکی زۆری هەبوو، بۆ کاروباری وەرزێری و ئەسپ سواری. وەها ڕاهاتبوو هەموو سەر لەبەیانییەک زووبەزووی لەخەو ڕاپەڕێت، بۆئەوەی خۆی بۆ نووسین و خوێندنەوە ئامادە بکات. هەندێک جاریش سەرقاڵی ڕاوە ماسی دەبوو، بەبێ ئەوەی سەوزایی و ڕووەکەکان فەرامۆش بکات .

نووسەر خاوەنی بەرهەمێکی زۆر بوو. بەتایبەتی ڕۆمانی ( ژاوەژاو و توندوتیژی ) بەیەکێک لەبەرهەمە هەرە سەرکەوتووەکانی دادەنرێت. ئەو ڕۆمانە بووە مایەی ناساندنی فۆکنەر بەخوێنەرانی سەرانسەری جیهان. وەها باوە کە نووسەر لەپۆلین کردندا، دەخرێتە ڕیزی نووسەرە تازەگەری و نوێ خوازەکانەوە. بۆیە بابەتەکانی بەو ئاسانییە خۆیان نادەن بەدەستی خوێنەری ئاساییەوە. بگرە شۆڕ بوونەوە بۆنێو ڕۆمانەکانی بەڕێگایەکی پڕ لەپێچ و پەناوە ڕتدەبن. ڕۆمانی ژاوەژاو و توندوتیژی باسی بنەماڵەیەکی وڵاتی ئەمریکا دەکات، سەبارەت بەتێکچوونی شیرازەی باری کۆمەڵایەتییانەوە دەدوێت. ڕۆمانەکە بەشێوازی مونۆلۆگی ناوەکیی فرە دەنگی داڕێژراوە. لەهەر بەشێکی ڕۆمانەکەدا بەتەنیا یەکێک لەئەندامانی



ئەو بنەماڵەیە دەدوێن، باری سرنجی خۆیان سەبارەت بەپەیوەندییەکانی خێزانەکەیان یەکالا دەکەنەوە .
ولیەم فۆکنەر خاوەنی شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی. بەشێوازێکی سادە و ئاسانیش خۆی بەدەستەوە نادات. بۆیە ڕۆمانەکانی تەنانەت لەوڵاتەکەی خۆیشیدا لەلایەن خەڵکانێکی دەستەبژێرەوە دەخوێنرێنەوە. ئەم دیاردەیەیش بەپێچەوانەی شێوازی نووسینی چەند نووسەرێکی ئەمریکاییە، وەکو ئێرنست هەمینگوای و جۆن شتاینبیک و ئارسکین کالدویل. نووسەر هاونیشتمانییەکی باشووریی ڕەسەن بوو. بەڕاستگۆیی و دڵسۆزیەکی زۆرەوە، وەسفی ناوچەکانی خوارووی وڵاتی ئەمریکای لەمیانی ڕۆمانەکانیدا کردووە .
ولیام فۆکنەر بەوە ناسرابوو کەسێکی باڵا کورتی گۆشەگیر بوو. لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی لەساڵی ١٩٤٩ دا، وتەیەکی بەو بۆنەیەوە خوێندەوە، دەنگی ئەوەندە باریک و نزمبوو، کە بەباشی گوێران لێی حاڵی نەدەبوون .
سەرەڕتای ڕۆمان نووسین، خاوەنی چەندین کۆمەڵە کورتە چیرۆکە. لەئێستادا ڕەخنەگران دەڕواننە ولیام فۆکنەر وەکو نووسەرێکی داهێنەر، کە دەستێکی باڵای هەبووە لەنوێخوازی و تازەگەرێتیدا لەمەیدانی ئەدەبی هاوچەرخدا.





# تۆ

## لە پیاوەکان مەچۆ

قێزم دەبێتەوە لە ژیان
کە شەڕە جیهانییەکانم بیردێتەوە



«حەمەی شانۆ»

شۆڕش دەرمانێکی سڕکەر بوو
سەرکردەکان گەنجەکانیان پێ گیرۆدەکرد
مێشکیانیان سیخناخ کرد بە درووشم،
چاویان پڕ بو بەخەونی تۆڵەسەندنەوە
سینگیان پڕ بوو لە بۆنی مەرگی سوتاو
حەیف بۆ پیاوەکان
کە ناتوانن کێلگەی خەیاڵ بکێڵن
ناتوانن دەستی کچێک بگوشن.



لە سیحری وشە نازانن تا نامەیەکی دڵداری بنوسن
حەیف بۆ پیاوەکان کە بردیانیان بۆ جەهەنەم
سوێندەکانیان لە بیرچویەوە
من لەناو ئینجیل دەنووستم
زمانی چاویان لەدەستدا
من بە فرمێسک مردووەکانم دەشوشت
دڵ و سەردەستیان کاڵ بویەوە
من لە باغی خەیاڵ حەرف حەرفی
ئەم شیعرەم دەڕنییەوە.
حەیف بۆ پیاوەکان
ژیان خێرا تێپەڕی
ئێوە
خەریکی بەستنی قەیتانی پۆستاڵەکانتان بوون
من ستیانی ژنێکم شل دەکردەوە
دەستیم ئەگوشی و
بەچرپە ماچم ئەکرد
تەڕایی لە ملیم دەلێسایەوە
کچەکە

خۆی خزانە باوەشمەوە

بە چرپەوە گوتی:

تۆ لەپیاوەکان مەچۆ.

بۆجەنگ مەچۆ با سینگت بۆگەن نەبێ

بۆ تەعزیە مەچۆ با زمان لەدەست نەدەی

بۆ چاخانە مەچۆ ئەترسم ببی بە سیاسی

بۆ کار مەچۆ ئەترسم خەیاڵت بمرێ.

چرپەی ئەو ژنە هێندە شیرین

ژیانی لێ تاڵ کردم

وایکرد

قەت تەماشای سەردێڕی هەواڵەکان نەکەم،

قەت شوارب نەهێڵمەوە.

قەت قژم چەورنەکەم

قەت تەقە نەکەم

قەت درۆنەکەم

قەت قەت ئەو ژنەم بیرناچێ

فێری

ئاودانی ئینجانە و

یاری لەگەڵ پەپولەی کردم

فێری سەماکردن لەژێر دارسنۆبەر و

سەگ بەخێوکردن و

شیعر نوسینی کردم

وای لێم کرد

گوێ بۆ گڤەی بای ئێواران بگرم

فێری کردم

سەفەر بکەم

بە چرپەوە پێی وتم: بچۆ بچۆ

مەمێنەوە با لە پیاوەکان نەچی

کە یارییەکان تێک ئەدەن

قژی کچەکان ئەبڕن

باڵندەکان لە قەفەس دەکەن

ئاوێنەکانی وەفا ئەشکێنن

بچۆ بچۆ

مەمێنەوە با لە ژنەکان نەچم

کە قژی سپی دەهۆننەوە

لە موبەق دەسوتێن

هەواڵنامەی کتێب

لەسەر شاخ خۆیان فڕێ ئەدەنە خوارێ

نانکەریی ماڵان ئەکەن

لفکە دەچنن و تەشی دەڕێسن

با لە ژنەکان نەچم

بە سەعات خەریکی سوراو و سپیاو بم

بە سەعات لەبەردەم پەنجەرەیەک وشک ببمەوە

بە سەعات بەدیار ئەلقەی درامایەکەوە دانیشم

بە سەعات لەبەردەرگا دانیشم لەگەڵ دراوسێکان

بە سەعات بچم بۆ فاڵچی و بەخت خوێنەکان

تکایە با زەمەنم لێ تێک نەچێ بچۆ بچۆ..

ڕۆشتم

هەزارجەنگەڵم دی

لەگەڵ هەزارکەنیزەک نوستم

پێستم هەزار باران شوشتی

سینەم هەزار گەردەلول تێی داگیرسا

بەڵام

بۆنی عەتری کراسەکەی

بۆنی پێستی دوای حەمام

تەزووی گەرمی ناو پێخەفەکەی

باڵا و ویقاری وەک نەمام

لەنێو چاوما سەوز ببوو

گەرمایی چرپەی ئەوشەوەییم

قەت لەگیان دەرنەچوو.

ئێوارەیەک لەفاڕگۆنێکدا

سۆزانیەک پێ وتم ،حەزەکەی بچین بۆ هۆتێل؟

بەچرپەوە پێم گووت لەگیانی مندا دڵی ژنێک هەیە

کە وەک

گەردەلولێکی ئەبەدی داگیرساوە

تکایە خۆشت نەویم

پیاسەکانم

خەونەکانم

سەفەرەکانم

تەنانەت ئەم شیعرەش

بەستراوە بەترپەی دڵی ئەوژنەوە

کەبەچرپەوە پێی ووتم:

تۆ لەپیاوەکان مەچۆ...



دواتر ماچێکی نەرمی کردم

دەنگی ئەوماچە لەگوێچکەمە

وەک  لێدانی زەنگی

کلێسایەکی کۆن

زەنگی ماڵێکی چۆڵ

زەنگی ژەنگاوی قوتابخانەیەکی ڕوخاو زرینگایەوە.

بانگی من بۆ ئینسان

بەدوای دۆزینەوەی زەنگەکەی خۆیەتی

زەنگێک

بتهێنێتە لەرزە

بتهەژەنێ

هەڵتماڵێ وەک تۆفان

منیش بەئێوە ئەڵێم

تکایە بڕۆ بەدوای دەنگی ئەوزەنگە بڕۆ

تکایە تۆ ئەم دێڕە دەخوێنیتەوە

لەپیاوەکان مەچۆ!



هەوالنامەی کتێب